RAND

LABOR AND POPULATION

CHILDREN AND FAMILIES
EDUCATION AND THE ARTS
ENERGY AND ENVIRONMENT
HEALTH AND HEALTH CARE
INFRASTRUCTURE AND TRANSPORTATION
INTERNATIONAL AFFAIRS
LAW AND BUSINESS
NATIONAL SECURITY
POPULATION AND AGING
PUBLIC SAFETY
SCIENCE AND TECHNOLOGY
TERRORISM AND HOMELAND SECURITY

The RAND Corporation is a nonprofit institution that helps improve policy and decisionmaking through research and analysis.

This electronic document was made available from www.rand.org as a public service of the RAND Corporation.

Skip all front matter: Jump to Page 1

## Support RAND

Purchase this document

Browse Reports & Bookstore

Make a charitable contribution

## For More Information

Visit RAND at www.rand.org

Explore RAND Labor and Population

View document details

### Limited Electronic Distribution Rights

This document and trademark(s) contained herein are protected by law as indicated in a notice appearing later in this work. This electronic representation of RAND intellectual property is provided for non-commercial use only. Unauthorized posting of RAND electronic documents to a non-RAND website is prohibited. RAND electronic documents are protected under copyright law. Permission is required from RAND to reproduce, or reuse in another form, any of our research documents for commercial use. For information on reprint and linking permissions, please see RAND Permissions.

This product is part of the RAND Corporation monograph series. RAND monographs present major research findings that address the challenges facing the public and private sectors. All RAND monographs undergo rigorous peer review to ensure high standards for research quality and objectivity.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# دارِشتنی سیستەمێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی پەیوەست بە سیاسەتەکان بۆ هەرێمی کوردستان — عێراق




ساندرا هـ. بێری
نیکۆلاس بێرگەر
هارون دۆگۆ
کریشنا ب. کومار
ئەلیساندرۆ مالکیۆدی
جێفری مارتینی
تیۆدای مەنگیستۆ
هاوارد ج. شاتز
ئالێکزاندریا س. سمیس
ئارتۆر یوسانۆڤ
جوان ک. یۆنگ



RAND
دەستی کار و دانیشتوان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# داڕشتنی سیستەمێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی پەیوەست بە سیاسەتەکان بۆ هەرێمی کوردستان

بە چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان

ساندرا هـ. بێری
نیکۆلاس بێرگەر
هارون دۆگۆ
کریشنا ب. کومار
ئەلیساندرۆ مالکیۆدی
جێفری مارتینی
تیۆدای مەنگیستۆ
هاوارد ج. شاتز
ئالێکزاندریا س. سمیس
ئارتۆر یوسانۆڤ
جوان ک. یۆنگ

دەستی کار و دانیشتوان
RAND

ئەو لێکۆڵینەوەی لە نێو ئەم ڕاپۆرتەدا ڕوونکراوەتەوە بە چاودێری (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ە و لەلایەن بەشی (دەستی کار و دانیشتوان) دەزگای ڕاند ئەنجامدراوە.
*ناوی نووسەرانی ئەم راپۆرتە بە زنجیرەی ئەلف و بێی ئینگلیزی ڕێزبەندکراو*

دەزگای رەند دەزگایەکی قازانج-نەویستە کە لە ڕێی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە هاوکاریی پێشکەش دەکات لە بواری چاکترکردنی سیاسەت و بڕیاردان (دروستکردنی بڕیار) . مەرج نییە بڵاوکراوەکانی ڕەند ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی خزمەتخواز یان چاودێری لێکۆڵینەوەکان بێت.

RAND® مارکەیەکی بازرگانیی تۆمارکراوە

*وێنەی سەر بەرگەکە لە iStockphoto وەرگیراوە.*

مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ©2014

تەنها بۆ بەکارهێنانی کەسیی بوار بە وێنەگرتنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە دەدرێت بە مەرجێک بێ گۆڕانکاری و بە تەواوەتی بکرێت. نابێت بۆ مەبەستی بازرگانی نوسخەی لێبکرێت. دانانی بەڵگەنامەی ڕەند بە بێ ڕەزامەندی لەسەر ماڵپەڕێکی ئەنتەرنێت کە هی ڕەند نەبێت، قەدەغەیە. بەڵگەنامەکانی ڕەند بەپێی یاسای مافی چاپ پارێزراون. بۆ زانیاری لەسەر وەرگرتنی مۆڵەت بۆ چاپکردنەوە و سازکردنی لینک، تکایە سەردانی لاپەڕەی مۆڵەتی ڕەند بکە http://www.rand.org/publications/permissions.html.

لە 2012 لەلایەن دەزگای RAND چاپکراوە
1776 Main Street, P.O. Box 2138, Santa Monica, CA 90407-2138
1200 South Hayes Street, Arlington, VA 22202-5050
4570 Fifth Avenue, Suite 600, Pittsburgh, PA 15213-2665
RAND URL: http://www.rand.org/
بۆ داواکردنی بەڵگەنامەکانی ڕەند یان بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکە بە:
بەشی خزمەتگوزارییەکانی دابەشکردن: تەلەفۆن: 7002-451 (310)
فاکس: 4516915 (310)، ئیمێڵ: order@rand.org

## دەستپێک

ئاماری هەمەلایەن و گشتگیر و جێی متمانە (reliable) ئێجگار پڕبایەخە بۆ داڕشتنی سیاسەت لە هەر هەرێمێک و لە هەر وڵاتێک. ئامارەکان بوار دەڕەخسێنن بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستییە بەپەلەکان، هەڵسەنگاندن و شوێنپێ هەڵگرتنی بەرەوپێشچوونی سیاسەت و دەستپێشخەرییەکان، و پلاندانان بۆ گەشەسەندنی ئاییندەیی. لە هەمووی گرنگتر، ئامارەکان بریتین لە بەردی بناغە بۆ داڕشتنی پلانی سیاسەتی سەرکەوتوو. نەبوونی ئاماری لەم جۆرە ئاستەنگی گەورەی لە پێش هەرێمی کوردستان-عێراق داناوە لە هەوڵەکانیدا بۆ چەسپاندنی ژێرخان، هاندانی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت، سەرنج ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، و دروستکردنی ئابوورییەکی سەقامگیر.

ئەم لێکۆڵینەوەیەن کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دارایی کراوە و لەژێر سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری پلاندانان، دکتۆر علی عوسمان سندی، ئەنجامدراوە، ڕووپێوی بەردەستەبوونی زانیاری پشت پێبەستراو و پەیوەندار بە ڕامیاری دەکات لە هەرێمی کوردستان – عێراق تیشک دەخاتە سەر ئەو بوارە گرنگانەی کە زۆر پێویستیان بە زانیارییە، و ڕێنمایی تێدایە بۆ داڕشتن و گەشەپێدانی سیستمێک بۆ کۆکردنەوەی ئەم جۆرە زانیارییە بە شێوەیەکی بەردەوام لەسەر ئاستی هەرێم، قەزا، ناحیە، و تاکەکەس. بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئێمە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەرپرسانی چەند وەزارەتێک کرد، زانیاری بەردەستمان هەڵسەنگاند، لەسەر ئاستی وولات پێوەرەکانمان دیاری کرد، و لێکۆڵینەوەمان لە باشترین شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کرد. ئەم مۆنۆگرافە بریتییە لە پوختەی چالاکییەکانی ئێمە. لەبەرئەوەی جەماوەری سەرەکیی ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕاپۆرتەکە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە بتوانرێت وەک "ڕێبەری بەکارهێنەر" بێت بۆ بەرپرسان و کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێک خەریکی دیزاین و داڕشتنی تواناکانی کۆکردنەوەی زانیاری دەبن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لایەن بەشی (دەستی کار و دانیشتوان) ی دەزگای ڕەندەوە ئەنجام دراوە. بەشی (دەستی کار و دانیشتوان)ی ڕەند لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناوبانگێکی باشیان دروست کردووە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بابەتی، ئاست بەرز و دروست بۆ پشتگیری کردن و باشترکردنی ڕامیارییەکان و ڕێکخراوەکانی سەرتاسەری جیهان. کارەکانی ڕەند جەخت دەخاتە سەر گەشەپێدانی نێودەوڵەتی، منداڵ و خێزان، ئاکاریی دیمۆگرافی، پەروەردە و مەشق، بازاڕی کار، سیاسەتی ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی، کۆچ، بڕیاردانی دارایی، و بابەتی تری پەیوەست بە پیربوون و خانەنشینی، لەگەڵ ئامانجێکی هاوبەش کە بریتیە لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارلێکردنی سیاسەت و هێزە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە بڕیاردانی تاکەکەسی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ.

ناوی نووسەرانی ئەم ڕاپۆرتە بە ڕیزبەندی ئەلفبێی ئینگلیزی ڕیز کراوە. کریشنا کۆمار و هاوارد شاتز، گەورە ئابووریناسان لە ڕەند، لێکۆلەرەوەی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوون. بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ دکتۆر کریشنا تکایە پەیوەندی بکە بە kumar@rand.org یان بە ژمارەی تەلەفۆنی: 0411-393-310 – هێڵی 7589. بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ دکتۆر هاوارد، تکایە پەیوەندی بکە بە hshatz@rand.org یان بە ژمارەی تەلەفۆنی 1100-413-703 – هێڵی 5184

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕەند (RAND)، تکایە سەردانی وێبسایتەکەمان بکە: http://www.rand.org

# خشتەی ناوەڕۆک

**دەستپێک** ........ iii
**شێوە و خشتەکان** ........ ix
**پوختە** ........ xi
**پێزانین** ........ xxi
**کورتکراوەکان** ........ xxiii

**چاپتەری یەک**
**پێشەکی** ........ 1
شێواز ........ 1
ڕێکخستنی مۆنۆگرافەکە ........ 3

**چاپتەری دوو**
**دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کارلێک (تفاعل، Interaction) ی زانیاری** ........ 5
ئامانجەکان ........ 5
پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ........ 5
ئامانجەکانی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و پێکهاتەکەی ........ 6
کارلێکی نێوان ئاژانسەکانی حکومەت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی ........ 6
کۆکردنەوە و هاوکاریی نێوان دەزگاکانی حکومەت لە چوارچێوەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) دا ........ 6
پەیوەندییەکانی فیدراڵی-هەرێم ........ 7
یاسای ئامار ........ 8

**چاپتەری سێ**
**زانیاری سەرەتایی و ئاماری بەردەست** ........ 9
ئامانج ........ 9
شێوازی کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی زانیاری ........ 9
(سیستمی بەڕێوەبردنی زانیاری) ی ڕەند ........ 9
زانیاری بەردەست (Available) ........ 10
ئەو زانیاریانەی ڕەند دەستیکەوت ........ 10
ئەو زانیاریانەی کە ڕەند دەستنیشانی کردوون بەڵام ساخی نەکردووەتەوە ........ 11
پوختەی هەبوونی زانیاری و ئاستەنگە سەرەکییەکان ........ 12

**چاپتەری چوار**
**پێشینەکانی سیاسەت و زانیارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان** ........ 15
ئامانجەکان ........ 15
پێشینە سەرەکییەکانی سیاسەت ........ 15
هەندێک خزمەتگوزاریی بنەڕەتیی بۆ ماوەیەکی کورت و مامناوەندی ........ 16
هەبوونی کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی گەشەسەندوو بۆ دابینکردنی هەلی کار و دەرفەتی ئابووری ........ 17

کشتوکاڵ ........ 17
گەشتوگوزار ........ 18
حوکمڕانی (فەرمانڕەوایی، الحوكمة، Governance) ........ 19
ئەولەوییاتە سەرەکییەکانی داتا ........ 19
سەرژمێر ........ 19
حساباتی هەرێم و پێوەرەکانی بازاڕی کار ........ 19
پوختە ........ 20

چاپتەری پێنج

**پێداویستییەکانی داتا بۆ وەڵامدانەوەی ئەولەوییاتی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوەردستان** ........ 21
ئامانج ........ 21
لە ئەولەوییاتەکانی سیاسەتەوە بەرەو داتا ........ 21
پوختەیەک لەسەر خشتەکانی داتا ........ 22
ئاو: نموونەیەکی تێروتەسەل لەسەر کەرتێکی ئەولەوییەتی بەپەلە ........ 23
گەشەسەندنی کەرتی تایبەت: نموونەیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەولەوییەتی درێژخایەن ........ 25
پرسیارەکانی سیاسەت کە زانیارییە پەسندکراوەکان دەتوانن وەڵامیان بدەنەوە ........ 26
تەندروستی ........ 26
پەروەردە ........ 27
کارەبا ........ 27
گواستنەوە بة ڕێگەوبانەکان ........ 27
داتای ئابووریە مەزنەکان ........ 27
کشتوکاڵ ........ 28
گەشتوگوزار ........ 28
حوکمڕانی باش (فەرمانڕەوایی باش، الحوكمة الجيدة/الرشيدة، Good Governance) ........ 28
هەندێک بابەتی گشتیی سەبارەت بە کۆکردنەوەی داتا ........ 28
هەندێک نیشاندەری پڕبایەخ ........ 29
کۆکردنەوەی نیشاندەری پڕبایەخ ........ 30
پوختە ........ 30

چاپتەری شەش

**شێوازەکانی کۆکردنەوە و کارکردن لەسەر داتا** ........ 33
**ئامانج** ........ 33
**جۆرەکانی کۆکردنەوەی داتا** ........ 33
**داتای کارگێڕی** ........ 33
**داتای سەرژمێر** ........ 34
**ڕووپێو** ........ 34
**هەڵبژاردنی هەندێک ڕێکار لە ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی داتا** ........ 35
**توخمەکانی کۆکردنەوەی داتای کواڵیتی-بەرز و بەڕێوەبردنی داتا** ........ 36
**داڕشتنی فۆرمەکان و پرۆتۆکۆلەکان** ........ 36
**وەرگرتنی نمونە** ........ 38
**ڕەوشت و پاراستنی مرۆڤەکان** ........ 40
**کۆنترۆلی جۆری لە مەیدانی جێبەجێکردندا** ........ 42
**هەڵگرتن و دابەشکردنی داتا** ........ 43
**سەرمایەی مرۆیی بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی داتا** ........ 45
**چۆن ئەو داتایە کۆبکەینەوە کە هەرێمی کوردستان-عێراق پێویستی پێیەتی** ........ 47
**ڕاسپاردەکان** ........ 51

**چاپتەری حەوت**

**ئامادەکارییە دەمەزراوەییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پێشینە ڕامیارییەکان** ............ 53
ئامانج ............ 53
سیستمی ئامار ............ 53
نموونەی سستەمەکانی ئامار و ڕەچاوکردنە ڕێکخراوەیەکان ............ 55
سیستمی ئاماری نیشتمانی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا ............ 55
ئەو ئابوورییانەی کە کۆی بەرهەمی ناوخۆییان بۆ یەک کەس هاوشێوەیە: جەخت خستنە سەر
بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا ............ 57
سیستمە فیدراڵییەکانی ئامار ............ 59
پەیوەندیی نێوان ئامارەکان و زانیاریی جوگرافی ............ 62
دەرئەنجامەکان بۆ دەزگا ئامارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ............ 63
یاسای ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان ............ 64
ڕێنمایی سەبارەت بە (نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و (فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازی) .... 65
هەندێک ڕاسپاردە لەسەر هاوکاریی نێوان حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان .... 65

**چاپتەری هەشت**

**نەخشەڕێگایەکی پێشنیارکراو بۆ کۆکردنەوەی داتای پەیوەست بە سیاسەتەکان** ............ 67
ئامانجەکان ............ 67
ڕێوشوێن و پێوەر بۆ ئامادەکردنی نەخشەڕێگا ............ 67
پێویستە نەخشەڕێگاکە ڕەنگدانەوەی ئەولەوییەتەکان بێت و جێبەجێکردنی ئاسان بێت ............ 67
پێویستە نەخشەڕێگاکە ڕیزبەندی ئەو پرۆسانە بکات کە یارمەتیدەرن بۆ جێبەجێکردنەکە ............ 68
پێویستە نەخشەڕێگاکە یارمەتیدەر بێت بۆ بنیادنانی توانان ............ 68
نەخشەڕێگاکە ............ 68
هەنگاوە پێشینەکانی نێو نەخشەڕێگایەکە ............ 69
هەنگاوەکانی نەخشەڕێگاکە بە گوێرەی (گرنگی) و (ئاسانیی جێبەجێکردن) ............ 71
هەنگاوەکانی نەخشەڕێگاکە بە گوێرەی جۆری چالاکی ............ 72

**چاپتەری نۆ**

**دەرەنجامەکان، و هەنگاوەکانی داهاتوو** ............ 73

**پاشکۆی**

A. **کۆبوونەوەکانی تیمی داتای ڕەند** ............ 75
B. **پوختەی وێبسایتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان** ............ 77
C. **تۆماری بەڵگەنامەکانی بەردەست** ............ 79
D. **ژێدەری بەکارهێنراو بۆ دیاریکردنی خشتەکانی زانیاری بواری سیاسەتە پێشینەیەکان** ............ 85
E. **تەکنەلۆژیا پەیوەندار بە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و ژێرخانی ماددی بۆ بەدیهێنانی پێداویستیەکانی سیاسەت** ....... 89
F. **سەرنجی پەیوەندار بە هێڵکاریی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان)** ...... 93

**بیبلۆگرافیا** ............ 103

# شێوە و خشتەکان

## شێوەکان


2.1. پێکهاتەی ڕێکخراوەیی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ......... 7
7.1. ڕێکخستن و کارمەندانی دەزگای ئاماری کۆماری سرپ ......... 60
F.1. پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ......... 98
F.2. پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری هەولێر ......... 99
F.3. پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری دهۆک ......... 100
F.4. پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی ......... 101


## خشتەکان


S.1. پێوەرە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنی سیاسەتەکان ......... xiv
4.1. پوختەی پێشینەی سیاسەت و داتاکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ......... 20
5.1. پوختەی ناوەڕۆکی خشتەکان ......... 23
5.2. نمونەی پێکهاتەکانی زانیاری ئاو ......... 24
5.3. نمونەی پێکهاتەکانی زانیاری کەرتی تایبەت ......... 25
5.4. پێوەرە سەرەکییەکانی دیاریکردنی سیاسەت ......... 31
6.1. ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ پێوەرەکانی زانیارییە گرنگەکان ......... 48
7.1. ڕێکخراوەکانی ئامار لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا ......... 56
8.1. هەنگاوەکانی نەخشەڕێگا بە گوێرەی گرنگی و ئاسانیی جێبەجێکردن ......... 72
8.2. هەنگاوەکانی نەخشەڕێگا بە گوێرەی جۆری چالاکیی ......... 72
B.1. پوختەی وێبسایتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ......... 77
C.1. تۆماری بەڵگەنامەکانی بەردەست، تا ئازاری 2011 ......... 79
F.1. بوارە بەراوردەکانی ئامار ......... 94

ئاماری هەمەلایەن و گشتگیر و جێی متمانە (reliable) ئێجگار پڕبایەخە بۆ داڕشتنی سیاسەت لە هەر هەرێمێک و لە هەر وڵاتێک. ئامارەکان بوار دەڕەخسێنن بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستییە زۆر پێویستەکان، شوێنپێ هەڵگرتن و بەدواداچوونی بەرەوپێشچوونی سیاسەت و دەستپێشخەرییەکان، و پلاندانان بۆ گەشەسەندنی ئایندەیی. لە هەمووی گرنگتر، ئامارەکان بریتین لە بەردی بناغە بۆدانانی پلانی سیاسەتی سەرکەوتوو. نەبوونی ئاماری لەم جۆرە ئاستەنگی گەورەی لە پێش هەرێمی کوردستان-عێراق داناوە لە هەوڵەکانیدا بۆ چەسپاندنی ژێرخان، هاندانی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت، ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، و دروستکردنی ئابوورییەکی سەقامگیر.

ئامانجە گشتییەکانی ئەم پرۆژەیە بریتی بوون لە ڕووپێو (ڕوومالْ) ی داتای جێی متمانەی پەیوەست بە سیاسەت لە هەرێمی کوردستان، تیشک خستنە سەر ئەو بوارە ئەولەوییاتانەی کە ئێجگار پێویستیان بە داتایە، و ڕێنمایی بۆ داڕشتن و گەشەپێدانی سیستمێک بۆ کۆکردنەوەی ئەم جۆرە داتایە بە شێوەیەکی بەردەوام لە ئاستی هەرێم، قەزا، ناحیە، و تاکەکەس.

لە بەرایی تاوتوێکاندا وەسفی هەلومەرجی بنچینەیی کۆکردنەوەی داتا و ئامار دەکەین لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی ڕەوشی ئێستای ئامارەکان و هەبوونی داتا و ئامار. ئنجا تیشک دەخەینە سەر ئەولەوییاتەکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بریتییە لە دڵی لێکۆڵینەوەکەمان. لەبەرئەوەی ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە داڕشتنی سیاسەت بە شێوەیەک کە پشتی بەستبێت بە داتا، پێویستە کۆکردنەوەی داتا لە ئەولەوییەتەکانی سیاسەتەوە سەرچاوە بگرێت. بە ڕەچاوکردنی ئەولەوییەتەکان، ئێمە باسی ئەو نیشاندەر (مؤشر، indicator) انەی داتا دەکەین کە بۆ هەر بوارێک پێویستە، دابەشیان دەکەین بۆ: (1) نیشاندەرەکانی گرنگ و پێویستن لە ئاستە بەرزەکانی داڕشتنی سیاسەت (گەورە-بڕیاربەدەستان)، (2) نیشاندەرە هەرە نیشاندەرە گرنگ و پێویستنەکان، و (3) نیشاندەرە کەم پێویستەکان. ئێمە تاوتوێی چۆنیەتی چاکسازی و گەشەپێدانی سیستمی ئاماری کوردستان دەکەین، و جەخت دەخەینە سەر شێوازەکانی کۆکردنەوە و کارکردن لەسەر داتا، و دەزگاکانی ئامار. لە کۆتاییدا، نەخشەڕێگەیەک بۆ چاکسازی دادەڕێژین.

### دەزگاکانی ئامار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئامانجی گشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە بەدیهێنانی هەموو پێشبینییەکانی حکومەتیی ناوەندی عێراق لە بواری کۆکردنەوەی داتا-دا، و هاوکات تێپەڕاندن لە ئاستی ئەم پێشبینییانە لە بوارەکانی: بڕ و جۆریەتی ئەو زانیاریانەی کۆدەکرێتەوە، و نایابێتیی ئەو شێوازانەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردەهێنرێت. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ، کە بەرپرسە لە پشتگیریی چالاکییەکانی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەر بە وەزارەتی پلاندانانە و لەناو وەزارەتەکەیە. یەکێک لە ئامانجەکانی وەزارەتی پلاندانان بریتییە لە ئامادەکردنی نیشاندەر (مؤشر، indicator) بۆ پلاندانان بە هاوکاریی لەگەڵ یەکەی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەت. یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) بریتییە لە (بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری و نەخشەسازی) ، کە لە میانی سیستمەکانی زانیاریی جوگرافیی (GIS) ەوە زانیاری سەرەتایی کۆدەکاتەوە و هەروەها شی دەکاتەوە.

سەرەڕای (وەزارەتی پلاندانان) و (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) ، هەر وەزارەتێکیش بەشی ئاماری خۆیی هەیە، پێی دەگوترێت بەڕێوەبەرایەتیی ئامار، یان پێی دەگوترێت بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانان. ئەم بەشانە زانیاری سەرەتایی بۆ وەزارەتەکانی خۆیان بەرز دەکەنەوە، ئەگەرچی هەندێک جار بە شێوەیەکی سیستماتیک نییە.

(دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) بریتییە لە عەمبارێک بۆ زانیاریی ئاماری وەزارەتەکانی تر و پێویستە ڕابەرایەتیی چالاکی و هەوڵەکانی بەرزکردنەوەی ئاستیی جۆری سەرجەم ئامارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ئێستادا هیچ دەسەڵاتێکی یاسایی نەدراوە بە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) بۆ کۆکردنەوەی ئامار لە وەزارەتە جۆراوجۆرەکان، یان بۆ کارکردن لەگەڵیان، لە ئێستادا (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) لایەنی وەرگری فەرمیی نییە لەو جۆرە زانیاریانە.

## زانیاری و ئاماری بەردەست (متوفر، Available)

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕێکی زۆر داتا کۆدەکاتەوە، بەڵام زۆربەی بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت یان بەردەست نییە بۆ داڕشتنی سیاسەت، و کەلێن و کەموکوڕیی گەورەی هەیە. گۆشەنیگا لە هەمبەر ئەوەی بە "داتا" دادەنرێت جۆراوجۆرە، لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بەم شێوەیە بە ئاستەم دەتوانرێت سەرچاوەکانی داتاو پێداویستییەکانی داتا دەستنیشان بکرێت بۆ سوود وەرگرتن لە داڕشتنی بڕیار (صنع القرار، decision-making، بڕیاردان).

توانا و شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە یەکە (وحدة) یێکی حکومەتەوە بۆ یەکەیەکی تر جیاوازە. شێوازەکانی هەڵگرتنی زانیاریش جیاوازن، چەندین ئاژانس زانیاری لەسەر کاغەز داخڵ دەکەن و هەڵدەگرن، تەنانەت کاتێک کە ئامرازی ئەلیکترۆنیشییان لەبەردەستە. سەرەڕای ئەمە، ئاشنایەتی بەو داتایانەی بەردەستن زۆر لاوازە: زۆر جار کارمەندانی وەزارەتێک نازانن وەزارەتەکانی تر خەریکی کۆکردنەوەی کام جۆر زانیارین.

پێویستە لەناو هەر وەزارەتێک و هەروەها لە نێوان وەزارەتەکانیشدا هەماهەنگی بکرێت بۆ هەوڵ و چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و بە شێوەیەکی سیستامیک ئەنجام بدرێت. ڕوون (واضح) نییە ئاخۆ بڕیاربەدەستان (داڕێژەرانی سیاسەتەکان، واضعي السياسات، policy makers) لە کاتی خۆیدا دەستیان بە زانیاری یان بە سیستمێکی چوست (كفؤ، efficient) دەگات بۆ دەستنیشانکردن و بەکارهێنانی زانیاری بۆ داڕشتنی سیاسەت. وێبسایتی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتیی سەرچاوەیەکی باش نین بۆ زانیاری، دەتوانرێت کار بۆ پتەوکردنی هەماهەنگیی نێوانیان بکرێت. هەروەها، تا ڕادەیەکی کەم لە دەرەوەی حکومەت بە شێوەیەکی سیستماتیک زانیاری کۆدەکرێتەوە – بۆ نموونە، لە لایەن زانکۆکان یان ڕێکخراوە قازانج-نەویستەکان.

سەرەڕای ئەم ئاریشانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی مژدەبەخشی ناوە بەرەو کۆکردنەوەی داتای پڕبایەخ بۆ پشتئەستوورکردنی سیاسەتەکان. بەشداریی (دەستەی ئاماریی هەرێمی کوردستان) لەگەڵ حکومەتی ناوەندی و بانکی جیهانیی (WorldBank) لە (ڕووپێوی ئابووری کۆمەڵایەتی خانەوادەکانی عێراق)، المسح الأقتصاد الإجتماعي للأسرة في العراق، Iraq Household Socio-Economic Survey) دەستکەوتێکی مەزن بوو لە دابینکردنی داتای پەیوەست بە داڕشتنی سیاسەتەکان بۆ هاوکاری کردن لە داڕشتنی سیاسەتی بنبڕکردنی هەژاریی. یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکان بریتی دەبێت لە داڕشتن و گەشەپێدانی توانای پێویست لەناو (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە نەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاژانسە فرەلایەنەکان ببەستێت بۆ چالاکییە بەرفراوانەکانی کۆکردنەوەی داتا، بەڵکو لە جیاتی ئەمە، بە خۆی چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا دابڕێژێت و ئەنجامیان بدات بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی داڕشتنی سیاسەتەکان.

## پێشینەی سیاسەتەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ ئەوەی زانیاری بە باشترین شێوە بەکاربهێنرێت بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان، زۆر گرنگە پێشینەی سیاسەتەکان دەستنیشان بکرێت و ئنجا نیشاندەری زانیاری (مؤشرات البيانات، data indicators) ی ڕێخۆشکەر دەستنیشان بکرێت. بە پشتبەستن بە تاوتوێی چڕوپڕ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە داڕێژەرانی سیاسەتەکان و پێداچوونەوە بە بەڵگەنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئێمە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاڤەی ئاراستەی گشتیی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین: (1) داڕشتنی ئابوورییەکی فرەچەشن کە پشت بە کەرتی تایبەت ببەستێت و تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت، (2) پشتگیریی لە ئابووری و ئاسوودەیی دانیشتوان و دابینکردنی خزمەتگوزاریی حکومی و کۆمەڵایەتیی وەک پێویست، (3) دابینکردنی سیستمێکی پەروەردە و دەرفەتی بازاڕی کار کە بنە مایەی چاکترکردنی ئاستی ژیانی دانیشتوانەکە.

بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە پێویستی بە کردارێکی فرە قۆناغی هەیە. وەک دەستپێک، ئێمە دە بواری سەرەکی و پێویست دەستنیشان دەکەین، و لەم بەشەدا تاوتوێیان دەکەین. ئێمە پێشینە کورتخایەنەکان و مامناوەندییەکان جیا دەکەینەوە لە پێشینە درێژخایەنەکان، مەبەستی پێشینە کورتخایەن و مامناوەندییەکان بریتییە لەوەڵامدانەوەی پێداویستییە بەپەلەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، ئامانجی پێشینە درێژخایەنەکان بریتییە لە دانانی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕێچکەیەکی سەقامگیریی گەشەسەندن و پەرەسەندن، و کۆکردنەوەی ئەو داتایەی سەرجەم کەرت و سیاسەتەکان دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

### پێنج خزمەتگوزاریی بنچینەیی بۆ ماوەی کورتخایەن و ماوەی مامناوەندیی

بابەتێک کە هەمیشە دووپات دەکرایەوە کاتێک لەگەڵ داڕێژەرانی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنیشتین بریتی بوو لەوەی هەندێک خزمەتگوزاریی دیاریکراو –بە تایبەتی تەندروستی، پەروەردە، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا،و ڕێگەوبان و گواستنەوە- تەنها بە بنچینەیی دانانرێن لەلای جەماوەر، بەڵکو هەروەها جەماوەر پێشبینی ئەوە لە حکومەت دەکات کە بە پەلە چارەسەریان بکات و ئەنجامەکانیان بە چاو ببینرێن. لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە، داواکاریی لەسەر ئەم خزمەتگوزارییانە لە زیادبووندایە، بە نزیکەیی سەرجەم بەرپرسەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە بریتییە لە هەرە پێشینە سەرەکیەکانی سیاسەتەکان.

**چوار بابەتی ئابووری و حوکمڕانی (فەرمانڕەوایی، الحوکمة، Governance) بۆ ماوەی درێژخایەن**
هاندانی کەرتی تایبەت و کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی حکومەت دەکەونە سەرەوەی لیستی پێشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و دامەزراندنی چاکسازی گونجاو بۆ کارکردن بابەتێکی سەرەکی کارنامەی سیاسەتەکانن. کشتوکاڵ ئەو کەرتەیە کە زیاتر جێی سەرنجە، ئنجا گەشتیاری. حوکمڕانی باش (الحوکمة الرشیدة، Good governance) و ئەنجامدانی چاکسازیی لە ڕاژەی شارستانیدا بریتین لە دوو پێشینەی تر.

**پێشینەیەکی بەپەلەی داتا**
دوایین پێشینە کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بێت بە زانیارییەوە، بریتییە لەداڕشتن و زانینی هەندێک حسابات لەسەر ئاستی هەرێم(حساباتی نیشتمانیی) بۆ ڕاپۆرتکردنی (کۆی بەرهەمی ناوخۆیی هەرێم، الناتج المحلي الاجمالي للاقلیم، gross regional product) . ئەمەش سوود وەردەگرێت لە ڕووپێوی ناوبەناوی خێزان بۆ چاودێریی کردنی بارودۆخی بازاڕی دەستی کار و داڕشتنی ڕووپێوی ناوبەناو بۆ کشتوکاڵ و کارکردن.

## ئەولەوییەتێکی بەپەلەی داتا

ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین چەپکێکی هەمەلایەن و گشتگیر لە (نیشاندەر) کۆبکرێتەوە بۆ پشتگیریی کردن لە داڕشتنی سیاسەت بۆ ئەو بوارانەی کە زۆر پێویست و سەرەکین.[1] نیشاندەرەکان، کە ئێمە بە گوێرەی زۆری و کەمی گرنگی و پێویستیان ڕیزمان کردوون، لە چەپکێک دانراون لەناو دە خشتەی جۆری ئەکسل (Excel) کە لەگەڵ مۆنۆگرافە کە سەرەکییەکە لە نێو (CD) ێک دانراوە. پێناچێت چەپکێکی تەواو لە پێشینەکان پێویست بێت، یان تەنانەت سوودبەخش بێت، بۆ بریاربەدەستان (داڕێژەرانی سیاسەتەکان) . بۆیە، ئێمە لە لیستە گەورەکە لیستێکی بچووکمان لە "نیشاندەرە گرنگەکان"ی هەر کەرتێک پێکهێنا – پێویستە ئەم نیشاندەرانە بریتی بن لە پێشینەی زۆر گرنگ بۆ کۆکردنەوە و دابەشکردن، نەک تەنها بۆ بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ جەماوەریش. ئەم نیشاندەرە پربایەخانە لە خشتەی S.1 ڕێزکراون. ئەم نیشاندەرانە بریتین لە زانیاری ئەوتۆ کە پێویستە سەرۆک وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران، گەورە ڕاوێژکارانی سەرۆک وەزیران و وەزیری تر، و یەکەی تری ئاستی باڵا، وەک ئەنجومەنی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بتوانن سوودیان لێ وەربگرن و بۆ ڕاوێژ کردن بەکاریان بهێنن کاتێک بڕیار لەسەر پلانی ستراتیجی دەدەن.

**بابەتی هەمەلایەن (گشتگیر) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری**
کاتێک خەریکی داڕشتنی نیشاندەرەکان بووین بۆ دە بوارە سەرەکیەکە، هەندێک بابەت هاتنە پێش کە پێویستە ڕەچاو بکرێن:

- پێویستە زانیاری لە سەرچاوەی جۆراوجۆر بەدەست بهێنرێت، وەک زانیاری کارگێڕی، ڕووپێو، تەنانەت لە هەندێک یەکەی حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە.
- وا باوە زانیاری بۆ سەرجەم بوارەکانی سیاسەتەکان بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە، ئامارەکانی دەستی کار و ڕێبەری بەرهەمی پیشەسازی لە لایەک پەیوەندییان هەیە بە ماکرۆئابووری ( حسابات بۆ داتا لەسەر ئاستی هەرێم) و لە لایەکی تر پەیوەندییان هەیە بە نیشاندەرەکانی کەرتی تایبەت.
- وەزارەتە پەیوەندارەکان، بە هاوکاری لەگەڵ (KRSO) ، بەرپرسیار دەبن لە کۆکردنەوەی زانیاری. بەڵام، KRSO خاوەنی پسپۆڕێتی و ئەزموونە و پێویستە ئەو ڕابەرایەتیی چالاکیی و هەوڵەکانی کۆکردنەوەی داتا بکات.

---

[1] مەبەست لەم نیشاندەرانە تەنها بریتییە لە پشتگیریی کردنی داڕشتنی سیاسەتەکان (رسم السیاسات، policymaking)، نەوەک بەکارهێنانیان بۆ هەڵسەنگاندنی کاری وەزارەتەکان. ڕەنگە ئەم نیشاندەرانە بەشێک بن لە چەپکێکی لاوەکی ئەو داتایەی بۆ هەڵسەنگاندن پێویستە. بەڵام، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و دادپەروەرانە توانای وەزارەتەکان هەڵبسەنگێندرێت، پێویستە داتای تریش هەبێت.

**خشتەی S.1**
**پێوەرە سەرەکیەکانی ڕاگەیاندنی سیاسەتەکان**

| نیشاندەر | ماوە (کاتبەندی) ی کۆکردنەوەی داتا |
|---|---|
| کشتوکاڵ | |
| بەروبوومی سەرەکی (برنج، گەنم) | وەرزی و ساڵانە |
| بەرهەمهێنانی میوەی گرانبەها (ترێ، هەنار) | وەرزی و ساڵانە |
| زەوی بەکارهێنراو بۆ کشتوکاڵ | 5-10 ساڵ |
| ئاوی بەکارهێنراو بۆ ئاودێری | ساڵانە |
| پەروەردە | |
| ژمارەی ئەو قوتابخانانەی ئەمساڵ تەواو کراون | ساڵانە |
| ڕێژەی سەتیی ئەو مامۆستایانەی ئەمساڵ خوێندن/مەشقیان تەواو کردووە | ساڵانە |
| کۆی گشتیی ژمارەی قوتابیانی تۆمارکراو لە قۆناغی ناوەندیی | ساڵانە |
| ژمارەی تەواوی قوتابیانی تۆمارکراو لە قۆناغی ناوەندیی | ساڵانە |
| ڕێژەی تەواوکردنی خوێندنی ناوەندیی | ساڵانە |
| کارەبا | |
| توانای تابلۆی یەکە | ساڵانە |
| توانای کرداری یەکە | ساڵانە |
| ترۆپکی داواکاریی (فشار) | ساڵیی دوو جار |
| حوکمڕانی | |
| ڕێسای ئاکاری پیادەکراو (یاسایی) | ساڵانە |
| گەیشتنی جەماوەر بە یاساکان | ساڵانە |
| گەیشتنی جەماوەر بە ڕێساکان | ساڵانە |
| کات بۆ دەستپێکردنی پیشە و کارەکان (پرۆژەی ناوخۆیی) | ساڵانە |
| تەندروستی | |
| ڕێژەی مردنی ساوا (0-11 مانگ) | ساڵانە |
| چری و ژمارەی دکتۆر بۆ 10,000 کەس | ساڵانە |
| چڕیی و ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بۆ 10,000 کەس | ساڵانە |
| ڕێژەی ئەو قەزایانەی کە بە گوێرەی پێوەرەکان بنکەی تەندروستییان لێیە (1 بنکە بۆ 10,000 کەس) | ساڵانە |
| ڕێژەی ئەو قەزایانەی کە بە گوێرەی پێوەرەکان بنکەی تەندروستیی لاوەکییان لێیە (1 بنکە بۆ 5,000 کەس) | ساڵانە |
| کوتانی سێینە (دی پی تی) ڕێژەی کوتانی منداڵانی 1 ساڵان (12-23 مانگ) | ساڵانە |
| ئابووری گشتی | |
| کۆی خەرجییەکانی حکومەت | مانگانە |
| خەرجیی کەسیی لەسەر کەرەستە و خزمەتگوزارییەکان | سێ مانگ جارێک (وەرزی) |
| هەناردەکردنی کەرەستە | سێ مانگ جارێک (وەرزی) |

**درێژەی خشتەی S.1 — (درێژە)**

| نیشاندەر | ماوە (کاتبەندی) ی کۆکردنەوەی داتا |
|---|---|
| هاوردەکردنی کەرەستە | چارەک |
| ڕێژەی بێکاریی | چارەک |
| پێوەری نرخەکانی بەکارهێنەر | مانگانە |
| کەرتی تایبەت | |
| ژمارەی پرۆژەکان (کۆمپانیا) بە گوێرەی چالاکیی ئابووریی | ساڵانە |
| ژمارەی ئەو کەسانەی کار دەکەن بە گوێرەی چالاکیی ئابووریی | چارەک |
| هاتنی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی | چارەک |
| وەبەرهێنانی چەسپاو بە گوێرەی کۆمپانیا | چارەک |
| بەکارهێنەری تەلەفۆنی مۆبایل لە 1,000 کەس | ساڵانە |
| بەکارهێنەری ئینتەرنێت لە 100 کەس | ساڵانە |
| گەشتیاریی | |
| هاتنی گەشتیار بەپێی چینی میوانەکان (لە شەوێک، لە هەمان ڕۆژدا) | چارەک |
| تێکڕای درێژایی ماوەی مانەوە (سەرجەم جۆری دامەزراوەکان) | ساڵانە |
| تێکڕای خەرجییەکان لە یەک ڕۆژدا | ساڵانە |
| گواستنەوە | |
| ڕووبەری ڕێگای قیرتاوکراو | ساڵانە |
| ژمارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی ڕێبوار دەگوازنەوە لە نێوان شارەکاندا | ساڵانە |
| ئەو کەرەستانەی بە ڕێگاوبانەکاندا دەگوزارێنەوە (تەن/کاتژمێر) | ساڵانە |
| برینداربوون لە بەریەکەوتنەکاندا | ساڵانە |
| ئاو | |
| عەمباری ئاوی سەر زەوی | ساڵانە |
| لێشاوەکانی ئاو لە سەرچاوەکانی ئاوی ناوخۆ بۆ ئابووری | ساڵانە |
| بەفیرۆچوونی ئاو لە کاتی گواستنەوەیدا | ساڵانە |
| ئەو دانیشتوانانەی ئاوی خواردنەوەی گونجاو بەکاردەهێنن (سەرچاوەی چاککراو) | ساڵانە |

سەرنج: دی پی تی DPT = کوتانی سێینە

- هاوکاریی بەرفراوان بە تایبەتی بۆ ڕووپێوی خێزان ئێجگار پێویستە، کە چەندین بوار دەگرێتەوە، وەک تەندروستی، پەروەردە، و کار.
- ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن دەستەی ئامار کۆنەکراوەتەوە، ڕەنگە کەمتر هاوبەشی پێبکرێت لەگەڵ دەستەی ئامار بە بەراوورد لەگەڵ ئەوانەی کە کۆکراوەتەوە.

## شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا

پێویستە بۆ دەستنیشانکردن، کۆکردنەوە، و دابەشکردنی داتای گشتی، جۆری-بەرز، و پەیوەست بە سیاسەتەکان، شێوازی گونجاوی کۆکردنەوەی زانیاری بەکاربهێنرێت و ڕێوشوێن دابنرێت بۆ جەختکردنەوە لە جۆری چەند ڕەهەندێک. ئەو

جۆرە سەرەکییانەی زانیاری کە بۆ دارشتنی سیاسەت و پلاندانان بەکاردەهێنرێن بریتین لە زانیاری کارگێرپی، زانیارییە سەرەتاییەکانی سەرژمێر، و ڕووپێو.هەر جۆرێک لەم زانیاریانە سوودی خۆی و خەرجی خۆی هەیە.

داتای کارگێری (البيانات الادارية، Administrative data) بریتییە لەو زانیارییەی کە لە لایەن حکومەت یان قەوارەی ترەوە کۆکراوەتەوە بۆ مەبەستی خۆیان. ئەم زانیاریانە بە گشتیی ڕەنگدانەوەی بەڕێوەبردنی بەرنامە و سیاسەت و خزمەتگوزارییەکانن، داتاکە لەسەر هەموو دانیشتوانەکە کۆناکرێتەوە. بە پێچەوانەی ئەمەوە، (سەرژمێر) بریتییە لە ژماردنی سەرجەم ئەندامانی دانیشتوانێکی دیاریکراو، ئنجا تاکەکەس بن یان قەوارە. نموونەکانی بریتین لە سەرژمێری دانیشتوان، کۆمپانیاکان، یەکەی نیشتەجێکردن (ژمارەی خانوو) ، یان تەنانەت مەرومالآت.

(داتای ڕووپێو) (بيانات المسوحات، Survey data) تەنها نموونەی ئەو دانیشتوانە ڕووپێو دەکات کە جێی مەبەستە. وا باوە (داتای ڕووپێو) بە شێوەیەک کۆبکرێتەوە کە بتوانرێت دەرئەنجامە ئامارییەکان بەدەست بهێنرێت دەربارەی سەرجەم دانیشتوانەکە.

بەکارهێنانی ئەم جۆرە میکانیزمانە بۆ کۆکردنەوەی داتای گشتی و پەیوەست بە سیاسەت، بریتییە لە پرۆسەیەکی فرە-قۆناغ. وەرگرتنی توخمە بنچینەییەکان بە شێوەیەکی گونجاو و دروست دڵنیایی ئەوە دەکاتەوە کە دواین بەرهەمی داتاکە ورد و سوودبەخش دەبێت. ئەم توخمانە بریتین لە دارشتنی فۆرم و پرۆتۆکۆلەکانی کۆکردنەوەی داتا، وەرگرتنی نموونەیەک بۆ کۆکردنەوەی داتای ڕووپێو، جێبەجێکردنی کۆکردنەوەی داتا، جەختکردنەوە لە جۆریەتی لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی کۆکردنەوە، هەڵگرتن، و دابەشکردنی داتاکان، و پاراستنیی نهێنیی ئەو کەسانەی زانیاریان لێ وەردەگیرێت.

لە سیستمی هەمەلایەن و گشتگیریی ئاماردا هەر سێ جۆرەکەی کۆکردنەوەی داتا هەیە. سەرژمێری دانیشتوان و ئاماری تر کۆڵەکەی سەرەکیی سیستمەکەن، لە هەرێمی کوردستان ئاماری کۆمپانیا/پرۆژە و ئاماری تری نا-دانیشتوانی بریتی دەبن لە کرۆکی سیستمەکە لە ماوەیەکی کورتخایەن و لە ماوەی مامناوەندییدا.

(سەرژمێر) پشتگیریی لە ڕووپێوەکان دەکات، ئەمەش لە رێی دابینکردنی زانیاری لەسەر ئەو دانیشتوانەی کە ڕووپێو دەکرێن، ژێرخانی ئاماریی، توانای ئاماری، و قۆناغەکان و داتای ئامار وا باوە وەک زانیاریی یاریدەدەر بەکاربهێنرێن بۆ دابەشکردنی ئەندامانی دانیشتوانەکە بۆ چەند گروپێکی هاوشێوە (متجانس) . داتای ڕووپێو تەواوکەری سەرژمێرە لە رێی دابینکردنی زانیاریی تێروتەسەل لەسەر بابەتە ئاڵۆزەکان. لەبەرئەوەی ناتوانرێت ناوبەناو بەردەوام سەرژمێر ئەنجام بدرێت، ڕووپیوەکان نوێکاری ئاماری مامناوەندی دابین دەکەن. هەروەها دەتوانرێت داتای ڕووپێوەکان و تۆمارەکانی کارگێریی بەکاربهێنرێن بۆ ساخکردنەوەی کایە و ناوەڕۆکی سەرژمێرەکان بۆ دیاریکردنی قەبارەو ئاراستەی هەر هەڵەیەک. بە هەمان شێوە، دەتوانرێت داتای تۆمارە کارگێرییەکان بەکاربهێنرێت بۆ ساخکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەنجامی ڕووپێو و سەرژمێرەکان. هەروەها ئاوێتەکردنی ئەم سەرچاوانەی داتا بۆ کاروباری شیکردنەوە زۆر سوودبەخشە — بۆ نموونە، دەتوانرێت داتای ئامار و داتای کارگێری ئاوێتە بکرێن لەگەڵ داتای ڕووپێو بۆ بەرهەمهێنانی دەرئەنجامەکان دەربارەی ناوچەیەکی بچووکی جوگرافی، یان لەسەر گروپێکی بچووکی دانیشتوان.

لە بەشی شەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پوختەیەکی تێدایە لەسەر چۆنیەتی پێکەوە بەستنەوەی بەرنامەی کۆکردنەوەی داتای هەمەلایەن لەگەڵ نیشاندەرە پربایەخەکانی ناو خشتەی S.1. بۆ نموونە، لە بواری پێشینەکانی کشتوکاڵ، دەتوانرێت داتای چوار نیشاندەرە پربایەخەکە (بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی سەرەکی، بەرهەمهێنانی بەروبوومی گرانبەها، ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێن، و ئاوی بەکارهێنراو بۆ ئاودێری) لە ڕێی ئاماری کشتوکاڵییەوە، لە ڕێی ڕووپێوی کشتوکاڵییەوە، و لە ڕێی ڕووپێوی خێزانەوە کۆنترۆڵ بکرێت. نموونەیەکی تر، لە بواری پێشینەکانی گەشتوگوزار، دەتوانرێت زانیاری لەسەر گەیشتنی گەشتیار لە ڕێی داتای کارگێرییەوە کۆبکرێتەوە، و دەتوانرێت داتا لەسەر تێکرای مانەوەی گەشتیاران و داتا لەسەر تێکرای خەرجییەکان لە ڕێی ئاوێتەکردنی ڕووپێوی ڕێکخراوەکانەوە کۆبکرێتەوە (لەم حاڵەتەدا، داتای ئوتێلەکان) و داتای ڕووپێوی مەبەستی-تایبەت (مسوحات خاصة) .

**سەرمایەی مرۆڤ بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی داتا**

کلیلی دروستکردنی سیستمێکی جۆری-بەرزی کۆکردنەوەی داتا بریتییە لە گەشەپێدانی کارمەندانی شارەزا. گەشەپێدانی کارمەندانی خاوەنی شارەزایی پێویست بۆ کۆکردنەوە، بەڕێوەبردن، و دابەشکردنی داتا لە هەرێمی کوردستان، کارێکی سەختە. (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) دەتوانێت تواناکانی زیاتر بکات لە ڕێی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای تایبەت یان قازانج-نەویست، کارکردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی کە پسپۆرن و ئەزموونیان هەیە لە بواری داتا، یان دامەزراندنی کارمەندی ئەوتۆ کە خاوەن شارەزایی بن. گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای دەرەکی بوار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت دەستی بگات بە کارزانە پسپۆرەکانی بەپێی پێویست. بەڵام ئەمە خەرجی بەڕێوەبردن زیاد دەکات لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و جۆری بەرهەمی داتاکەش باش نابێت ئەگەر بە باشی لێکۆڵینەوە لە بەڵێندەرەکان نەکرێت، نەپشکنرێن، یان ئەگەر بە باشی بەڕێوە نەبرێن. لە جێی ئەمە، چارەسەرەکە بریتییە لە مەشقکردنی بە کارمەندی ئێستای وەزارەت یان دەستەی ئامار بۆ ئەوەی شارەزاییان زیاتر بکرێت.

**دانانی شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا لەناو پلانی کاری (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان)**

ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێت بۆ چاکترکردنی شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا:

- دانانی پلان بۆ بەرنامەیەکی هەمەلایەنی کار، و جێبەجێکردنی، کە ئاماری کشتوکاڵ و کۆمپانیاکان لەخۆبگرێت، هەموو پێنج ساڵێک، یان دە ساڵێک، ئەنجام بدرێت. پێویستە لە ماوەیەکی کورتتر لەمە ڕووپێوی فرە-بابەتی خێزان، کێڵگە، و کۆمپانیا بکرێت. پێویستە بە شێوەیەکی ساڵانە یان شەش مانگ جارێک کۆکردنەوەی داتای کارگێریی ساز بکرێت
- دامەزراندنی یەکەی یەکسانی جوگرافی بۆ کۆکردنەوە و ڕاپۆرتکردنی ئامار
- پەسندکردنی پێناسە و چەمک و پۆلێنی ستاندارد و باو بۆ سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی داتا، لەناویدا بۆ تۆمارە کارگێرییەکان
- پەسندکردنی شێوازی ئەلیکترۆنیی کۆکردنەوەی داتا و هەڵگرتنی داتا بە شێوەی ئەلیکترۆنی، کە بتوانرێت
- پەسندکردنی ڕێنماییەکانی جۆری بۆ کۆکردنەوە و کارکردن لەسەر داتا، و دابەشکردنی ئەم ڕێنماییانە
- پەسندکردنی پرۆتۆکۆل و ڕێوشوێنەکانی خاوێنکردنەوە و هەڵگرتنی چەپکی زانیارییەکان، بە تایبەتی پرۆتۆکۆل و ڕێوشوێنەکانی کارکردن لەسەر داتای هەستەوەر، و دابەشکردنی ئەم پرۆتۆکۆل و ڕێوشوێنانە.
- هاوکاری لە دامەزراندن و گەشەپێدانی دامەزراوەی تایبەت بە پاراستنی مافەکان و ئاسوودەیی (خۆشگوزەرانیی) بەشداربووانی ڕووپێوەکان
- دروستکردنی عەمبارێک لەسەر (ئینتەرنێت) بۆ سەرچاوەکانی داتا، بە لەخۆگرتنی بەڵگەنامەکردن (توثیق) ی تەواو، بۆ ئاسانکردنی بەکارهێنان و شیکردنەوەی داتا. پێویستە عەمبارەکە بۆ هەموو کەسێک بەردەستە بێت، و پێویستە ناوبەناو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نوێ بکرێتەوە.
- بە شێوەیەکی سیستماتیکی چاودێری چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیارییەکان بکرێت، بە مەبەستی چاکترکردنی کۆکردنەوە، دابەشکردن، و خزمەتگوزاریی.

شانبەشانی ئەم پلانی کارە، بەشێکی بنچینەیی لە کۆکردنەوەی داتا بە سەرکەوتوویی بریتییە لە ژێرخانێکی جۆری-بەرزی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن (ICT). بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، پێویستە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) لە نزیکەوە هەماهەنگی بکات لەگەڵ (فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، DoIT)، کە ئێستا خەریکی داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیجێکی تەکنەلۆجیای زانیاریی و گەیاندنە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## ڕێوشوێنی دامەزراوەیی بۆ سیستمەکانی ئامار

ئەوەندەی گرنگە کە بزانیت کام داتا کۆدەکەیتەوە و چۆن کۆیان دەکەیتەوە، ڕێکخستنی دامەزراوەیی پرۆگرامەکانی ئاماریش ئەوەندە گرنگە. سیستمی کۆکردنەوەی داتا پێکدێت لە کردارەکان، میکانیزمەکانی کارلەیەکتردەکەن لەگەڵ دانیشتوان بۆ ئەوەی پرۆگرامە ئامارییەکان جێ بەجێ بکرێت. سەرچاوەی دەسەڵاتی لایەنەکانی سیستمەکە بریتییە لە یاسایەک کە پێناسەی پەیوەندییەکانیان دەکات. بەلایەنی کەمەوە، یاساکە پێناسەی دەسەڵاتی ئاژانسی ئامار دەکات بۆ کۆکردنەوەی داتا، سروشتی چاودێریی حکومەت بەسەر پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاوە، پێکهێاتەی ئەو ئاژانسەی بەرپرسیارە لە کۆکردنەوەی داتا، میکانیزمی چاودێریکردنی چالاکییەکانی ئاژانسەکە، تواناکانی ئاژانسەکە، و پەیوەندییەکانی ئاژانسەکە بە لایەنی تری پەیوەنداری ناوخۆیی و دەرەکییەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی بێ وێنەی لە پێشە بۆ پێناسەکردنی سیستمی ئامارەکەی بە ڕوونی لە ڕێی یاسایەکی تۆکمەوە کە بەردی بناغە دابنێت بۆ گەشەپێدانی درێژخایەنی سیستمێکی پتەوی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی ئامار. پێویستە یەکێک لە هەرە پێشینە سەرەکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتی بێت لە پەسندکردنی یاسای ئامار. هەروەها، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەیەکی تەکنیکی و چاودێریی سیاسەتەکان دابمەزرێنێت. ئێمە هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان دیسان ڕەچاوی ئەوە بکاتەوە ئاخۆ (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) نووسینگەیەک بێت لەناو وەزارەتی پلاندانان، یان دەستگایەکی سەربەخۆ بێت. بۆ هەردوو بۆچوونەکە پاساوی گونجاو هەیە، و وڵاتانی جیهانیش شێوازی جۆراوجۆر پیادە دەکەن. شەفافییەت لە کۆکردنەوە و دابەشکردن ئێجگار گرنگە بۆ جەختکردنەوە لە تەواوی و دروستی داتاکە.

هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆژیای زانیاری- COSIT) عێراقیش بایەخدار دەبێت. دەکرێت ڕێوشوێنی دامەزراوەیی جۆراوجۆر پیادە بکرێت، لەناویدا ئەنجومەنێکی فەرمی لە سەرکردایەتیی باڵای هەردوو ڕێکخراوەکە. لەبەرئەوەی کرۆکی بەهای سیستمەکانی ئامار پشت بە یاساکان دەبەستێت و چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا پێویستی بە پشتگیریی جەماوەرییە، (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) ئاژانسێکی لەبارترە بۆ کۆکردنەوەی داتا لەناو هەرێمی کوردستان وەک لە ئاژانسێکی حکومەتی فیدراڵیی عێراق. لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە بتوانرێت ئەم داتایانە بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو داتایانەی لە ناوچەکانی تری عێراق کۆدەکرێنەوە. توانای بەراوردکردن خەسڵەتێکی زۆر گرنگە، و متمانە دەبەخشێت بە داتای هەرێم، و گومانی بەکارهێنەرەکان کەمتر دەکاتەوە، و نیشانەیەک دەدات بە جەماوەرە جیهانییەکە سەبارەت بە متمانە پێکردن و سەقامگیری ژینگەی وەبەرهێنان.

### نەخشەڕێگای پەسندکراو بۆ کۆکردنەوەی داتای پەیوەست بە سیاسەتەکان

ئێمە باسی رەوشی ئێستای داتا و دەزگاکانی داتای حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کرد، پێشنیاری ئەو نیشاندەرانەمان کرد کە پێویستە کۆبکرێنەوە، و پێشنیاری پێشینەمان بۆ هەر یەکێکیان تەرخان بکرێت، هەروەها تیشکمان خستە سەر ئەو بابەتە دامەزراوەییانەی دەبنە مایەی پێکهێنانی سیستمێکی ئاماریی جۆری-بەرز. دەتوانرێت لە ڕێی نەخشەڕێگایەکی هەنگاو بە هەنگاو ئەم پێشنیاریانەی ئێمە پیادە بکرێت، کە ڕەنگدانەوەی ئەو ماوە و کاتەیە هەر یەکێک لە پێشنیارەکان پێویستی پێیەتی لەگەڵ ئەو پێشینەیەی کە هەر پێشنیارێک پێویستە هەیبێت بۆ بنیاتنانی سیستمێکی ئاماری جۆری-بەرز. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوانە پیادە بکات:

- **پەسەندکردنی یاسای ئامار.** یاسای ئامار بە فەرمی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و کارلێکی لەگەڵ وەزارەت و ئاژانسەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەناسێنێت، بە تایبەتی لە بواری ئاڵوگۆڕی داتا. پێویستە ئەم یاسایە تەبا بێت لەگەڵ یاسای ئاماری فیدراڵی.
- **کۆبوونەوەی لایەنە بەشدارەکان.** پێویستە دەستەی ئامار کۆبوونەوەیەک ساز بکات بۆ کۆکردنەوەی دارێژەرانی سیاسەت بۆ هاندانی هەماهەنگی و پلاندانانی کارا. دەتوانرێت سوود لەم کۆبوونەوەیە وەربگیرێت بۆ گەیاندن و ڕاگەیاندی پلانە کورتخایەنەکان و مامناوەندیەکانی دەستەی ئامار، وەرگرتنی بیروبۆچوون و سەرنج، چەسپاندنی هاوکاری بۆ ئەنجامدانی ئەو رووپێوانەی هەموو وەزارەتەکان دەگرێتەوە، و پەیداکردنی لایەنگیریی لە لایەنە بەشدارەکان
- **بڕیاردان لەسەر پێکهاتەی دەستەکانی چاودێری سیاسەتەکان و چاودێریی تەکنیکی.** ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەیەکی چاودێریی تەکنیکی دابمەزرێنێت بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری بە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) لەسەر کاروباری تەکنیکی و شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا و دەستەیەکی چاودێریی سیاسەتەکان بۆ جەختکردنەوە لەوەی کە چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتای (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) جەخت دەخاتە سەر پێشینەکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دەشێت ئەندامانی دەستەی چاودێریی تەکنیکی لە خەڵکانی ئەکادیمی کارمەندی ئێستا یان خانەنشین بن لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ کوردەکانی هەندەران، دەتوانرێت توێژەری تری وەک لێکۆڵەری نێودەوڵەتی تێدا دابنرێت، ئەوانەی پسپۆڕن لە کاروباری هەرێمی کوردستان و کۆکردنەوەی داتا، هەروەها خەڵکانێکی خاوەن ئەزموونی تەکنیکی لە کەرتی تایبەت. پاڵێوراوانی دەستەی سیاسەتەکان بریتی دەبن لە گەورە دارێژەرانی سیاسەت (بە گشتیی لە ئاستی بەڕێوەبەری گشتیی-دا) لەو وەزارەتانەی کە بەرپرسن لە بوارە سەرەکیەکان، لەگەڵ کارمەندانی باڵای ڕاژەی شارستانی یان بڕیاربەدەستان لە پارێزگاکان، و نوێنەرانەی ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان، و (فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری).

- **دەستنیشانکردنی ڕێکخەری داتا لە هەر وەزارەتێک.** پێویستە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) لەگەڵ هەر وەزارەتێک کار لەسەر بواری پێشینەکانی وەزارەتەکە بکات، و بەم شێوەیەش پێویستە کار لەگەڵ ئەو وەزارەتە بکات بۆ دامەزراندنی کەسێک وەک ڕێکخەر لەگەڵ (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و ئەم کەسە بەرپرسیار دەبێت لە کۆکردنەوەی نیشاندەرە پڕبایەخەکان و گواستنەوەیان بۆ (دەستەی ئامار) بە گوێرەی خشتەیەکی کاتی ڕێکوپێک.
- **کۆکردنەوەی نیشاندەرە هەستیارەکان.** پێویستە وەزارەتە پەیوەندارەکان نیشاندەری بایەخدار کۆبکەنەوە، پێویستە دەستەی ئامار چاودێریی ئەم پرۆسەیە بکات و هاوکاریی تەکنیکیی پێویستیان پێشکەش بکات. ئەمە بە تایبەتی زۆر گرنگە چونکە زۆربەی نیشاندەرە پڕبایەخەکان پشت بە کەرەستەی پێکهێنەری داتای ئەوتۆ دەبەستن کە پێویستە پێش ئەوەی بتوانرێت نیشاندەرە گرنگەکان حساب بکرێن،کۆبکرێنەوە.
- **جێبەجێکردنی هێڵکاریی ڕێکخراوەیی (ئۆرگانۆگرام).** (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) هێڵکاریی ڕێکخراوەیی داڕشتووە (ئۆرگانۆگرام) بۆ ڕێکخستنەوەی نووسینگەکانی لە سێ پارێزگاکە. ئێمە هەندێک ڕاسپاردەمان پێشکەش کردن بۆ دەستکاری کردنیان، بە شێوەیەکی سەرەکیی بۆ مەبەستی جەختکردنەوە لە تەبابوونی نووسینگەکان لەگەڵ پرۆژەیاسای ئامار. هێڵکاری ڕێکخراوەکە پێویستی بە پێداچوونەوەیە، و پێویستە پێکهاتە دەستکاریکراوەکە پیادە بکرێت.
- **چاکترکردنی سەرچاوە مرۆییەکانی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان).** شیکردنەوەکانی ئێمە چەند تەکنیک و ڕێوشوێنێکی ئێجگار نایابی دەستنیشان کرد کە پێویستە (دەستەی ئامار) پیادەیان بکات، هەروەها چەند هەنگاوێکی کۆکردنەوەی داتا کە پێویستە چاودێرییان بکات. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانە، پێویستە KRSO ستافی نوێ دابمەزرێنێت و ئاستی کارزانیی ستافی ئێستا بەرز بکاتەوە لە ڕێی خولی مەشق وراهێنانی کردارییەوە. پێشنیاری ئەوە دەکەین KRSO هەوڵ بدات لە دەرەوە پسپۆڕ بهێنێت بۆ پێشکەشکردنی خولی مەشق و راهێنانی کرداری بە ستافەکەی، ڕەنگە بە شێوەیەکی هاوبەش پێکەوە راهێنانێک لەسەر کۆکردنەوەی داتا ئەنجام بدەن، وەک ئەنجامدانی ڕووپێوێک. ئەگەرەکان بریتین لە بەشداری پێکردنی زانکۆ ئاست-بەرزە بیانییەکان بۆ ڕێکخستنی خولی مەشقی کورتخایەن لە کوردستان، یان لە دەرەوە و ناردنی کارمەندەکان بۆ دەرەوە بۆ ئەو خولانە.
- **پتەوکردن و دامەزراندنی ژێرخانی (تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن).** بۆ دامەزراندنی بنکەیەکی زانیاری ناوەندی و ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی داتا لەگەڵ وەزارەتەکان، (KRSO) پێویستی بە ژێرخانێکی تۆکمەی تەکنەلۆجیای گەیاندن و زانیارییە. پێویستە (KRSO) کار لەگەڵ (DoIT) و راوێژکاری دەرەکیی تەکنەلۆجیای زانیاری بکات، وەک پێویست، بۆ جێبەجێکردنی ژێرخانی تەکنەلۆجیای گەیاندن و زانیاری لە بارەگا سەرەکییەکەی و لە نووسینگەکانی لە پارێزگەکان. پێوسیتە (KRSO) پێداویستییەکانی ژێرخانی ئاڵوگۆڕی زانیاری (گواستنەوەی زانیاری لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر) دابین بکات.
- **بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ نیشاندەرەکانی ئێستا چاکتر بکرێن یان هی نوێ کۆبکرێنەوە.** چەند ئاژانسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا پێکهێنەرەکانی داتا کۆدەکەنەوە، هەندێکیان بریتین لەو نیشاندەرانەی داتا کە ئێمە لە خشتەکەی ئەکسل بە پێشینە سەرەکیەکانمان ناوبردووە. بەڵام، پێدەچێت ئەم جۆرە چالاکییە بە شێوەی جیا جیا و بەش-بەش بێت نەوەک ستراتیجێکی یەکگرتوو. پێویستە (KRSO) بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئاخۆ کۆکردنەوەی ئەو نیشاندەرانە چاکتر بکات کە ئێستا هەیە، یاخود هەندێک سەرچاوەکان بەکاربهێنێت بۆ کۆکردنەوەی هەندێک نیشاندەر کە ئێستا کۆ ناکرێنەوە، تەنانەت ئەگەر لە جۆری پێشینە ئاست نزمەکانیش بن، بێگومان ئەمەش بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان.
- **کۆکردنەوەی نیشاندەری زۆر پێویست.** پرۆسەی دەستنیشانکردنی ڕێکخەری داتا لەناو هەر وەزارەتێک و کۆکردنەوەی نیشاندەرە پڕبایەخەاان ڕێگە خۆش دەکەن بۆ کۆکردنەوەی نیشاندەری ئەوتۆ کە هەندێک پێویستبوونیان کەمترە. بە هەمان شێوەی کۆکردنەوەی نیشاندەری هەستیار، کۆکردنەوەی داتا لەسەر نیشاندەری بایەخدار لە لایەن وەزارەتە پەیوەندارەکانەوە ئەنجام دەدرێت. بەڵام (KRSO) چاودێری ئەم پرۆسەیە دەکات و بەپێی پێویست هاوکاریی تەکنیکییان پێشکەش دەکات.
- **ئەنجامدانی ڕووپێوێک تەنها بۆ یەک جار.** لە چەندین وڵات ڕووپێوی ساڵانەی خێزان و پیشە و کارەکان بڕبڕەی پشتی چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتایە (بە تایبەتی بۆ بەدەستهێنانی نیشاندەرەکانی ئابووری گشتی). بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوانە پێویستە (KRSO) هێندەی پێویست توانا بنیات بنێت کە بتوانێت ئەم کارە سەختانە ئەنجام بدات. پێویستە (KRSO) هەر جارێک دەست بکات بە ئەنجامدانی تاکە ڕووپێوێکی سەربەخۆ کە هەر یەکێکیان بۆ یەک مەبەستی سەربەخۆ ئەنجام بدرێت – بە تایبەتی بۆ قەزایەکی دیاریکراو، یان بۆ بابەتێکی دیاریکراو، کە ئێجگار پێویست بکات داتا هەبێت لە سەریان. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، پێویستە ڕووپێوەکان بگۆڕدرێن بۆ ڕووپێوی ناوبەناو.

- **ئەنجامدانی ڕووپێوی ڕۆتینی.** ئەنجامدانی ئەو ڕووپێوەی کە لە سەرەوە باسی کرا (ڕووپێوێک بۆ یەک جار و بۆ یەک مەبەست) دەتوانێت (KRSO) بخاتە پێگەیەکەوە کە بتوانێت ڕووپێوی ساڵانەی خێزان و پیشە و کارەکان بکات. ئەم جۆرە ڕووپێوانە سەرەڕای دابینکردنی زانیاریی ئابووری گشتی، زانیاری پڕبایەخ لە ئاستی گشتیدا دابین دەکەن. بەڵام، ڕووپێوی گەورەی ڕۆتینی پێویستی بە هاوکاریی و پێکەوە کارکردنی چەند وەزارەتێکە. بۆیە، ئەو ئەزموونە تەکنیکییەی (KRSO) و ئەو پسپۆڕێتییەی پەیدای دەکات لە هەنگاوەکانی پێشووەوە، لێرەدا سوودبەخش دەبن.

هەنگاوەکانی نەخشەڕێگاکە بوار بۆ (KRSO) و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنن توخمە جەوهەرییەکانی سیستمێکی باشی داتا کۆبکاتەوە. ئەمەش لە لای خۆیەوە دەبێتە مایەی زیاترکردنی داتای بەردەست (متاح) کە ڕێگە بۆ سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆش دەکەن ئامانجە سەرەکیەکانی سیاسەت بهێنێتە دی.

# پێزانین

پێزانین و سوپاسی خۆمان دەردەبڕین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتگیریی کردن لەم لێکۆڵینەوەیە. ئەگەرچی ئێمە سوودێکی گەورەمان لە سەرنج و بیروبۆچوون و پشتگیریی ژمارەیەکی زۆر بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت، بە تایبەتی خۆمان بە قەرزداری بەڕێزان وەزیری پلاندانان، دکتۆر عەلی عوسمان سندی، بەڕێز سیروان محەممەد سەرۆکی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) ، بەڕێز زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری گشتیی لە وەزارەتی پلاندانان، و دکتۆر جەمال ئەمین، گەورە ڕاوێژکار لە وەزارەتی پلاندانان،دەزانین. بە بێ هاوکاریی وەرگێڕانی بەڕێز عومەر عابد، بەختیار کەریم، هۆشیار تەحسین، فەرهاد بورهان قادر و وریا مەحمود نەماندەتوانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو هەموو بەرپرسانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین لە سەردانەکانمان بۆ هەرێمی کوردستان. ئێمە هەروەها زۆر سوپاسی راوێژ و سەرنج و بۆچوونی تیمەکانی تری لێکۆڵینەوەی دەزگای ڕەند دەکەین. ئەمانە بە ڕابەرایەتی دکتۆر رۆس ئانتۆنی، دکتۆر مایکل هانسن، و دکتۆر جۆرجز فێرنێ ئەنجام دران. دکتۆر بنجامین دێنیز، بەڕێز لۆید مێندێس و دوو کەسی تر کە نەیانویست ناویان ئاشکرا بکەین سەرنجی سوودبەخشیان پێشکەش کردین.

لە ڕەند، سوودێکی زۆرمان بینی لە ڕێنمایی و پشتگیریی رۆبێرت بلاکویڵ (هاوکاری دێرینی پێشوو لەڕەند) ، بەڕێوەبەری بەشی (دەستی کار و دانیشتوان) ی ڕەند، دکتۆر ئاری کاپتێین، یاریدەدەری بەڕێوەبەر، دکتۆر دێڤید لۆگران، و کارگێڕی یەکە، خاتوو تانیا گاتشێ. هەروەها زۆر سوپاسی خاتوو رۆبین مێیلی دەکەین، کە ڕێکخەری کاروباری لێکۆڵینەوەکانی ڕەند بوو، هەروەها خاتوو جۆی مۆینی، کە یاریدەدەری بوو.

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| BHAS | ئاژانسی ئامار لە بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا |
| BiH | بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا |
| BLS | نووسینگەی ئاماری دەستی کار لە ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| CAPI | چاوپێکەوتنیی کەسی بە هاوکاریی کۆمپیوتەر |
| COSIT | دەزگا ناوەندی بۆ ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری (الجهاز المركزي للاحصاء وتكنلوجيا المعلومات) |
| CPI | پێڕستی نرخی بەکاربەر |
| DIM | فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازیی |
| DoIT | فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاریی |
| DPT | دی پی تی، کوتانی سێینە |
| DSD | داتابێیسی سەرچاوەی داتا |
| FBiH | فیدراسیۆنی موسڵمانانی کروات لە بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا |
| FDI | وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی |
| GDP | کۆی بەرهەمهێنانی خۆجێی/ناوخۆیی، الناتج المحلي الاجمالي، gross domestic product |
| GIS | سیستمی زانیاریی جوگرافی |
| GNI | کۆی داهاتی نیشتمانی، اجمالي الدخل الوطني، gross national income |
| GPS | سیستمی شوێنزانینی جیهانیی (جی پی ئێس) |
| ICT | تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن |
| IHSES | ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووری خێزانی عێراقی |
| IMF | سندوقی دراوی نێودەوڵەتی |
| IT | تەکنەلۆجیای زانیاری |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان – عێراق |
| KRSO | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| LSMS | لێکۆڵینەوەی (بانکی جیهانیی) بۆ پێوانەکردنی ئاستی ژیان |
| MICS | ڕووپێوی هێشووی فرە-نیشاندەر |
| OECD | ڕێکخراوی ئابووریی هاوکاریی و گەشەسەندن |
| PISA | بەرنامەی هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتیی خوێندکاران |

| | |
|---|---|
| UAE | ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەب – ئیمارات |
| UN | نەتەوە یەکگرتووەکان |
| UNDP | بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان |
| UNECE | کۆمیسیۆنی ئابووریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەورووپا |
| UNICEF | یونیسێف، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان |
| UNWTO | رێکخراوی گەشتیاریی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان |
| WHO | رێکخراوی تەندروستیی جیهانیی |

# پێشەکی

ئاماری هەمەلایەن و گشتگیر و جێی متمانە (reliable) ئێجگار گرنگە بۆ داڕشتنی سیاسەت لە هەر هەرێمێک و لە هەر وڵاتێک. ئامارەکان بوار دەڕەخسێنن بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستیە زۆر داواکراوەکان، شوێنپێ هەڵگرتنی بەرەوپێشچوونی ئەو سیاسەت و دەستپێشخەرییانەی ئێستا کاریان پێدەکرێت، و پلاندانان بۆ گەشەسەندنی ئایندەیی. لە هەمووی گرنگتر، ئامارەکان بریتین لەو بناغەیەی کە پلاندانانی سیاسەتی سەرکەوتووی لەسەر بنیات دەنرێت. نەبوونی ئاماری لەم جۆرە ئاستەنگی گەورەی لە پێش هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق داناوە بۆ چەسپاندنی ژێرخان، هاندانی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت، سەرنج ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، و دروستکردنی ئابوورییەکی سەقامگیر.

سیستمێکی چوست (کفۆ، efficient) ی کۆکردنەوەی داتا دەکەوێتە ناوجەرگەی داڕشتنی سیاسەتێکی پشتئەستوور بە داتا. بۆ نموونە، ئەگەر حکومەتێک بیەوێت گەشە بە کەرتێکی تایبەت بدات کە هێشتا ساوا بێت، هەبوونی داتا لەسەر ژمارەی کۆمپانیاکانی بواری ئابووری، ژمارەی کارمەندەکانیان، بڕی وەبەرهێنانەکانیان، و دابەشبوونی جوگرافییان ڕێگە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت خۆش دەکات ئاستەنگەکان و دەرفەتەکان دەستنیشان بکەن، و سیاسەت دابڕێژن بۆ کارکردن لە سەریان.

مەبەستە گشتییەکەی ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە ڕووپێوی هەبوونی داتای جێی متمانەی پەیوەست بە سیاسەت لە هەرێمی کوردستان، دەستنیشانکردنی بوارەکانی پێشینە-بەرز کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان داتا و نیشاندەری زیاتریان لەسەر کۆبکاتەوە، و لەگەڵ داڕشتنی سیستمێک بۆ کۆکردنەوەی ئەم داتایانە بە شێوەیەکی بەردەوام. ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە بەرهەمی کۆشش و چالاکییەکانمان. هەروەها ئامانجەکەی بریتییە لە بەکارهێنانی وەک "ڕێبەری بەکارهێنەر" بۆ بەرپرسان و کارمەندانی حکومەتی هەرێم کاتێک کار دەکەن لەسەر داڕشتن و گەشەپێدانی تواناکانیان لە بواری کۆکردنەوەی داتا.

### شێواز

ئێمە لە ماوەی ئەم پرۆژەیەدا ئەم شێوازانەی خوارەوەمان پیادە کرد:

- **ئاخاوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.** ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەرپرسانی چەندین وەزارەت و ئاژانسی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، لە ناویاندا وەزارەتی پلاندانان، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پەروەردە، کارەبا، دارایی و ئابووریی، تەندروستی، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، شارەوانییەکان و گەشتوگوزار، بازرگانی و پیشەسازی، و گواستنەوە و گەیاندن، دەستەی وەبەرهێنان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) (لە ناویدا بارەگاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەولێر، دهۆک، و سلێمانی) ، ئەنجومەنی وەزیران، و بەرپرسی تر. ئەم شێوازە بە تایبەت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پێشینانەی سیاسەت سوودبەخش بوو کە بەردەوام دووبارە دەکرانەوە و ئەوانەی بەرپرسان بیروبۆچوونی جیاوازیان لە سەر هەبوو. هەروەها سوودبەخش بوو لە هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئاخۆ پێشینەکانی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆچوونەتە ناو هەموو ئاستەکان و بوارەکانی حکومەت، و بڕی داتای بەردەست لە هەر وەزارەتێک.[1]

[1] پاشگری A بریتییە لە لیستی ئەو وەزارەت و ئاژانسانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێمە ئاخاوتنمان لەگەڵ کردن.

- **شیکردنەوەی داتا و بەڵگەنامە.** لە کاتی سەردانەکانمان بۆ هەرێم، ئێمە ئەو داتایانەمان کۆکردەوە کە ئێستا لە بەردەستن، یان لە هەرێمی کوردستان کۆکراونەتەوە. ئەو داتایەمان زۆر بە وردی شیکردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی دابین کردین.
- **پێداچوونەوەی زانیاریی گشتیی ئینتەرنێت.** تیمی ڕەند پێداچوونەوەی ئەم سەرچاوەی زانیارییانەی خوارەوەی کرد:
  – ماڵپەڕەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان[2]
  – ماڵپەڕی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان – عێراق
  – ماڵپەڕی تر بێجگە لەوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک ماڵپەڕی ڕێکخراوی (یەکەی هەوالگریی ئابووریی)، ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (FAO)، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، یونسێف (سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان) ، بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) ، بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) ، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)، و گروپی بانکی جیهانی
- **کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان.** تیمی ڕەند هەروەها کۆبوونەوەیان لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و قەوارە ئەهلییەکان کرد. ئامانج لەم کۆبوونەوانە بریتی بوو لە دەستنیشانکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی داتا لە لایەن ئەم ڕێکخراوانەوە، هەروەها جۆری ئەو داتایەی دەستیان پێدەگات، تا چەند داتایان لە حکومەت پێدەگات، و پێداویستییەکانیان لە بواری داتا-دا. ئەو پرسیارانەی لەم لایەن و کەسانەمان پرسی، هەمان ئەو پرسیارانە بوون کە لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان-مان پرسی.
- **پێداچوونەوەی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.** ئەوەندەی بکرێت پێداچوونەوەی ئەو ستاندارده نێودەوڵەتییانەمان کرد کە دەزگا نێودەوڵەتییەکان دایانڕشتووە، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی، و ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و گەشەسەندن (OECD). ئەگەرچی ستانداردەکانی هەندێک بوار (بۆ نموونە، نیشاندەرەکانی داتای پێویست بۆ ئاو و کشتوکاڵ) بە باشی داڕێژراون و گەشەیان پێدراوە و بە نزیکەیی کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئەو داتایەی پێویستە کۆبکرێتەوە، بەڵام ستاندردەکانی هەندێک بواری تر (وەک نیشاندەرەکانی داتا بۆ حوکمڕانی – الحوكمة، فەرمانڕەوایی، بەڕێوەبردن، governance) هێشتا بە تەواوەتی کامڵ نەبوون. تا حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکتر و تەباتر بێت لەگەڵ نوێترین ستانداردی بەردەست، هێندەی بکرێت، ئەوسا هێندە حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکتر دەبێتەوە لە باشترین نموونە جیهانییەکان لە بواری ئەو داتایەی پێویستە کاری لەسەر بکرێت بۆ پێشینەکانی سیاسەتەکان، و بۆ یاسای ئامار، و ئەو دەستگایانەی پێویستن بۆ کارکردنی ڕێکوپێکی سیستمی کۆکردنەوەی داتا. شوێنپێ هەڵگرتنی ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان هەروەها بوار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت داتای ستانداردی ئەوتۆ کۆ بکاتەوە کە دەتوانرێت بخرێتە پاڵ چالاکییەکانی هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتیی، وەک ئەوانەی بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوون بەرەو بەدیهێنانی (ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندن لە هەزارەی سێیەم) (United Nations, 2010) و (چوارچێوەی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندن) (گروپی گەشەسەندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرواری لەسەر نییە، تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، 2010).
- **پەسندکردنی ستانداردەکان بۆ پێداویستییەکانی پێشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.** ئەگەرچی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بۆ داتا و ڕوخسارە دامەزراوەییەکان زۆر سوودبەخشن، بەڵام بایەخی پەسندکردنی ئەم ستانداردانە بەسەر پێداویستییە خۆجێیەکاندا وەک ئەوە و کەمتر نییە. بۆ نموونە، بۆ ناوچەیەکی داخراوی وەک هەرێمی کوردستان کە لەسەر دەریا نییە، داتا لەسەر ڕێگەوبان و گواستنەوەی زەمینی و ئاسمانیی ئێجگار گرنگترن وەک لە ئاماری سەر بەندەری دەریایی، و نیشاندەرەکانی ئاو کە لێشاوی ئاو بەرەو ئۆقیانووسەکان دیاری دەکەن هێندە پڕبایەخ نین. بۆیە، ئێمە ئەو ستانداردانەی کە ڕووپێومان کردن، گونجاندن و گۆڕانکاریمان تێدا کردن بۆ ئەوەی بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان بگونجێن.
- **ڕێوژکردن لەگەڵ پسپۆڕان.** ئەگەرچی تیمی ئێمە گروپی توێژەری جۆراوجۆر و پسپۆڕلە بواری جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت لە زۆر کایەی سیستمی کۆکردنەوەی داتا، بەڵام هەروەها ڕاوێژمان بە پسپۆڕی تایبەتمەندی بوارەکە لە دەرەوەی ڕەند-یش کرد بۆ جەختکردنەوە لەوەی هیچ توخمێکی پڕبایەخی باشترین نموونەی ئاستی جیهانمان لەبیر نەچووە. ئەمە بە تایبەتی بۆ ئەو نیشاندەرانەی داتا ڕاست بوو کە ئێمە بۆ بواری گرنگ و سەرەکی پێشنیارمان کردن. لەبەرئەوەی هاوکات چەند پرۆژەیەکی ڕەند ئەنجام دەدران لە بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە، و کەرتی تایبەت، ئێمە سوودمان لەو پرۆژانە وەرگرت بۆ جەختکردنەوە لەوەی پێشنیارەکانمان تەبان لەگەڵ ئەوانەی پرۆژەکانی تر.

---

[2] پاشگری A بریتیە لە پوختەی لیستی ئەو وێبسایتی وەزارەتانەی سەردانمان کردن، و زانیاری ناو ئەو وێبسایتانە.

## ڕێکخستنی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە ڕێک خراوە: ئامانجی دوو چاپتەری یەکەم بریتییە لە تێگەیشتن لە ڕەوشی ئێستای هەرێم. بەرەو کۆتاییەکەی لە چاپتەری دوودا پوختەیەک پێشکەش دەکەین لە تێگەیشتنی ئێمە لە دەزگاکان و کارلێکردنی داتا لە هەرێمی کوردستان. چاپتەری سێ تایبەتە بە تاوتوێی حاڵەتی ئێستای هەبوونی داتا لە هەرێمی کوردستان. ئامانجی دوو چاپتەرەکەی دوای ئەوە بریتیە لە کارکردن بۆ ئەوەی چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا پەیوەست بن بە داڕشتنی سیاسەتەکانەوە. چاپتەری چوار بریتییە لە تاوتوێی ئەولەوییەتەکانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. چاپتەری پێنج بریتییە لە نەخشەکێشانی ئەم پێشینانە لەناو کەرەستەی ئەو داتایانەی پێویستە کۆبکرێتەوە بۆ ئەم پێشینانە. چوار چاپتەرەکەی دوای ئەوە بریتییە لە ڕۆچوون بۆ ناو پێکهێنەرەکانی سیستمی کۆکردنەوەی داتای پێویست بۆ دابینکردنی ئەو کەرەستانەی داتا کە لە (چاپتەری پێنج) ڕیز کراون. چاپتەری شەش بریتییە لە تاوتوێی شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا، چاپتەری حەوت بریتییە لە تاوتوێی کاروباری دامەزراوەیی، و چاپتەری هەشت ئەو پێشنیارانەی لە چاپتەرەکانی پێشتردا باس کراون دەخاتە دووتوێی نەخشەڕێگای جێبەجێکردنەوە. چاپتەری نۆ-ش بریتییە لە پوختە و کۆتایی.

هەر چاپتەرێک بە چەند ئامانجێک، پوختەیەکی کورت، و لیستێک شێوازی دیاریکراو دەست پێدەکات کە لە سەرەوە پێش ئەوەی ڕۆبچینە ناو وردەکاریەکان، باسیان لێ نەکراوە. پاشگرەکانیش بریتین لە کەرەستەی تەکنیکی یان وردەکاریی ئەو شتانەی پێشکەش کراون.

# دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و كارلێک (تفاعل، Interaction) ی داتا

## ئامانجەكان

ئامانجەكانی ئەم ئەم بەشە بریتییە لە پوختەیەكی

1. پێکهاتەی رێكخراوەیی (الهيكل التنظيمي) ی (حكومەتی هەرێمی كوردستان)
2. مەبەستەكان و پێکهاتەی (دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان)
3. كارلێک (تفاعل، interaction) ی نێوان ئاژانسە جۆراوجۆرەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانی پەیوەست بە كاروباری كۆكردنەوەی داتا و لێشاوی زانیاری
4. رۆڵی یاسای ئامار

ئەم بەشە ئاماژە بەوە دەكات كە (دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان (KRSO)، كە دەكەوێتە ناو (وەزارەتی پلاندانان) ی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەو دەزگایەیە كە بە گشتیی بەرپرسیارە لە ئامارەكانی ناو هەرێمی كوردستان. لەگەڵ ئەمەشدا، نەبوونی یاسایەكی ئامار ئاستەنگە لە پێش هەماهەنگیی نێوان ئەو قەوارە جۆراوجۆرانەی داتا كۆ دەكەنەوە، و لە پێش كاركردنی كارا (فعال، effective) ی (دەستەی ئاماری هەرێمی كوردستان).

## پێکهاتەی رێكخراوەیی (حكومەتی هەرێمی كوردستان)

تاوتوێی وردەكارییەكانی پێکهاتەی (حكومەتی هەرێمی كوردستان) ناكەوێتە چوارچێوەی ئەم لێكۆڵینەوەیە. ئێمە جەخت دەخەینە سەر ئەو قەوارانەی پەیوەندییان هەیە بە كۆكردنەوە و بەكارهێنانی داتا-وە.

كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بە سەركردایەتیی سەرۆک وەزیران بەرهەم ساڵح، لە 19 وەزارەت پێک هاتووە. سەرۆكی هەر وەزارەتێک بریتییە لە وەزیرێک (حكومەت هەروەها یەک جێگری سەرۆک وەزیران و چوار بەرپرسی گەورەی هەیە بە پلەی وەزیر). بەڕێوەبەرە گشتییەكان، كە هەر یەكێكیان بەرپرسە لە بوارێكی دیاریكراوی وەزارەتەكە، ڕاپۆرت بۆ وەزیر بەرز دەكەنەوە.

چەندین وەزارەت كار لەسەر ئاماری خۆیان دەكەن و ئامار بۆ خۆیان كۆدەكەنەوە، بەڵام هەماهەنگی نێوان وەزارەتەكان و هەبوونی عەمبارێكی ناوەندی و سەرەكی بۆ داتا كە بوار بۆ وەزارەتێک برەخسێنێت داتای ئەوانەی تر بۆ دارشتنی سیاسەتەكانی خۆی بەكاربهێنێت، لە ئارادا نییە. بۆ نموونە، وەزارەتی تەندروستی داتا لەسەر حاڵەتەكانی لەدایكبوون تۆمار دەكات، بەڵام وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت ئەم داتایە بەكاربهێنێت بۆ پلاندانان بۆ قوتابخانە پێویستەكان و پێداویستییەكانیان.

وەزارەتی بەرپرس بە شێوەیەكی گشتیی لەناو حكومەتی هەرێمی كوردستان بریتییە لە وەزارەتی پلاندانان. یەكێک لە ئامانجەكانی بریتییە لە ئامادەكردنی "نیشاندەر بۆ پلانی ماوەی درێژخایەن، مامناوەندی، و كورتخایەن بە هەموو ئامانجەكان و سیاسەتەكانی بە هاوكاریی لەگەڵ وەزارەتەكانی تر، قەوارەكانی حكومەت و كەرتی تایبەت" (حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2011).[1] ئامانجی گشتیی حكومەتی هەرێمی كوردستان بریتییە لە پیادەكردنی سەرجەم ئەو كارانەی حكومەتی ناوەندی ئەنجامیان دەدات لە بواری كۆكردنەوەی داتادا، بەڵام تێپەڕاندن لێی لە بوارەكانی برِ (قەبارە) و جۆری ئەو داتایەی كۆ دەكرێتەوە، هەروەها لە بواری شێوازەكانی كۆكردنەوەی داتاشدا.

[1] ئەم ئامانجەی لێرەدا هاتووە یەكەمین ئامانجی لیستێكە كە دە ئامانجی سەرەكیی وەزارەتی لەخۆگرتووە.

(دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان)، کە دەکەوێتە ناو وەزارەتی پلاندانان، بەرپرسیارە لە پشتگیریی کردنی چالاکییەکانی ئاماری ناو هەرێمی کوردستان. بە شێوەیەکی بەرفراوان، ئەو رۆڵەی لە (KRSO) چاوەڕوان دەکرێت بریتییە لە ئەنجامدانی ڕووپێو، کۆکردنەوەی داتای کارگێری و داتای ڕووپێوی ئاژانسەکانی تر، بەڕێوەبردن و دابەشکردنی داتا، دارشتنی رێنمایی بۆ چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا.

## ئامانجەکانی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و پێکهاتەکەی

ئامانجە گشتییەکانی (KRSO) بریتییە لە

1. هاندانی بەکارهێنانی داتا وەک بناغەیەک بۆ دروستکردنی بڕیار (صنع القرار، بڕیاردان) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
2. شەفافییەت لە داتا و زانیاری
3. بنیاتنانی ئاژانسێکی ئامار بە سوود وەرگرتن لە پسپۆڕێتی و ئەزموونی ئەنجامدانی ئامار لەسەر ئاستی هەرێمایەتیی و بەشەکانی تری جیهان
4. هاندانی پرۆژەی هاوبەش لە نێوان کەسانی ئەکادیمیی کوردستان و توێژەری تری سەرتاسەری جیهان بە مەبەستی چاکترکردنی لێکۆڵینەوە بە پشتبەستن بە داتای کوردستان

(KRSO) چەند بەڕێوەبەرێکی هەیە کە بەرپرسیارن لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، و گەرمیان. بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری و نەخشەسازیی، کە زانیاریی (سیستمی زانیاریی جوگرافی، GIS) کۆ دەکاتەوە و شی دەکاتەوە، پێشتر نووسینگەیەکی سەربەخۆ بووە، بەڵام ئێستا بەشێکە لە (KRSO). پێکهاتەی (KRSO) تا شوباتی 2011 بەو شێوەیە بوو کە لە شێوەی 2.1 پیشان دراوە.[2]

## کارلێکی نێوان ئاژانسەکانی حکومەت بۆ کۆکردنەوەی داتا

لێرەدا باسی چۆنیەتی کارلێکی ئێستای نێوان ئاژانسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین لە بواری کۆکردنەوە، هەڵگرتن، و دابەشکردنی داتا، و چۆن حکومەتی هەرێم کارلێک لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دەکات.

### کۆکردنەوە و هاوکاریی نێوان دەزگاکانی حکومەت لە چوارچێوەی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) دا


هەر وەزارەتێک شێوەیەک لە شێوەکانی نووسینگەی ئاماری هەیە، پێی دەگوترێت بەڕێوەبەرایەتی ئامار، یاخود بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان، و ئەم نووسینگانە داتاکانیان بەرز دەکەنەوە لەناو وەزارەتەکانی خۆیاندا، ئەگەرچی هەندێکیان بە شێوەیەکی سیستماتیکی کار ناکەن. سەرچاوەی داتا و زانیارییەکان جۆراوجۆر و ئاوێتەن. زۆربەی ئاژانسەکان لەسەر کاغەز داتا تۆمار دەکەن. هەندێک ئاژانس هاوچەرخ کراون، بەڵام هەموویان بە هەمان ئاست و پلە هاوچەرخ نەکراون.

(KRSO) لە ئێستادا لایەنی وەرگری فەرمیی نییە بۆ داتا لە وەزارەتەکان، چونکە تا ئێستا یاسای ئامار پەسەند نەکراوە تا بە شێوەیەکی فەرمی هاوکاری نێوان وەزارەتەکان بکات بە شێوازی دامەزراوەیی، یان (KRSO) بکات بە عەمباری ناوەندی. لە نەبوونی یاسایەکی لەو جۆرەدا (KRSO) بە شێوەیەکی دیپلۆماسی خۆی لە وەزارەتەکانی تر نزیک دەکاتەوە، بۆ ئەوەی داتاکانیان بخەنە ناو داتابێیسی (KRSO) و هاوکات بوار بە وەزارەتەکان دەدات خۆیان خاوەنی داتاکە بن. ئەم شێوازە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان سەرکەوتوو نەبووە.

---

[2] (KRSO) پێشنیاری ڕێکخستنەوەی ئەم پێکهاتەیە کردووە. لە بەشی حەوت تاوتوێی ئەم بابەتە دەکەین

**شێوەی 2.1**
**پێکهاتەی ڕێکخراوەیی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەرواری لەسەر نییە
ICT = تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، GIS = سیستمی زانیاریی جوگرافی
**RAND** *MG1184-2.1*

بەشداریی کردنی زیاتری KRSO لە کۆکردنەوە، هەڵگرتن، و دابەشکردنی داتا ئەگەری ئەوەی هەیە کە شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا و جۆریەتیەکی باشی چالاکییە ئامارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. باشتر بکات ئەم بەشدارییە ڕەنگە هەروەها ببێتە مایەی ئەوەی چالاکییەکانی کۆکردنەوە جەخت بخەنە سەر ئەو داتایانەی پشتگیریی لە دارشتنی سیاسەت دەکەن لەو بوارانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێشینەیان دایاندەنێت. لە ئێستادا پێناچێت دارێژەرانی سیاسەت داتای ئامادەیان لەبەردەست بێت بۆ ئەوەی بۆ دارشتنی سیاسەت سوودی لێ وەربگرن. پێویستە پێشینەکانی سیاسەتەکان پاڵنەری چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا بن، نەوەک هەبوونی داتا لە بوارێکی دیاریکراودا ببێتە مایەی ئەوەی کە سیاسەتەکان جەخت بخەنە سەر ئەو بوارانە تەنها لەبەر ئەوەی دەتوانرێت بە شێوازی زانستییانە کاریان لەسەر بکرێت.

لە هەندێک حاڵەتدا، تەنانەت لەناو خودی KRSO هەماهەنگی لە ئارادا نییە. بۆ نموونە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی (فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازیی، DIM) ەوە خاوەنی توانایەکی باشی GIS ـە، کە لە هەر پارێزگایەک بەڕێوەبەرایەتییەکی هەیە. بەڵام تا ئێستا (فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازیی، DIM) بە تەواوەتی نەبووە بە بەشێک لە KRSO.

### پەیوەندییەکانی فیدراڵی-هەرێم

ئەگەرچی پەیوەندی سەرۆکی KRSO و دەزگای ناوەندیی عێراق بۆ ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری (COSIT) پەیوەندییەکی باشی پێکەوە کارکردنە، بەڵام ئاستەنگەکە بریتییە لە بەدامەزراوەکردنی ئەم پەیوەندییە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، بۆ ئەوەی پشت بە هەندێک تاکەکەسی دیاریکراو نەبەستێت.

بەشێکی ئەم پەیوەندییە بریتی دەبێت لە ئاشنابوون بە هەر یاسایەکی ئاماری نوێی حکومەتی فیدراڵیی عێراق و کاریگەری ئەم جۆرە یاسایە لەسەر چالاکییەکانی KRSO. ئەگەرچی پرۆژەیاسایەکی فیدراڵی بۆ ئامار لەژێر تاوتوێ بووە لە 2010 و 2011، بەڵام لە کۆتایی 2011 لە تاوتوێکردن کێشرایەوە.

**یاسای ئامار**

بە گشتیی وەزارەتی پلاندانان، و بە تایبەتی KRSO، عەمباری سروشتییە بۆ زانیاری ئاماری وەزارەتەکانی تر. بەڵام، لە ئێستادا یاسایەکی ئامار لە ئارادا نییە کە دەسەلات بدات بە KRSO بۆ کۆکردنەوەی ئامار لە وەزارەتە جۆراوجۆرەکان. یاسای ئامار بریتییە لە ڕێپێدانێکی یاسایی کە پێکهێنەری دەزگا جۆراوجۆرەکانی سیستمی ئامار پێکەوە گرێ دەدات، بۆیە ئەم جۆرە یاسایە توخمێکی پڕبایەخە بۆ سیستمی ئاماری هەرێمێک یان وڵاتێک.

ئەو پرۆژە یاسایەی لە بەهاری 2011 لەبەردەست بوو هەنگاوی گەورە دەنێت بەرەو جەختکردنەوە لە کۆکردنەوەی داتای لەبار و جۆریەتیەکەیان و بەرەو پێدانی دەسەلاتی وەرگرتنی داتا بە KRSO. دانانی ئەم بنەمایانە لەناو یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتێکی گەورە دەبێت و هەنگاوێکی تر دەبێت بەرەو گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان وەک ئابوورییەکی زیندوو.[3]

---

[3] بەشی حەوت هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەلی پڕۆژە یاسای نوێی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت، وبەراوردێکی تێدایە لە نێوان یاساکە لەگەڵ یاسای وڵاتانی تر.

## ئامانج

ئامانجی ئەم بەشە بریتییە لە پێشکەشکردنی پوختەیەکی تێگەیشتنی ڕەند لەو داتا و ئامارانەی ئێستا کۆدەکرێنەوە و بەردەستن لە هەرێمی کوردستان.

بە گشتیی، دەبینین لە کوردستان هەندێک داتای پەیوەست بە سیاسەتەکان کۆدەکرێنەوە، بەڵام کۆکردنەوەی داتا کەلێن و کەکەموکوڕی گەورەی هەیە، و ئەو داتایەی لەبەردەستە بە شێوەیەکی کارا لە نێوان وەزارەتەکان و لە نێوان بەکارهێنەرەکان ئالوگۆڕ ناکرێت.

## شێوازی کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی زانیاری

تیمی ڕەند هەوڵی دا دەستی بە هەموو سەرچاوە بەردەستەکانی زانیاری بگات سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی داتا و ئامار لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو داتایانەی کە لە پێش داڕێژەرانی سیاسەت هەیە. ئێمە پێداچوونەوەی ئەم سەرچاوانەی ئینتەرنێتمان کرد: ماڵپەڕەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (پاشگری B بریتییە لە لیستی ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێتی ئەو وەزارەتانەی سەردانمان کردن)، وماڵپەڕی زانکۆکانی هەرێم، و وماڵپەڕی تری بەدەر لەوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەک ئەوانەی ڕێکخراوی یەکەی هەواڵگریی ئابووریی، ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (فاو)، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵ (یونیسێف)، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندن (یو ئێن دی پی)، بەرنامەی خۆراکی جیهانیی (دەبلیو ئێف پی)، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، و گروپی بانکی جیهانی.

#### (سیستمی بەڕێوەبردنی داتا) ی ڕەند

کاتێک زانیاریمان دەربارەی داتای بەردەست کۆدەکردەوە، ئێمە سەرچاوەکانی داتا-مان پۆلێن کرد بە بەکارهێنانی (سیستمی بەڕێوەبردنی داتا) کە ڕەند دایڕشتووە، پێی دەگوترێت "بنکەی سەرچاوەی زانیاری DSD". بنکەی سەرچاوەی زانیاری (DSD) سەرچاوەی داتاکان پۆلێن دەکات، سەرچاوەی داتاکان بە گوێرەی خەسڵەتەکانیان پۆلێن دەکات، بۆ نموونە ئەو بابەتەی ڕووماڵ (تغطية) کراوە، سەرچاوەی کۆکردنەوەکە، و ماوەی خایەندراوی ڕووماڵەکە.

ئەو سەرچاوانەی داتا کە لە (DSD) هاتوون بریتین لە داتای ڕووپێو و داتای کارگێڕی، ئەگەرچی لە گۆشەنیگای سیاسەتەوە زۆر جار دوو جۆر داتا بە دوو شێوەی جیاواز بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەو دوو شێوازە جیاوازە تەواوکەری یەکترین. لە بەشی پێنج بە تێروتەسەلی باسی جیاوازییەکانی نێوان جۆرەکانی داتا دەکەین. نموونەیەک لە داتای ڕووپێو بریتییە لە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووریی خێزانی عێراق لە 2007 (دەزگای ناوەندی بۆ ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، و بانکی جیهانی، 2008)، کە زانیاری تێدایە لەسەر خەسڵەتەکانی خێزان، بۆ نموونە دەتوانرێت ئەمە بەکاربهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئاسوودەیی (خۆشگوزەرانیی) یان بۆ هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بە مەبەستی داڕشتنی سیاسەتی کارا بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. نموونەیەک لە داتای کارگێڕی بریتییە لە ژمارەی نۆرینگە تەندروستییەکان لە هەر قەزایەکی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە، دەتوانرێت ئەم داتایە بەکاربهێنرێت بۆ بەراوردکردنی ئەو توانا تەندروستییە ئایندەییەی کە پێویست دەبێت زیاد بکرێت بۆ سەر ئەو توانایەی ئێستا هەیە بۆ ئەوەی سیاسەت دابڕێژرێت بۆ چاکترکردنی داینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییە بنچینەییەکان.

(DSD) بریتییە لە "بەڵگەنامەیەکی زیندوو". دەتوانرێت دەستکاری تێدا بکرێت و گۆڕانکاری تێدا بکرێن بۆ ئەوەی باشتر بگونجێت لەگەڵ پێویستییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەم پرۆژەیە، و ئێمە بەردەوام بە درێژایی پرۆژەکە فراوانترمان کرد کاتێک تیمی ڕەند بە سەرچاوەی نوێی داتا ئاشنا دەبوون. هیوادارین (DSD) بەردەوام بێت لە سوودبەخشین بە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان)، وەزارەتی پلاندانان، و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە

گشتیی، تەنانەت پاش کۆتایی هاتنی ئەم پرۆژەیە، و وەک عەمبارێک بێت بۆ داتای بەردەست. ئێمە وێنەیەکی (DSD) مان لەگەڵ سی دی هاوپێچی ئەم مۆنۆگرافە داناوە.

ئێمە هەروەها بەڵگەنامەمان وەرگرت یان دەستنیشانکرد کە داتای جۆری یان چەندایەتی تێدا نەبوو بەڵام زانیاریی گرنگی تێدا بوو. ئەو سەرچاوەی زانیارییانەی لەگەڵ سیستمی پۆلێنی (DSD) نەدەگونجان – بۆ نموونە، بەڵگەنامەیەک کە تاقیکردنەوەی نیشتمانیی سەری ساڵی ناوەندیی لەخۆدەگرێت- تۆمارێکمان دروست کرد بە ناوی "لیستی بەڵگەنامەی بەردەست، Log of Available Documents" بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی لەو شوێنەی تێدا هەڵگرین و بەدواداچوونی بکەین، و بەکاریان بهێنین لە لێکۆڵینەوەکەمان. ئەم تۆمارە لە پاشگری C وەک خشتەی C.1 دانراوە.

## داتای بەردەست (Available)

لەم بەشەدا، ئێمە پوختەی سەرچاوەکانی داتای هەرێمی کوردستان، ئەوانەی ڕەند دەستنیشانی کردوون، پێشکەش دەکەین. لە بەراییدا پوختەیەک لەسەر ئەو سەرچاوانە پێشکەش دەکەین کە ڕەند بەدەستی هێناون. ئنجا، تاوتوێی ئەو سەرچاوانەی داتا دەکەین کە پێمان ڕاگەیەندراوە هەن (وجودیان هەیە)، بەڵام خۆمان نەمانتوانیوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دووپاتی ڕاستی و دروستیان بکەینەوە. بۆ هەردوو پۆلێنی داتاکە، (DSD) چەند زانیارییەکی تێروتەسەل و هەمەلایەنی تێدایە زیاتر لەوەی لێرە باسمان کردووە. هەروەها، تیشک دەخەینە سەر هەندێک ئاستەنگی سەرەکیی پێش دەستنیشانکردنی سەرچاوەی داتا.

هەروەها لە ژێر تیشکی ئەزموونی خۆماندا سەرنجمان داوە کە کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دڵەڕاوکێدان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی سەرچاوەی داتا. جەخت لەوە دەکەینەوە ئەم سەرنجەمان لەلا دروست بوو لەو کۆبوونەوانەی ساز کران و لە ئاخاوتنەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناتوانین جەخت لە گشتاندنی ئەمە بکەینەوە. بەڵام، هەندێک کەس پێیان وتین دەتوانرێت ئاڵوگۆڕی داتا (گواستنەوەی داتا لە نێوان دوو لایەن) لەنێو حکومەتی هەرێمی کوردستان باشتر بکرێت. ئەمە بابەتێکی گرنگە چونکە نەبوونی ئاڵوگۆڕکردنی داتا بە شێوەیەکی کارا و شەفاف دەبێتە مایەی خاوکردنەوەی پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت.

#### ئەو داتایانەی ڕەند دەستیکەوت

ئێمە لێرەدا پوختەیەکی ئەو سەرچاوە سەرەکییانەی داتا پێشکەش دەکەین کە ڕەند لە هەرێمی کوردستان بەدەستی هێنا. بۆ بینینی لیستێکی تەواو بە سەرچاوەکان، بڕوانە (DSD) لە (سی دی) ی هاوپێچ و (Log of Available Documents) لە پاشگری C.

- **ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووریی خێزانی عێراقی لە 2007:** (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووریی خێزانی عێراقی) بریتییە لە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی داتا لەسەر داهات، خەرجی، پەروەردە، تەندروستی، کار، و یەکەی نیشتەجێکردن لەسەر ئاستی خێزان.
- **کشتوکاڵ:** بەرهەمهێنان و بەکاربردن (استهلاک) ی میوە و سەوزەی خۆماڵی و هاوردە (تەنها پوختەی ئامار) ی ساڵانی 2008 و 2009 و نرخی خۆراک لە ساڵانی 2008 و 2009، پرۆژە کشتوکاڵییەکانی (پلانی ستراتیجیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی کشتوکاڵ، 2009-2013) (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرواری لەسەر نییە)، داتای بنەڕەتیی کشتوکاڵ لە (پرۆفایلەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، 2007) (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 2007)، داتای بەرهەمهێنان –بەروبووم- (1996-2006) و ڕێژەی باران بارینی مانگانە (1975-2007) لە (ڕەوشی لادێی عێراق: سەرژمێری پەلەوەر و ئاژەڵ) (2001-2006) لە ئاستی پارێزگا.
- **داتای چوارچێوەی ئامار –سەرژمێر-:** مەزەندەی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێکردن، ژمارەی خێزانەکان، و ژمارەی تاکەکەس لە ئاستی قەزا و ناحیە.
- **دیمۆگرافی:** ئاماریی گشتیی دیمۆگرافی لە IHSES، خشتەی پوختەی دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی گرووپی داهات، بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق، لە (هەرێمی کوردستان – ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، نووسینگەی ئامار، کتێبی ساڵانەی 2008) (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2008)، ڕووپێوی ساڵانەی گەنجان لە عێراق، 2009 (وەزارەتی لاوان و وەرزش، 2009)، داتای دیمۆگرافی لە ماڵپەری (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەرواری لەسەر نییە)

- **هاوکاریی پەرەپێدان:** داتا لەسەر هاوکاریی پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان.
- **پەروەردە:** داتای ڕووپێوی (ڕووپێوی هێشوویی فرە-نیشاندەر، MICS) خولی دوو و سێ (2000 و 2006) لەسەر چالاکی و دەرەنجامەکانی پەروەردە بۆ منداڵان (کۆماری عێراق، ئەنجومەنی وەزیران، کۆمیسیۆنی پلاندانان، دەزگای ئاماری ناوەندی، یونسێف، 2001، دەزگای ناوەندی بۆ ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری، 2007)، داتایی بەرایی وەزارەتی پەروەردە لەسەر ژمارەی قوتابیان، مامۆستایان، و قوتابخانەکان لە 2010 و 2011.
- **تەندروستی:** داتای تەندروستی لە خولی دوو و سێی MICS سەبارەت بە دەرەنجامە تەندروستییەکان لە عێراق، داتای کارگێریی 2008 لەسەر دەزگاکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی ئاسایشی خۆراک لە 2006 و 2008 (بەرنامەی خۆراکی جیهانی، نووسینگەی عێراق، 2006، دەزگای ناوەندی بۆ ئامار و تەکنەلۆجیای زانیار، 2008) ڕووپێوی تەندروستیی هزری لە عێراق لە 2006-2007 (وەزارەتی تەندروستی عێراق، 2009)
- **تۆماری پیشەسازی:** لیستی تۆماری کارگەکان (یاسای 25) (1961 تا بەرایی 2010).
- **وەبەرهێنان:** ئەو پرۆژانەی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتی پێداون (2006-2011)
- **بودجە و کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:** پرۆژەکانی (بودجەی وەبەرهێنان) ی هەرێمی کوردستان (بەردەوام لە 2009 و پێشنیارکراو بۆ 2010)، کارمەندان بە گوێرەی وەزارەت (2009 و پێشنیارکراو بۆ 2010)، بودجە بە گوێرەی پۆلێنی بەرفراوان (2008 و 2009، و پێشنیارکراو بۆ 2010)، بودجەی پێشنیارکراو بۆ 2010.
- **دەستی کار:** پوختەی داتا لەسەر ژمارەی کارمەندان بە گوێرەی وەزارەت (2009 و پێشنیارکراو بۆ 2010)، ئاماری کۆکراوە ڕێژەی چالاکییە ئابوورییەکان بە گوێرەی پارێزگا، ئاستی بەکاربردن لەنێو منداڵان، و دابەشبوونی کرێکاران بە گوێرەی پیشە لە (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووریی خێزانی عێراق).
- **کارەبا:** پلانی سەرەکی کارەبا بۆ 2009، داتا لەسەر وەبەرهێنانی تەزوو، گواستنەوە و دابەشکردن و هەروەها چالاکییەکانی وەزارەتی کارەبا.
- **داتای ئابووری گشتی:** مەزەندەی بەرایی بۆ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی (الناتج المحليالاجمالي، GDP) ی 2008 بە بەکارهێنانی شێوازەکانی Bayesian، داتای ڕێبەری نرخی بەکاربەر (CPI) ی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی لە 2008، 2009، و بەشێکی 2010.
- **سیستمی زانیاریی جوگرافی (GIS):** بە نزیکەیی هەموو ئەم زانیارییانە لەناو (فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازیی، DIM) هەیە. بریتیین لە نەخشەی هەر پارێزگایەک، فەرهەنگۆک، تا 2009 نوێ کراوەتەوە، هەموو تان و پۆی شوێنە جێی بایەخەکانی هەرێمی کوردستانی تێدایە، پرۆفایلی ناحیە، قەزا، و پارێزگا کە زانیاری تێدایە بە گوێرەی کەرت (وەک ئاو، پەروەردە، تەندروستی، ڕێگەوبان)، داتای تایبەت لەسەر هەندێک ڕاپۆرتی تایبەت (وەک هەڵسەنگاندنی 2009 بۆ سەرجەم ئەو پرۆژانەی لە هەڵەبجە ئەنجام دراون لە ماوەی نێوان 2003 و 2009)

**ئەو داتایانەی ڕەند دەستنیشانی کردوون بەڵام نەیتوانیوە دووپاتی ڕاستی و دروستیان بکاتەوە**

- **کشتوکاڵ:** پێمان ڕاگەیندرا کە داتای تێروتەسەل هەیە لەسەر بەرهەم و بەکاربردن (بەروبووم و پەلەوەر) بە گوێرەی ناحیە یان قەزا، بەڵام ئەم داتایەمان دەست نەکەوت.
- **ڕووپێوی دانیشتوان:** ئێمە پوختەی داتامان هەیە بۆ ڕووپێوەکانی دواتر بەڵام داتای خاو لەبەردەست نییە بۆ دووپاتکرنەوەی ڕاستی و دروستی داپۆشین (ڕووماڵ، تغطية)، جۆریەتی، و خەسڵەتی تر: (ڕووپێوی تەندروستیی خێزانی عێراقی، ڕووپێوی ئاستی ژیان لە عێراق
- **سیستمەکانی زانیاریی جوگرافی:** پێمان ڕاگەیاندرا کە هەرێمی کوردستان داتای نەخشەکێشانی هەیە (بۆ نموونە، لە ڕێی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازی-DIM)، بێجگە لەو داتایەی لە سەرەوە باسمان کرد، ئێمە نەمانتوانی هەبوونی داتای جوگرافی یان بڕی داتاکە ساخ بکەینەوە

- **تەندروستی:** داتای ڕووپێوی یەکەمی (ڕووپێوی هێشووی فرە-نیشاندەر 1996) (MICS)
- **پیشەسازی:** پێمان ڕاگەیاندرا کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی داتای بەرهەمی پیشەسازیی هەیە
- **سەرچاوەکانی ئاو:** هەندێک ئاماژەمان بینی بۆ ئاماری سەرچاوەکانی ئاو، بەڵام نەمانتوانی داتای تێروتەسەل بدۆزینەوە
- **بازرگانی:** پێمان ڕاگەیاندرا کە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی داتای تێروتەسەلی هەیە لەسەر هەناردە و هاوردە بە گوێرەی مۆڵەتی هەناردە و هاوردە و زانیاریی ژوورەکانی بازرگانی، بەڵام ئەم داتایانەمان نەبینی.
- **کۆمپانیاکان:** ئێمە ئاگاداری لیستێکی تێروتەسەلین بە ناوی هەموو کۆمپانیا تۆمارکراوەکان بە گوێرەی یاسای 21، بەڵام ئەم داتایانەمان نەبینیوە.
- **بودجە و کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:** ئێمە وێنەیەکی چڕوپڕی بودجەی پێشنیارکراوی 2010 مان پێگەیشت، لەگەڵ پوختەیەک کە ئەو بەشانەی ڕەزامەندی لەسەر دراُبوو دیاری کرابوون. بەڵام، تێگەیشتنێکی تەواومان لەلا دروست نەبوو لەسەر چۆنیەتی هەڵگرتنی داتای بودجەی حکومەت و چۆن دەخرێتە پێش داڕێژەرانی سیاسەتەکان، بە هەمان شێوە، ئەگەرچی ئێمە بە گوێرەی وەزارەت ژمارەی کارمەندانمان وەرگرت، بەڵام نازانین داتاکە چەند گشتگیر و هەمەلایەنە و تا چەند تێروتەسەلە.
- **ڕووپێوی کۆمپانیاکان:** پێمان ڕاگەیەندرا کە (KRSO) ئەو ڕووپێوانەی هەیە کە دڵی مەزەندەکانی (GDP) ی Bayesian بوون، بەڵام ئێمە چاومان بەم بابەتە نەکەوتووە.
- **هی تر:** لە تاوتوێکانمانەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، وا تێدەگەین کە ئەم داتایانە لەبەردەستن: ژمارەی گەشتیاران لە هەر پارێزگایەک، بیانی و خۆماڵی، ژمارەی ئۆتۆمبیل و ماشێنی تر، ژمارەی مۆڵەتی شۆفێری، ڕووداوی هاتووچۆ، حاڵەتی کوشتن. بەڵام، ئێمە چاومان بەو داتایە نەکەوت.

## پوختەی هەبوونی داتا و ئاستەنگە سەرەکییەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی هاوێشتووە بەرەو کۆکردنەوەی داتای پڕبایەخ بۆ داڕشتنی سیاسەت، (IHSES) دەستکەوتێکی گەورەیە کە داتای پەیوەست بە سیاسەتەکان لە زۆر بواری جۆراوجۆردا دابین دەکات، و داتای پەیوەست بە سیاسەتی دابین کردووە بۆ هاوکاری کردن لە داڕشتنی بەرنامەی بنبرکردنی هەژاری. ئەو وێنەیەی (IHSES) و (ڕووپێوی هێشوویی فرە-نیشاندەر، چوار، MICS 4) کە بۆ 2011 پێشنیار کراوە بێگومان زۆر داتای سوودبەخش دابین دەکەن. بەڵام، سەرەڕای سەرکەوتنی گرنگ، ئەو داتایەی لە پێش داڕێژەرانی سیاسەت هەیە سنووردارە و توانای دەزگا جۆراوجۆرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری کۆکردنەوەی داتا وەک یەک نییە. دواتر لەم لێکۆڵینەوەدا هەندێک ڕاسپاردەی تێروتەسەل پێشکەش دەکەین بۆ چاکترکردنی کۆکردنەوەی داتا لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لێرەدا هەڵسەنگاندنێکی گشتیی پێشکەش دەکەین.

پێناسەی "داتا" لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە لە هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیە بە ئاستەم سەرچاوەکانی داتا و پێداویستیەکانی داتا دەستنیشان دەکرێت تاوەکو بۆ دروستکردنی بڕیار بەکاربهێنرێت. لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ ستافی وەزارەت پێدەچوو تێکەڵاوکردنێک هەبێت لە نێوان داتای خاو و ئامار. ئەمە زۆر گرنگە چونکە زۆر لەو بەڵگەنامانەی ئێمە سەیرمان کردن ئاماژە بە داتای خاو دەکەن بەڵام تەنها پوختەی ئامار لەخۆدەگرن (بۆ نموونە، پلانی ستراتیجیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی کشتوکاڵ، 2009-2013 [حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرواری لەسەر نییە]).[1] بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە پێویستە ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی بڕیاربەدەستان (داڕێژەرانی سیاسەت) لە جۆرە جیاوازەکانی داتا و بەکارهێنانیان، زیاتر بکرێت.

---

[1] پێشکەشکردنی پوختەی ئامار بە تەنها، کارێکی ئاساییە و شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە لە ڕاپۆرتی وەزارەتەکان یان هی تر، یان بەڵگەنامەی تری هاوشێوە، بەڵام ئەم جۆرە ڕاپۆرتە بوار نادات بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادە و جۆری داتا سوودلێوەرگیراوەکە.

توانا و شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا لە ئاژانسێکەوە بۆ ئاژانسێکی تری حکومەت جیاوازە. حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای هەیە ڕووپێو بە خێرایی ئەنجام بدات و مەشقی پێویست بۆ ڕووپێوسازان ڕێک بخات. بەڵام زۆربەی جار کۆکردنەوەی داتا بە شێوەیەکی بەردەوام نییە. زۆر ئاژانس داتا لەسەر کاغەز داخڵ دەکەن و هەڵدەگرن، تەنانەت ئەگەرچی ئامێری ئەلیکترۆنیشیان هەبێت. هەندێک دەزگا هاوچەرخ نەکراون، ئەگەرچی هەموویان وەک یەک نین لە ئاستی هاوچەرخکردندا. کەلێن و کەموکوڕی گەورە هەیە لە کۆکردنەوە و هەڵگرتنی داتا-دا. بۆ نموونە، پێناچێت بنکەیەکی زانیاری یەکخراو هەبێت بۆ سەرجەم کارمەندانی حکومەت، بەم شێوەیەش حکومەت بە ئاستەم دەتوانێت زانیاری کۆبکاتەوە لەسەر ژمارەی کارمەندانی حکومی. وەک هەمووان دەزانن، زانیاری لەسەر ژمارەی دانیشتوان نییە.

هەروەها بۆمان دەرکەوت ئاشنابوون بە هەبوونی داتا و چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا لە کارمەندانی وەزارەتێکەوە بۆ کارمەندانی وەزارەتێکی تر زۆر جیاوازە. بۆ نموونە، کارمەندانی وەزارەتێک نازانن وەزارەتێکی تر کام جۆری داتا کۆ دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش، بە گشتیی بەڕێوەبردنی داتا بە شێوەیەکی سیستماتیکی نییە: بە ئاستەم دەتوانرێت ئەو کەسە دەستنیشان بکرێت لەناو وەزارەتێک کە بەرپرسیارە لە کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی داتا، بە تایبەتی لەو حاڵەتانەدا کە هێڵکاریی ڕێکخراوەیی بە باشی پێناسە نەکرابێت یان چاپ نەکرابێت.

بە گشتیی وێبسایتی وەزارەتەکانی حکومەت سەرچاوەیەکی باش نین بۆ داتا، و دەتوانرێت تەبایی نێوان وێبسایتەکان باشتر بکرێت. وێبسایتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەبا نین لەگەڵ یەکتری لە بواری ڕێزبەندکردنی داتای بەردەست و دابینکردنی لینک بۆ سەرچاوەکانی داتا. کاتێک داتا بە ئۆنلاین ڕاپۆرت دەکرێت، وەک پێویست ناویان لەسەر دانانرێت، پێناسە لەخۆ ناگرن، و یەکەیان تێدا نییە. دانانی بنەما بۆ ڕاپۆرت دەبێتە مایەی باشترکردنی دەستگەیشتن بە داتا.

هەروەها، لە دەرەوەی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئێجگار کەم بە سیستماتیکی داتا کۆ دەکرێتەوە. بۆ نموونە، لە ئاخاوتنمان لەگەڵ کارمەندانی زانکۆ ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە زانکۆکان توانایەکی گەورەیان نییە لە بواری کۆکردنەوەی داتا یان ئەنجامدانی چالاکیی کۆکردنەوەی داتا. کۆکردنەوەی داتا لە لایەن ئەمانەوە لایەنێکی تری سوودبەخش دەبێت بۆ داتای کۆکراوەی فەرمی ئەگەر قەوارە تایبەتییەکان (ئەهلییەکان) ئازادیی پێویستیان هەبێت بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی داتا.

یەکێک لە ئاستەنگەکان بریتییە لە گەشەپێدانی توانای پێویست لەناو (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە نەبێت بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ئاژانسی فرە-لایەن ببەستێت، وەک (بانکی جیهانی) یان (نەتەوە یەکگرتووەکان)، بۆ ئەنجامدانی چالاکیی کۆکردنەوەی داتا لە ئاستێکی بەرفراوان. ئاستەنگێکی تر بریتییە لە جەختکردنەوە لە ئاڵوگۆڕی ئەو داتایەی کۆدەکرێتەوە لە نێوان داڕێژەرانی سیاسەت (واتە گواستنەوەی داتا لە یەکێکیانەوە بۆ یەکێکی تریان) بە شێوەیەکی چوست و کارا. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها پابەندبوونێکی مەزنی پیشان داوە نەوەک تەنها بە کۆکردنەوەی داتای داواکراو لەلایەن حکومەتی ناوەندیی بەغداد، بەڵکو لەوەشی تێپەڕاندووە بەوەی سیستمێکی نایابی کۆکردنەوەی داتای هەیە.

# پێشینەی سیاسەتەکان و داتای حکومەتی هەرێمی کوردستان

## ئامانجەکان

ئامانجەکانی ئەم بەشە بریتین لە:

- پوختکردنەوەی ئەو پێشینانەی سیاسەت کە دارێژەرانی سیاسەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان باسیان کردن. لەبەرئەوەی دوایین ئامانج لە کۆکردنەوەی داتا بریتییە لە بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسەت، دەستنیشانکردنی ئەم پێشینانە هەنگاوێکی بەپەلەی ئێجگار پڕبایەخە.
- پوختکردنەوەی پێشینەکانی داتای حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە تێیدا دارێژەرانی سیاسەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێداویستی خۆیان بە هەندێک داتای دیاریکراو دەردەبڕن
- دابینکردنی پوختەیەک لەسەر هۆیە بنچینەییەکانی ئەم پێشینانە لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

ئەم پێشینانە بریتین لە چاکترکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ماوەیەکی کورتخایەندا—وەک تەندروستی، پەروەردە، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا، و ڕێگەوبان و گواستنەوە—و وەڵامدانەوەی ئاستەنگە درێژخایەنەکانی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت ( بە جەختکردنەوە لە کشتوکاڵ و گەشتوگوزار)، و چاکترکردنی حوکمڕانی، و کۆکردنەوەی داتای ئەوتۆ کە سەرجەم کەرت و سیاسەتەکان بەکاریان بهێنن.

## پێشینە سەرەکییەکانی سیاسەت

ئێمە ئاراستەی گشتیی سیاسەتی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) بەو مانایە ڕاڤە دەکەین کە بریتییە لە فرەچەشنکردنی ئابوورییەک کە تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت و پشت بە کەرتی تایبەت ببەستێت، و هاوکات هێندەی پێویست خزمەتگوزاریی میری و کۆمەڵایەتیی دابین بکات، بە هەبوونی سیستمێکی پەروەردە و دەرفەتی بازاڕی کار کە ئاستی ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرز بکەنەوە.

بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە چەندین هەنگاوی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. ئێمە ئەو پێشینە کورتخایانانەی کە ئامانجەکانیان بریتییە لە وەڵامدانەوەی پێویستییە بەپەلەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان جیا دەکەینەوە لە ئامانجە درێژخایەنە ستراتیجییەکان، کە مەبەستەکەیان بریتییە لەوەی هەرێمی کوردستان بخەنە سەر ڕێچکەیەکی سەقامگیری گەشەسەندن و پەرەسەندن. هەندێک لە پێشینە ستراتیجییەکان، هەندێک کەرتیان تێدایە کە سوودی ستراتیجییان هەیە. هەردوو جۆرە پێشینەکان پێویستییان بە کۆکردنەوەی بەردەوام و ناوبەناوی داتایە، بەڵام ڕەنگە پێشینە کورتخایەنەکان پێویستیان بەوە بێت هەندێک داتا بە شێوەیەکی تایبەت و بۆ یەک جار کۆ بکرێنەوە بۆ وەڵامدانەوەی هەلومەرجێکی بەپەلە.

زۆر گرنگە سەرنج لەوە بدەین کە ئەم بەشە بریتییە لە پوختەی پێشینەکانی سیاسەت و داتا بەو شێوەیەی کە دارێژەرانی سیاسەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان باسیان کردووە لە کۆبوونەوەکانمان. ئەمانە بریتی نین لە پێشنیاری ئێمە لەسەر ئەوەی کە پێویستە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە چۆن بێت.

**هەندێک خزمەتگوزاریی بنەڕەتیی بۆ ماوەی کورتخایەن**

بابەتێک کە داڕێژەرانی سیاسەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارەیان دەکردەوە بریتی بوو لەوەی هەندێک خزمەتگوزاریی دیاریکراو – وەک تەندروستی، پەروەردە، ئاو، کارەبا، و ڕێگەوبان- تەنها بە بنچینەیی دانانرێت بۆ جەماوەر بەڵکو ئەو بوارانەن کە جەماوەر پێشبینی دەکات حکومەت بە خێرایی چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و ئەنجامەکانیان بدات بە دەستەوە. لەبەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، تا دێت داواکاری لەسەر ئەم خزمەتگوزارییانە زیاد دەکات، و بە نزیکەیی هەموو ئەو بەرپرسانەی ئێمە چاوپێکەتنمان لەگەڵ کردن باسی ئەوەیان دەکرد کە دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی کارا بریتییە لە هەرە پێشینەی سیاسەتەکان.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکرا کە پێویستە ئەم خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی یەکسان لە سەرتاسەری هەرێم پێشکەش بکرێت، چونکە نەهێشتنی جیاوازیی لە ئاستی هەرێمدا نەوەک تەنها هەر بۆ یەکگرتوویی و تۆکمەیی هەرێم گرنگە بەڵکو هەروەها بۆ جەختکردنەوە لە گەشەسەندنی سەرتاسەری هەرێمەکە و بۆ بەدیهێنانی هەندێک پێشینەی تریش پێویستە. بۆ نموونە، ئاوەدانکردنەوەی لادێکان و هاندانی کشتوکاڵ بوو بە هەرە پێشینەی سیاسەت. بەڵام، وەک بەرپرسێک ئاماژەی پێکرد، تا ئەو کاتەی خزمەتگوزاریی لە ناوچە دوورەکان، وەک تەندروستی، پەروەردە، و ژێرخان جیاواز بێت لەوەی شارەکان، ئەوسا خەڵکێکی کەم بەرەو گوندەکان دەگەڕێنەوە.

ئەو پێشینانەی بۆ هەر خزمەتگوزارییەک کۆمان کردەوە، بە پوختی لە خوارەوە باسیان دەکەین:

- **تەندروستی.** زۆربەی داڕێژەرانی سیاسەت تەندروستییان بە پێداویستییەکی گەورە ناو برد. بە تایبەتی ئاماژەیان بە پێویستی یەکخستی خزمەتگوزارییە کرد لە نێوان شارەکان و دەرەوەی شارەکان (کە پێویستە دکتۆر ڕەوانە بکرێت بۆ ناوەندی شارۆچکەکان) و پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی نەوەک تەنها دەزگاکان بەڵکو هەروەها کارزانیی پەرستیارەکان و دەرمانسازەکانیش. هەروەها پێویستە دڵنیایی تەندروستی لە ئارادا بێت. لە کاتێکدا (بەشی تاکەکەس لە کۆی داهاتی نیشتمانی، حصة الفرد من الناتج المحلي الاجمالي، percapita gross national income (GNI) ی هەرێمی کوردستان نزیکەی 5,800 دۆلارە کە زیاترە لە هی چەندین وڵاتی تازەگەشەسەندوو، خەرجییە پێشبینی نەکراوەکانی تەندروستی ڕەنگە تەنانەت بۆ چینی مامناوەندییش کارەسات بێت[1]. ئەگەری بە تایبەتی کردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئارادایە، ئەگەرچی داڕێژەرانی سیاسەت وا هەستیان دەکرد پێویستە خزمەتگوزاریی (چاودێریی سەرەتایی) لە لایەن حکومەتەوە دابین بکرێت.
- **پەروەردە.** ئەگەرچی چەندین داڕێژەری سیاسەت پەروەردە بە پێشینەیەکی سەرەکی سیاسەت دادەنێن، بەڵام سەبارەت بە ئاستی خوێندنەکە جیاوازن. یەکێک لە بۆچوونەکان ئەوەیە کە پێداویستی سەرەکی بریتییە لە پەروەردەی گشتیی، بە جەخت خستنە سەر بازاڕی دەستی کاری تایبەت، نەوەک زانکۆی زیاتر. هاندانی خوێندنی زانکۆ ڕەنگە تەنها ببێتە هۆی زیاتربوونی ئەوانەی هەوڵ بۆ پێگە و پۆستی حکومی دەدەن، یان تەنانەت داوای دەکەن. بۆچوونێکی تر هەیە کە پێی وایە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بەرەوپێش هەنگاویان ناوە، بەڵام زانکۆکان بوون بە ئاستەنگ لە پێش گەشەسەندن چونکە هێندەی پێویست خەڵکی خاوەن کارزانیی پێویست بۆ کەرتی تایبەت بەرهەم ناهێنن[2]. ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە پێیان وایە جەختکردنەوەیەکی مەزن لە بەرنامەی زەمالەی خوێندن بوار دەڕەخسێنێت بۆ ژمارەیەکی زۆر قوتابیان بچنە زانکۆکان. گروپێکی تر جەخت لە پێویستبوونی مەشقی پیشەیی و تەکنیکی دەکەنەوە، ئاماژە بەوە دەکەن هەندێک کارزانیی دەگمەنن یان هەر دەست ناکەون لە بازاڕی کار و دەتوانرێت لە ڕێی خوێندنی پاش قۆناغی ناوەندییەوە ئەم جۆرە پیشەکارە دابین بکرێت، و پێویست بە خوێندنی تەواوی زانکۆ ناکات. یەکێک لە ڕێگەچارەکان ئەوەیە وەک پێشینەیەکی کورتخایەن سەیری پێویستبوونی خوێندنی بنەڕەتی و خوێندنی پیشەیی بکرێت، و وە ئەولەوییەتێکی درێژخایەن سەیری پێویستبوونی خوێندنی باڵا بکرێت، ئەمەش بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی زیاتری گەشەسەندنی کەرتی تایبەت.
- **ئاو و ئاوەڕۆ.** دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بە یەکێک لە هەرە پێشینەکان دادەنرێت. چاکترکردنی ئاو و ئاوەڕۆ هەروەها سوودی بۆ کەرتی تریش هەیە کە پشت بە ئاو و ئاوەڕۆ دەبەستن، وەک گەشتیاری. وشکەساڵی و پشتبەستن بە وڵاتی بیانی بۆ سەرچاوەی ئاو بە گرفتی گەورە دادەنرێن. تەنها 32 لە سەتی ئاوی ڕووبار لە هەرێمی کوردستان لە ناوخۆوە هەڵدەقوڵێت، ئەوەی تری لە دەرەوە دێت، لە ئێران و تورکیاوە (بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندن – بەرنامەی بوژانەوەی عێراق و ڕێگرتن لە قەیران، 2008، لاپەڕە 10).

---

[1] بەشی تاکەکەس لە کۆی داهاتی نیشتمانیی GNI لە مەزەندەی (Van Tongeren and Bartlema, 2010) وەرگیراوە.

[2] بە شێوەیەکی وردتر، ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە وتیان کارزانیی ئەوانەی کە خوێندن تەواو دەکەن نوێ نییە، و زانکۆکان گرێ نەدراون بە پیشە و کارەکان، و ناشتوانن هاوکاری ڕاستەوخۆ پێشکەش بکەن، و شانبەشانی پێداویستییەکانی ئابووری هەنگاو نانێن.

- **کارەبا.** بەرهەمهێنانی کارەبا چیرۆکێکی سەرکەوتووە لە هەرێمی کوردستان. زۆر کەس پێیان وایە بە تایبەتی کردنی کەرتی کارەبا بووە مایەی سەقامگیربوونی دابینکردنی کارەبا، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق. ئەو ئاستەنگەی ماوەتەوە بریتیە لە سەپاندنی نرخی یەکە بۆ ئەوەی رێگە بگیرێت لە بەفیڕۆدان و لە کەمبوونەوەی کارەبا، چاکترکردنی گواستنەوەی کارەبا، و باشترکردنی دابەشکردنەکەی، بۆ ئەم مەبەستەش ڕەنگە وا پێویست بکات هەندێک بواری تایبەتی کردنی جێ بەجێ بکرێت.
- **رێگەوبان و گواستنەوە.** پێشینەیەکی تر بریتییە لە دروستکردنی رێگەوبان بە گوێرەی پێوەری ئاست بەرز. ئەگەرچی رێگەوبان دروست دەکرێت، بەڵام وەنەبێت هەمیشە بە گوێرەی پێوەرەکان بن، و دارێژەرانی سیاسەت هەندێک گیروگرفتیان دەستنیشانکردووە لە بواری نووسینی خەسڵەتەکان، دیزاین، بەڕێوەبردن، و رێسا و ڕێوشوێنی دارایی، کە دەبنە مایەی ئەوەی بە گوێرەی پێوەرەکان نەبن. داتا لەسەر سروشتی خۆجێی —وەک بارودۆخی ئێستای رێگەکان، ڕەوشی هاتووچۆ، و بەرزونزمیی خۆجێی- لەلایەن بەڵێندەری تایبەتمەندەوە کۆ دەکرێتەوە لە رێی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر گونجان و سوودەکەی، بەڵام دارێژەرانی سیاسەتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پێویستە داتای گشتگیر و هەمەلایەن و سیستماتیکی زیاتر دابین بکرێت لەسەر ئاستی هەرێم— وەک داتا لەسەر بنکەکانی چڕیی دانیشوان و پیشەسازی — بۆ ئاسانکردنی کاری دانانی پلانی ستراتیجی.

**هەبوونی کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی گەشەسەندوو بۆ دابینکردنی هەلی کار و دەرفەتی ئابووری**

هاندانی کەرتی تایبەت و کەمترکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی حکومەت لە سەرەوەی لیستی پێشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. پێشینەیەکی تر کە پەیوەستە بەمەوە بریتییە لە زیاترکردنی وەبەرهێنان، وەک وەبەرهێنانی بیانی. ڕاستییەکەی، هەندێک دارێژەری سیاسەت ئاماژەیان بەوە کرد کە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر وەبەرهێنەر لە بواری بیناسازی کار دەکەن، ژمارەیەکی کەمی کۆمپانیای ئەندازیاری هەرێمی کوردستان پەیوەندیان دروست کردووە بۆ ئەوەی کاریگەری وەبەرهێنانی بیانی "فرە تێشووی" بکەنەوە. هەندێک تەنانەت باسی ئەوەیان دەکرد کە وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان درێژخایەن نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی هەر تەنها پرۆژەن.

ئاماژە بە پێویستبوونی ئەنجامدانی ڕووپێوی پیشە و کار و پیشەسازی کرا بۆ زانینی ڕەوش و شوێنپێ هەڵگرتنی بەرەوپێشچوونی کەرتەکانی پیشەسازی کشتوکاڵ، نیشتەجێکردن، بیناسازی، و کارخانەسازیی. هەروەها پێویستە داتای بازرگانی کۆبکرێتەوە و ساڵ بە ساڵ بڵاوبکرێتەوە، بە گوێرەی ساڵ، کەرەستە (کەلوپەل)، و وڵاتی هاوبەش.

**کشتوکاڵ**

کشتوکاڵ کەرتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشبوو لەو کۆبوونەوانەی کردمان[3]. چاکترکردنی ئەم کەرتە تەبایە لەگەڵ ژمارەیەک پێشینەی تر: زیاترکردنی هەلی کار لە دەرەوەی حکومەت، ئاوەدانکردنەوەی لادێیەکان کە لە ساڵانی شەڕ و پێکدادانداندا وێران کرابوون، زیاترکردنی تەناهیی خۆراک (ئاسایشی خۆراک)، و ڕاستییەکەی گەڕاندنەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ڕەوشی جارانی کە سەبەتەی خۆراک بوو بۆ عێراق لە ساڵانی پێش 1960. بە ڕەچاوکردنی خاکە بەپیتەکەی، کەشوهەواکەی، و ئاوە زۆرەکەی، هەرێمی کوردستان بۆ کشتوکاڵ "زۆر لەبارە". واتە، کاتێک کەرتی کشتوکاڵ بەراورد دەکەین لەگەڵ کەرتەکانی تر، ئەم کەرتە زۆر مژدەبەخشە لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق یان خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

بابەتێک کە لە بواری کشتوکاڵدا دووبارە دەکرایەوە بریتی بوو لە خواستی خۆژێنی (الاكتفاء الذاتي)، ئەگەرچی دارێژەرانی سیاسەتەکان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لەسەر خۆژێنی. یەکێک لە ڕاڤەکان بریتی بوو لەوەی پێویستە هەرێمی کوردستان سەرجەم ئەو بەرهەم و بەروبوومانە بچێنێت کە لە ناوخۆ پێویستی پێیانە و بڕێکی کەم هاوردە بکات، بەو گریمانەیەی کە گمرک و باج دابنێت لەسەر هاوردەکان. سەرەڕای ئەو هەڕەشەیەی ڕەنگە بێتە ئاراوە لە پشتبەستن بە هێزی بیانیی ڕکابەرکار بۆ کەرەستە پرپایەخەکان — هێشتا ئابلۆوقەی پێش 2003 و ئەو کەمی ودەگمەنییەی لە خۆراکدا هەبوو لە بیری خەڵک ماوە- هەندێک ڕاپۆرت باسی ئەوە دەکەن کە جۆری بەرهەمە بیانییەکان باش نین، بەرهەمهێنی ناوخۆیی ناتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ نرخە هەرزانەکانی بەرهەمی هاوردە بکات، و هەلی کار کەم دەبێتەوە کاتێک بیانییەکان بەرهەمەکانیان بە نرخێک دەفرۆشن کە هەرزانترە لە نرخی بەرهەمە ناوخۆییەکان.

---

[3] ئەمە لە (پلانی ستراتیجیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی کشتوکاڵ، 2009-2013) ڕەنگی داوەتەوە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەرواری لەسەر نییە)

هەندێکی تر جەختیان دەخستە سەر بەردەوامیی، نەوەک خۆژێنی، بە بەکارهێنانی هەموو سەرچاوە بەردەستەکان بە شێوەیەکی کارا. ئەمە بریتییە لە چاکترکردنی بەڕێوەبردنی خاک و ئاو، بەکارهێنانی ئەندازیاری کشتوکاڵ بۆ چاکسازیی خاک و ئاو بۆ ئەوەی بەرهەمەکان بە گوێرەی شوێنەکان بن، لێکۆڵینەوە و تەکنەلۆجیای کشتوکاڵی باشتر بکرێت، و ریکلام بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی بکرێت. سیستەمەکانی ئاودێرییش ئێجگار پڕبایەخن بۆ کشتوکاڵ، هەندێک باسی ئەوەیان دەکرد پێویستە بەنداو دروست بکرێت، ئەگەر بۆ بەرهەمهێنانی کارەباش نەبێت ئەوا بەلایەنی کەمەوە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و ئاودێری بێت. بەم شێوەیە، لە ڕێی زیاترکردنی بەرهەمهێنان و کێبڕکێکاری و چاکترکردنی هەڵگرتنی بەرهەمەکانەوە تەناهیی خۆراک (ئاسایشی خۆراک) بەدیدەهێنرێت، نەوەک لە ڕێی قەدەغەکردنی هاوردەوە.

چاکترکردنی پیشەسازی کشتوکاڵ پێویستیەکە پەیوەندی بەم پێشینەوە هەیە، ئاستەنگەکان بریتین لە لۆجیستیکی گواستنەوە (بە تایبەتی بەرەو باشوور)، نەبوونی عەمباری سارد (بەڕڕاد)، و نەبوونی شارەزایی لە بواری بازاڕگەری (التسويق). زۆربەی داڕێژەرانی سیاسەتەکان پێیان وایە پێویستە حکومەت یارمەتی جوتیارەکان بدات – وەک پێدانی قەرز، زیاترکردنی شارەزاییەکان، و چاکترکردنی ژێرخان و تەکنەلۆجیا. یەکێک لە ئەگەرە پێشنیارکراوەکان ئەوە بوو حکومەت کێڵگەی نموونەی دابمەزرێنێت، هاوکاریی بۆ دروستکردنی خانووی شوشە (گرینهاوس) بووەتە مایەی تەشەنەسەندنی بەکارهێنانی خانووی شووشە.

بەرپرسانی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ئاماژەیان بە نەبوونی داتا کرد، کە ئاستەنگە لە پێش داڕشتنی پلانی ستراتیجی، لەگەڵ جەختکردنەوە لە دابینکردنی هاوکاریی بۆ ئەو جوتیارانەی پێویستیان بە یارمەتییە. بۆ نموونە، نزیکەی 100 جۆر ترێ لە هەرێمی کوردستان دەڕوێندرێت، بەڵام نەبوونی زانیاری لەسەر ئەوەی چەند دەچێندرێت و لە کوێ دەچێندرێت ئاستەنگە لە پێش داڕشتنی پلانی سیاسەتەکان. ئەگەرچی کۆکردنەوەی ئامار لەسەر بەروبووم پێویستی بە ڕووپێوی ناوبەناوە هەیە، بەڵام وەزارەت دەیەوێت وێنەی سەتەلایتیشی هەبێت، لەگەڵ داتا لەسەر ڕێژەی سەتیی زەویی دارستانەکان و بڕی زەویی بەپیت.

**گەشتوگوزار**

کەرتێکی تر کە بە پێشینەیەکی بەرز دانراوە لەلایەن ئەو بەرپرسیارانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کرد، بریتییە لە گەشتوگوزار (گەشتیاریی). هەرێمی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەند و شوێنەواریی مێژوویی و کەشوهەوایەکی فێنکترە لەوەی بەشەکانی تری عێراق و ناوچەکانی دەوروبەر، بەم شێوەیەش خاڵی ئەرێنی هەیە کە دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ گەشتوگوزار. جێگەکەشی هەروەها گونجاوە بۆ ئەوەی ببێت بە دەروازەیەک بۆ گەشتوگوزاریی ئایینی لە وڵاتانی دراوسێوە بەرەو ناوەڕاست و باشووری عێراق. لە ئێستاوە گەشتوگوزار لە نەشونمادایە لەو شوێنانە لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو ناوچە ئایینییەکان، وەک بۆ نەجەف و کەربەلا.

سەرەڕای هاوبەشی کردنی لە بەرهەمە هەرێمیەکاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەروەها گەشتیاری هاندەرێکە بۆ چالاکیی ئابووری لە بواری بیناسازی و ژێرخان، وەک ڕێگەوبان، کارەبا، ئاو و ئاوەڕۆ، فڕۆکەخانە، ئوتێل، و گواستنەوە.

بە هەمان شێوەی داتا لەسەر ڕێگەوبان، داتای ناوخۆیی هەیە لەسەر ژمارەی گەشتیاران – لە خاڵەکانی تێپەڕینی سنوور و لە ئوتێلەکانەوە کۆدەکرێنەوە- بەڵام داڕێژەرانی سیاسەتەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە پێویستیان بە داتای زیاترە بۆ داڕشتنی پلانی ستراتیجی، بە تایبەتی بۆ دانانی پلانی سەرەکی گەشتوگوزار کە ئێستا لەژێر داڕشتندایە[4].

[4] ئێمە لێکۆڵینەوەمان لە تەرخانکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتە جۆراوجۆرەکان کرد بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پێشینانەی لە بڕیاری خەرجییەکانی حکومەتدا هاتوون. لە بودجەی کارپێکردن 2010، پەیوەندییەکی ناڕێک هەیە لە نێوان پێشینەکان و ئەو پارەیەی سەرف کراوە. لە بودجەی وەبەرهێنانی 2010 دەبینین خەرجییەکانی وەبەرهێنان ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە لە پێشینەکان. ئەگەرچی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە بەشێکی زۆری خەرجییەکانی وەبەرهێنان دەبەن، بەشی پرۆژە نوێیەکان بۆ وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پەروەردە، و خوێندنی باڵا زۆر زیاترە لە بەشیان لە پرۆژە بەردەوامەکان. بە هەمان شێوە، ئەو بەشەی بۆ کارەبا تەرخان دەکرێت کەم بۆتەوە، ڕەنگە لەبەر چاکبوونی بەرچاو بێت لە هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا.

**حوکمڕانی (فەرمانڕەوایی، الحوکمة، Governance)**

حوکمڕانی باش (فەرمانڕەوایی باش) و چاکسازیی لە خزمەتی مەدەنی بریتییە لە پێشینەیەک، وەک لە ماڵپەڕ و بەڵگەنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە و وەک لە زاری بەرپرسانی باڵاوە هاتووە.[5] لە کاتێکدا شەفافییەت سەبارەت بەو داتایەی لەلایەن حکومەتەوە کۆدەکرێتەوە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئاژانسە بڕیاربەدەستەکان و جەماوەر ڕازی بن بەکاریبهێنن، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیانگوت بە هەمان شێوە ئەوە گرنگە کە داتا لەسەر کارکردنی حکومەتیش شەفاف بێت. هەبوونی ژێرخانێکی باشی (تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن) زۆر بە گرنگ دادەنرێت بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بتوانێت داتا لەسەر کارکردنی بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبکاتەوە.

## پێشینە سەرەکییەکانی داتا

سەرەڕای پێشینەکانی سیاسەتەکان، هەندێک پێویستیان بۆ باس کردین کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بە داتا-وە. ئێمە لەم بەشەدا بە پوختی باسیان دەکەین. بە گشتیی، بیروبۆچوونەکە ئەوە بوو کە داتا لەبەردەست نییە لە هەرێمی کوردستان بۆ پلاندانان و بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان و پێویستە هەرێم خۆی بەراورد بکات لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی جیهان و خۆی بگەیەنێتە ئاستی شێوازەکانی ئەوان — وەک ئەبوزەبی و دوبەی لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، باشووری خۆرهەڵاتی ئوستراڵیا، بریتیش کۆڵۆمبیا، و مالیزیا —. بەڵام، بۆچوونێکی پێچەوانە هەبوو کە دەڵێت هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکدا نییە کە داتای بوێت بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان، و دەتوانرێت کاری زۆر بکرێت تەنها بە هەندێک ڕێنمایی بنەڕەتیی ئابووری. بۆ نموونە، لە بواری نیشتەجێکردندا، ئاشکرایە پێداویستییەکی گەورە لە ئارادایە، بەم شێوەیەش پێویست بە داتای بەپەلە نییە تا بزانین پێویستە چەند خانوو دروست بکەین.

**سەرژمێر**

هەرە گرنگترین پێشینەی داتا لە لای (KRSO) و وەزارەتی پلاندانان بریتییە لە سەرژمێر (سەرژمێر، التعداد السکاني، census)، کە دەبوایە لە 2010 ئەنجام بدرایە. سەرژمێر بریتییە لە سەرچاوەی سەرەکی بۆ زانیاری لەسەر دانیشتوان، قوتابیان، و خۆشگوزەرانیی و ئاسوودەیی خێزانەکان، ئەمانە و چەندین پۆلێنی تر. ئەگەرچی داتا بۆ "چوارچێوەی ئامار" ی هەرێمی کوردستان کۆکرایەوە (بە شێوەیەکی بنەڕەتی سەرژمێر لە ئاستێکی تێروتەسەلی جوگرافییدا)، بەڵام ئەو سەرژمێرە ڕاستەقینەیەی کە زانیاریی تێروتەسەلی کۆدەکردەوە دواخرا بۆ دوای 2010. لە کاتێکدا ئێمە کۆدەنگین لەسەر بایەخی سەرژمێر، بەڵام پێمان وایە ئەوە لە دەرەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەیە، چونکە دەسەڵاتی ئەنجامدانی ئامارە سەرژمێرییەکە لە دەستی حکومەتی مەرکەزییدایە. بەم شێوەیە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هیچ ڕاسپاردەیەکی تێدا نییە لەو بارەیەوە.

**تۆمارە هەرێمیەکان و نیشاندەرەکانی بازاڕی دەستی کار**

بێجگە لە سەرژمێر، ئەو پێشینە داتایەی کە زۆر جار باسی دەکرا بریتی بوو لە داتا لەسەر ئاستی هەرێم و نیشاندەرەکانی ئابووری، وەک کۆی بەرهەمی نیشتمانی لەسەر ئاستی هەرێم، بێکاری لەسەر ئاستی هەرێم، و هەڵاوسان (تضخم) لەسەر ئاستی هەرێم. ئەگەرچی هەندێک چالاکی لە ئارادایە بۆ کۆکردنەوەی هەندێک توخمی پەیوەست بەم نیشاندەرانە، بەڵام باسی ئەوە دەکرا کە پێویستە شێوازیکی سیستماتیکی پیادە بکرێت، کە تێیدا ناوبەناو ڕووپێو ئەنجام بدرێت بۆ چاودێری کردنی گۆڕانکارییەکان، نەوەک ئەمەی ئێستا دەکرێت کە هەندێک جار پشت دەبەسترێت بە کۆکردنەوەی داتا. ئەپێشینەیەکی تری پەیوەندار کە باسی لێکرا بریتی بوو لە پێویستبوونی دانانی پێوەر و یەکخستنی پۆلێنکردن بۆ ئەوەی ئەو داتایەی لە ناوچەی جوگرافی جۆراوجۆری هەرێمی کوردستان کۆدەکرێتەوە بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئاوێتەی یەکتری بکرێت کە بۆ هەرێمی کوردستان ئاماری پێ دروست بکرێت.

---

5 وەک نموونەیەک بۆ ئەو لێدوانانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆک وەزیرانی ئەوسا نێچیرڤان بارزانی لە ئایاری 2006 وتی:

ئامانجی سەرەکی ئێمە بریتییە لە ئیدارەیەکی باش لە ڕێی بەشداریی هەموو گروپەکانەوە، بە شەفافییەت و مسائەلەوە، کە مانای حکومەتێکی مۆدێرن و پرۆفیشنەڵ دەگەیەنێت. پێویستە بە شێوەیەکی قووڵتر لە چەمکەکانی ئیدارەی باش، شەفافییەت، مسائەلە، فیدراڵیزم، ئازادی، فرەحزبیی، تێبگەین، کە زۆر پێویستە بۆ گەشەپێدانی حکومەتێکی نوێی وەک حکومەتی ئێمە (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران، 2009)

## پوختە

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری کۆکردنەوەی داتای پێویست بۆ گۆڕینی شێوازی دارشتنی سیاسەتەکانی بۆ شێوەی سیستمێکی ئەوتۆ کە پشت بە داتا ببەستێت، ڕووبەڕووی ئەرکێکی سەخت دەبێتەوە کە بریتییە لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی لە نێوان سەرچاوە سنووردارەکانی کۆکردنەوەی داتا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، هەنگاوی پێویست ئەوەیە کە پێشینەکانی سیاسەت (و لە چەند حاڵەتێکی کەمیشدا، پێشینەکانی داتا). لەژێر تیشکی سەرنج و بیروبۆچوونی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڵگەنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابڕێژرێن، ئەم پێشینانە بریتین لە چاکترکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ماوەیەکی کورتخایەندا — وەک تەندروستی، پەروەردە، ئاو و ئاوەڕۆ، کارەبا، و ڕێگەوبان و گواستنەوە- و وەڵامدانەوەی ئاستەنگە درێژخایەنەکان لە گەشەپێدانی کەرتی تایبەت (بە جەختکردنەوە لە کەرتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار)، چاکترکردنی حوکمڕانی (فەرمانڕەوایی، الحوکمة، governance)، و کۆکردنەوەی داتای ئەوتۆ کە بتوانرێت لەلایەن سەرجەم کەرتەکان و بۆ سەرجەم سیاسەتەکان بەکاربهێنرێن. خشتەی 4.1 بریتیە لە پوختەیەکی ئەم پێشینانە.

هەنگاوی پێویستی دوای ئەوە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو نیشاندەرانەی داتا کە زۆر ڕێخۆشکەر دەبن بۆ دارشتنی سیاسەت بۆ ئەم پێشینانە و دەستنیشانکردنی جۆری ئەو پرسیارانەی سیاسەت کە ئەم جۆرە داتایە دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە. بەشی داهاتوو بریتییە لەم هەنگاوە.

**خشتەی 4.1**

**پوختەی پێشینەی سیاسەتەکان و داتا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان**

| سروشتی پێشینە | جۆری پێشینە | بواری پێشینە |
|---|---|---|
| بەپەلە | دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە گشتییانەی خەڵک بەپەلە پێویستیان پێیانە | تەندروستی |
| | | پەروەردە |
| | | ئاو |
| | | کارەبا |
| | | ڕێگەوبان |
| | پێشینەی داتا | نیشاندەری ئابووری گشتی لەسەر ئاستی هەرێم، وەک کۆی بەرهەمی نیشتمانی لەسەر ئاستی هەرێم، بێکاری، وهەڵاوسان |
| درێژخایەن | گەشەسەندنی ئابووری | دامەزراندن لە کەرتی تایبەت |
| | کەرتی پێشینە | کشتوکاڵ |
| | کەرتی پێشینە | گەشتوگوزار |
| | کەرتی پێشینە | حوکمڕانی (فەرمانڕەوایی، الحوکمة) ی باش |

## ئامانج

ئامانجی ئەم بەشە بریتییە لە داڕشتنی ئەو نیشاندەرانەی داتا کە ڕێخۆشکەرن بۆ کارکردن لەسەر هەر یەکێک لەو پێشینانەی کە لە بەشی چوار دەستنیشان کراون. ئێمە نیشاندەری داتامان بۆ دە بواری پێویست داناوە، و لەناو هەر بوارێکیشدا چەند نیشاندەرێکمان بە "گرنگ" دەستنیشان کردووە – ئەو نیشاندەرانەن کە داڕێژەرانی سیاسەت (بڕیاربەدەستان) پێویستە بیزانن بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ئەوەی ڕێنماییان بکات بۆ داڕشتنی سیاسەتی ئاست-بەرز. تێبینیمان کرد کە پێویست دەکات داتا لە چەند سەرچاوەیەکی جۆراوجۆرە بێت، و هەمیشە دەتوانرێت داتاکان لە چەند بوارێکی سیاسەتدا بەکاربهێنرێن.

## لە پێشینەکانی سیاسەتەوە بەرەو داتا

بە گوێرەی تاوتوێکانمان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو پێشینانەی زۆر پێویست بوون بریتین لە دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییە گشتییانەی خەڵک زۆر پێویستی پێیانە (تەندروستی، پەروەردە، ئاو، کارەبا، و ڕێگەوبان) و کۆکردنەوەی ئەو داتایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی پێیانە بۆ دانانی پلان بۆ سیاسەتەکان (نیشاندەرەکانی ئابووری گشتی، وەک کۆی بەرهەمی نیشتمانی لەسەر ئاستی هەرێم، بێکاری، و هەڵاوسان لەسەر ئاستی هەرێم). ئاراستەی گشتیی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان بەرەو ئابوورییەکی فرە-چەشن کە تەنها پشت بە نەوت نەبەستێت، بەڵکو جەخت بخاتە سەر ئەو کەرتانەی کە لە هەرێمی کوردستان خاڵی ئەرێنی هەیە (وەک کشتوکاڵ و گەشتوگوزار). شەش پێشینەی سیاسەت و داتا هەیە لەگەڵ چوار پێشینەی درێژخایەن، بە کۆی دە پێشینە.

ئێمە لە بەراییدا گۆشەنیگایەکی بەرفراوان پێشکەش دەکەین لەسەر پێشنیارەکانمان بۆ داتا. ئەم ڕاسپاردانە بریتین لە چەپکێکی دە خشتەیی ئەکسل، یان دە فایلی ئەکسل، کە لەسەر CD لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیە. ئەگەرچی پێناچێت تاوتوێی وردەکارییەکانی هەر خشتەیەک لەم بەشەدا بە سوود بێت، بەڵام ئێمە بە هەندێک وردەکارییەوە تاوتوێی ئەو داتایە دەکەین کە پێشنیارمان کردووە بۆ بوارێکی پێشینەی بەپەلە (ئاو) و پێشینەیەکی درێژخایەن (گەشەپێدانی کەرتی تایبەت) لەم بەشانەی خوارەوە، بۆ دابینکردنی تێگەڵەیەک لە پێکهاتەکانی نێو خشتەکان. ئنجا کۆمەڵێک پرسی سیاسەت دادەڕێژین کە وەڵامەکەی دەکەوێتە ناو داتای یەکێک لە خشتەکان، بۆ ئەوەی جارێکی تر جەختی تاوتوێیەکە لە داتاکەوە بگوازینەوە بۆ سەر ئامانج لە کۆکردنەوەی داتاکە، کە بریتییە لە چاکترکردنی داڕشتنی سیاسەتەکان. پاشان تیشک دەخەینە سەر چەند بابەتێکی گشتیی کۆکردنەوەی داتا کە لە ڕاسپاردەکانەوە سەرهەڵدەدەن. ئەو نیشاندەرانەی بۆ هەر بوارێکی پێشینەی سیاسەت تەرخان کراون بریتین لە زیادکراو بۆ سەر برێکی زۆر داتا. پێناچێت ئەم داتایانە پێویست بن یان سوودبەخش بن بۆ بڕیاربەدەستانی باڵا. بۆیە، پاش ئەوە جەخت دەخەینە سەر کۆمەڵێک "نیشاندەری پڕبایەخ" بۆ هەر کەرتێک – ئەو نیشاندەرانەی کە پێویستە ئەوپەڕی پێشینەیان هەبێت بۆ ڕێنمایی سیاسەتی ئاست-بەرز لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. دوایین بەش بریتییە لە دەرەنجامەکان. پاشگری D بریتییە لە لیستێک لە ڕێبەر بۆ هەر بوارێکی پێشینە.

سەرنجێک کە پێویستە ڕەچاو بکرێت سەبارەت بە نیشاندەرە پڕبایەخەکان و نیشاندەرە زۆرەکانی تری داتا بریتییە لەوەی ئەو بابەتانەی داتا تەنها بۆ داڕشتنی سیاسەتەکانن. هەندێک بەرپرسان لە وەزارەتەکان نیگەرانی خۆیان دەربڕی لەوەی ڕەنگە داتاکان بۆ هەڵسەنگاندنی کاری ئەو وەزارەتانە بەکاربهێنرێت کە کۆیان دەکەنەوە یان بۆ هەڵسەنگاندنی کار کردن لە بواری سیاسەتە پەیوەندارەکە. ئێمە بە توندی هۆشداری دەدەین بۆ بەکارنەهێنانی بۆ ئەم مەبەستە. ئەگەرچی ڕەنگە ئەم نیشاندەرانە هەندێک کۆمەڵی لاوەکی داتای پێویست لەخۆبگرن بۆ هەڵسەنگاندن، بەڵام هەڵسەنگاندنی توانستی وەزارەتەکان پێویستی بە داتای ئێجگار زیاترە. ئەم بابەتانەی داتا بریتین لە کارمەند، بودجە، دەسەڵاتەکانی وەزارەت، و یاسای تری بەڕێوەبردن، و پەیڕەوی ناوخۆ. ڕاستییەکەی، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین نیشاندەرەکان بەکار نەهێنرێن بۆ هەڵسەنگاندنی توانستی وەزارەتەکان لە ئێستادا. کارێکی لەم جۆرە ڕەنگە ببێتە مایەی کەمبوونەوەی ئاڵوگۆڕی داتا (گواستنەوەی داتا لە لایەنێکەوە بۆ لایەنێکی تر) و دوودڵی لە داڕشتنی سیستمی باشتری کۆکردنەوەی داتا و هەڵگرتنی داتا لە کاتێکدا کە هەرێمی کوردستان ئێجگار پێویستی پێیانە.

## پوختەیەک لەسەر خشتەکانی داتا

دە خشتەی ئەکسل هەیە – هەر خشتەیەک بۆ بوارێکی پێشینە- و کەرەستەی داتای پێشنیارکراویان تێدایە، لەگەڵ لیستێک لە داتای بەردەست (متوفر، متاح). کۆی کەرەستەی داتاکان بریتین لە 650 کەرەستەی داتا، بۆ دە بوارەکە. زۆربەی نیشاندەرەکان بۆ ئاو و تەندروستیین، هەر یەکێکیان نزیکەی 120 دانەی هەیە. کەرەستەکانی داتا بریتین لە داتای بنەرەتی کە پێویستە حکومەت کۆی بکاتەوە بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن لە داڕشتنی سیاسەتی کارا لەو بوارە پیشینەییانەدا. وەنەبێت هەموو نیشاندەرەکان هێندەی یەک پڕبایەخ بن. بۆ ئەم مەبەستەش، و بۆ پیشاندانی ئەوەی کە سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەوە کەم وەدەگمەنن، خشتەکان تیشک دەخەنە سەر ئەوەی ئاخۆ پێشینەی نیشاندەرەکە چەندە، ئاخۆ گرنگی و پێویستیەکەی زۆرە یان کەمە. پێویستە لە چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا-دا ئەسبەقییەت بدرێت بە نیشاندەرە ئاست بەرزەکان (ئەوانەی ئەولەوییەتیان زۆرە).

خشتەی نیشاندەری داتا بریتییە لە سەرچاوەیەکی بەرفراوان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێنماییکردنی چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا، بەڵام ئەمانە بریتی نین لە هەموو نیشاندەرێکی داتا کە پێویستە لە هەرێمی کوردستان کۆبکرێنەوە، نیشاندەری تریش هەیە کە پێویستە کۆبکرێنەوە. ئامانجەکە بریتییە لە ڕێنماییکردنی چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا بە شێوەیەک کە زانیاری پەیوەست بە داڕشتنی سیاسەت بەرهەم بهێنن بۆ سەرجەم وەزارەتەکان و سوودێکی بەرفراوانیان هەبێت. نیشاندەرەکانی داتای ناو ئەم خشتانە بریتی نین لە کۆی هەموو نیشاندەرەکان و هەموو نیشاندەرەکان لەخۆ ناگرن. واتە، ئێمە هەموو ئەو داتایانەمان دانەناوە کە وەزارەتێک پێویستی پێی بێت تا بە ڕێکوپێک و کارایی کارەکانی بەڕێوە ببات. بۆ نموونە، لە ئێستادا ئەو زانیارییانەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کۆی دەکاتەوە ئێجگار تێروتەسەل و وردن وەک لەوەی لەناو ئەم شیتانە دانراوە لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی ڕێگەوبان، لەناویدا کەرەستە بەکارهێنراوەکان، خشتەی کات بۆ بیناسازی، و بودجەکان. بە گشتیی ئەم جۆرە زانیارییە لەناو شیتی نیشاندەری داتا نییە، چونکە وەزارەت بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم زانیارییەی بۆ پلاندانان و کارەکانی خۆی دەوێت. لە جیاتی ئەمە، شیتی نیشاندەری داتا پێشنیاری چەند نیشاندەرێک دەکات کە بۆ سەرجەم حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودبەخش دەبێت – تەنانەت بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان (بۆ نموونە، بۆ وەبەرهێنەران).

ڕەنگە بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەژێر تیشکی هەندێک ڕەنگدانەوەدا، هەندێک لەو نیشاندەرانەی ئێمە پێشنیارمان کردووە بە بێ کەڵک بزانن. ئەگەرچی ئێمە دڵنیاین لەوەی نیشاندەری لەبار و گونجاومان دەستنیشان کردووە، بەڵام تێدەگەین لەوەی ڕەنگە سەرەڕای ئەو لێکۆڵینەوە چڕوپڕەی لەسەر ژینگەی سیاسەت و داتای کوردستان کردوومانە، زانیاریی تەواومان لەبەردەست نەبێت. بۆیە، بەڵای کەمەوە دەتوانرێت خشتەکە بە ڕێنماییەکی سوودبەخش و خاڵی دەستپێک دابنرێت بۆ دەستنیشانکردنی زیاتری داتا.

خشتەی 5.1 بریتییە لە پوختەیەک لە وردەکارییەکانی ناو ستونەکانی خشتەی داتاکە. ئەگەرچی ڕوونکردنەوەی زۆربەی گۆڕاوەکان (المتغیرات، variables) ڕوون و دیارە، بەڵام دوو دانەیان پێوستی بە تاوتوێی زیاترە.

"سەرچاوەی داتا" ئاماژەیە بە شێوازی دروستکردنی کەرەستەی داتا. وەزارەتەکان و ئاژانسەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆماری کارگێڕییان هەیە، ئەمە بەشێکە لە کاروباری ئاساییان، دەتوانرێت ئەم تۆمارانە وەک سەرچاوەیەک بەکاربهێنرێن بۆ هەندێک داتای پێشنیارکراو. بۆ نموونە، تۆماری کردنەوەی پیشەیەک (دامەزراندنی بزنس) بۆ داتای کەرتی تایبەت سوودبەخشە. لە هەندێک حاڵەتدا، ڕەنگە وا پێویست بێت وەزارەتەکان و ئاژانسەکان تۆماری تری کارگێڕی کۆ بکەنەوە، یان دەستکاری شێوازی ئێستای کۆکردنەوەی داتا بکەن، بۆ ئەوەی هەندێک جۆری نیشاندەر دروست بکەن. بەڵام تەنها داتای کارگێڕی ناتوانێت هەموو پێداویستییەکان دابین بکات، پێویستە ناوبەناو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕووپێو بۆ کۆکردنەوەی داتا بکرێت لە هەدێک بارودۆخدا. بۆ نموونە، بۆ کۆکردنەوەی ئاماری کار (تەوزیف) پێویستە ڕووپێوی کۆمپانیا و کارگە و خێزانەکان ئەنجام بدرێت.

**خشتەی 5.1**
**پوختەی وردەکارییەکانی خشتەکە**

| گۆڕاو (متغیر، Variable) | وەسف |
| --- | --- |
| کەرەستەی داتا | پۆلێن و پۆلێنی لاوەکیی بەرفراوانی داتا، کەرەستەی داتای بە-تاک، و پێناسە ئەگەر پێویست بێت |
| پێشینە | داتای پێشینەی ئاست-بەرز (زۆر) و داتای پێشینەی ئاست نزم |
| یەکە | یەکەی سروشتیی کەرەستەی داتا (وەک دیناری عێراقی بۆ کۆی بەهای موڵکوماڵی چەسپاو) |
| سەرچاوەی داتا | داتاکە لە کوێوە دێت (بۆ نموونە، داتای کارگێڕی، ڕووپێو، یان سەرچاوەی تر) |
| ئەو ڕێکخراوەی ڕەنگە داتاکە کۆبکاتەوە | بە تایبەت، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندار، بەڵام هەروەها ئاژانسی تریش |
| ئاستی ڕاپۆرتکردنی داتاکە | لە ئاستی قەزا، پارێزگا، یان هەرێم (ئاستی خوازراوەی ئاوێتە کردن) |
| ماوەی زەمەنیی کۆکردنەوەی داتا | کۆکردنەوە بە شێوەیەکی بەردەوام (وەک، نیشاندەرەکانی تەندروستی) سێ مانگ جارێک، یان ساڵانە |

"ئاستی پێویستی ڕاپۆرتکردنی داتا" بریتییە لە ئاستی یەکخستنی کەرەستەیەکی دیاریکراوی داتا، کە پێویستە ڕاپۆرت بکرێت. ئەمە بریتی نییە لەو یەکە نموونەیەی پەیوەستە بە ڕووپێوەکانەوە، و بریتی نییە لەو یەکە جوگرافییەی نوێنەرایەتی دەکەن. بۆ نموونە، وا پێویستە زۆر نیشاندەری تەندروستی لە ئاستی قەزا یان تەنانەت لە ئاستی ناحییەدا ڕاپۆرت بکرێت، بەڵام ئەوە زێدەڕۆیی دەبێت بۆ هاوردەکردن و هەناردەکردنی داتا، کە بۆ سەرجەم هەرێمەکە (لە ئاستی هەرێمدا) ڕاپۆرت بکرێت، یان، لە ئاستی هەر پارێزگایەکدا.

**ئاو: نموونەیەکی تێروتەسەل لەسەر کەرتێکی پێشینەی بەپەلە**

ئێمە لەم بەشەدا وردەکاریی پێشنیارەکانی بواری کەرتی ئاو پێشکەش دەکەین –کە بە پێشینەیەکی بەپەلە دادەنرێت- بۆ ئەوەی تیشکێک بخەینە سەر ناوەڕۆکی خشتەی داتاکان. وەک لە بەشی چوار باسمان کرد، چاکترکردنی ئاو و ئاوەڕۆ، پەرەپێدانی سیستمێکی هەمەلایەنی بەڕێوەبردنی ئاو، و بەرفراوانکردنی ژێرخانی ئاودێری ئێجگار گرنگن لە ئەجێندای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئێمە پێمان وایە ئەو پێوەرانەی (بەشی ئامار) ی (نەتەوە یەکگرتووەکان) پەسندی کردووە، بە ناوی (هەندێک ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی بۆ ئامارەکانی ئاو، 2010)، کە بۆ هاوکاریی دەوڵەتان داڕێژراوە لە بواری دامەزراندن و پتەوکردنی سیستمی زانیاریی فرە-مەبەست بۆ ئاو، پشتگیریی لە بەڕێوەبردنی هەمەلایەنی سەرچاوەکانی ئاو دەکەن. ئێمە توخمەکانی ناو ئەم پێوەرانەمان تێکەڵاو کرد لەگەڵ ئەو پێداویستییانەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم باسیان کرد. ئنجا تیمێکی پسپۆڕانی بواری ئاو لە ڕەند سەرنج و بیروبۆچوونیان لەسەر لیستەکە کۆکردەوە و پاشان وەک پێویست دەستکارییان کرد. خشتەی 5.2 بریتییە لە نموونەکانی کەرەستەی داتای ناو شیتی ئاو.

وەک نموونەیەک لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم نیشاندەرانە، ڕەچاوی یەک پرسی سیاسەت بکە: چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیجێکی کارا (فعال، effective) ی ڕسومی ئاو دابڕێژێت، بە ڕەچاوکردنی کۆتوبەندەکان، ئامانج لە داهات، ئاسوودەیی خێزان، و کەرەستە و کەلوپەلەکانی سەرچاوەکە؟

**خشتەی 5.2**
**نموونەکانی کەرەستەی داتای ئاو**

| پۆلێنی سەرەکی | نموونەی پۆلێنی لاوەکی | نموونەی کەرەستەی داتا |
|---|---|---|
| عەمباری ئاو | عەمباری ئاوی سەرزەوی (ستێرک)، عەمباری ئاوی ژێر زەوی | عەمباری ئاوی سەرزەویی دەستکرد، دەریاچەکان، ڕووبارەکان |
| لێشاو بۆ ناو و بۆ دەرەوەی هەرێم | ڕژان، لێشاو لە وڵاتانی دراوسێوە، بە-هەڵمبوون | لێشاوی داتا بە گوێرەی رێککەوتننامەکان، بە-هەڵمبوون |
| بەفیڕۆچوون لە سیستمی تۆڕی دابەشکردن و ئاوەڕۆ | نییە | بەفیڕۆچوونی ئاو لە دابەشکردن، چارەسەرکردنی بەکارهێنراو |
| لێشاوی گواستنەوەی دەردان (انبعاثات) لە ئابوورییەوە بۆ ژینگە | لە خاڵی سەرچاوەکەوە بۆ ژینگە، لە سەرچاوەی بڵاوبوونەوەوە بۆ ژینگەکە | لە خاڵێکەوە بۆ سەرچاوەی ئاوی سەر زەوی، لە سەرچاوەی بڵاوبوونەوە تا ئاوی ژێر زەوی |
| بەها و کولفەی خزمەتگوزارییەکانی ئاو ئاوەڕۆ | بەهای گەیاندن/فرۆشیار/قەرەبوو و مووچەی کارمەندان | بەهای فرۆشتنی ئاو، قەرەبوو و مووچەی کارمەندانی بواری چالاکییەکانی گەیاندن |
| رسوم و پارە بۆ خزمەتگوزارییەکانی دابینکردنی ئاو و ئاوەڕۆ | نییە | رسوم و کرێ بۆ بەکارهێنانی ئاو بە قەبارەی مەرتی، کرێیەکی چەسپاو لە بەرامبەر بەکارهێنانی ئاو |
| سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی خواردنەوەی دانیشتوانەکە | سەرچاوەی باشکراوی ئاو، سەرچاوەی دەستکاری نەکراوی ئاو | بۆری ئاو بۆ ماڵان، بۆریی ئاوی گشتیی، هەڵکەندنی بیر |

یەکێک لە بابەتەکانی خشتەی 5.2 بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سوودبەخشە: "باج و پارە وەرگرتن بە گوێرەی خوێندنەوەی پێوەر –سەعات- بۆ ئاوی وەرگیراو" (لە خشتەکەدا بە پیتی لار نووسراوە). خشتەکە ئەم زانیارییانەی خوارەوەی تێدایە لەسەر ئەم نیشاندەرە:

- *پێناسەکان: پارە وەرگرتن لە بەکارهێنەر (بە مانایەکی تر، یەکەی ئابووری) بە گوێرەی ژمارەی ئەو یەکەیەی بەکاریهێناوە*
- *پێشینە: بەرز*
- یەکە: *دیناری عێراقی بۆ یەک مەتر چوارگۆشە*
- سەرچاوەی *داتا: تۆماری کارگێری*
- *ڕێکخراوی کۆکەرەوەی داتا: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار*
- ماوەی زەمەنیی کۆکردنەوەی داتا: ساڵانە.

ئەم نیشاندەرە ڕێگە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت خۆش دەکات لە پێکهاتەی ئێستای باج و بڕی ئەو پارەیە تێبگەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەریدەگرێت لە بەرامبەر ئاوی دابینکراو. سەرەڕای ئەمە، خشتەکە ڕێنمایی داڕێژەرانی سیاسەت دەکات بۆ تەرخانکردنی باشترین سەرچاوەی داتا، کێ داتا کۆبکاتەوە، و ماوەی کاتی نێوان کۆکردنەوەیەک و یەکێکی تر. کاتێک ئەم نیشاندەرە ئاوێتە بکرێت لەگەڵ زانیاری لەسەر خەرجی دابینکردنی ئاو و دابەشبوونی داهاتی خێزان و بەکارهێنانی ئاو، ئەوسا ئەم نیشاندەرە ڕێگە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت خۆش دەکات ستراتیجی باج باشتر بکەن.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەو نیشاندەرە ڕاسپێردراوانە پێداچوونەوەیەکی ڕوونی چۆنیەتی دابینکردنی ئاو لە ئێستادا پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، چۆن ئاو بە نێو هەرێمدا دەڕوات، بەکارهێنانی ئاو و ئەو پیسبوونانەی دێنە ناو ئاوەکە، پێکهاتەی خەرجی ئێستای دابینکردنی ئاو و پارەدان لە بەرامبەر ئاو، و ئەو شێوازەی ئاو دەگاتە ماڵان و شێوازی فرێدانی ئاوی بەکارهێنراو – ئەم نیشاندەرانە زۆر لە نزیکەوە پەیوەستن بە (ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندن لە هەزارەی سێیەم) دا. دەتوانرێت نیشاندەرەکان بۆ ژمارەیەکی زۆر پرسی سیاسەتەکان بەکاربهێنرێن، وەک ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

- چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری بەڕێوەبردنی ئاو بکات بە شێوەیەک کە ئەو ئاوەی ئێستا هەیە بە شێوەیەکی چوست (کفۆ، efficient) دابەش بکرێت؟

- چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهێنانی ئێستای ئاو هەڵبسەنگێنێت بۆ ئەوەی تەکنەلۆجیای گونجاوی چاودێری بەکارهێنانی ئاو جێبەجێ بکرێت
- چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان شێوازێکی تر هەڵبسەنگێنێت بۆ هاندانی بەکارهێنانی ئاو بە شێوەیەکی رێکوپێک؟

**گەشەسەندنی کەرتی تایبەت: نموونەیەکی تێروتەسەل لەسەر پێشینەی درێژخایەن**

ئێمە لەم بەشەدا وردەکاریی ئەو پێشنیارانە پێشکەش دەکەین کە بۆ کەرتی تایبەت دارێژراون، ئەو گەشەسەندنەی کە بە پێشینەیەکی درێژخایەن ناودەبرێت. کەرتێکی تایبەتی بووژاوە تەنها بۆ گەشەسەندن و پەرەسەندنی گشتیی ئابووری باش نییە – بەڵکو هەروەها سوودی هەیە بۆ کەمترکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی حکومی، کە ئەمەش ئامانجێکی تری سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. چاکسازیی لە یاساکاندا (یاسای کار و یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە)، زیاترکردنی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی، و چاکترکردنی پەیوەندی نێوان ئەم وەبەرهێنانانە بریتییە لە توخمێکی گەشەسەندنی کەرتی تایبەت.

ئێمە ڕاوێژکاریمان بە (ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی بۆ ئاماری پیشەسازی، 2008) ی (بەشی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، 2009و (لیستی تەواوی بابەتەکانی داتا بۆ بەکارهێنانی لە ئاماری بنەڕەتیی ئابووری) ی (بەشی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، 2007b) کرد وەک بەشێک لە شێوازێکی بنیادنراو لەسەر پێوەرەکانی ڕاسپاردنی زانیارییەکان. ئێمە ڕاوێژمان بەو ستافەی ڕەند کرد کە ئێستا کار لەسەر چاکترکردنی کەرتی تایبەت و کەمکردنەوەی ژمارەی کارمەندانی حکومەت دەکەن بە مەبەستی جەختکردنەوە لە تەبایی نیشاندەرەکان لەگەڵ ڕاسپاردەکانی پرۆژەکە. خشتەی 5.3 بریتییە لە نموونە لەسەر بابەتی داتای ناو خشتەکان لەسەر کەرتی تایبەت.

وەک نموونەیەک لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم نیشاندەرانە، ڕەچاوی دوو پرسی سیاسەتەکان بکە: ئایا کەرتی تایبەت گەشە دەکات؟ کام کەرت بە خێرایی گەشە دەکات؟

بابەتێکی ناو خشتەی 5.3 بریتییە لە توخمێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە: "کرێ و مووچە" (لە خشتەکەدا بە پیتی لار پیشان دراوە) : خشتەکە ئەم زانیارییانەی خوارەوەی تێدایە لەسەر ئەم نیشاندەرە:

**خشتەی 5.3**
**نموونەی بابەتی داتای کەرتی تایبەت**

| پۆلێنی سەرەکی | نموونەی پۆلێنی لاوەکی | نموونەی بابەتی داتا | سەرنج |
|---|---|---|---|
| ئاماری پیشەسازی | دیمۆگرافیای پیشە و کار، دامەزراندن، خەرجییەکان، داهاتەکان | ژمارەی کۆمپانیاکان، بە گوێرەی جێگە، چالاکیی ئابووری، و قەبارە، کاتژمێری کار، مووچە و کرێ | هەروەها پەیوەستە بە نیشاندەری ئابووری گشتی |
| وەبەرهێنانی بیانی | وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی، بەرەو ناوەوە، دەرەوە FDI | لێشاوی سەرمایەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی، داهاتی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی | هەروەها پەیوەستە بە نیشاندەری ئابووری گشتی |
| بازرگانی | هەناردە، هاوردە، بازرگانیی لەگەڵ باقیی عێراق | هەناردەی کەرەستەی و خزمەتگوزاری هاوردەی کەرەستە و خزمەتگوزاریی | هەروەها پەیوەستە بە نیشاندەری ئابووری گشتی |
| کەرتی ئابووری | بانک، بیمە، بازاڕی دراو | ژمارەی بانکەکان، ژمارەی لقی بانکەکان، سەرمایەی بازاڕی بۆرسە، | داتای بانکی مەرکەزیی عێراق، بازاڕی بۆرسە |
| ئاماری دەستی کار | نییە | دانیشتوانی چالاکیی بواری ئابووریی، ڕێژەی بەشداریی | هەروەها پەیوەستە بە نیشاندەری ئابووری گشتی |
| نیشاندەری کورتخایەن | نییە | ڕێبەری بەرهەمهێنانی پیشەسسازی، کەرەستەی دروستکراو | پێشینەی کەم |
| زانست، تەکنەلۆجیا و داهێنان | نییە | خەرجییەکانی توێژینەوە و گەشەپێدان، ژمارەی توێژەر و لێکۆڵەر | پێشینەی کەم |
| کەشی ژینگە | نییە | ژمارەی رۆژانی پێویست بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت | پێویستە تەبا بێت لەگەڵ ڕووپێوی Doing Business |

سەرنج: FDI = وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی

- پێناسە: کۆی پاداشت، بە پارەی نەختینە، یان بە (نەوعی)
- پێشینەی: بەرز
- یەکە: دیناری عێراقی
- سەرچاوەی داتا: ڕووپێوی کۆمپانیا
- ئەو ڕێکخراوەی داتاکە کۆ دەکاتەوە: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، بە هاوکاری لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- ئەو یەکە کارگێڕییەی داتای لێ ڕاپۆرت دەکرێت: سەرجەم هەرێمی کوردستان
- ماوەی کاتی کۆکردنەوەی داتا: سێ مانگ جارێک (وەرزی)

ئەم نیشاندەرە ڕێگە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت خۆش دەکات بزانن داهاتی کارمەندانی کەرتی تایبەت چەندە. ژمارەیەک کە لە زیادبووندایە بریتییە لە نیشاندەری گەشەسەندنی کەرتی تایبەت. ئەگەر ئەم داتایانە بە گوێرەی کەرت کۆبکرێتەوە، ئەوسا ئەوە دەردەخەن کە کام کەرت بە خێرایی پەرەدەستێنێت، و کامیان بچووک دەبێتەوە. کاتێک ئەم نیشاندەرە لەگەڵ ژمارەی کارمەندان ئاوێتە بکرێت، ئەوسا نیشاندەرەکە بناغەی بەرفراوانی گەشەسەندنەکە پیشان دەدات.

بە گشتیی، دەتوانرێت نیشاندەرەکان بۆ وەڵامدانەوەی چەندین پرسی سیاسەت بەکاربهێنرێن، وەک ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

- ئایا دامەزراندن لە کەرتی تایبەت زیادی کردووە، و لە کام کەرت؟
- سەرمایەی بیانی چەند گرنگە؟ ئایا پێویستە (حکومەتی هەرێمی کوردستان) هەوڵەکانی بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی چڕتر بکاتەوە؟
- ئایا تا چەند هەرێمی کوردستان ئاوێتەی ئابووریی بیانی جیهانیی بووە؟ کۆمپانیا بازرگانییە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان کێن؟
- تا چەند کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان کێبڕکێ دەکەن؟ ئاستی بەرهەمهێنان تا چەند گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟

## ئەو پرسانەی سیاسەت کە داتا پێشنیارکراوەکان دەتوانن وەڵامیان بدەنەوە

ئەو نیشاندەرانەی داتا کە لەناو خشتەی پرۆگرامی ئەکسلەکە هەن دەتوانن وەڵامی چەند پرسێکی سیاسەتەکان بدەنەوە. ئەم لیستی پرسیارانەی خوارەوە تەنها نموونەیەکە لەو بابەتانەی کە لە داتا پێشنیارکراوەکان تاوتوێ کراون. داتاکە هەموو پرسیارەکان لەخۆ ناگرێت، و ڕاسپاردەی دیاریکراوییش نین بۆ سیاسەتەکان. ئێمە هەندێک پرسیاری نموونەییمان بۆ ئاو و بۆ گەشەسەندنی کەرتی تایبەت داڕشت، بۆیە لەم بەشەدا پرسیاری نموونە دادەنێین بۆ هەشت بواری تری سیاسەتەکان.

### تەندروستی

- چ گوندێک دەزگای تەندروستییان نییە؟ کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکان چین لە ناوچە لادێییەکان؟
- لەکوێ کەموکوڕی لە ژمارەی کارمەندانی تەندروستی هەیە؟ و ئەو کەموکوڕیەکە تا چەند گەورەیە؟
- ئایا حکومەت کەمترین بنەمای خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ سەرجەم دانیشتوانەکە دابین دەکات؟
- داواکاریی لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ناوچەی جیاوازەکانی هەرێم لەسەر چییە؟ ئایا دابین دەکرێت؟
- ئایا هێندەی پێویست پەرستیار و دەرمانساز هەیە کە دەرچوونی خوێندنگە پەروەردەییەکان بن؟

**پەروەردە**

- ئامادەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە قوتابخانەکان (دەوامکردن لە خوێندنگەکان) بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق و هەرێمەکانی تر چۆنە؟ (ڕێژەی دەوامکردنی دانیشتوانەکە لە خوێندنگەکان).
- جۆری بەرنامەکانی خوێندنی پیشەیی چۆنە؟
- داواکاری (طلب) لەسەر خوێندن چۆن دەبێت لە چەند ساڵی داهاتوودا؟
- لە کوێ کەموکوڕی هەیە لە کارمەندانی پەروەردە، و تا چەند کەموکوڕی هەیە لە ژمارەیاندا؟
- لە کوێی هەرێمی کوردستان پێویستە دەزگای زیاتری خوێندن هەبێت، و جیاوازیی چەندە لە نێوان داواکاری و دابینکاری (عرض و طلب) ی پەروەردەیی؟
- پێویستە چ ئاستێکی خوێندن (بۆ نموونە، خوێندنگەکان و مامۆستاکان) لە ناوچە لادێییەکان دابین بکرێت ئەگەر دانیشتوانەکان گەڕانەوە بۆ ناوچە لادێییەکان؟
- تاچەند دابەشبوونی بوارەکانی خوێندنەکانی دوای قۆناغی دواناوەندی بە باشی دەگونجێن لەگەڵ ئەو پیشە و کارانەی کە ڕەخسێندراون لە کەرت و پیشە جیاوازەکاندا؟
- چەند کەس لە هەرێمی کوردستانەوە دەچن بۆ وڵاتانی تر بۆ خوێندنی باڵا، و سیستمی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان چۆنە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە بواری ناردنی قوتابیان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە هەندەران؟
- ئایا نایەکسانیی جێندەر هەیە لە بواری پەروەردەدا؟

**کارەبا**

- دابینکاری کارەبا (عرض) چۆنە بە بەراورد لەگەڵ داواکاری (طلب) ؟ تا چەند کارەبا دەبڕێت، و لە کوێ دەبڕێت؟
- چ کەرتێک تا دێت زیاتر پێویستی بە کارەبا دەبێت، و ئایا ئەو کارەبایەی ئێستا دەدرێت و ئەوەی لە پلاندایە بدرێت وەک پێویست بەشی داواکاری دەکات؟
- باجی کارەبا چۆنە (بۆ دانیشتوان، بۆ بەکارهێنەری بازرگانی، و پیشەسازی)، و ئایا باجی کارەبا دەتوانێت خەرجی دروستکردن و گواستنەوە و دابەشکردنی کارەبا دابین بکات؟

**گواستنەوەی ووشکانی**

- سیستمی ڕێگەوبان چۆنە و ئایا جیاوازە بە گوێرەی هاتووچۆ و لێشاوی ئۆتۆمبیلەکان، و چ ڕێگاوبانێک قەتیسبوون (قەرەباڵغی) تێدا ڕوودەدات، یان داخوران و تێکچوونی تێدا ڕوودەدات؟
- چ ڕێگایەک زیاتر لە ئاستی ئاسایی دواکەوتن (تەئخیربوون) ی تێدا ڕوودەدات؟
- ئەو فاکتەرانە چین کە پەیوەندییان هەیە بە ڕووداوی هاتووچۆوە، ڕێژەی ڕووداوی هاتووچۆ چۆنە بە گوێرەی قەزاکان؟

**داتای ئابووری گشتی**

- داهاتی باجی پێشبینیکراو چەندە بۆ ساڵی دارایی داهاتوو؟
- چۆن سیاسەتی دارایی کار دەکاتە سەر توانای ئابووری؟
- توانای ئابووریی هەرێمی کوردستان چۆنە بە بەراورد لەگەڵ هەرێمەکانی تر، چ لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق بێت یان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ؟
- بە چ ڕێژەیەک پێویستە موچەی کەرتی گشتی ڕێکبخرێتەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی بژێوی ڕۆژانە لە هەموو ساڵێکدا؟

#### کشتوکاڵ

- ئەو خاکانە کامانەن کە بەرهەمیان کەمترە (بەروبوومیان کەمترە) بە بەراورد لەگەڵ خاکی تری هاوشێوە و ناوچەی تری هاوشێوە؟
- سەرچاوە سنووردارەکانی بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کامانەن لە هەرێمی کوردستان؟
- کام پرۆژەی حکومەت بووەتە مایەی زیادبوونێکی بەرچاو لە تێخستە (مدخلات) ی کشتوکاڵی یان لە بەروبووم؟

#### گەشتوگوزار

- ئەوانەی سەردانی کوردستان دەکەن دەچن بۆ کام ناوچەی هەرێمی کوردستان، کام شێوازی گواستنەوە بەکاردەهێنن؟ ئەمە بە بەراورد لەگەڵ گەشتیارانی ناوخۆیی چۆنە؟
- گەشتیاران چەند پارە خەرج دەکەن، لەسەر کام بەرهەم و خزمەتگوزاری، و لە کام بەشی هەرێمی کوردستان؟
- لە کام شوێنی کوردستان پێداویستیەکانی گەشتیاری دابین نەکراون؟ ئەو کۆتوبەندانە کامانەن کە دەبنە مایەی سنووردارکردنی چالاکیی زیاتری گەشتیاری؟
- کام جۆر ژێرخانی گشتیی یان ژێرخانی گواستنەوە دەبێتە مایەی گەشتوگوزاریی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان یان لەناو هەرێمی کوردستان؟

#### حوکمڕانی باش (فەرمانڕەوایی باش، الحوکمة الجیدة/الرشیدة، Good Governance)

- ئەو فاکتەرانە کامانەن کە لە دەسەلاتی حکومەتدان و کار دەکەنە سەر توانای کارگە و کۆمپانیا ئەهلییەکان تا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوە بچن و کار بکەن؟
- ئایا خانەوادە و کۆمپانیاکان دەستیان دەگات بە یاسا و بەڵگەنامەکانی حکومەت، و زانیاریی گشتیی؟ کاتێک خانەوادە و کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن دەستیان بەم بەڵگەنامانە بگات، دواکەوتن (تەئخیربوون) ەکە لە کوێدا ڕوودەدات؟
- دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نوێ چەند کات (ماوە) دەخایەنێت؟ کام تێخستە (مدخلات، ئینپوت) هەیە بۆ ئەوەی پیشە یان کارێکی نوێ دابمەزرێندرێت، ئینجا کۆتوبەندەکان کامانەن؟
- گۆشەنیگای خانەوادە و کۆمپانیاکان لە بەرپرسیاربوون (مسائەلە) لە هەمبەر ئەزموونەکانیان (بۆ نموونە، پارەدانی لابەلا –نارەسمیی/شیرینیی-) و حکومەت دەتوانێت جەخت بخاتە سەر چ بوارێک بۆ ئەوەی ئەزموونی خێزانەکان و کۆمپانیاکان باشتر بکات.

### هەندێک بابەتی گشتیی سەبارەت بە کۆکردنەوەی داتا

هەندێک بابەتی گشتیی هەیە سەبارەت بە داڕشتنی نیشاندەری داتا بۆ دە بوارە پێشینەیەکە.

- پێویستە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە داتا بەدەست بهێنرێت:
  - داتای کارگێڕی (بۆ نموونە، ڕێژەی مردن لە تۆماری ژیاریی (السجلات الحیویة)، ژمارەی کۆمپانیاکان بە گوێرەی چالاکیی ئابووری لە تۆماری کۆمپانیاکان، ئاوی بەکارهێنراو بە گوێرەی یەکەی ئابووری)
  - ڕووپێوی خانەوادە و کۆمپانیاکان (بۆ نموونە، دابینکردنی ئاو و ئاوەڕۆ، ژمارەی کارمەندان بە گوێرەی پیشە و کارەکان – لە هەر کۆمپانیایەک/لە هەر پیشە و کارێک)
  - ئەگەرچی داتای کارگێڕیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕووپێوەکانی حکومەتی کوردستان سەرچاوەی سەرەکی دەبن، بەڵام ناو بە ناو داتا لە یەکەکانی حکومەتی مەرکەزیی عێراقییشەوە دێن (بۆ نموونە، داتای بانک لە لایەن بانکی مەرکەزیی عێراقەوە).

- هەمیشە داتاکان لە سەرجەم بوارەکانی سیاسەت بەکاربهێنرێن. بۆ نموونە، ئامارەکانی دەستی کار و پێڕستی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی پەیوەندییان هەیە بە ئابووری گشتی (تۆمارەکانی هەرێم) ش و بە نیشاندەرەکانی کەرتی تایبەتیشەوە. بۆ ئەوەی لە دوو لاوە بە جیا کار لەسەر هەمان داتا نەکرێت، زۆر پێویستە لێکۆڵینەوە لەم هەڵومەرجانە بکرێت و دووبارە بوونەوە ڕوونەدات، و پێویستە ڕێوشوێنێکی ڕێکوپێک دابنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا وەک هەنگاوی داهاتوو لە پرۆسەی داڕشتنی سیستمێکدا بۆ کۆکردنەوەی داتا.
- وەزارەتە پەیوەندارەکان، بە هاوکاری لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەرپرسیار دەبن لە کۆکردنەوەی داتا:
  - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان خاوەنی پسپۆڕێتی و پێداویستییەکانی شێوازەکانە و دەتوانێت ڕابەرایەتیی چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا بکات
  - وەزارەتەکان بۆچوون و سەرنجی خۆیان دەدەن لەسەر بابەتەکانی داتا، و ئەو وەزارەتانەی بەشداریی دەکەن بۆچوونی خۆیان دەدەن و بۆچوونیان وەردەگیرێت لەسەر کۆکردنەوەی داتا، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ئەوەی وەزارەتەکان و دەستەی ئامار بەسەرکەوتوویی هاوکاری یەکتری بکەن و پێکەوە کار بکەن.
  - ڕەنگە وا پێویست بێت ئاژانسەکانی حکومەتی ناوەندیی عێراق (وەک دەزگای ناوەندیی ئامار -COSIT- یان بانکی ناوەندیی عێراق) لە هەندێک نیشاندەر بەشدار بن، بەم شێوەیە، زۆر گرنگە هاوکاری هەبێت لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ئاژانسانە.
- هاوکاریی بەرفراوان بە تایبەتی بۆ ڕووپێوی خێزان پێویست دەبێت، کە گشتگیرە و بواری جۆراوجۆر دەگرێتەوە، وەک تەندروستی، پەروەردە، و کار. لە بەشی شەش و حەوتدا هەندێک پێشنیارمان داڕشتووە بۆ دروستی کەناڵی هاوکاریی لەم جۆرە. ئەم خاڵە و دوو خاڵەکەی پێشوو تیشک دەخەنە سەر بایەخی شەفافییەت و هاوکاری لەناو حکومەتدا.
- ئەو داتایانەی لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کۆناکرێنەوە، ڕەنگە کاتبەندیی (فەترەی زەمەنی) ی گەیاندنی داتابە دەستەی ئامار جیاوز بێت لە کاتبەندیی کۆکردنەوەی داتاکە. بە مانایەکی تر، ڕەنگە ماوە و جارەکانی کۆکردنەوەی داتاکە جیاواز بێت لە ماوە و جارەکانی ئاڵوگۆڕ و دابەشکردنی داتاکە. ڕەنگە وا باشتر بێت ئەو سیستمەی بۆ دابەشکردن بەکاردەهێنرێت، لەناو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بێت. بۆ نموونە، بەردەوام داتای تەندروستی کۆدەکرێتەوە، بەڵام ڕەنگە وا پێویست بێت دەستەی ئامار ئەو داتایانە ناوبەناو وەربگرێت، بە گوێرەی ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو، بۆ ئەوەی سەرقاڵ نەبێت بە کاروباری هەماهەنگییەوە.

## هەندێک نیشاندەری پڕبایەخ

ئەو خشتەی داتایانەی پێشتر تاوتوێ کران تیشک دەخەنە سەر ژمارەیەکی زۆر نیشاندەر، کە لەلایەن داڕێژەرانی سیاسەت پێشینەیان جۆراوجۆرە بە گوێرەی ئەو دە پێشینەیەی هەیانە. لە زۆر حاڵەتدا، نیشاندەرەکان زیاتر تایبەتن بە ئاستی وەزارەت- داڕشتنی سیاسەت لە ئاستی وەزارەتەکان. بەڵام، بەرپرسانی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە چاودێریی گەشە و بەرەوپێشچوونی دە بوارە سەرەکیەکە بکەن لە دەرکردنی بڕیارە ئاست بەرزەکانیان، ئەگەرچی پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆر نیشاندەر نابێت. لە جیاتی ئەمە، دەتوانن زیاتر سوود لە چەند نیشاندەرێکی دیاریکراو وەربگرن کە ناوبەناو بۆیان دابین دەکرێت، و لە کاتی پێویستیشدا دەتوانن داوا لە وەزارەتەکان یان لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بکەن داتای زیاتریان پێبدات ئەگەر پێویستیان بێت.

لەم بەشەدا جەخت دەخەینە سەر چەند کۆمەڵێک نیشاندەر کە پێویستە بە شێوەیەکی ناوبەناو بخرێنە پێش داڕێژەرانی سیاسەت، ئێمە بەم نیشاندەرانە دەڵێین "پڕبایەخ". ئەمانە بریتین لەو زانیاریانەی کە پێویستە بخرێنە پێش سەرۆک وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران، گەورە ڕاوێژکارانی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان، و یەکەی تری ئاست-بەرز، وەک ئەنجومەی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانن سوودیان لێ وەربگرن بۆ دەرکردنی بڕیار لەسەر پلانی ستراتیجیی بۆ هەرێمی کوردستان. لە دەرەوەی بازنەی ئەم بڕیاربەدەستانە، هەروەها کارێکی سوودبەخشە ئەگەر ئەم نیشاندەرانە بەسەر جەماوەردا دابەش بکرێت بۆ ئەوەی لە بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان تێبگەن.

پێویستە ئەم نیشاندەرە گرنگانە ئەوپەڕی پێشینەیان هەبێت بۆ کۆکردنەوە و بۆ دابەشکردن. پاش ئەمانە ئینجا نیشاندەری ئاست-بەرز کۆدەکرێتەوە، و نیشاندەری ئاست نزم دەکەوێتە لای خوارەوەی لیستی کۆکردنەوەی نیشاندەرەکان.

نیشاندەرە پڕبایەخەکانی10 (دە) بوارە سەرەکیەکە لەناو لیستێکی نیشاندەر هەڵبژێدراون کە لیستێکی دوورودرێژە، دەستنیشانکردنی نیشاندەرەکانی ئەم لیستەیەش بەم شێوەیە هەڵبژێدرابوون: (1) بە پشتبەستن بە پسپۆڕیی توێژەرانی ڕەند، (2) بە پشتبەستن بە باشترین نموونە نێودەوڵەتییەکان، و (3) بە پشتبەستن بە سەرنج و بیروبۆچوونی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەر کەرتێک لە کەرتەکان. خشتەی 5.4 بریتییە لە لیستەی نیشاندەرە پڕبایەخەکان بە گوێرەی کەرت و ماوەی کاتی ڕاپۆرتکردنی داتاکە پیشان دەدات. خشتەی کەرت، کە هاوپێچی ئەم ڕاپۆرتەیە، زانیاریی تێروتەسەلی تێدایە لەسەر هەر نیشاندەرێک.

**کۆکردنەوەی نیشاندەری ورد**

هەندێک لەو نیشاندەرە وردانە لە خشتەی 5.4 هەیە لە ئێستادا کۆدەکرێنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوان دابەش ناکرێن. هەندێکی تریان کۆناکرێنەوە بەڵام دەتوانرێت بە ئاسانی کۆبکرێنەوە. هەندێک ئاماری تریش هەیە ئاڵۆزن و تەنها لە ڕێی ئاوێتەکردنی چەند نیشاندرێکی ترەوە ئامادە دەکرێن، یان لە ڕێی چالاکیی پێشکەوتووی کۆکردنەوەی داتاوە.

ئێمە ئەم سێ هەنگاوە بەپەلەیەی خوارەوە پێشنیار دەکەین بۆ نیشاندەرە پڕبایەخەکان:

- یەکەم، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان یان وەزارەتی پلاندانان ئەو نیشاندەرانە دەستنیشان بکات کە ئێستا کۆدەکرێنەوە
- دووەم، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ وەرگرتنی ئەم نیشاندەرانە بە گوێرەی کاتبەندییەکی ڕێکوپێک.
- سێیەم، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سیستمێک دابمەزرێنێت بۆ ڕادەستکردنیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێکی ناوبەناو بە وەزیری پلاندانان، ئەنجومەنی وەزیران، و سەرۆک وەزیران، و دابەشکردنیان بەسەر جەماوەر. لەم پرۆسەیەدا پێویستە دەسترەنگینی و ئازایەتی کۆکردنەوەی داتاکان بخرێتە پاڵ ئەو وەزارەتانەی داتاکانیان کۆکردۆتەوە و وەها پێشکەش نەکرێت وەک ئەوەی دەستپێشخەریی تەنها دەستەی ئامار بێت. تەرخانکردنی ماڵپەرێکی ئەنتەرنێت بۆ ئەم مەبەستە ئاسانترین ڕێگەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، و نیشاندەرە پڕبایەخەکانیش بە شێوەیەکی کەسیی بگەیەنرێت بە وەزیری پلاندانان، ئەنجومەنی وەزیران، و سەرۆک وەزیران و پاشان دوای ماوەیەکی کەم لەسەر وێبسایتەکەش دابنرێت، بۆ نموونە لە ماوەی دوو ڕۆژدا.

هەنگاوی تری درێژخایەنیش دەنرێت لەگەڵ وەزارەتەکان بۆ دارشتنی شێوازی کۆکردنەوەی نیشاندەری ئاڵۆزتر.

## پوختە

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سەدان نیشاندەری داتا بەکاربهێنێت بۆ چاکترکردنی دارشتنی سایسەتەکان لەسەر ئەو بوارانەی زۆر بەپەلە و پێویستن. بەڵام پێویست ناکات بە یەکجار دەست بە چالاکییەک بکات بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو نیشاندەرانە. هەندێکیان لە هەندێکی تریان گرنگترن. و بەگشتیی، هەندێکیان بۆ هەندێک دارێژەری سیاسەت گرنگترن وەک بۆ دارێژەرێکی تر.

زۆر گرنگە ئەوەت لە بیر بێت کە ئەو نیشاندەرانەی ئێمە پێشنیارمان کردووە زۆر سوودبەخشن بۆ دارشتنی سیاسەتەکان، بەلام مەرج نییە سوودبەخش بن بۆ هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو لەلایەن وەزارەتێکەوە. ئەگەرچی ئەو نیشاندەرانەی ئێمە پێشنیارمان کردووە دەشێت بەشێک بێت لەم چالاکییە، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە داتای زۆر زیاتر پێویست دەبێت. بۆیە، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کاتێک کە سیستمی داتا دادەڕێژرێت وەزارەتی پلاندانان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەزارەتەکان لەوە دڵنیا بکەنەوە کە نیشاندەرەکان تەنها بۆ دارشتنی سیاسەت بەکاردەهێنرێن، نەوەک بۆ هەڵسەنگاندن.

**خشتەی 5.4**
**ئەو نیشاندەرە پڕبایەخانەی پێویستن بۆ داڕشتنی سیاسەت**

| نیشاندەر | ماوە (کاتبەندی) ی کۆکردنەوەی داتا |
|---|---|
| کشتوکاڵ | |
| بەرهەمهێنانی بەروبومی سەرەکی (گەنم، برنج) | وەرزی و ساڵانە |
| بەرهەمهێنانی بەروبومی بەهادار (ترێ، هەنار) | وەرزی و ساڵانە |
| زەوی بەکارهێنراو بۆ کشتوکاڵ | 5-10 ساڵ |
| ئاوی بەکارهێنراو بۆ ئاودێری | ساڵانە |
| پەروەردە | |
| ژمارەی ئەو قوتابخانانەی لە ساڵەکەدا تەواو کراون | ساڵانە |
| ڕێژەی سەتیی ئەو مامۆستایانەی مەشقیان بینیوە لە ساڵەکەدا | ساڵانە |
| کۆی قوتابیانی تۆمارکراو لە خوێندنی ناوەندی | ساڵانە |
| پوختەی ژمارەی قوتابیانی تۆمارکراو لە خوێندنی ناوەندی | ساڵانە |
| ڕێژەی تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی | ساڵانە |
| کارەبا | |
| توانای ئیسمیی یەکە | ساڵانە |
| توانای کرداری یەکە | ساڵانە |
| ترۆپکی داواکاریی (لۆد) | ساڵی دوو جار |
| ئیدارە | |
| جێبەجێکردنی ڕێساکانی ئاکار | ساڵانە |
| بەردەستە بوونی یاساکان بۆ هەموو کەسێک | ساڵانە |
| بەردەستە بوونی ڕێساکان بۆ هەموو کەسێک | ساڵانە |
| کاتی پێویست بۆ کردنەوەی پیشە و کارێک (کۆمپانیای ناوخۆیی) | ساڵانە |
| تەندروستی | |
| ڕێژەی مردنی منداڵان (0-11 مانگ) | ساڵانە |
| ژمارە و چڕیی دکتۆرەکان بۆ 10,000 کەس لە دانیشتوان | ساڵانە |
| چڕی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان بۆ 10,000 کەس لە دانیشتوان | ساڵانە |
| ڕێژەی سەتیی ئەو قەزایانەی کە ژمارەی بنکە تەندروستییەکانیان بە گوێرەی بنەمایەکانە (1 بنکە بۆ 10,000 کەس) | ساڵانە |
| ڕێژەی سەتیی ئەو قەزایانەی کە ژمارەی بنکە تەندروستییە لاوەکییەکانیان بە گوێرەی بنەمایەکانە (1 بنکە بۆ 5,000 کەس) | ساڵانە |
| دی پی تی سیانی: ڕێژەی سەتیی کوتانی منداڵانی 1 ساڵان بە سێینە (12-23 مانگانە) | ساڵانە |
| ئابووری گشتی (ئابووریی مەزن) | |
| کۆی خەرجییەکانی حکومەت | مانگانە |
| خەرجیی تاکەکەس بۆ خزمەتگوزارییەکان و کەرەستەکان | چارەکی (3 مانگ جارێک) |
| هەناردەی کەرەستە | چارەکی (3 مانگ جارێک) |

**خشتەی 5.4 - درێژە**

| نیشاندەر | ماوە (کاتبەندی) ی کۆکردنەوەی داتا |
|---|---|
| هاوردەی کەرەستە | وەرزی (3 مانگ جارێک) |
| ڕێژەی بێکاری | وەرزی (3 مانگ جارێک) |
| ڕێبەری نرخی بەکاربەر | مانگانە |
| کەرتی تایبەت | |
| ژمارەی کۆمپانیاکان بە گوێرەی چالاکیی ئابووریی | ساڵانە |
| ژمارەی ئەو کەسانەی دامەزراون، بە گوێرەی چالاکیی ئابووری | وەرزی (3 مانگ جارێک) |
| لێشاوی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی | وەرزی (3 مانگ جارێک) |
| وەبەرهێنانی چەسپاو بە گوێرەی کۆمپانیاکان | وەرزی (3 مانگ جارێک) |
| ژمارەی مۆبایل لای هەزار کەس | ساڵانە |
| ژمارەی بەکارهێنەری ئینتەرنێت لە سەد کەس | ساڵانە |
| گەشتوگوزار | |
| گەیشتن بە گوێرەی پۆلێنی میوان (مانەوەی شەوانە، هەمان ڕۆژ) | وەرزی (3 مانگ جارێک) |
| تێکرای درێژیی مانەوە (هەموو جۆرە دەزگاکان) | ساڵانە |
| تێکرای خەرجییەکان لە یەک ڕۆژدا | ساڵانە |
| گواستنەوە | |
| درێژایی شەقامی قیرتاوکراو | ساڵانە |
| ژمارەی ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی نەفەر لە نێوان شارە سەرەکییەکان | ساڵانە |
| ئەو کەرەستانەی لەسەر ڕێگەوبان دەگوازرێنەوە (تەن/کاتژمێر) | ساڵانە |
| برینداربوون لە ئەنجامی پێکدادان (تامپۆن) | ساڵانە |
| ئاو | |
| عەمباری ئاوی سەرزەوی | ساڵانە |
| لێشاوی ئاو ناوخۆ لە سەرچاوەکانەوە بۆ ئابووریی | ساڵانە |
| بەفیڕۆچوونی ئاو لە کاتی دابەشکردنییدا | ساڵانە |
| ژمارەی ئەو دانیشتوانەی ئاوی خاوێن (سازکراو) بەکاردەهێنن | ساڵانە |

سەرنج: دی پی تی: DPT: کوتانی سێینە

لەنێو هەموو ئەو نیشاندەرانەی پێناسە کراون، تەنها چەند دانەیەکیان پێشینەی ئاست بەرزن. پێویستە وەزارەتەکان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان جەخت بخەنە سەر هەندێک نیشاندەر لەگەڵ بەرفراوانبوونیاندا، و پێویستە چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا چاکتر بکەن. بەڵام، مەرج نییە ئەم نیشاندەرانە بۆ ئاستی بەرزی داڕێژەرانی سیاسەت یان بۆ جەماوەر سوودبەخش بن. لە جیاتی ئەمە، بە ڕەچاوکردنی پێویستییە بەپەلەکانی هەرێمی کوردستان ئێمە چەند نیشاندەرێکی دیاریکراومان دەستنیشان کردووە و ناومان ناوە نیشاندەری گرنگ کە پێویستە لە ئاستی بەرزی داڕێژەرانی سیاسەتدا دابەش بکرێت. دابەشکردنیان بەسەر داڕێژەرانی سیاسەتەکاندا جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ڕەوشی ئێستای هەرێم تێدەگەن و بەکاریان دەهێنن بۆ دروستکردنی بڕیار (صنع القرار، بڕیاردان). دابەشکردنیشیان بەسەر جەماوەردا دەبێتە مایەی دابینکردنی پێشینەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بریتییە لە چاکترکردنی فەرمانڕەوایی باش و شەفافییەت.

# شێوازەکانی کۆکردنەوە و کارکردن لەسەر داتا

## ئامانج

ئامانجەکانی ئەم بەشە بریتین لە

- تاوتوێی توخم و چالاکییە سەرەکییەکانی دەستنیشانکردن، کۆکردنەوە، و دابەشکردنی داتای هەمەلایەن، جۆری-بەرز، و پەیوەست بە سیاسەتەکانی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی.
- پێداچوونەوە بە شێوازە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی داتا و هەنگاوە پێویستەکانی جەختکردنەوە لە جۆری پرۆسەکردنی داتا.
- تیشک خستنە سەر چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتای پەیوەست بە پێشینە ئایندەییەکانی کۆکردنەوەی داتای هەرێمی کوردستان.
- دابینکردنی "ڕێبەرنامەیەکی کورت بۆ بەکارهێنەر" لەسەر کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی داتا، ئەگەرچی ئەمە نابێتە بەراوردی مەشقێکی فەرمی لەسەر شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا.

## جۆرەکانی کۆکردنەوەی داتا

لەم بەشەدا بە کورتی باسی جۆرە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی داتا دەکەین، ئەو جۆرە سەرەکییانەی داتا کە بۆ مەبەستی داڕشتنی سیاسەتەکان و پلانەکان کۆدەکرێنەوە- داتای کارگێڕی، داتای سەرژمێر، و ڕووپێو- و لەگەڵ ئەگەرەکان و تەگەرەکانی پێش هەر یەکێکیان. ئێمە هەندێک نموونە پێشکەش دەکەین لەسەر ئەو چالاکیانەی ئێستا لە هەرێم ئەنجام دەدرێن لەگەڵ چالاکییە نێودەوڵەتییە سەرەکییەکانی کۆکردنەوەی داتا.

### داتای کارگێڕی

(داتای کارگێڕی) بریتییە لەو زانیارییانەی کە لەلایەن حکومەت یان قەوارەی ترەوە کۆدەکرێتەوە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان. بە گشتیی ئەم جۆرە داتایە تەنها ئەو تاکەکەسانە یان پیشە و کارانە لەخۆدەگرێت کە بەرنامە یان سیاسەت یان خزمەتگوزاریی کارگێڕیی ئەنجام دەدەن، ئەمە لە بەرامبەر داتای کۆکراوەیە لە سەرجەم دانیشتوانەکە. (داتای کارگێڕی) بە شێوەیەکی گشتیی لە تۆمارەکانی وەزارەت و ئاژانسەکانەوە وەردەگیرێت، هەمیشە زانیارییەکە لەلایەن نووسینگە یان دەزگاکانی حکومەتەوە دروست دەکرێت، وەک بەشێک لە کاروباری ئاساییان. نموونەی (داتای کارگێڕیی) بریتییە لە داتای دەزگا، دەستی کار، و بەکارهێنان کە لە ڕاپۆرتە ئاساییەکانی نەخۆشخانەکان و بنکەکانی چاودێریی سەرەتایی دەدرێن بە وەزارەتی تەندروستی، داتای لەدایکبوون، مردن، و ئاماری تری ژیاریی کە لە سیستمی تۆماری مەدەنییەوە کۆدەکرێتەوە، داتا لەسەر بڕی دروستکردنی ڕۆژانەی کارەبا لە وێستگەکانی کارەباوە کۆدەکرێتەوە و یەک دەخرێت، و داتا لەسەر چالاکییەکانی قوتابخانەکان و تۆمارکردن کە لە ڕاپۆرتی قوتابخانەکانەوە کەڵەکە دەکرێت و بۆ وەزارەتی پەروەردە ڕەوانە دەکرێت.

**داتای سەرژمێر**

لە ئاستی گشتییدا، داتای ئامار (سەرژمێر) بریتییە لە ژمارەی هەموو ئەندامانی دانیشتوانێکی دیاریکراو، ئنجا تاکەکەس بن یان قەوارەی تر، وەک کۆمپانیا و پرۆژە، یەکەی نیشتەجێکردن، و تەنانەت پەلەوەر. سەرەڕای ژمارەکان، سەرژمێر هەروەها زانیاری کۆدەکاتەوە لەسەر شوێن و خەسڵەتی تری سەرەکی. (بەشی ئامار لە نەتەوە یەکگرتووەکان) (2008) بەم شێوەیە پێناسەی سیما سەرەکییەکانی (سەرژمێر) دەکات: ژماردنی تاکەکان، هەموویان لە دووتوێی سنوورێکی دیاریکراودا، لە هەمان کاتدا و لە ماوەیەکدا کە پێشتر دیاریکراوە (بۆ نموونە، هەموو دە ساڵێک). سەرژمێر بەهایەکی گەورەی هەیە، و نەوەک تەنها بۆ دابینکردنی ئەو زانیارییانەی لە سەرژمێرەکەدا کۆدەکرێنەوە، بەڵکو هەروەها چوارچێوەیەک و زانیارییەک دەبێت بۆ داڕشتن و هەڵسەنگاندنی ڕووپێوی نمونەیی جۆراوجۆر.

سەرژمێری دانیشتوان هەرە بەناوبانگترین نموونەیە بۆ کۆکردنەوەی داتای سەرژمێر، کە تێیدا حکومەت هەوڵ دەدات لە کاتێکی دیاریکراودا هەموو هاوولاتیان بژمێرێت. سەرژمێری تەقلیدیی یەکێکە لە گەورەترین ئەو چالاکییانەی حکومەت ئەنجامی دەدات، پێویستە نەخشەی هەموو وڵاتەکە بکێشرێت، تیمی چاوپێکەوتن دابمەزرێنێت و مەشقی پێبکرێت، هەڵمەتی جەماوەری ئەنجام بدرێت،سەرجەم خێزانەکان فەرز بکرێن، کار دانان و یەکخستنی بڕێکی زۆر زانیاری، و شیکردنەوە و دابەشکردنی داتا بکرێت. هەمیشە هەموو ئەمە ناوبەناو لە ماوەی هەر دە ساڵ جارێکدا ئەنجام بدرێت (بەشی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، 2008). ڕەنگە جۆرە گرنگەکانی تری ڕووپێوی ئێجگار پەیوەندار بن بە ڕەوشی یاسایی و دەستووریی ئێستای هەرێمەوە. بۆ نموونە، سەرژمێری کشتوکاڵ زانیاری کشتوکڵی دەدات بە داڕێژەرانی سیاسەت لەسەر ژمارەی کۆمپانیا کشتوکاڵییەکان، خاوەنداریتیان، بەکارهێنانی خاک و شێوازی بەرهەمهێنان. نموونەیەکی تر بریتییە لە ئاماری کۆمپانیاکان یان دەزگاکان، کە زانیاری هاوشێوەی تێروتەسەل، لەسەر پیشە و کارەکان دابین دەکات بۆیان.

**ڕووپێو**

بە پێچەوانەی داتای سەرژمێرەوە، (داتای ڕووپێو) لە نمونەیەکی ئەو دانیشتوانەوە وەردەگیرێت کە مەبەستە، هەمیشە بە شێوەیەک کە بوار دەرەخسێنێت بۆ ڕاڤە و خوێندنەوەی ئامار لەسەر تەواوی دانیشتنوانەکە. وەرگرتنی نمونە بریتییە لە راهێنانێکی تەکنیکی، ئێمە بە درێژایی ئەم بەشە ئاماژەی پێدەکەین و لە لە بابەتەکانی تری ئەم بەشەدا بە تێروتەسەلی باسی دەکەین. شێوازە جۆراورجۆرەکانی ڕووپێو بریتین لە ڕووپێو بۆ یەک بابەتی دیاریکراو، ڕووپێوی چەند بابەتێک، کە تێیدا قۆناغێکی بەرایی بەکاردەهێنرێت بۆ پوختەکردنی یەکەی نمونە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو. ئەو ڕووپێوانەی کە ناوبەناو ئەنجام دەدرێن، دەتوانرێت وەک برگە دووبارە بکرێنەوە، کە تێیدا نمونەی نوێ وەربگیرێت لە هەر خول (سووڕ، گەڕ) ێکدا، یان بە شێوەی درێژکۆلەیی، کە تێیدا داتاکە لە هەمان یەکەی نمونەکان وەردەگیرێت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، ئەمەش بوار بۆ رووپێوەر دەرەخسێنێت ئەو گۆڕانکارییانە بپێوێت کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا بەسەر کەسێکدا دێت یان بەسەر قەوارەیەکدا دێت. لە هەندێک حاڵەتدا، ڕەنگە ئاوێتەیەک بێت لە هەردووکیان، وەک تەختەیەکی درێژکۆلەیی کە بەڕووپێوی برگەی ناوبەناو بارودۆخێکی نوێی بۆ زیاد بکرێت.

نموونەی (ڕووپێوی تایبەت) بریتییە لە ڕووپێوی خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو، وەک گەشتیاران، یان گروپێکی دیمۆگرافیی دیاریکراو، بۆ نموونە، وەک گەنجان. ڕووپێوی قوتابیانی (بەرنامەی هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتیی قوتابیان ((PISA) ) ی (OECD) زۆر تایبەتە بە بنەمای نێودەولەتیی هەڵسەنگاندنی قوتابیان، بۆ 4,500 تا 10,000 قوتابیی تەمەن 15 ساڵ ئەنجام دەدرێت (PISA، بەرواری لەسەر نییە). ئامانجی رووپێوەکە بریتییە لە وەڵامدانەوەی هەندێک پرسیار لەسەر شارەزایی و توانای فێربوونی قوتابییەکان. نموونەیەکی تریش بریتییە لە (ڕووپێوی تەندروستیی هزری لە عێراق)، کە بە تایبەتی جەخت دەخاتە سەر بوارەکانی تەندروستی هزریی و خۆشگوزەرانی.

شێوازێکی تری گشتگیر و خۆگونجێن (مرن) —ئەگەرچی پێویستی بە سەرچاوەی گەورەیە- بریتییە لە وەبەرهێنان لە ڕووپێوی گەورەی فرە-بابەت بۆدانیشتوانەکە، وەک (لێکۆڵینەوەی پێوانەکردنی ئاستی ژیان، Living Standards Measurement Study (LSMS)) لە لایەن بانکی جیهانییەوە (World Bank, 2011b). ڕووپێوەکانی (LSMS) بە دەستپێشخەریی بانکی جیهانی دەستیان پێکرد لە 1980 بۆ دۆزینەوەی شێوازەکانی چاکترکردنی جەشن و جۆری ئەو داتایانەی خێزان کە نووسینگەکانی ئامار لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو کۆی دەکەنەوە. بۆ ئەوە داڕێژراون کە کۆمەڵی زانیارییەکان چڕوپڕ و تێروتەسەل وەربگرن بۆ نمونەی بچووکی نیشتمانیی بە جۆرێکی بەرزی کۆنترۆڵ و بۆ ئەوەی بتوانرێت بەراوردی خەسڵەتەکانی وڵاتان بکرێت. نموونەیەکی تر بریتییە لە (ڕووپێوی نیشاندەری فرە-هێشوو، MICS) خولی چوارەم، کە لە عێراق لە 2011 ئەنجامدرا. هەندێک جۆری تریشی هەیە وەک (لێکۆڵینەوەی پێوانەکردنی ئاستی ژیان-ڕووپێوی هەمەلایەنی کشتوکاڵ، LSMS-ISA) کە داتای نوێنەرایەتیی خانەوادە لەسەر ئاستی وڵات بەرهەم دەهێنێت، و بە تایبەتیش جەخت دەخاتە سەر گەشەسەندنی کشتوکاڵ و ناوچە دوورەکان (World Bank, 2011c). ئەم داتایە ڕێگە خۆش دەکات بۆ داڕێژەرانی سیاسەت پرسیار لەسەر بواری جۆراوجۆری ژیانی

ئابووریی، تەندروستی، پەروەردە، و خۆشگوزەرانیی گشتیی خانەوادە بکەن، و شەبەنگێکی زۆری دیمۆگرافی دادەپۆشن. نموونەیەکی تری بەناوبانگی ڕووپێوی فرەبابەتی خانەوادە بریتییە لە (ڕووپێوەکانی ڕەند سەبارەت بە ژیانی خێزان، RAND Family Life Surveys) ئەم ڕووپێوە داتای درێژکۆڵەیی بۆ هەموو یان هەندێک نمونەی ڕووپێو کۆدەکاتەوە، شوێنپێی خێزانەکان هەڵدەگرێت لە ماوەی چەند دە ساڵێکدا و بوار بۆ داڕێژەرانی سیاسەت دەڕەخسێنێت ئەو کێشە و ئاریشانە شی بکەنەوە کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا سەرهەڵدەدەن، وەک دینامیکەکانی گۆڕانی هەژاری و کۆچکردن (RAND Corporation, 2010).

نموونەیەکی گرنگ لەو ڕووپێوەی کە جەخت دەخاتە سەر کۆمپانیا و کارگە نەوەک خێزان بریتییە لە ڕووپێوی کۆمپانیا (Enterprise Surveys) لەلایەن بانکی جیهانییەوە. ڕووپێوی کۆمپانیا بریتییە لە ڕووپێو لە ئاستی کۆمپانیا بۆ نمونەیەک لە کۆمپانیا تۆمارکراوەکانی کەرتی تایبەت، بە تایبەت جەخت دەخاتە سەر کەرتی کارگە بەرهەمهێنەکان و کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان، ڕێژەیەکی بەرفراوان بابەتی ژینگەی پیشە و کارکردن لەخۆدەگرێت وەک پێوانەی دەستگەیشتن بە دارایی (تەمویل)، گەندەڵی، ژێرخان، تاوان، کێبڕکێ و توانای جێ بەجێ کردن.[1] (Doing Business) بریتییە لە ڕووپێوێکی تری (World Bank Group)، ئەمیش ڕووپێوێکی ئاستی کۆمپانیایە، ئەگەرچی جەخت دەخاتە سەر کۆمپانیا بچووک و مامناوەندییە خۆجێیەکان بۆ وەرگرتنی ڕێوشوێنی بابەتیانەی ڕێساکانی پیشە و کارکردن و پیادەکرنیان (Doing Business, 2011). هەردوو ڕووپێوەکە ناوبەناو لە ماوەی کاتی ڕێکوپێکدا دووبارە دەکرێنەوە، ساڵانە یان هەر چەند ساڵێک جارێک. ئەم چالاکییانە بوار بۆ داڕێژەرانی سیاسەتەکان خۆش دەکەن پرسیار لەسەر دامەزراندن و خاوەندارێتی پڕۆژەکە، ڕێساکان، و گەشەی ئابووریی ئاستی بچووکی بکەن.

**هەڵبژاردنی هەندێک ڕێکار لە ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی داتا**

هەر جۆرێک لە جۆرەکانی کۆکردنەوەی داتا، کە لە سەرەوە باس کراون، خاڵی ئەرێنی و خاڵی نەرێنی خۆی هەیە، ئێمە لێرەدا بە هەندێک وردەکارییەوە باسی خەسڵەتەکانی هەر یەکێکیان دەکەین.

- **بۆ شیکردنەوەی سیاسەتەکان، بەکارهێنانی (داتای کارگێڕی) چەند سوودێکی هەیە.** کۆکردنەوەی داتا لە ڕێی میکانیزمی ڕاپۆرتی ناوخۆییەوە مانای ئەوەیە پارەی کەم خەرج دەکرێت بۆ بەکارهێنانی داتا، و زانیارییەکان زۆر تێروتەسەل و چڕوپڕن. (تۆماری کارگێڕی) باشترین سەرچاوە و هەرە کاریگەرترین پێوەری بابەتیانەیە بۆ هەندێک دەرەنجامی دیاریکراو، وەک تەرخانکردنی بودجە، بەڵام خاوێنکردنەوە و هەڵگرتنی ئەم زانیارییانە وا باوە دووەمین نیگەرانیی بێت لەلای ئەو ئاژانسەی کۆی دەکاتەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەرکی سەرەکیی ڕێکخراوەیی ئاژانسەکە، وجۆر و بنەماکان لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێ جیاواز وجۆراوجۆرە. بڕی متمانە (مصداقیيەت) ی داتا ئێجگار گۆڕاو و جۆراوجۆرە، پشت دەبەستێت بە ئاستی شارەزایی لە تۆمارەکان و هەبوونی پێناسە و چەمکی ڕوون و یەکخراو. تەنانەت ئەگەر داتاکە جۆری باش بێت، ڕەنگە مەوداکەیان سنووردار بێت بە گوێرەی مەبەستە یاساییەکان یان کارگێڕییە دیاریکراوەکەیان.
- **داتای سەرژمێر وردە، بەڵام کۆکردنەوەی گرانبەها و زەحمەتە.** داتای سەرژمێر سەرچاوەیەکی جێی باوەڕە بۆ زانیاری لەسەر قەبارە، پێکهاتە، و دابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراو، سەرژمێر ئەو هەڵانەی تێدا نییە کە لە نمونەدا هەیە. تاکە ڕێکارێک بۆ ئاماری ناوچەیەکی بچووک یان گروپی بچووک، تەنها بریتییە لە سەرژمێر. بەڵام لەبەر کۆتوبەندی کات و سەرچاوە و و پێویستبوونی ئەنجامدانی ژماردنێکی گشتگیریی، دەتوانرێت داتاکە لە لایەن بریکارێکیشەوە پڕ بکرێتەوە (ئەمە ئەو کەسە نییە کە دەمانەوێت وەڵامەکان بداتەوە، بەڵام لەو شوێنە ئامادەیە کە سەردانی دەکرێت)

1 سەبارەت بە (شێوازی ڕووپێوی کۆمپانیا) بڕوانە (World Bank (2001c.

- **خەسڵەتە خوازراوەکانی داتای ڕووپێو و جۆری تری داتا.** داتای ڕووپێو جێگرێکی هەرزانترە و کاتیش کەمتر دەخایەنێت وەک لە داتای سەرژمێر، و لە سیستەمەکانی تۆماری کارگێڕییش پەیوەندارتر و گونجاوترە. دیزاینی ڕووپێوێک پێویستی بە مەودایەکی گەورە و خۆگونجێنییە. لەگەڵ ئەمەشدا، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی داتای ڕووپێو پێویستی بە شارەزایی گونجاوە لەسەر شێوازەکانی ئامار، بۆ ئەوەی نمونەی گونجاو وەربگیرێت، و ئنجا ڕاڤەی گونجاویان بۆ بکرێت. کاتێک نمونەکە بچووک بێت، شیکردنەوەی ناوچەیەکی جوگرافی بچووک یان گروپێکی بچووکی دانیشتوان، کارێکی سەختە.

## توخمەکانی کۆکردنەوەی داتای جۆری-بەرز و بەڕێوەبردنی داتا

لەبەرئەوەی کۆکردنەوەی داتای هەمەلایەن و پەیوەست بە سیاسەتەکان پرۆسەیەکە لە چەندین هەنگاو پێک دێت، جەختکردنەوە لە دابینکردنی توخم (العناصر، elements) ە سەرەکییەکان دەبێتە مایەی مسۆگەرکردنی ئەوەی دوایین بەرهەمی داتاکە ورد و سوودبەخش بێت. ئەم پێکهێنەرانە (مکونات، components) بریتین لە داڕشتنی فۆرم و پرۆتۆکۆلی کۆکردنەوەی داتا، وەرگرتنی نمونە بۆ کۆکردنەوەی داتای ڕووپێو، جێبەجێکردنی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا، جەختکردنەوە لە جۆرەکە لە پرۆسەی کۆکردنەوەکەدا، هەڵگرتن و دابەشکردنی داتا، و ڕێزگرتن لە نهێنی و نهێنیپارێزیی ئەو کەسانەی ڕووپێو کراون. ئێمە هێندەی بکرێت هێڵکاریی توخمە ڕپرایەخەکانمان کێشاوە و ژێدەرمان داوە لەسەر ڕێوشوێنی تێروتەسەل.

### داڕشتنی فۆرمەکان و پرۆتۆکۆلەکان

پێش ئەوەی دەست بە کۆکردنەوەی داتا بکرێت، پێویستە چالاکییەکانی پێش-کۆکردنەوە تەواو بکرێت بۆ ئەوەی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاکە بە شێوەیەکی کارا و بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدرێت. داڕشتنی فۆرمەکان (بۆ نموونە، پرسیارنامە –استبیان- یان "فۆرم" ی ڕووپێوێک یان تێروانینی داتای کارگێڕی) یەکێکە لەو چالاکییانە. هەنگاوەکانی ئەم داڕشتنە (دیزاینە) بریتییە لە:

- **داڕشتنی فۆرمی کۆکردنەوەی داتا:** پێویستە کۆکەرەوانی داتا جەخت لەوە بکەنەوە کە هێندەی پێویست زانیارییان هەیە لەسەر سروشتی ئەو داتایەی دەیانەوێت کۆی بکەنەوە بۆ ئەوەی فۆرمێکی باش دابرێژن. ئەمە بە تایبەتی کاتێک ڕاستە کە بابەتەکە ئاڵۆز بێت، یان وەڵامدەرەکان نەناسراوبن. پێویستە پێش دەستکردن بە داڕشتنی فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا، داتای جۆری کۆبکرێتەوە، بە بەکارهێنای گروپی تیشکۆ (المجامیع المنتقاە، گروپی هەڵبژاردە، focusgroups) یان دیمانە لەگەڵ پسپۆڕان یاخود لەگەڵ لایەنە بەشدارەکان. ئەمانە شێوازێکی کارا (فعال) ن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری چڕوپڕی ئەوتۆ کە بتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ داڕشتنی فۆرمی باش.
- **هەڵبژاردنی جۆری پرسیارەکان:** یەکێک لە هەرە بەشە سەختەکانی ئەنجامدانی (ڕووپێو) بریتییە لە داڕشتنی پرسیارنامە (استمارة الاستبیان، questionnaire). ئەگەر پرسیارەکان لاواز بن یان بە لاوازی داڕێژرابن ئەوسا جۆری داتاکە نزم دەبێت، یان تەنانەت داتایەکی لاگیر دەبێت (لادانی تێدا دەبێت). بە ڕەچاوکردنی خەرجی (ڕووپێوی کارگێڕی)، زۆر گرنگە بە وریاییەوە پرسیارەکان هەڵبژێردرێت و ڕووپێوەکە بە باشی دابرێژرێت پێش دەستپێکردنی ڕووپێوەکە. چەند جۆرێک پرسیار هەیە کە پێویستە داڕێژەرانی (ڕووپێو) بەکاریانبهێنن:

– *داتایەک کە پشت بە چاودێریی ژمێرەر (عداد، Enumerator) ببەستێت لە بەرامبەر بە داتایەک کە کەسێک بە خۆی ڕاپۆرتی بکات (وەڵامدەرەکە بە خۆی داتاکە بدات) : شێوازێک لە شێوازەکانی کۆکردنەوەی (داتای ڕووپێو) بریتییە لە بەکارهێنانی ژمێرەر، ئەمە کەسێکە پرسیار دەکات لە وەڵامدەرەکە، و داوا لە وەڵامدەرەکە دەکات بە زارەکی (بە دەم) وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. شێوازێکی تر لە جیاتی بۆ ئەم شێوازە بریتییە لەوەی داوا لە وەڵامدەرەکە بکرێت بە خۆی داتاکە ڕاپۆرت بکات (بە خۆی داتاکە بدات) – بۆ نموونە، بە بەکارهێنانی پۆستە یان لە ڕێی ڕووپێوێکی ئەنجامدراو لەڕێگای ئەنتەرنێتەوە- بە بێ کارلێکی نێوان دوو کەس. ئەو داتایەی بە شێوازی ڕاپۆرتکردنی کەسەکە خۆیەوە بەدەست دەهێنرێت هەرزانە و ئەو لادانانەی سەرەوەی تێدا ڕوونادات. بەڵام لە بەرامبەردا، ژمێرەر دەتوانێت هەڵە بدۆزێتەوە لە وەڵامەکاندا و دەتوانێت بە شێوەیەکی باشتر وەڵامی پرسیارەکانی وەڵامدەرەکە بداتەوە سەبارەت بە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا. داتای خود-ڕاپۆرتکردوو بە گشتیی بۆ ئەو داتایانە بەکاردەهێنرێت کە چەند جارێک داتاە کۆدەکرێتەوە، و تێیدا وەڵامدەرەکە لە فۆرمەکانی داتاکە تێدەگات و ڕەوانەکردنی ژمێرەر بۆ لای وەڵامدەرەکان گران دەکەوێت، و یان لە هەندێک حاڵەتدا کە وەڵامدەرەکە دوودڵ دەبێت لە وەڵامدانەوەی کەسێکی تر.*

- پرسیاری کراوە و پرسیاری داخراو: بە شێوەیەکی گشتیی پرسیارەکانی ڕووپێوەکان بۆ دوو پۆلێنی سەرەکی دابەش دەکرێن: پرسیاری کراوە و پرسیاری داخراو. پێکهاتە و زمانی هەر یەکێکیان بە چەند شێوازێک دادەڕێژرێت. پرسیاری کراوە بوار بۆ وەڵامدەرەکە دەڕەخسێنێت بە زارەکی یان بە نووسین وەڵامەکان هەڵبژێرێت، بەڵام لە پرسیاری داخراودا داوا لە وەڵامدەرەکە دەکرێت یەکێک لە وەڵامەکان هەڵبژێرێت، لێرەدا چەند وەڵامێک پێشوەخت ئامادە کراوە بۆ وەڵامدەرەکە. هەر دوو جۆرەکە خاڵی ئەرێنی و خاڵی نەرێنی خۆی هەیە، ئەوەی کە ئاخۆ کام جۆریان گونجاوە پشت دەبەستێت بە ڕەوشەکە، ماوەی کاتەکە، بودجەکە و ئامانجەکانی کۆکردنەوەی داتاکان. پرسیاری کراوە بوار دەرەخسێنێت بۆ وەلامدار بە ئازادی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، و وەڵامەکان جۆراوجۆر دەبن. پرسیاری داخراو، ئەگەرچی وەڵامەکان سنووردارن، بە ئاسانی داخڵ دەکرێن، ڕێکدەخرێن، و شی دەکرینەوە. بۆ تاوتوێیەکی تێروتەسەلی هەڵبژاردنی پرسیار بۆ فۆرمی کۆکردنەوەی داتا (بڕوانە Glewwe (2005a) "An Overview of Question naire Design for Household Surveys in Developing Countries".
- **هاوچەشنی و بنەمایی:** بۆ ئەوەی هەموو کەسێک دەستی بە داتا بگات و داتایەکی سوودبەخش بێت، پێویستە کۆکردنەوەی داتاکە تەبا بێت لەگەڵ ستانداردەکانی کۆکردنەوە و ڕاپۆرتنووسین. بۆ نموونە، پێویستە بە گوێرەی چەند یەکە و ڕێوشوێن و تەکنیکێکی کۆکردنەوەی چوونیەک داتا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان کۆبکرێتەوە، و، ئەگەر بکرێت، پێویستە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا شێوازەکانی کۆکردنەوە داتا تەبا بن لەگەڵ یەکتری. هەروەها، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەوە بکاتەوە کە ئەو داتایەی لە هەرێم کۆدەکرێتەوە تەبایە لەگەڵ ئەوانەی لە باقی عێراق کۆدەکرێتەوە و تەبایە لەگەڵ ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان. دانانی بنەما بۆ کۆکردنەوەی داتا لە قۆناغی بەرایی لە قۆناغی داڕشتنی فۆرمەکاندا جەخت لەوە دەکاتەوە داتاکان بە ئاسانی ئاڵوگۆڕ بکرێن، و بخرێنە سەر یەکتری و بەکاربهێنرێن.
- **کەمکردنەوەی لادان (تحیز):** "لادان" لە کۆکردنەوەی داتا-دا لادانی داتا کۆکراوەکە پیشان دەدات لەو ڕاستیەدا. کاریگەرترین داتا ئەو داتایەیە کە بە وردی وێنەی ئەو دیاردەیە دەگرێت کە پێوانەی دەکەین، بە بێ لادان. لە کاتێکدا ئەگەرچی ڕەنگە لادان لە هەموو فۆرمێکی کۆکردنەوەی داتا-دا ڕووبدات، بەڵام بە تایبەتی لە فۆرمی خێزان یان ڕووپێوی کۆمپانیادا باون. سەرچاوە سەرەکییەکانی لادان لە کۆکردنەوەی داتادا بریتین لە:
- شەکەتیی وەڵامدەر: تا ڕووپێوەکە درێژتر بێت، زیاتر ئەگەری ئەوە لە ئارادایە وەڵامی وەڵامدەرەکان کەمتر ورد (دقیق) بێت. بە گشتیی، ئەم جۆرە لادانە لەگەڵ درێژیی فۆرمی ڕووپێوەکە زیاتر دەکات.
- لادانی وەڵامدانەوە: ڕەنگە وەڵامدەر هەوڵ بدات بە شێوەیەک وەڵامی پرسیارەکانی ڕووپێوەکە بداتەوە کە پێی وایە پرسیارکەرەکە یان چاودێرەکە دەیەوێت وەڵامەکە بەو شێوەیە بێت، لە هەندێک حاڵەتدا، دەتوانرێت ئەمە بە گوێرەی پرۆتۆکۆلێکی نهێنیپارێز کەمتر بکرێتەوە (بڕوانە خوارەوە).
- لادانی بیرکەوتنەوە (یادەوەریی) : ڕەنگە وەڵامدەرەوەکە بە باشی زانیارییەکەی بیر نەکەوێتەوە، بە تایبەتی کاتێک داوای گێڕانەوەی چالاکییەک یان کارێکی لێ دەکەن کە لە ڕابردوویەکی دوور ڕوویدابێت. پێویستە لە کاتی داڕشتنی ڕووپێوەکاندا رەچاوی لادانی بیرکەوتنەوە بکرێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگی ڕابگیرێت لە نێوان پێویستبوونی زانیاریی لەسەر ڕابردوو لەگەڵ ئەگەری هەڵەی داتا.
- ناسنامەی وەلامدەری ناو خێزانەکە: ڕەنگە ئەندامی جیا جیای خێزانێک وەڵامی جیا جیایان هەبێت بۆ هەمان پرسیار. زۆر گرنگە هەوڵ بدەیت پەیوەندی بکەیت بە سەرۆکی خێزانەوە، یان ئەو کەسەی کە زۆترین زانیاریی هەیە لەسەر بابەتەکە. ئەگەر وا گرنگ بێت کە کۆکردنەوەی داتا جەخت بخاتە سەر تەنها یەک جۆری ئەندامی خێزان، بۆ نموونە سەرۆک خێزان، ئەوسا پێویستە لە هەموو نوسراوەکانی کۆکردنەوەی داتا-دا ئاماژە بەمە بکرێت.

ڕەنگە نەتوانرێت بە تەواوەتی خۆ-بپارێزرێت لە لادان، بەڵام ئاگاداربوون لە جۆرەکانی لادان هاوکار دەبێت لە دارشتنی فۆرمی ڕووپێو و جێبەجێکردنی ڕووپێوەکە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی لادانەکان. بۆ تاوتوێیەکی تێروتەسەلی بابەتی لادان، بڕوانە کاسپرێزک (2005, Measurement Error in Household Surveys: Sources and Measurement).

- **پێویستبوونی بەڵگەنامەی ڕێنمایی (توثیق):** پێویستە زانیاریی تێروتەسەل و چڕوپڕ هاوپێچ بکرێت لەگەڵ فۆرمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و دوایین بەرهەمی زانیارییەکە لەسەر چۆنیەتی دارشتنی ڕووپێوەکە و پلانی نمونەکە، ئەو گۆڕاوانەی هەیە و پێناسەکانیان، لەگەڵ هەر زانیارییەکی تر لەسەر زانیارییەکە کە بوار دەرەخسێنێت بەکارهێنەرەکان بتوانن زانیارییەکە ڕاڤە بکەن، و ئەگەر پێویست بێت کۆکردنەوەی زانیارییەکە دابڕێژنەوە –ئەنجام بدەنەوە-. ئەم جۆرە زانیاریە پێی دەگوترێت زانیاری دەربارەی زانیاری (metadata). وەک ئەو بەڵگەنامانەی زانیاریی پێویستیان تێدایە بۆ بەکارهێنەرانی زانیاری لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیارییەکە بە شێوەیەکی کاریگەر و ورد. ئەم جۆرە بەڵگەنامە و نووسراوانە هەروەها سوودی بۆ ئەوانە دەبێت کە زانیارییەکانیان وەبەرهێناوە بۆ شوێنپێ هەڵگرتنی بڕیارە پڕبایەخەکانیان. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئامادەکردنی بەڵگەنامەی زانیاری، بڕوان گلوو (2005b، Overview of the Implementation of Household Surveys in Developing Countries).
- **تۆمارکردنی شوێنی جوگرافی:** زۆر ڕووپێو، تەنانەت زۆربەی ڕووپێوەکان، ئێستا زانیاری لەسەر تانوپۆی وردی جوگرافیی وەڵامدەرەکە کۆدەکەنەوە، بە تایبەتی بە بەکارهێنانی زانیاریی (جی پی ئێس، سیستمی شوێنزانیی جیهانیی، GPS). ئەم زانیاریانە بوار بۆ پێوەری وردتر و شیکردنەوەی شوێنە جوگرافییەکان خۆش دەکەن، و بە بەکارهێنای (سیستمی زانیاریی جوگرافی، GIS) دەتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بخرێنە ناو نەخشەکێشان و شیکردنەوەوە. پەسندکردنی ئەم جۆرە تەکنەلۆجیایە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانەوە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو و مژدەبەخشە. زانیاری ورد، خێرا، و هەرزان بە تایبەتی کاتێک سوودبەخشن کە خەسڵەتە تەندروستییەکان بپێون. بەرەوپێشچوونە نوێیەکان لە بواری تەکنەلۆجیای کۆکردنەوەی زانیاریدا دەرفەتێکن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێشکەوتووی تەندروستی، بە تایبەتی (نیشاندەری ژیاری، مؤشرات حيوية)، بە شێوەیەکی چوست.

### وەرگرتنی نمونە

لە زۆربەی جۆرەکانی کۆکردنەوەی زانیاریە، بێجگە لە سەرژمێر و هەندێک جۆری زانیاری کارگێڕی، ئامانجی کۆکەرەوەی زانیاری بریتی نییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەموو کەس یان هەموو کۆمپانیایەک (یان یەکەیەکی تری ژێر چاودێری). بەڵکو، شێوازەکانی ئامار بوار دەڕەخسێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تەنها یەک کۆمەڵەی لاوەکیی دانیشتوان (نمونەیەک لە دانیشتوان) و هێشتا دەتوانن خوێندنەوەیان هەبێت بۆ دانیشتوانەکە بە پشتبەستن بەم یەکانەی چاودێریی کراون ئەگەرچی ژمارەیان ئێجگار کەمە. پرۆسەی هەڵبژاردنی یەکەکان (ئەو یەکانەی ڕووپێو دەکرێن)، وەک تاکەکەس یان ڕێکخراو، لەناو دانیشتوانەکە بە شێوەیەک کە بتوانرێت گشتاندن (تعميم) بکرێت بەسەر هەموو دانیشتوانەکەدا پێی دەگوترێت "وەرگرتنی نمونە". وەرگرتنی نمونە تەکنیکێکی بەهێزە، بەڵام ئەرکێکی ئێجگار سەختی کۆکردنەوەی زانیاریە. چەند شێوازێک هەیە بۆ هەڵبژاردنی نمونەیەک، ئێمە لێرەدا خاڵە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی نمونەی کارا پیشان دەدەین.

- **نمونەی مەزندەکراو یاخود هەرەمەکی.** باشترین شێواز بۆ کارکردن لەسەر وەرگرتنی نمونە بریتییە لە وەرگرتنی تاکەکەسەکان بە شێوەیەکی هەرەمەکی لەناو دانیشتوانەکە. بۆ ئەوەی نمونەی مەزندەکراو دروست بکرێت، ڕووپێوەرەکە یەکەمجار پێناسەی دانیشتوانەکە دەکات و ئنجا یەکەکان (بۆ نموونە، تاکەکەسەکان یان ڕێکخراوەکان) لە لیستێک ناوی تاکەکەسەکانی دانیشتوانەکە هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ مەزندەیەکی گەورەتر لە سفر (الفرضية اللاصفرية) ی هەڵبژاردن. بەم لیستەیە دەگوترێت "چوارچێوەی وەرگرتنی نمونە"). بۆ نموونە، بۆ ڕووپێوێکی نوێنەرایەتیی خێزان، دەتوانرێت لیستێک بە ناوی سەرجەم خێزانەکان، بە گوێرەی دواین سەرژمێر، بە "چوارچێوەی وەرگرتنی نمونە" دابنرێت، بۆ ڕووپێوێکی نوێنەرایەتیی کۆمپانیا فەرمییەکان، چوارچێوەی نمونەکە بریتی دەبێت لە لیستێک بە ناوی هەموو ئەو کۆمپانیایانەی لەلای حکومەت تۆمار کراون. بە شێوەیەکی ساکارتر، چوارچێوەی وەرگرتنی نمونە بریتییە لە لیستێکی تەواو بە ناوی هەموو ئەو یەکانەی دەخرێنە ژێر چاودێریی و لەم لیستەوە نمونەیەک بۆ نوێنەرایەتیی کردن هەڵدەبژێردرێت، ئەگەرچی لە کرداردا بەدەستهێنانی ئەم جۆرە لیستە وەنەبێت کارێکی ئاسان و ڕاستەوخۆ بێت. وەرگرتنی نمونە بە شێوەی هەرەمەکی لە چوارچێوەی وەرگرتنی نمونە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی نمونەیەکی ڕووپێو کە تا ڕادەیەکی زۆر نوێنەرایەتیی خەسڵەتەکانی هەموو دانیشتوانەکە بکات، بەم شێوەیەش داتایەکی وردترمان پێدەدات بە خەرجیەکی کەمتر.

- **نمونەی بەسوود:** ڕەنگە هەرە بنچینەییترین شێوازی وەرگرتنی نمونە بریتی بێت لە نمونەی بەسوود، کە هەروەها پێی دەگوترێت سامپڵی قۆستنەوە، کە تێیدا ڕووپێوەرەکە سامپڵەکە لە دانیشتوانێکەوە وەردەگرێت کە بە ئاسانی دەستی پێیان دەگات. ڕەنگە ئەمە بریتی بێت لە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی تەندروستی لە ڕێی سەردانی چەند نەخۆشخانەیەکی گەورە و ڕووپێوکردنی ئەو کەسانەی چاوەڕێی خزمەتگوزاری دەکەن یاخود دیمانە لەگەڵ خەڵک دەکەن لە بازاڕێک بۆ هەڵسەنگاندنی داواکاری (طلب) لەسەر بەرهەمە خۆراکییەکان. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم شێوازە ئەگەرچی گرانبەها نییە بەڵام داتایەکمان پێدەدات کە جێی متمانە نییە. بۆ نموونە، ڕەنگە سەردانی بازاڕێک بە نیوەڕۆ هیچ زانیارییەکمان نەداتێ سەبارەت بەو کەسانەی کارێک دەکەن کە مووچەیەکی مانگانەی نییە، چونکە لەم کاتەدا ئەوانە لەسەر کار دەبن. مەگەر لەبەر هۆی پەیوەست بە خەرجی و کات و ئەگەر تەنها ئەم دوو فاکتەرە فاکتەری سەرەکی بن، ئەگەرنا نابێت نمونەی بەسوود بەکاربهێنرێت.

پاشان سەیری خەسڵەتە سەرەکییەکانی پرۆسەی وەرگرتنی نمونە دەکەین:

- **قەبارەی نمونە:** قەبارەی نمونەی بەکارهێنراو لە ڕووپێوکدا کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر خەرجی ڕووپێوەکە و لەسەر سوودمەندێتیی ئەو داتایەی بەرهەم دەهێنرێت. نمونەی گەورە بوار بۆ نوێنەرایەتیکردنێکی بەرفراوان دەڕەخسێنێت و توانای ئامار بەهێز دەکات، واتە، ئەگەری توانای ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی ئامارییانە لەسەر دانیشتوانەکە یان گروپێکی لاوەکی ناو کۆی دانیشتوانەکە (بۆ نموونە، پیاوان لە بەرامبەر ژنان). ئەگەر نمونەکە زۆر بچووک بێت ئەوسا بوار ناهێڵێتەوە بۆ شیکردنەوەیەکی پڕمانا، بەڵام نمونەی گەورە کاتی زۆر دەخایەنێت و سەرچاوەی زۆری دەوێت.
- **نمونەی هێشوویی:** لەبەرئەوەی خەرجی هەمیشە فاکتەرێکی بەربەستە کاتێک ڕووپێو ئەنجام دەدرێت، نمونەی هێشووی خاڵێکی ئەرێنی هەیە زیاتر لە خاڵە ئەرێنییەکانی نمونەی هەرەمەکی، بە تایبەتی کاتێک ئەوانەی داتا کۆدەکەنەوە ناچارن سەردانی ماڵی خێزانەکان یان پیشە و کارەکان بکەن. کاتێک شێوازی نمونەی هێشوویی بەکاردەهێنرێت، یەکەمجار لە ڕێی نمونەی هەرەمەکیەوە گروپەکانی خێزانەکان، بۆ نموونە گوندەکان یان گەڕەکەکان هەڵدەبژێردرێن، ئنجا بە شێوەیەکی هەرەمەکی نمونەی یەکەکانی ژێر چاودێریی لە دووتوێی ئەو هێشوانە هەڵدەبژێدرێت. ئەمە بریتییە لە شێوازێکی وەرگرتنی نمونەی شیمانەیی بە چەند قۆناغێک. لایەنە ئەرێنییەکانی وەرگرتنی نمونەی هێشوو ئەوەیە کە بە ئاسانی دەست دەگات بە یەکەکانی ژێرچاودێری ناو هێشووەکان، هەروەها هێشووەکان بەخۆیشیان، لایەنە نەرێنییەکە ئەوەیە کە ڕەنگە یەکەکانی ناو هەر هێشوویەک دەرەنجامی پێکەوە گرێدراویان هەبێت، ئەمەش سوودی داتای نمونەکە کەم دەکاتەوە. بەم شێوەیە، بە گشتیی وا باشترە ژمارەیەکی زۆر هێشوومان هەبێت بەڵام قەبارەیان بچووک بێت، نەوەک پێچەوانەکەی.
- **توێژایەتی (چینایەتی، Stratification):** چەند شێوازێک هەیە بۆ چاکترکردنی نمونەیەکی بنچینەیی هەرەمەکی، بۆ ئەوەی خەسڵەتەکانی بە شێوەیەکی ئەوتۆی پەسەند بێت کە ڕێگە خۆش بکات بۆ شیکردنەوەی داتا یان ڕاگرتنی هاوسەنگی کردن لە نێوان جۆری داتاکە و خەرجی کۆکردنەوەی داتاکە. دەتوانین نمونەکە دابەش بکەین بۆ چەند "توێژ/چین" ێک، لە ڕێی دابەشکردنی دانیشتوانەکەوە بۆ چەند گروپێکی لاوەکی، یان پۆلێنیان بکەین بە گوێرەی پۆلێنێک، پاشان نمونە وەردەگرین لەم گروپە لاوەکییانە. ئەمە بوار دەڕەخسێنێت بۆ بەکارهێنەرانی داتا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە گروپە لاوەکییە بچووکەکانی دانیشتوانەکە بکەن، کە ئەگەر ئەم شێوازە بەکارنەهێنرێت ئەوسا ئەم گروپە لاوەکییە بچووکانە پەراوێز دەخرێن لە نمونەیەکی هەرەمەکی سادەدا، و هەروەها ئەم شێوازە دەبێتە مایەی زیاترکردنی چوستی چونکە بوار دەڕەخسێنێت ڕووپێوەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ جەخت بخاتە سەر ئەو دانیشتوانەی کە جێی مەبەستە. بەڵام، لەبەرئەوەی ڕەنگە نمونەیەکی چینایەتیی/توێژایەتیی نەتوانێت ئاوێنەی خەسڵەتەکانی سەرجەم دانیشتوانەکە بێت، پێویستە لە کاتی شیکردنەوەدا داتا بەرهەمهێنراوەکە "بکێشرێت/وەزن بکرێت" بۆ ئەوەی بوار بە گەڕاندنەوەی خەسڵەتەکانی دانیشتوانەکە بدرێت. "کێشان/وەزنکردن" واتە وەڵامی هەندێک تاکەکەسی دیاریکراو کاریگەری ئاماریی زیاتری بۆ دادەنرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی تر کاتێک خەسڵەتەکانی دانیشتوانەکە حساب دەکرێت. چەند تەکنیکێکی جیاوازی ماتماتیکی هەیە بۆ کێشانی داتا.

ئەمانەی خوارەوە بریتییە لە گیروگرفت و ئاریشە سەرەکییەکانی بواری وەرگرتنی نمونە:

- **هەڵەی وەرگرتنی نمونە (Sampling error):** (هەڵەی وەرگرتنی نمونە) ئاماژەیە بە هەڵەی پەیوەست بە مەزەندەکاریی بە گوێرەی نمونەیەک لە جیاتی مەزەندەکاریی بە گوێرەی سەرجەم دانیشتوانەکە. (هەڵەی وەرگرتنی نمونە) بە ئامادەکراوی حساب دەکرێت و بریتییە لە کۆلکە (فاکتەر) ێکی بچووک لە وردی (دقة) ی گشتیی مەزەندەی ڕووپێوەکان.
- **هەڵەی بەدەر لە وەرگرتنی نمونە (Nonsampling error):** (ئەو هەڵانەی پەیوەندییان نییە بە سامپڵوەرگرتن): ئەم جۆرە هەڵەیە لە فاکتەری ترەوە دروست دەبێت جیاواز لە هەڵبژاردنی نمونە، وەک هەڵە لە داپۆشین وەک لە ئەنجامی بەشدارییپێکردن یان بەشداری پێنەکردنی یەکەی ژێرچاودێریی بەشێوەیەکی هەڵە، هەڵەی پێوانەکردن، یان وەڵامنەدانەوە. وەڵامنەدانەوە ئاماژەیە بە ڕێژەی ژمارەی ئەو وەڵامدەرانەی کە ئامادە نین بەشداری بکەن یان نایانەوێت وەڵامی هەندێک پرسیاری دیاریکراو بدەنەوە. ئەمە بە تایبەتی کاتێک گرنگە کە ئەگەر هەندێک جۆری وەڵامدەر زیاتر مەیلی وەڵام نەدانەوەیان هەبێت، بۆ نموونە، ئەگەر ژنان لەبەر هۆی کۆمەڵایەتی یان دابونەریت نەیانەوێت بەشداری بکەن.
  - ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو لێکدانەوەی ئەم جۆرە هەڵەیە نەکرێت و تۆمار نەکرێت ئەوسا ڕەنگە ببێتە مایەی لادانی شیکردنەوەی داتاکە و ئەنجامی هەڵەمان پێبدات. بە زەحمەت دەتوانرێت بڕی ئەم جۆرە هەڵەیە دەستنیشان بکرێت و بە شێوەیەکی گشتییش زیاترە لە حاڵەتی هەڵەی وەرگرتنی نمونە.
- **داچۆڕان (استنزاف، Attrition):** لە ڕووپێوی فرە-شەپۆلدا، ئەمە ئەو جۆرە ڕووپێوەیە کە تێیدا چەند جارێک لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا هەمان یەکەی ژێرچاودێری بە نمونە وەردەگیرێت، لەم حاڵەتەدا ڕەنگە جۆرێک وەڵامنەدانەوە ڕووبدات کاتێک یەکەکانی ژێرچاودێریی لە نێوان شەپۆلێک و شەپۆلێکی تری ڕووپێودا بکەونە دەرەوەی نمونەکان. بۆ نموونە، ڕەنگە کاتێک خێزانێک ماڵەکەی لەو ناوچە جوگرافییە دەگوازێتەوە. بەمە دەگوترێت داچۆڕان، فەوتانی ئەم نمونەیە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا بە تایبەتی گرفتەکەی لەوێدایە کە ببێتە مایەی ئەوەی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە لادانیان تێدا ڕووبدات کاتێک هەندێک جۆری خێزان زیاتر تووشی داچۆڕان ببن و لە ڕووپێوەکە دەربچن بە بەراورد لەگەڵ هەندێک جۆر خێزانی تر. هەروەها بە زەحمەت دەتوانرێت ئەمە ڕاست بکرێتەوە، چونکە زانیاری لەبەردەست نابێت لەسەر هەر یەکەیەک کە لە ماوەی شەپۆلەکانی دوواییدا زیاد کراوە.

بۆیە پێویستە لە بابەتی هەڵبژاردنی نمونەدا هەمیشە جەخت بخرێتە سەر ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان خەرجی، کات، و ئاڵۆزیی ڕووپێوەکە. بە هەمان شێوە، شێوازە ئاڵوزەکانی وەرگرتنی نمونە چەندین خاڵی ئەرێنییان هەیە، وەک باشتر داپۆشینی دانیشتوانەکە، یان خەسڵەتی گونجاوتری ئامار، بەڵام نمونەی ئاڵۆز بە زەحمەت دادەڕێژرێت و بە زەحمەت جێبەجێ دەکرێت. شێوازێکی وەرگرتنی نمونە لە ئارادا نییە کە بگوترێت ئەمە تاکە شێوازێکە بگونجێت بۆ هەموو ڕووپێوێک و هەموو ڕەوشێک. پێویستە بۆ هەر ڕووپێوێک بە وریاییەوە کار لەسەر پرۆسەی وەرگرتنی نمونە بکرێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تەکنیکەکانی وەرگرتنی نمونەی، بڕوانە پیتەرسۆن (2005)، "Design of Master Sampling Frames and Master Samples for Household Surveys in Develop-ing Countries".

**ڕەوشت و پاراستنی مرۆڤەکان**

بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی ئەنجامدانی کۆکردنەوەی داتای باش بریتییە لە بنەمای ئاست بەرزی ڕەوشت کاتێک مرۆڤ بابەت (موضوع) ی چالاکییەکە بێت، بە تایبەتی سەبارەت بە خۆبەخشێتی (واتە بەشداریکردن بە ڕەزامەندی و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە)، نهێنیپارێزی، و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیەکان. کاتێک لە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا-دا دیمانەسازەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار لەسەر مرۆڤ دەکەن، چاودێری دەکەن، چالاکیی لەسەر ئەنجام دەدەن و کارلێکی لەگەڵ دەکەن، کاتێک وەک بابەتی لێکۆڵینەوە کاریان لەسەر دەکەن، بێگومان پابەندبوونێکی ڕوون هەیە بۆ ڕێزگرتن لە ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی ئاکار و بەرزڕاگرتنی مافەکانیان. سەرەڕای ئەمەش، زۆر جار جۆریەتی داتاکە پشت بە هاوکاریی وەڵامدەرەکان و بە متمانەیان دەبەستێت بەوەی کە ڕێز لە نهێنییەکانیان دەگیرێت و سازش ناکرێت لەسەر پاراستنی نهێنی زانیارییەکان. ئەمانەی خوارەوە هەندێک بواری بابەتی پاراستنی مرۆڤەکانە:

- **ئارەزوومەندێتی (خۆبەخشێتی):** لە زۆر وڵات، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش، پێدانی زانیاری بە ئاژانسی ئامار لە هەندێک حاڵەتدا بە زۆرەملێیە (بۆ نموونە، داتای سەرژمێر). لەم حاڵەتانەدا، پێویستە زیاتریش ڕەچاوی ڕەوشت و پاراستنی مرۆڤەکان بکرێت، لەبەرئەوەی هیچ کەسێک بۆی نییە پێدانی زانیارییەکان ڕەت بکاتەوە.

- لەگەڵ ئەمەشدا، وا باوە بەشداریکردن لە زۆربەی پرۆسەکانی کۆکردنەوەی داتا-دا ئارەزوومەندانە بێت. هاوکاریی ئارەزوومەندانە بە گشتیی دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی داتای جۆری باش و دەبێتە مایەی ئەوەی هاووڵاتیان وەک بەرژەوەندییەکی نیشتمانی سەیری چالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا بکەن لەلایەن حکومەتەوە، بە شێوەیەک کە شایانی ئەوەیە هاوکاریی بکرێت. بە گشتیی، پێویستە تەنها سەرژمێرێکی نیشتمانیی دانیشتووان، و تەنها چەند چالاکییەکی تری پڕبایەخی کۆکردنەوەی داتا، بە ناچاری بێت. تەنانەت کاتێک ئەمە پێویست بێت، سزای ناگوێڕایەڵی هێندە توند نابێت. بۆیە، وا باشترە هێندەی بکرێت بەشداریی بە زۆرەملێ کەم بکرێتەوە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا-دا.

- **باشترین نموونەکانی ڕەوشت:** پێویستە تیمەکانی کۆکردنەوەی داتا خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بەشداربوونی لێکۆڵینەوەکە بپارێزن، بۆ ئەوەی هێندەی بکرێت ئەگەری هەموو مەترسییە زانراوەکان کەمتر بکرێتەوە، و دەبێت بە ڕاشکاوی سوودەکان و مەترسییەکان بۆ بەشداربووان ڕوون بکرێتەوە. بەم شێوەیە، پێش دەستکردن بە کۆکردنەوەی داتا، پێویستە بە وریاییەوە پێداچوونەوەی سەرجەم فۆرم و پرۆتۆکۆلەکانی کۆکردنەوەی داتا بکرێت، بۆ ئەوەی جەخت بکاتەوە لە پاراستنی ئاسوودەیی و ئارامیی وەڵامدەرەوەکان، و نابێت پرسیار یان ڕێوشوێنی ئەوتۆی تێدا بێت کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زیان بە وەڵامدەرەوەکان بگەیەنێت، تەنانەت خۆهەڵقورتان لە کاروباری کەسیی یان هەراسانکردنی کەسیی.

- **لیژنەکانی پێداچوونەوە بە کاروباری پەیوەست بە مرۆڤەکان:** لە زۆر وڵات، بە گوێرەی یاسا و ڕێوشوێنەکان پێویستە پێداچوونەوەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان بکرێت بۆ جەختکردنەوە لە کاروباری ڕەوشتەکان (ئادابی گشتیی، ڕێساکانی ڕەفتار)، ئەمەش لە لایەن دەستەیەکی بێلایەنەوە کە جیاواز و سەربەخۆیە لەو ستافەی داتاکە کۆدەکاتەوە. دەشێت ئەم جۆرە پێداچوونەوەیە لە لایەن ئاژانسەکە خۆیەوە بکرێت بەڵام دەبێت ڕێنمایی باوی سەرجەم ئاژانسەکان پیادە بکات.

- **مەترسی شەفافیەت:** لە هەندێک حاڵەتدا هەندێک جار ناچار دەبین سازش لەسەر هەندێک بنەما بکەین و پرەنسیپەکان ناکۆک دەبن لەگەڵ یەکتری و دەبێت یەکێکیان پەسەند بکەین. بۆ نموونە، لە هەندێک بارودۆخدا کاتێک دیمانە لەگەڵ ئافرەتێک دەکرێت، وا پێویستە ئەندامانی تری خێزانەکە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە بن، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ پێویستبوونی پاراستنی لایەنە تایبەتیەکانی ئافرەتەکە. زۆر گرنگە سەرنج لەوە بدەیت کە ئامانجی بنچینەیی بریتی نییە لە بنبڕکردنی سەرجەم مەترسییەکان، بەڵکو پێویستە بگەینە ئاستێکی گونجاو و پەسەندی مەترسی، هاوسەنگییان ڕابگرین لە بەرامبەر سوودەکانی کۆکردنەوەی داتا.

- **دڵنیاکردنەوەی ڕەزامەندیەکی پێزانراوی باش:** هێندەی بکرێت پێویستە ڕێز بگیرێت لە مافی تاکەکەس لە ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن لە ڕووپێو یان ڕەتکردنەوەی لە سەرەتاکەیەوە، و بەشێکی گرنگ لەم پرۆسەیە بریتییە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئارەزوومەندانە و تۆمارکردنی ئەم ڕەزامەندییە. پرۆسەکە بریتییە لە دابینکردنی زانیاریی ڕوون و ڕاستەقینە لەسەر کۆکردنەوەی داتا، وەک ئەو دەزگایەی داتاکە کۆ دەکاتەوە سەر بە کام ئاژانس و لایەنە، درێژیی ماوەی بەشداریکردن و سروشتەکەی چۆنە، مەبەست لە لێکۆڵینەوەکە چییە و چۆن داتاکە بەکاردەهێنرێت، و ڕوونکردنەوە لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی وەڵامدەرەوەکان، و پیشاندانی ئەوەی کە بەشداریکردنەکە بە شێوەیەکی خۆبەخشانە و ئارەزوومەندانەیە، و ڕوونکردنەوەی سوودەکان و مەترسییەکانی، و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ڕێز لە کردارەکانی پاراستنی نهێنی دەگیرێت. ڕەنگە ڕەزامەندی بە شێوەیەکی نائاشکرا بێت، یان بە دەم (زارەکی) بێت یان بە نووسین، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە ڕەزامەندی کەسێکی باڵقی بەرپرس وەربگیرێت، بۆ نموونە دایک و باوک، ئەمە لە حاڵەتی ڕووپێوکردنی منداڵ و نەوجەوانان.

- **کەمکردنەوەی مەترسییەکان پێش دەستکردن بە هەر چالاکییەکی کۆکردنەوەی داتا:** لە زۆر بارودۆخدا کۆکردنەوەی داتا بە شێوەی ئارەزوومەندانەیە (بە ڕەزامەندیی کەسەکەیە)، تەنها سوودی ناڕاستەوخۆ بۆ بەشداربووەکان دابین دەکرێت، وەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و شیکردنەوە و سیاسەتی باشتری حکومەت، بەڵام مەترسییەکان ڕاستەوخۆن. هەرە مەترسییە بەرچاوەکان بریتین لە بواری نهێنیپارێزی و تایبەتمەندیەکان، مەترسی تریش هەیە وەک نەگونجاوێتی کاتەکە یان ئەوەیە کاتی زۆر دەوێت، هەروەها مەترسیی هەستوسۆز یان دەروونیی، مەترسیی ناو و ناوبانگ، مەترسیی دارای یان یاسایی، و لە هەندێک باریشدا تەنانەت مەترسیی جەستەیی (بۆ نموونە، توندوتیژیی ناوخێزان)

- **پاراستنی نهێنی (نهێنیپارێزی):** بۆ جەختکردنەوە لە نهێنیپارێزی، پێویستە ڕێسا و پرۆتۆکۆلی پێویست بە شێوەیەکی ڕوون دابڕێژرێت و بەردەوام وەک پێویست نوێ بکرێتەوە. ڕێوشوێنی دامەزراوەیی بۆ بەرز ڕاگرتنی نهێنیپارێزی بریتییە لە کاروباری وەک ئەوەی داتاکە ناسێنەر نەبێت و نەبێتە هۆی ناسینەوەی کەسەکان، پیادەکردنی ستراتیجی ئامار، وەک زیادکردنی لەرە بۆ تانوپۆی جی پی ئێس، و ئاڵوگۆڕی داتا بخرێتە ژێر پارێزگاری یاسا و دووتوێی ڕێککەوتننامە، شیکردنەوەی لاوەکی، و وردبینیی داتا. پێویستە مەشق بە کارمەندان بکرێت لەسەر ئەوەی کەرەستە ناسراوەکان بە شێوەیەکی سەلامەت بەکاربهێنن، و داوایان لێ بکرێت بە شێوەیەکی فەرمیی دڵنیایی ئەوە بکەن کە نهێنییەکان دەپارێزن. پێویستە دەستگەیشتن بە داتاکان تەنها بۆ ئەو کەسانە بێت کە شایستەیەکی گونجاویان هەیە (دواتر لەم بەشە بە تێروتەسەلی باسی هەڵگرتنی داتا و کارکردن لەسەر داتا دەکەین). سەرەڕای ئەمە، پێویستە ڕێوشوێنی ڕوون دابنرێت بۆ نووسینی ڕاپۆرت لەسەر هەر پێشێلکردنێکی سیاسەتەکانی ئاکاری ڕەفتاری دەستەی پێداچوونەوە و ڕێوشوێنە حکومییەکان.

- **پاراستنی تۆماری گونجاو لەسەر ڕێساکانی ئاکار:** پێویستە ئەو بابەت و ڕێوشوێنانەی پەیوەستن بە ڕێساکانی ئاکارەوە بکرێن بە بەڵگەنامە (توثیق)، بە لەخۆگرتنی بابەتەکانی ڕەزامەندیی ڕاگەیەندراو، نامە و نووسراو گۆڕینەوە لەگەڵ دەستەکانی پێداچوونەوەی ڕەوشتەکان، و ڕاپۆرتەکانی ڕێوشوێنی نهێنی.

بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە گروڤس و هاوڕێیانی (2009)، شێوازی ڕووپێو (بە ئینگلیزی)، و ئالسەر و هاوڕێیانی (2010)، "ڕێوشوێنی ڕەوشتەکان لە پرۆسەی ڕووپێودا"

**کۆنترۆڵی جۆری لە مەیدانی جێبەجێکردندا**

تەنانەت ئەگەر ڕووپێوێک زۆر بە ڕێکوپێکییش داڕێژرا بێت ڕەنگە جۆری داتاکەی لاواز بێت ئەگەر ڕووپێوەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام نەدرێت. جێبەجێکردنی ڕووپێو هەموو شتێک دەگرێتەوە هەر لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەوە کە ڕووپێوەکە ئەنجام دەدەن، تا دەگاتە تاقیکردنەوەی فۆرمەکان بە وردی، و تا دەگاتە جەختکردنەوە لەوەی هەموو میکانیزمێکی کۆنترۆڵکردنی جۆری کە لە ئارادایە.

- **ڕێوشوێنی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی داتا کۆدەکەنەوە:** بە گوێرەی سروشتی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا، ڕەنگە ئاژانسێک یان وەزارەتێکی دیاریکراوی حکومەت، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، یان دەزگایەکی ڕاوێژکاری دەرەکی بۆ ئەرکەکە زۆر گونجاو بێت. هەندێک فاکتەر هەیە کە کار دەکەنە سەر ئەوەی کام ڕێکخراو بەرپرسیار بێت لە کۆکردنەوەی داتاکە، وەک: شارەزایی لە شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا، ئەزموونی پێشتر لەو بوارەدا، ڕۆڵی لە تواناسازیی ناوخۆییدا، ئاشنایەتیی بە ناوچەکە، و توانای هەماهەنگیی لەگەڵ دەزگای تری ناوخۆیی ناو مەیدانەکە، و خەرجی تێچووی کۆکردنەوەکە. هەروەها ئامانج لە کۆکردنەوەی داتاکەش ڕەنگە ڕۆڵی خۆی هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر نیازەکە بریتی بێت لە هەڵسەنگاندنی بەرنامەیەک یان ڕێکخراوێکی دیاریکراو، بۆ ئەوەی بابەتییانە (موضوعی) بێت، پێویستە داتاکە لە لایەن لایەنێکی سێیەمی سەربەخۆوە کۆبکرێتەوە.
- **سەرنجدان لەو شێوازەی بۆ کۆکردنەوەی داتاهەڵدەبژێردرێت:** هەڵبژاردنی شێوازی کۆکردنەوەی داتا لە مەیدان کار دەکاتە سەر جۆری داتاکە. شێوازە باوەکانی کۆکردنەوەی داتا بریتین لە ڕاپۆرتکردن لەلایەن خودی کەسە و ناردنی لە ڕێی پۆستەکردنی فۆرمەکانەوە، چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی، چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو، و ڕووپێوی لەڕێگەی ماڵپەری ئەنتەرنێتەوە. و ڕەنگە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و بە گوێرە بارودۆخەکەش شێوازەکانی بە-پۆستە، تەلەفۆن، چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو، و ئینتەرنێت زۆر لێک جاواز بن، و ئەمەش ڕەنگە ببێتە مایەی لادانی نمونەی کۆکردنەوەکە، وەک لە سەرەوە باس کراوە.
  - ئەو فۆرمانەی بە پۆستە ڕەوانە دەکرێن هەرزانتر دەکەون و بوار بە خەڵک دەدەن تایبەتمەندیەکانی خۆیان بپارێزن لە ئاست داتای هەستەوەر (حساس)، بەڵام ڕێژەی وەڵامدانەوەی کەمە. هەروەها، بە ڕەچاوکردنی ڕەوشی پۆستە لە هەرێمی کوردستان، پێناچێت ئەم جۆرە ڕووپێوە داتای سوودبەخش بخاتە پێش حکومەتی هەرێمی کوردستان. دیمانە لە ڕێی تەلەفۆن و چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو بوار بۆ دیمانەساز دەڕەخسێنن کارلێک بکات لەگەڵ وەڵامدەرەوەکە و هانی وەڵامدانەوەی بدات بەڵام ئەمەش کار دەکاتە سەر زانیارییەکە، ڕەنگە هەندێک کەس بە شێوەیەکی ئەوتۆ وەڵام بدەنەوە کە پێیان وابێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گونجاوە (لادانی وەڵام، پێشتر باسمان کرد). ڕووپێوی ئینتەرنێت وا باوە هەرزان بێت، بەڵام بە زەحمەت دەتوانرێت ناسنامەی ڕاستەقینەی وەڵامدەرەوەکە ساخ بکرێتەوە، و جیاکردنەوەی ئاستی بەشداریی وەڵامدەر زەحمەتە، بە پێچەوانەی چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو. بە هەمان شێوەی ڕووپێو بە پۆستە، ئاستی هەبوونی ئینتەرنێت لە کوردستان دەبێتە مایەی ئەوەی ڕووپێوی خێزان لە ڕێی ئینتەرنێتەوە لە ئێستادا زانیاری سوودبەخش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیدا نەکات، بەڵام هەندێک جۆری ڕووپێو، وەک ئەوانەی پیشە و کارەکان کە تێیدا بەکارهێنەری ئینتەرنێت زۆرن، ڕەنگە کاریگەر بێت. باشترین ڕێکار پشت دەبەستێت بەو مەبەستەی زانیارییەکی بۆ کۆکراوەتەوە.

- **دەستپێکی ئەزموونگەرایی گونجاو:** بە شێوەیەکی گشتی، کاری مەیدانی پێویستی بە بەڕێوەبردنی تیمێکی گەورەیە، بە لەخۆگرتنی ژمێرەر، سەرپەرشتیار، بەرنامەدارێژ، هەڵسوڕێنەری تۆمارکاری زانیارییەکان، کارمەندانی پشتگیری و ئیداری، و هی تر. ئامادەکردنی ئەم تیمە بۆ ئەنجامدانی ڕووپێو پێویستی بە زنجیرەیەک هەنگاوی ئامادەکاری هەیە پێی دەگوترێت تاقیکاری (piloting). پێش دەستپێکردنی هەر چالاکییەکی مەیدانی، پێویستە پێشوەخت پلانێکی کاری گشتیی ئامادە بکرێت و تەواو بکرێت، ئەمە بەشێکی سەرەکییە بۆ جەختکردنەوە لە هەماهەنگییەکی ڕێکوپێک. دوابەدوای داڕشتنی (پلانی کار)، پێویستە مەشق بە ستافەکە بکرێت و نامیلکەیەکی مەیدانییان بۆ ئامادە بکرێت. پێویستە شێوە، درێژی و بڕگەی پرسیارەکانی فۆرمەکە لەسەر گروپێکی هاوشێوەی ئەو وەڵامدەرانەوە تاقی بکرێتەوە. ئەم گروپە دواتر بەشێک نابن لەو نموونەیەی ڕووپێو دەکرێن.
- **میکانیزمی پێویست بۆ کۆنترۆڵکردنی جۆری، و پاداشت و هاندەرەکان:** بەشێکی گرنگ لە جەختکردنەوە لە جۆری داتاکە و کەمکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە پەیوەندیان بە نموونەکانەوە نیە بریتییە لە چاودێریی و بەڕێوەبردنی کاروباری لۆجیستیک لە مەیدان. بۆ نموونە، چالاکی و هەوڵ نەدانی ژمێرەرەکان وەک پێویست کار دەکاتە سەر ڕێژەی وەڵامنەدانەوە و داچۆڕان و زیادبوونی ئاستی هەڵە لە خوێندنەوە و پێوانەدا. پێویستە بە ڕوونی بنەماکانی جۆری دابڕێژرێت، و پێویستە ڕێوشوێنەکانی جەختکردنەوە لە جۆریتی دابنرێت پێش ئەوەی دەست بە ڕووپێو بکرێت.
  - باشترین شێوازی کۆکردنەوەی داتا ئەوەیە کە ئامانجەکەی بریتی بێت لە ئاستێکی بەرزی تەواوکردنی ڕووپێوەکە. پاداشت و هاندەری ڕوون، وەک قەرەبوو و پاداشت بۆ وەڵامدەرەکان و بۆ ژمێرەرەکان، دەبێتە مایەی ئەو جۆرە سەرەنجامە. پێویستە ڕێوشوێنی تریش هەبێت وەک ساخکردنەوە (جەختکردنەوە) ی ناوبەناو لە جۆری لە چەند ئاستێکی جۆراوجۆری سەرپەرشتییدا، و هەبوونی پرۆتۆکۆڵ بۆ ئەنجامدانی سەردانی دووەم (سەردان بۆ دووەم جار) و ساخکردنەوەی ئەو یەکانەی وەڵامیان نەداوەتەوە، و هاندانی ئەو کەسانەی کە دوودڵن بۆ وەڵامدانەوە بۆ هاوکاریکردن لە ڕێی چارەسەرکردنی نیگەرانییەکانیانەوە.
  - کەمکردنەوەی هەڵەی پێوانەکردن، کردارەکانی پشکنینی کتوپڕی و پیشکنیی سەتاسەری، وەک کۆکردنەوەی داتای سنووردار کە کاری پێنەکرێت. پرۆتۆکۆلەکانی کەمکردنەوەی هەڵەی نووسین (ترانسکریپت) وەک هەندێک ڕێوشوێنی فیزیکی، بۆ نموونە بەکارهێنانی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تۆمارکردنی داتا و تۆمارکردنی هەمان داتا لە لایەن دوو ئەندامی تیمەکەوە کە یەکتری نەناسن و ئاگایان لە کاری یەکتری نەبێت، و بەستنەوەی قەرەبووکردنەوە بە ڕێژەیەکی دیاریکراوی هەڵەکان.
  - بەکارهێنانی فۆرمی کاغەز ڕەنگە ببێتە مایەی هەڵەکردن لە تۆمارکردن و لە داخڵکردن/نووسینەوە (هەڵەی تۆمارکردن و ترانسکریپت). داهێنانێکی نوێ هەیە بە ناوی (چاوپێکەوتنی کەسیی بە هاوکاریی کۆمپیوتەر، (CAPI)، لەم شێوازەدا ژمێرەرەکە لاپتۆپێکی سووکی پێیە لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ مەیدان، یان ئامێرێکی دیجیتاڵ. لە تاقیکردنەوە مەیدانییەکان، CAPI ئەنجامەکەی زانیاری باش و جۆری ئاست بەرزبووە لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ هەڵە دەگەڕێت و هەڵەی نووسین/تۆمارکردنی (ترانکسرپیت) ی کەمە.
  - هەروەها، کاتێک هەموو داتاکە کۆکرایەوە، پێویستە هەموو یەکە نموونەیەکان بژمێردرێت، و پوختەی ئامار دروسب بکرێت بۆ پێداچوونەوە. پێویستە کۆمەڵەی داتاکانی دواجار ئەم شتانەشی لەگەڵ بێت: بەڵگەنامەکردن، لەناویدا کتێبی ڕێساکان و کۆدەکان، و فەرهەنگی داتا، ئەمەیان بریتییە لە وەسفێک بۆ شێوازی دانانی کۆد بۆ داتا و دەخرێتە پێش بەکارهێنەرەکان.

### هەڵگرتن و دابەشکردنی داتا

پاش کۆکردنەوەی داتا، ئێجگار گرنگە ڕێوشوێنی گونجاو پیادە بکرێت بۆ هەڵگرتنی داتا بە شێوەیەکی کارا (فعال) و جەخت لەوە بکرێتەوە کە دەتوانرێت بەسەر بەکارهێنەرە سەرەکییەکانی زانیارییەکاندا دابەش بکرێت. لە پاشگری E بە تێروتەسەلی باسی کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی داتا دەکەین، بەڵام لێرەدا باسی هەندێک پرۆسەی سەرەکی دەکەین کە پێویستە لە ئارادا بن بۆ جەختکردنەوە لەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کار لەسەر داتا بکرێت، لەگەڵیدا شێوازەکانی پشتگیریی کردن لە پاراستنی مرۆڤەکان و نهێنییەکان.

- **دامەزراندنی ئامێر و پرۆگرامی سستەمەکان بۆ عەمبارکردنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی سستماتیکی و پارێزراو:** سیستمەکانی داتا، سۆفتوێر و هاردوێریش، ئێجگار پربایەخن بۆ بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی داتا. پێویستە سیستەمەکانی داتا توانایەکی باشی هەڵگرتن (خەزن) ی داتا و زانیاریان هەبێت، ئامرازی کارا هەبێت کە بتوانرێت لە سیستەمەکانی هەڵگرتنی داتا ببەسترێت، و سۆفتوێری ئەوتۆیان هەبێت بە گوێرەی پێویستییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و ئەو تەکنەلۆجیایەی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا بەکاردەهێنرێت. پێویستە پرۆسەی ئەوتۆ لەناو سیستمی داتاکە هەبێت کە ناوەبەناوە بەشێوەیەکی خودکار وێنەی زانیارییەکان وەربگرێت و لەگەڵ وێنەی تری یەدەگ کە لە شوێنی گونجاو پارێزراوبێت، کە جیاوازە لەو شوێنەی زانیارییەکانی لێ ڕێکدەخرێت. پێویستە سیستمی ئامێرەکان بە شێوەیەک ڕێکخرابن کە وزەی کارەبای گونجاوی بۆ دابین کرابێت و فێنک بکرێنەوە (هەواگۆڕکێ) بۆ ئەوەی بتوانن بە بەردەوامی و بە باشیی کار بکەن. ئەگەر بکرێت، پێویستە توخمە سەرەکیەکانی سیستمی داتا پارچەی یەدەگیان هەبێت بۆ کاتێک ئەگەر بەش و پارچە گرنگەکان لەکار بکەون و ئیش نەکەن. کە ئەمانە بوار دەرەخسێنن بۆ توکمەبوونی سیستمێکی کۆکردنەوەی زانیاری ڕێکوپێک. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە پاشگری E.
- **دامەزراندنی کەناڵی کارا و ڕوون و ئاشکرا بۆ دابەشکردن:** هەڵگرتنی زانیاری بە شێوەیەک کە جێی متمانە بێت و سەلامەت بێت کارێکی ئێجگار بنەڕەتییە، بەڵام زانیاری سوودبەخش ئەو زانیاریە کە دەخرێنە بەردەم داڕێژەرانی سیاسەت و ئەو جەماوەرەی زانیاری بەکاردەهێنن. پێویستە بەرنامەیەک دابڕێژرێت لەسەر چۆنیەتی بەردەستخستن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، ئنجا بۆ جەماوەر بە گشتیی یان بە شێوەیەکی بەرتەسک و سنووردار بەردەستە بکرێت. پێویستە کەناڵی سەرەکی هەبێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە زانیاری دابەش بکرێت. بۆ نموونە، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ماڵپەڕێکی ئەنتەرنێتی هەبێت کە بە ئاسانی بتوانرێت بەکاربهێنرێت کە تێیدا ئەو زانیاریەی لەلایەن دەستەی ئامارەوە یان دەزگای تری حکومەتەوە کۆدەکرێتەوە، بخرێتە بەردەست. سیستمەکە هەروەها بتوانێت بوار بە ئاستی جیا جیا بدات بۆ توێژی جۆراوجۆری بەکارهێنەر. بۆ نموونە، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندارەکان بە تەواوی دەستیان پێ بگات، بۆ نموونە بتوانن دەستیان بگات بە زانیاری خاو، بەڵام توێژەرانی زانکۆ ڕەنگە لە ئاستێکی کەمتردا دەستیان بگات بە زانیارییەکان، وەک ئەوەی تەنها دەستیان بگات بە پوختەی ئامارەکان یان بە پوختەی خشتەکان. بەڵام، پێویستە بۆ هەر توێژێکی بەکارهێنەران بوار بە ئەوپەڕی دەستپێگەیشتن بدرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی باشترین شێواز بۆ پاراستنی زانیارییەکان.
- **جەختکردنەوە لە دەستگەیشتنی گونجاو بە زانیاری بنەڕەتی:** پێویستە هەموو بەکارهێنەرەکان ئەنجامیان لە هەمان زانیاری بنەڕەتییەوە دەست بکەوێت بۆ جەختکردنەوە لە تەبایی، بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو ئامرازەی بەکاریدەهێنن بۆ دەستگەیشتن بە زانیارییە خاوەکان. پێویستە ئەو ڕاپۆرتانەی لە سیستەمەکەوە بەدەست دەهێنرێت، ڕۆژ و کات و سەرچاوەی زانیاریەکەی لەسەر دیاریکرابێت، هەروەها جۆری بنکەیی زانیارییەکە و ئەو پرۆگرامەی کە بەکارهێنراوە بۆ دروست کردنی ڕاپۆرتەکان.
- **بەرنامە و ڕێوشوێنەکانی دەستگەیشتن بەو زانیاریەی کە تاکەکەسێک دەناسێنێت (داتای ناسێنەر، ئەو داتایەی لەسەر کەسێک هەیە و دەبێتە مایەی ناسینەوەی ئەو کەسە):**[2] پێویستە لە هەموو ئەو زانیاریانەدا کە بابەتەکانی پەیوەندار بە مرۆڤ دەگرێتەوە، بە شێوەیەک کۆبکرێتەوە کە تێیدا ڕێوشوێن و ڕێنمایی ورد و توند هەبن لەسەر سنووردانان بۆ بەکارهێنانی ناگونجاو و نالەباری زانیاری نهێنی و زانیاری تاکەکەس، وەک لە بەشی داهاتوو بە تێروتەسەلی باسی دەکەین. بەشێک لە بەڕێوەبەردنێکی ڕێکوپێکی ئەم جۆرە زانیاریە کە دەبێتە مایەی ناساندنی تاکەکەسێک بریتییە لە هەبوونی بەرنامە و ڕێوشوێنی تایبەت بە هەڵگرتن، گواستنەوە، و دەستگەیشتن بەم جۆرە زانیاریە. پێویستە هەموو ئەو ڕێکخراوانەی زانیارییە خاو لەسەر مرۆڤ کۆدەکەنەوە جەخت لەوە بکەنەوە کە دەزگای ئەوتۆ لە ئارادا بێت کە بتوانێت زانیارییەکان بپارێزێت و پارێزگاریان لێ بکات. کاتێک پێویست بکات ئەو زانیاریانەی کە تاکەکەسێک پێناسە دەکەن هاوبەشیان پێ بکرێت، دەبێت بەکارهێنەرانی زانیارییەکان دەسەڵاتی گونجاویان هەبێت بۆ ئەوەی دەستیان بەو زانیاریانە بگات، ئنجا دەبێت بەڕێوەبەرانی زانیارییە خاوەکان بەرپرسیار بن لە ڕاستکردنەوەی دروستی ئەو بەکارهێنەرانەی دەیانەوێت دەستیان بە زانیارییەکان بگات، و جەخت بکەنەوە لەوەی سیستمەکانی گواستنەوەی زانیاری پارێزراون.

[2] ئێمە پێشتر لەم بەشەدا بە شێوەیەکی گشتیی باسی بایەخی پاراستنی مرۆڤمان کرد، بەڵام لێرەدا باسی دوو بابەتی پەیوەندار بە بەڕێوەبردنی زانیارییەکان دەکەین

- **پێویستە گشت زانیارییەکان بە شێوەیەک عەمبارکرێت کە بتوانرێت کەمترین بڕی زانیاری تاکەکەسی تیایدا بکاربهێنرێت:** لە هەر شوێنێک کە بگونجێت ئەوا پێویست دەکات لە جیاتی زانیاری تاکەکەسی، بۆ نمونە ژمارەی ناسنامە، ژمارەی تۆمار بەکاربهێنرێت بە شێوەیەک کە هیچ پەیوەندیەک لە نێوان ئەم ژمارەی تۆمارانە و کەسەکە دروست نەبێت. لە زۆربەی بارودۆخەکاندا، نابێت زانیاری پێناسەکاری تاکەکەس بخرێتە بەردەست مەگەر بەکارهێنەرەکان بەناو پرۆسەیەکی ورددا تێپەڕ ببن کە تێیدا بسەلمێنن پێویستیان بەوە هەیە دەستیان بگات بەو زانیارییە و بە ڕێکوپێکی و بە شێوەیەکی گونجاو کار لەسەر داتاکە دەکەن ئنجا تۆمارێک هەبێت کە تێیدا ناوی ئەو کەسانە تۆمار بکرێت کە دەستیان بەم داتایە گەیشتووە.
- **تۆمار و بەڵگەنامە و چارەسەرکردنی "یاخود پاڵاوتنی" زانیارییەکان:** زانیاری خاو – ئەمە بریتییە لەو زانیارییەی کە ڕاستەوخۆ لە فۆرمی ڕووپێوەکەوە یان لە تۆماری کارگێڕییەوە کۆدەکرێتەوە- پێویستی بە "پاڵاوتن" هەیە پێش ئەوەی بۆ شیکردنەوە یان بۆ داڕشتنی سیاسەت بەکاربهێنرێت. لابردنی زانیارییەکانی تاکەکەس کە دەبنە مایەی ناساندنی تاکەکەسەکە، وەک پێشتر باسمان کرد، بریتییە لە نمونەیەکی چارەسەرکردنی زانیارییەکان. بەڵام، پێویستە هەموو پرۆسەکردنێک یان خاوێنکردنەوەیەکی زانیارییەکان دەستبەجێ بکرێتە بەڵگەنامە (توثیق)، و پێویستە ئەم بەڵگەنامەکردنە لەگەڵ داتاکە هەڵبگیرێت. ئەمەش دەبێتە مایەی جەختکردنەوە لەوەی کە بەکارهێنەرەکانی زانیارییەکان بتوانن بە شێوەیەکی کارا و ورد کار لەسەر داتاکە بکەن و ئاشنا بن بە هەر سنوورێک و مەزندەیەک کە کۆکەرەوەکانی زانیارییەکان دایاناوە.
- **بەکارهێنانی چەند شێوازێک بۆ بەدواداچوونی چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیارییەکان:** بەشێک لە بەرپرسیارێتیی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بریتییە لە چاودێریکردنی چۆنیەتیی بەکارهێنانی زانیارییەکان، کەی بەکاردەهێنرێن و کێ بەکاریان دەهێنێت، و تا چەند چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەتوانێت پێداویستییەکانی بەکارهێنەرەکان دابین بکات. ئەمەش بە چەند شێوازێک دەکرێت، وەک خۆ-تۆماکردن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی چوونە ناو ماڵپەڕی زانیارییەکان (بۆ ئەوەی جۆر و توێژی بەکارهێنەرەکە دەستنیشان بکەین)، هاندان بۆ بەکارهێنانی زانیارییەکان بۆ ڕاپۆرتنووسین، چاودێری کردنی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە بۆ ڕا و بۆچوونەکان، و ڕووپێوی ڕێکخراوە حکومییەکان بۆ پرسیارکردن لەسەر بەکارهێنانی زانیارییەکانیان و پێداویستییەکانیان لە نێو زانیارییەکانیاندا. چاودێری کردنێکی ڕێکوپێکی زانیارییەکان ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەو کەسانەی زانیارییەکان بەرهەم دێنن بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامی پێداویستییەکانی بەکارهێنەرەکان بدەنەوە و خەرجیەکان کەمبکەنەوە لە ڕێی کۆنەکردنەوەی ئەو زانیارییانەی سوودبەخش نین بۆ زۆرینەی توێژی بەکارهێنەرانی زانیارییەکان.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سەلامەتیی بواری کۆمپیوتەر، بڕووانە لێتنین، ڕەسڵ، و جێنگامی (2006)، Computer Security Basics.

## سەرمایەی مرۆیی بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی زانیارییەکان

ئەنجامدانی کۆکردنەوە و بەڕێوەبردن و دابەشکردنی زانیارییەکان پێویستی بە کارمەندی شارەزایە، بەردەوام گەشەپێدانی ئەم کارمەندانەی هەرێمی کوردستان کارێکی پڕبایەخ و سەختە. لە ئێستادا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان هەندێک توانا لە ئارادا هەیە، بەڵام پێویستە ئەم توانایە بەرفراوانتر بکرێت. چەند شێوازێک هەیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. ئێمە لە بەراییدا ڕەچاوی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەر یەکێک لە گەشەپێدانی ناوخۆییەکان دەکەین لە بەرامبەر ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ پسپۆڕی بیانی، و ئنجا جۆری ئەو سەرچاوە مرۆییە دەستنیشان دەکەین کە بۆ هەر هەنگاوێک لە هەنگاوەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان پێویستە. هەروەها تیشک دەخەینە سەر ئەوەی لە کاتێکدا کە هەندێک توانا لە ئارادایە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکارکردنیان لەناو وەزارەتەکان، بەڵام وا باشترە بۆ هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ببەستێت بۆ ئەنجامدانی شیکاری ئاماریی (التحليل الاحصائي) ی مەزن. بەم شێوەیە، ئێمە جەخت دەخەینە سەر سەرمایەی مرۆیی لەناو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

دەتوانرێت توانای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان زیاتر بکرێت لە ڕێی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای کەرتی تایبەت یان کەرتی قازانج-نەویست، کارکردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی پسپۆڕن لە بواری زانیاریدا (بۆ نموونە، بانکی نێودەوڵەتی)، یان دامەزراندنی کەسانێک کە شارەزاییان هەیە لەو بوارەدا. ڕێگەچارەیەکی تر تر بریتییە لە گەشەپێدانی توانای ناوخۆیی، لە ڕێی مەشقکردن بەکارمەندانی وەزارەت یان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی شارەزاییان زیاتر بکرێت. دەتوانرێت ئاوێتەیەک لەم دوو شێوازە پیادە بکرێت، لە لایەن پسپۆڕی بیانی دابمەزرێندرێت و هاوکات گەشە بە توانای ناوخۆیی بدرێت – ئەمەش سوود بە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

پشتبەستن بە کارمەندی بیانی لە بەرامبەر بە کارمەندی ناوخۆیی بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردن و دابەشکردنی زانیاری لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە. گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای بیانی بواری ئەوە دەڕەخسێنێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە کارزانیی تایبەتمەند بگات و کاتێک گرێبەستی لەگەڵ بکات کە خۆی پێویستی پێیەتی، و ئەو کارمەندانەی لا نەمێنێت کە بەردەوام کاری پێیان نەبێت. لایەنی نەرێنی گرێبەستی دەرەکی بۆ چالاکییەکانی زانیاری ئەوەیە کە خەرجی کارگێڕی زۆرە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەگەر بەڵێندەرەکان بە باشی ساخ نەکرێنەوە یان بە باشی بەڕێوە نەبرێن ئەوسا ڕەنگە داتای کوالیتی نزم بەرهەم بهێنن. ڕێکارێکی تر بریتییە لەوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەک "ڕاوێژکاری ناوخۆیی" کار بکات، ڕێکخراوێکی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان کە توانای پێویست و پسپۆڕێتیی هەیە لە بواری کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی زانیاری و وەزارەتە پەیوەندداره‌کان دەتوانن وەک پێویست پشتی پێببەستن، بەم شێوەیەش پێویست ناکات ئەو وەزارەتانە ژمارەیەکی زۆر کارمەند دابمەزرێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەڕێوەبردنی زانیاری.

یەکێک لەو بوارانەی کە پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هەروەها وەزارەتە پەیوەندارەکانیش، جەخت بکەنەوە لەوەی بەلایەنی کەم پسپۆڕی ناوخۆیی بەشدار بێت لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی ڕووپێو. تەنانەت ئەگەر لە بارودۆخێکدا پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاریەکە بە گرێبەست بدرێت بە کۆمپانیا یان ڕێکخراوێکی دەرەکی، زۆر گرنگە کارمەندی ئەوتۆ هەبێت لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە قووڵی لە کاروبارە تەکنیکییەکانی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری تێبگات (بۆ نموونە، وەرگرتنی نمونە، داڕشتنی پرسیارنامە، پاراستنی مرۆڤەکان، و کاری مەیدانی). لە ئێستادا (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) هەندێک لەم توانایەی هەیە، هەروەها هەندێک نووسینگەی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک لەم توانایەی هەیە، بەڵام دەتوانرێت ئەم توانایە پتەوتر و تۆکمەتر بکرێت، ئەمەش لە ڕێی مەشقی زیاتر و لە ڕێی ئەنجامدانی چالاکیی کۆکردنەوەی زانیاری بە هاوکاری لەگەل ڕێکخراوی دەرەکی. بەبێ کەمترین بڕی پێویست لە توانای ناوخۆیی، زەحمەتە نووسینگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانن بە شێوەیەکی کارا گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای بیانی بکەن و بەڕێوەیان ببەن.

هەڵبژاردنی باشترین شێواز بۆ بەڕێوەبردنی کارمەندانی کۆکردنەوەی زانیاری پشت بە جۆری چالاکییەکە دەبەستێت. بۆ نموونە، شارەزایی و ژمارەی کارمەندانی پێویست پشت بە جۆری ڕووپێوەکە دەبەستێت. بۆ ڕووپێوی ئاسایی یان کۆکردنەوەی (زانیاری کارگێڕی) پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، یان وەزارەتی پەیوەندار، ڕەچاوی هەبوونی پسپۆڕیی پێویست بکات لە ناوخۆدا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری. لە بەرامبەردا، ئەگەر ڕووپێوێک کە یەک جار بکرێت یان ڕووپێوی تایبەتمەند – بە تایبەتی لە ماوەیەکی کورتخایەن یان لە ماوەی مامناوەندییدا- وا پەسەندترە لە دەرەوە کارمەندی خاوەن شارەزایی پێویست بهێنرێت، چونکە پێویست ناکات کارمەندێکی زۆری هەمیشەیی هەبێت. بە هەمان شێوە، چالاکیی وەک سەرژمێریی دانیشتوان کە بۆ ماوەیەکی کەم پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر کارمەندە کە پێویست ناکات شارەزاییەکی زۆریان هەبێت، پێویستە بۆ ئەم مەبەستە پشت بە کرێکاری کاتی یان بە کۆمپانیای دەرەکی ببەستێت، نەوەک کارمەندی ناوخۆ.

هەڵبژاردنی دەستی کاری گونجاوی ناوخۆیی بۆ پرۆسەکردن و شیکردنەوەی زانیاری ئەرکێکی سەختە، چونکە بە ئاستەم کەسی پسپۆڕ دەست دەکەوێت و ڕەنگە نەتوانرێت بە تەواوەتی بەکاربهێنرێت، بەلایەنی کەم لە سەرەتادا. پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و هەر وەزارەتێک بەلایەنی کەم یەک کەسیان هەبێت کە شارەزا بێت لە مامەڵەکردن لەسەر زانیاری گونجاو و شیکردنەوەی بنەڕەتیی.[3] لەگەڵ زیادبوونی داواکاری لەسەر شیکردنەوە، ڕەنگە وەزارەتەکان ڕەچاوی دامەزراندنی کارمەندی تری پسپۆڕ بکەن لە شیکردنەوەی باڵا، یان پسپۆڕەکان لای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بن و ئنجا وەزارەتەکان بە پێی پێویست سوودیان لێ وەربگیرێت. دەتوانرێت سوود لە کۆمپانیای دەرەکی وەربگیرێت بۆ شیکردنەوەی زانیاری، ئەم شێوازە بابەتێتی و متمانە بە شیکردنەوەکە دەبەخشێت.

هەروەها، دابەشکردنی زانیاری پێویستی بە کەسانێکی پسپۆڕە لە بواری مامەلەکردنی شیاو لەگەڵ زانیاری (بۆ نموونە، دانانی پلانی پاراستنی زانیاری خاو بۆ پاراستنی زانیاریی هەستەوەر) و تەکنەلۆجیای زانیاری (ئای تی، IT). لە ماوەی کورتخایەن تا ماوەی مامناوەندی، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان بە توندی پشت بە (فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، DoIT) ببەستن بۆ دانانی سیستمی ئاڵوگۆڕی زانیاری خاو و مەشقکردن بە کارمەندەکان لەسەر هەڵگرتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری خاو. لە درێژخایەنییدا، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی ئەنجامدانی گرێبەست یان دامەزراندنی کەسێک بکات بۆ هاوکاری کردن لە هەڵسەنگاندنی کارایی چالاکییەکانی دابەشکردن.

---

3 بۆ نموونە، کەسێک کە پلەی ماستەری هەبێت لە ئامار لە دەستگایەکی جیهانیی بەناوبانگەوە.

## چۆن ئەو داتایە کۆبکەینەوە کە هەرێمی کوردستان-عێراق پێویستی پێیەتی

لە دەستپێکی ئەم بەشەدا باسی سێ جۆری سەرەکی زانیاریمان کرد بۆ داڕێژەرانی سیاسەت: زانیاری کارگێڕی، سەرژمێر، و ڕووپێو. ئنجا بە تێروتەسەلی باسی توخمەکانی بەرنامەی کۆکردنەوەی زانیاری ئاستی-بەرزمان کرد، بە پوختی باسی سەرمایەی مرۆیی پێویستمان کرد بۆ پشتگیری کردن لە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری. ئێستا ئەم بەشانە ئاوێتە دەکەین بۆ تاوتوێیەکی پەیوەست بە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و چالاکییەکانی لە بواری کۆکردنەوەی زانیاری. لەبەرئەوەی وەک پێشتر باسمان کرد زانیاری کارگێڕی، سەرژمێر، و ڕووپێو لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی خۆیان هەیە، بەرنامەیەکی کاری هەمەلایەنی ئامار هەر سێ جۆرەکەی کۆکردنەوەی زانیاری لەخۆدەگرێت.

به گشتیی، پێویستە سەرژمێری دانیشتووان –کاتێک ئەنجام دەدرێت- و جۆرەکانی تری سەرژمێر بریتی بن لە جەوهەری سیستمێکی هەمەلایەنی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەر گیروگرفتی یاسایی و دەستوریی ئێستا لە هەرێمی کوردستان-عێراق، پێدەچێت لە ماوەیەکی کورتخایەندا تا ماوەی مامناوەندییدا زانیاری جەوهەریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتی بێت لە سەرژمێری کۆمپانیاکان و سەرژمێری تری جیا لە دانیشتوان. هەروەها، دەتوانرێت سەرژمێری تری بچووکیش ئەنجام بدرێت، ئەمانەش ڕێگە بۆ سەرژمێری گەورە خۆش دەکەن. ئەنجامدانی (سەرژمێر) سوودی بۆ چالاکییەکانی تری کۆکردنەوەی زانیاری هەیە. سەرژمێرەکان لە ڕێی دابینکردنی چوارچێوەیەک بۆ وەرگرتنی نمونە، ژێرخانێک بۆ ئامار، تواناسازیی ئامارەوە ڕێگە بۆ ڕووپێوەکان خۆش دەکەن، و وا باوە زانیاری سەرژمێر وەک زانیارییەکی یاریدەدەر بۆ پۆلێنکردنی نمونەکان بەکاربهێنرێت.

پێویستە زانیاری (ڕووپێو) تەواوکەری زانیاری (سەرژمێر) بێت لە ڕێی دابینکردنی زانیاری تێروتەسەل لەسەر بابەتە ئاڵۆزەکان، دەتوانرێت زانیاری ڕووپێو بۆ نوێکردنەوەی هەندێک زانیاری سەرژمێر بەکاربهێنرێت، زیاتر لەوەی کە دەتوانرێت بە کۆکردنەوەی زانیاری سەرژمێر ئەنجام بدرێت. پێویستە بابەتەکانی ڕووپێوەکان پشت بە پێشینەکانی سیاسەتەکان ببەستن، یەکێک لە ڕێکارەکان بریتییە لە کارکردن لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتە سەرەکییەکان بۆ داڕشتنی لیستێک بە پرسەکانی ئەو سیاسەتانەی کە دەتوانرێت بە پشتبەستن بە کۆکردنەوەی چڕی زانیاری دابڕێژرێن. کاتێک بابەتەکان دەستنیشان کران و هەڵبژێردران، ئەوسا پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان یان وەزارەتی بەرپرس لە کۆکردنەوەی زانیاری پلانێکی تێروتەسەل دابڕێژێت بۆ: دارشتنی ڕووپێو، کۆکردنەوەی زانیاری، شیکردنەوەی زانیاری، و دابەشکردنی زانیاری، وەک هەڵسەنگاندنی سەرمایە (سامان) ی مرۆیی پێویست. ڕەنگە ڕێکخراوە دەرەکییەکان، وەک ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (فاو) یان بانکی جیهانی بتوانن لە سەرتاسەری پرۆسەکەدا ڕێنمایی پێشکەش بکەن. کاتێکیش ڕووپێوەکان تەواو بوون، ئەوسا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پرۆسەیەی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنراوە بەکاربهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان بۆ چارەسەرکردنی هەر گیروگرفتێک کە ڕەنگە لە ڕووپێوەکانی ئاییندەدا ڕووبدات.

پێویستە ئەو دەزگایانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە زانیاری کۆدەکەنەوە بگەڕێن بۆ دەرفەتی سوود وەرگرتن لە یەکخستن (تەبایی) ی جۆرە جیاوازەکانی زانیاری بۆ ئەوەی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری ئاسانتر و هەرزانتر بکرێت. دەتوانرێت زانیاری سەرژمێر و ڕووپێو بە سەرکەوتوویی لەگەڵ تۆمارە کارگێڕییەکان بەکاربهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی خەرجی کۆکردنەوەی زانیاری – بۆ نموونە پێشوەخت زانیارییە بنەڕەتییەکانی ناو تۆماری کارگێڕی بەکاربهێنرێت بۆ پڕکردنەوەی خانەکان بۆ هەر تاکێکی خێزانەکە. هەروەها دەتوانرێت زانیاری رووپێوەکان بەکاربهێنرێت بۆ ساخکردنەوەی داپۆشین (تغطیة، ڕووماڵ) و ناوەڕۆکی سەرژمێر و دەستنیشانکردنی قەبارە و ئاراستەی هەڵەکان. بە هەمان شێوە، دەتوانرێت زانیاری تۆماری کارگێڕی بەکاربهێنرێت بۆ ساخکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکان و سەرژمێرەکان. ئاوێتەکردنی ئەم سەرچاوانەی زانیاری بۆ شیکردنەوەش سوودبەخشە – بۆ نموونە، دەتوانرێت زانیاری سەرژمێر و زانیاری کارگێڕی لەگەڵ زانیاری ڕووپێو ئاوێتە بکرێت و ئەنجامەکانی بریتی دەبێت لە چەند دەرئەنجامێک لەسەر ناوچەی جوگرافیی بچووک یان لەسەر گروپی لاوەکیی دانیشتوان.

هەندێک جۆری کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر سوودبەخشە لە هەندێک جۆری تر و زیاتر پەیوەندی هەیە بە پێشینەی زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر گرنگە جۆری گونجاوی زانیاری بۆ هەر بوارێک لە بوارە پێشینەکان کۆبکرێتەوە. خشتەی 6.1 جۆری زانیاری پیشان دەدات کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی ئەو نیشاندەرە پڕبایەخانەی لە بەشی پێنج باسیان کرا. سەرنج بدە ڕەنگە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا جۆری کۆکردنەوەی زانیارییەکە بگۆڕێت. بۆ نموونە، ڕەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەیەکی کورتخایەندا بیەوێت رووپێوی کۆمپانیا بکات بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەم و پێداویستییە کشتوکاڵییەکان، بەڵام دەتوانرێت لە ماوەیەکی درێژخایەندا ڕووپێوی بەرفراوانی خێزان ئەنجام بدرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تێروتەسەل لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵیی قەبارە بچووک. ڕووپیوی کۆمپانیا خەرجی کەمترە، بەشێکی زۆری لەبەرئەوەی کە ژمارەی کۆمپانیاکان کەمترە وەک لە ژمارەی خێزانەکان. سەرەڕای ئەمە، ڕووپێوی کشتوکال ڕەنگە زانیاری کۆبکاتەوە (بۆ نموونە، لەسەر کار-تەوزیف) کە ئەمەش بۆ پێشینەی تری سیاسەت گرنگە.

**خشتەی 6.1**
**ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ نیشاندەرە پڕبایەخەکانی زانیاری**

| نیشاندەری پڕبایەخ | زانیاری کارگێڕی | سەرژمێری کۆمپانیا/ کشتوکاڵ | ڕووپێوی خێزان | ڕووپێوی کۆمپانیا/ ڕێکخراو | ڕووپێوی کشتوکاڵ | ڕووپێوی مەبەستی تایبەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | | | | | | |
| بەرهەمهێنانی بەروبومی سەرەکیی (گەنم، برنج) | | x | x | | x | |
| بەرهەمهێنانی بەروبوومی گرانبەها (ترێ و هەنار) | | x | x | | x | |
| زەوی بەکارهێنراو بۆ کشتوکاڵ | | x | x | | x | |
| ئاوی بەکارهێنراو بۆ ئاودێری | | x | x | | x | |
| پەروەردە | | | | | | |
| ژمارەی ئەو قوتابخانە نوێیانەی لە ساڵەکەدا تەواو کراون | x | | | | | |
| ڕێژەی سەتیی ئەو مامۆستایانەی لە ساڵەکەدا مەشقیان بینیوە | x | | | x | | x |
| کۆی ژمارەی خوێندکارانی تۆمارکراو لە قوتابخانەی ناوەندی | x | | x | | | |
| پوختەی ژمارەی قوتابیانی تۆمارکراو لە ناوەندی | x | | x | | | |
| ڕێژەی تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی | x | | x | | | |
| کارەبا | | | | | | |
| توانای ئیسمیی یەکە | x | | | | | |
| توانای جەدوای یەکە | x | | | | | |
| ترۆپکی داواکاری (لۆد) | x | | x | x | | |
| ئیدارە | | | | | | |
| جێبەجێکردنی ڕێساکانی ئاکار | x | | | x | | |
| دەستگەیشتنی هەموو کەسێک بە یاساکان | x | | x | x | | |
| دەستگەیشتنی هەموو کەسێک بە ڕێساکان | x | | x | x | | |
| کاتی پێویست بۆ کردنەوەی پیشە و کارێک (کۆمپانیای ناوخۆیی) | | x | | | | x |

**خشته‌ی 6.1**

| نیشانده‌ری پرپایه‌خ | زانیاری کارگێڕی | سه‌رژمێری کۆمپانیا/ کشتوکاڵ | ڕووپێوی خێزان | ڕووپێوی کۆمپانیا/ ڕێکخراو | ڕووپێوی کشتوکاڵ | ڕووپێوی مه‌به‌ستی تایبه‌ت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ته‌ندروستی | | | | | | |
| ڕێژه‌ی مردنی منداڵان (0-11 مانگ) | x | | x | | | |
| ژماره و چڕیی پزیشک بۆ 10,000 که‌س له‌ دانیشتوان | x | x | | | | |
| چڕیی قه‌ره‌وێڵه‌ی نه‌خۆشخانه‌ بۆ 10,000 که‌س له‌ دانیشتوان | x | x | | | | |
| ڕێژه‌ی سه‌تیی ئه‌و قه‌زایانه‌ی که‌ له‌ ئاستی پێوانه‌ییدان به‌ گوێره‌ی ژماره‌ی بنکه‌ی سه‌ره‌کیی ته‌ندروستی (یه‌ک بنکه‌ بۆ 10,000 که‌س) | x | | | x | | |
| ژماره‌ی ئه‌و قه‌زایانه‌ی که‌ له‌ ئاستی پێوانه‌ییدان به‌ گوێره‌ی ژماره‌ی بنکه‌یی لاوه‌کیی ته‌ندروستیی (یه‌ک بنکه‌ بۆ 5,000 که‌س) | x | | | x | | |
| دی پی تی سێینه: ڕێژه‌ی سه‌تیی کوتانی منداڵانی 1 سالان به‌ سێینه (12-23 مانگ) | x | | x | | | |
| ماکرۆئابووریی | | | | | | |
| کۆی خه‌رجییه‌کانی حکومه‌ت | x | | | | | |
| خه‌رجیی که‌سیی له‌سه‌ر که‌ره‌سته‌ و خزمه‌تگوزارییه‌کان | | | x | | | |
| هه‌ناردە‌ی که‌ره‌سته‌کان | | x | | x | | |
| هاورده‌ی که‌ره‌سته‌ | | x | | x | | |
| ڕێژه‌ی بێکار | | | x | | | |
| ڕێبه‌ری نرخی به‌کاربه‌ر | | | | | | x |
| که‌رتی تایبه‌ت | | | | | | |
| ژماره‌ی کۆمپانیاکان به‌ گوێره‌ی چالاکیی | x | x | | | | |
| ژماره‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی کار ده‌که‌ن به‌ گوێره‌ی جۆری چالاکیی ئابووریی | | x | x | x | | |
| ڕێڕه‌وی وه‌به‌رهێنانی ڕاسته‌وخۆی بیانی | s | | | x | | |
| وه‌به‌رهێنانی چه‌سپاو به‌ گوێره‌ی کۆمپانیاکان | | x | | x | | |
| ژماره‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی مۆبایلیان هه‌یه‌ له‌ 1,000 که‌س | | | x | x | | x |
| ژماره‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی ئینته‌رنێت به‌کارده‌هێنن له‌ 100 که‌س | | | x | x | | x |

**خشتەی 6.1**

| نیشاندەری پڕبایەخ | زانیاری کارگێڕی | سەرژمێری کۆمپانیا/ کشتوکاڵ | ڕووپێوی خێزان | ڕووپێوی کۆمپانیا/ ڕێکخراو | ڕووپێوی کشتوکاڵ | ڕووپێوی مەبەستی تایبەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گەشتیاری | | | | | | |
| گەیشتن بە گوێرەی پۆلێنی میوان (شەوەکی، هەمان ڕۆژ) | x | | | | | |
| تێکڕای درێژیی مانەوە (هەموو جۆرە دەزگاکان) | | | | x | | x |
| تێکڕای خەرجیی لە یەک ڕۆژدا | | | | | | x |
| گواستنەوە | | | | | | |
| درێژایی ڕێگەی قیر | x | | | | | |
| هاتووچۆی ئۆتۆمبیلی نەفەر لە نێوان شارە گەورەکان | x | | | | | |
| کەرەستەی گوازراوە لەسەر ڕێگەوبان (تەن/کاتژمێر) | x | | | x | | |
| برینداریی پێکدادان | x | | | | | |
| ئاو | | | | | | |
| عەمباری ئاوی سەرزەوی (ستێرک) | x | | | | | |
| ڕێژەی ئاو لە سەرچاوەی ناوخۆوە بۆ ئابووریی | x | | | | x | x |
| بەفیڕۆچوونی ئاو لە دابەشکردنییدا | x | | | | | |
| ژ. ئەو دانیشتوانەی سەرچاوەی ئاوی خاوێن بەکاردەهێنن | | | x | | | |

پێویستە چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری تەریب بێت لەگەڵ ئاڵوگۆڕ و دابەشکردنی زانیاری بە شێوەیەکی کارا، و پێویستە پلان دابڕێژرێت بۆ ئاڵوگۆڕ و دابەشکردنی زانیاری لە قۆناغی پێکهێنانی پرۆژەی ئاماردا، بە تایبەتی لە ماوەیەکی کورتخایەنییدا. بە تایبەتیش، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات جەخت لەوە بکاتەوە هەموو چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری هەر نەبێت هەندێک زانیاری بخاتە پێش جەماوەر، و هاوکاتیش بەرپرسیارە لە سیاسەتەکانی بەڕێوەبردنی زانیاری. پێویستە کەسێک لە تیمی بەڕێوەبردنی زانیاری لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان یان وەزارەتی پەیوەندار ئەرک و بەرپرسیارێتییەکەی بریتی بێت لە جەختکردنەوەی لەوەی دوای تەواوکردنی کۆکردنەوەی زانیاری، داتاکە دەخرێتە پێش بەکارهێنەری تر. پێویستە ئەو زانیاریەی دەخرێتە پێش جەماوەر، جەماوەر بتوانێت دەستی پێبگات (یان ڕێوشوێنی ورد هەبێت لەسەر دەستپێگەیشتن)، و پێویستە پرۆژەی کۆکردنەوەی زانیاری بە گوێرەی ئەوە بێت ئاخۆ توانیویەتی ئامانجەکانی دابەشکردنی زانیاری بەدیبهێنێت، هەڵبسەنگێندرێت.

## ڕاسپاردەکان

کۆکردنەوەی زانیاری جۆری باش ئەرکێکی سەختە، بەڵام ئەگەر پێشوەخت ئامادەکاری بۆ بکرێت بە پشتبەستن بە تێگەیشتنێکی ڕوون لە مەبەستەکە، ئەوسا چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری سوود و متمانەی زیاتری دەبێت. بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێن:

- **دانانی پلان و چاودێریی بەرنامەیەکی هەمەلایەنی کار کە سەرژمێری کشتوکاڵ و کۆمپانیاکان لەخۆبگرێت، هەر پێنج یان دە ساڵ جارێک.** پێویستە لە ماوەیەکی ناوبەناوی کورتدا ڕووپێوەکانی کاروباری هەمەلایەنی خێزان، کێڵگە، و کۆمپانیا ئەنجام بدرێت، پێویستە کاتبەندی و کایەی ئەم چالاکییانە هێندەی بکرێت بە هەماهەنگی بێت بۆ ئەوەی تەواوکارەکان زیاتر بکرێت (وەک، ئەنجامدانی ڕووپێو لە ساڵانی نێوان ساڵەکانی ئەنجامدانی سەرژمێردا). پێویستە بە گوێرەی سەرچاوەکان و پێشینەکان خشتە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی تری کۆکردنەوەی زانیاری دابنرێت. نموونە گرنگەکانی ئەمە بریتییە لە ڕووپێوی هەمەلایەنی تەندروستیی خێزان، ڕووپێوی دەستی کار، و ڕووپێوی بەکارهێنەر.
  - دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، سەرژمێری دانیشتوان و خێزان بەشێک بێت لەم بەرنامەی کارە، بەڵام لەبەر نادڵنیایی سیاسی و یاسایی و دەستوری ناتوانین ڕاسپاردە بۆ سەرژمێری لەم جۆرە پێشکەش بکەین.
- **پەسندکردنی یەکەی جوگرافیی بۆ کۆکردنەوە و ڕاپۆرتکردنی ئامار.** پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕابەر بێت لە یەکخستن و هەماهەنگکردنی بنەماکانی کۆکردنەوەی زانیاری جوگرافی لە سەرتاسەری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- **پەسندکردنی یەکەی جوگرافیی بۆ کۆکردنەوە و ڕاپۆرتکردنی ئامار.** پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕابەر بێت لە یەکخستن و هەماهەنگکردنی بنەماکانی کۆکردنەوەی زانیاری جوگرافی لە سەرتاسەری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- **پەسندکردنی شێوازە ئەلیکترۆنییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵگرتنی تۆمار (سجلات) بە شێوەی ئەلیکترۆنی، لە هەر شوێنێک کە بکرێت.**
- **پەسندکردنی و دابەشکردنی ڕێنمایی جۆری بۆ شێوازەکان و چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و مامەڵەکردنی دروست (گونجاو) لەگەڵ زانیاری.**
- **پەسندکردنی و دابەشکردنی پرۆتۆکۆل و ڕێوشوێنەکانی خاوێنکردنەوە و هەڵگرتنی کۆمەڵەی زانیاریەکان، بە تایبەتی پرۆتۆکۆلەکان و ڕێوشوێنەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری هەستیار.**
- **هاوکاری بۆ دامەزراندنی پرۆتۆکۆلەکانی ئەخلاقییات (ئاکار) بۆ پاراستنی مافەکان و خۆشگوزەرانی ئەو کەسانەی بابەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەن.** پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پرۆتۆکۆلەکان و ڕێوشوێنەکانی پەسندکردنی خوڕەوشتی ڕەفتار (ئاکاری ڕەفتار) و مامەڵەی گونجاوی مرۆڤەکان بکات و دابەشیان بکات،بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆتۆکۆلانە، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (دەستەی پێداچوونەوەی خوڕەوشتی دامەزراوەیی/ ئەنجومەنی پێداچوونەوەی ئاکاری دامەزراوەیی) دروست بکات لە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و ئاسانکاری پێشکەش بکات بۆ دامەزراندنی دەستە (ئەنجومەن) ی لەم جۆرە لە وەزارەتەکانی تر. بابەتی ئەوەی ئاخۆ پێویستە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) بە خۆی وەک (دەستە (ئەنجومەن) ی پێداچوونەوەی ئاکاری دامەزراوەیی) ی سەرجەم حکومەت کار بکات بابەتێکە کە پێویستە هەندێک کاروباری تێدا ڕەچاو بکرێت، وەک خاڵە ئەرێنییەکانی بەردەوامێتی و تواناکان، بەڵام هەروەها پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ڕەنگە ئەرکێکی

گرانی کارگێڕی بکەوێتە سەر شانی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و ئەگەرێکی قەتیسبوو دروست ببێت لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی.

- **دروستکردنی عەمبارێکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئەنتەرنێت بۆ سەرچاوەکانی زانیاری، بە لەخۆگرتنی تەواوی بەڵگەنامەکان، بۆ ئاسانکردنی بەکارهێنانی و شیکردنەوەی زانیاری.** پێویستە عەمبارەکە بۆ جەماوەر بەردەست بێت، و پێویستە بەشێوەیەکی ڕێکخراو چاکسازی و نوێکاری بۆ بکرێت.
- **چاودێریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیاری بە شێوەیەکی سیستماتیکی.** پێویستە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) میکانیزم دابڕێژێت بۆ چاودێری کردنی بەکارهێنانی بەرهەمە سەرەکییەکانی زانیاری و تێبگات لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیاری لەلایەن جەماوەری مەبەست و گشتیی خەلک، وەک تۆمارێک بۆ ئەوانەی زانیاریە گشتییەکان بەکاردەهێنن لە ئینتەرنێت، ڕووماڵی ڕاپۆرتە ئامارییەکان لەلایەن میدیاوە، بڵاوکراوە و چاپکراوە ئەکادیمییەکان لەسەر بەکارهێنانی زانیاریەکە، و ئەو ڕاپۆرتە حکومییانەی سوود لەو سەرچاوە دیاریکراوانەی زانیاریەکە وەردەگرن. هەروەها پێویستە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) ڕووپێوی بەکارهێنەرەکانی زانیاری بکات بۆ ئەوەی بزانێت تا چەند ڕەزامەندن. ئەم بەکارهێنەرانە بریتین لە وەزارەت و ئاژانسەکانی وەزارەتە حکومییەکان، توێژەر و لێکۆڵەرەوەکان، و جەماوەر.

## ڕێکخستنە دامەزراوەییەکان بۆ بەدیهێنانی پێشینەکانی ڕامیاری

### ئامانج

ئامانجی ئەم بەشە بریتییە لە

- ڕووپێوکردنی بنەما و ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکانی کۆکردنەوەی ئامار و داڕشتنی سیستەمەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی ئاماریی.
- هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا لەژێر تیشکی ئەو زانیارییەدا.

لێرەدا تێبینی پێویستبوونێکی بەپەلەی یاسای ئامار، و چەند ئەنجومەنێک دەکرێت بۆ چاودێریی کارکردنی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان).

### سیستمی ئامار

سیستمی کۆکردنەوەی زانیاریی ئاماریی (المعلومات الاحصائية، statistical information) بریتییە لە کۆی ئەو دەزگایانە، ڕێوشوێنانە، و میکانیزمانەی پێکەوە کار لەیەکتری و لە جەماوەر دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئامار. دەتوانرێت بە شێوەیەکی توکمە ئەم دەزگا، ڕێوشوێن، و میکانیزمانە بۆ شەش پۆلێن دابەش بکرێت:

- یاسادانان (یاسایی)
- ژێرخانی ئاژانس: وردەکاریی لەسەر ئاژانسێک یان چەند ئاژانسێکی دیاریکراو کە بەرپرسیارە لە ئامارەکان
- میکانیزمەکانی هەماهەنگی
- چاودێریی سیستمەکە و ئاژانسەکە
- توانای تەکنیکی
- پەیوەندییەکانی دەرەوە

لە نێو ئەم سستەمی ئامارەدا دووبارە بوونەوەی کردارە ئامارییەکان ڕوودەدات: پلاندانان و بەرنامە داڕشتن، کۆکردنەوە و شیکردنەوە، و بەرهەمهێنان و پێناسەکردنەوەی پێداویستییەکانی ئامار. ئەم بەشانەی پرۆسەکە لە سەرتاسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە باسیان کراوە. ئێمە لێرەدا بە تێروتەسەلی باسی سیستمی ئامار دەکەین.

دەسەڵات و ڕێپێدراوێتی لایەنەکانی ناو سیستمەکە لە **یاسا**یەکی تایبەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێناسەی پەیوەندییەکانیان دەکات. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێنماییەکی دەرکردووە بۆ کەمترین ڕادەی بنەماکانی جۆری یاساکە، بەڵام یاسای وڵاتانی جیهان زۆر لێک جیاوازن.[1]

[1] بۆ خوێندنەوەی بنەما پێشنیارکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕوانە (نامیلکەی ڕێکخراوەکانی ئامار) (بەشی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، 2003)، بە ئینگلیزی و بە عەرەبی هەیە.

بەلایەنی کەمەوە، یاساکە هێڵکاریی پێکهاتەی ئەو دەزگایانەی تێدایە کە بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی پرۆسەی کۆکردنەوەی ئامار، پێناسەی سروشتی چاودێریی ئەم پرۆسەیە دەکات، باسی تواناکانی ئەم ئاژانسە دەکات، و پێناسەی پەیوەندییەکانی ئاژانسەکە دەکات لەگەڵ لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی. یاساکە هەروەها باسی دەسەڵات (ڕێپێدراویتی) ی ئاژانسەکە دەکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، قەوارەی گشتیی و کەرتی تایبەت پابەند (مولزەم) دەکات بە دابینکردنی زانیاریی پێویست، و داوا لە ئاژانسەکە دەکات نهێنی و یەکگرتووی زانیارییەکان بپارێزێت. لەبەرئەوەی هەمیشە ئەم جۆرە یاسایە لەلایەن نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان پەسند دەکرێت، پرۆسەی نووسینی یاساکە و دەستکاریکردنی یاساکە بابەتی هەرە سەرەکییە کە لەو ڕێگەیەوە لایەنە بەشدارەکانی پرۆسەی کۆکردنەوەی ئامار دەتوانن کار بکەنە سەر پرۆسەی کۆکردنەوەی ئامار. ئەم لایەنە بەشدارانە ڕەنگە لەناوخۆی هەرێمەکە یان وڵاتەکە بن، وەک ئاژانس و وەزارەتی جۆراوجۆری حکومەت، جەماوەر، کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگاکانی پیشە و ئەکادیمی، هەروەها لایەنی دەرەکی بن، وەک ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی نێوەدەوڵەتی، یان سندوقی دراوی نێودەوڵەتی)، و کۆمەکبەخشی جۆراوجۆر، وەبەرهێنەری بیانی، و توێژەر و لێکۆڵەر.

ئامارە فەرمییەکان کایەیان فراوانە و **چەندین ئاژانسی** حکومی بەرهەمی دەهێنن. لە زۆر وڵات ئاژانسێکی مەرکەزیی ئامار هەیە کە زۆرینەی ئامارە فەرمییەکان بەرهەم دەهێنێت، لە هەندێک وڵاتی تر زیاتر لە یەک ئاژانسی ئامار هەیە کە هەر یەکێکیان لەسەر بوارێکی جیاوازی ئامار کار دەکەن. چەندین ئاماری فەرمی لەلایەن فەرمانگەکانی حکومەتەوە وەک بەرهەمێکی لاوەکیی چالاکییەکانیان بەرهەم دەهێنرێت، هەندێک جار لەلایەن یەکە (وحدة) یێکی ناوخۆیی سەربەخۆی ئامارەوە بەرهەم دەهێنرێت. هەندێک جار ئاژانسەکانی ئامار بریتین لە قەوارەیەکی سەربەخۆ و هەندێک جار سەر بە وەزارەتێکن، بەشێوەیەکی گشتی سەر بە وەزارەتی پلاندانان یان دارایی دەبن.

گرنگ نیە ڕێکخستنی پێکهاتەکانی بەرهەمهێنانی ئامارەکان چین، پێویستە چالاکییەکانی ئامار هەماهەنگ بکرێت بۆ ئەوەی دووبارەبوونەوە ڕوونەدات ئەمەش لە پێناو ئەوەی ئەرکی ڕاپۆرتدان لەسەر وەڵامدەرەوەکان کەم بکرێتەوە، ئاسانکاریی بکرێت بۆ یەکخستنی زانیارییەکان لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە لە ڕێی بەکارهێنانی بنەماکانی ئامارەوە، و بۆ بەشداریی کردن لە دەستپێشخەرییە نێودەوڵەتییەکان (United Nations Statistics Division, 1994).

یەکێک لە توخمە ڕبایەخەکانی سیستمی ئامار بریتییە لەو پرۆسەیەی حکومەت و جەماوەر بەکاریدەهێنن بۆ **چاودێریی** کردن چالاکییەکانی ئاژانسی ئامارەکە، وا باوە ئەمە لە ڕێی دروستکردنی دەستە (ئەنجومەن) یێک یان چەند دەستە (ئەنجومەن) یێکی چاودێرییەوە بێت. ئەگەرچی ڕێکخستنەکانی ئەم کردارە لە نێو سستەمە جیاوازەکانی ئامارەوە دەگۆڕێت، بەڵام وا باوە چاودێریی فەرمی لە سەرتاسەری جیهاندا بریتی بێت لە پرۆسەیەک کە پلان و بەرنامە ئامارییە جۆراوجۆرەکان پێناسە بکات. لەم پرۆسەیەدا، ئەو لایەنەی ڕێپێدراوە بۆ ئەنجامدانی چاودێریی داوا لە ئاژانسەکە دەکات وەڵامی دوو پرسیاری سەرەکی بداتەوە: یەکەم، ئایا ئێمە ئەو زانیارییانە کۆدەکەینەوە و شی دەکەینەوە کە پشتگیریی لە ئامانجی سیاسەتە نیشتمانییەکانمان دەکات؟ و دووەم، ئایا ئێمە بە شێوەیەکی یاسایی و تەکنیکی ئەوتۆ زانیارییەکان کۆدەکەینەوە کە یەکگرتووی زانیارییەکە بپارێزێت و ئەرکی ڕاپۆرتدان لەسەر شانی وەڵامدەرەکان کەم بکاتەوە بکات؟

یەکێک لە نمونە باوەکان بریتییە لە دامەزراندنی دوو دەستە (ئەنجومەن) یان دوو کۆمیسیۆن. یەکەم، پێک دێت لە نوێنەرانی لایەنە بەشدارەکانی ئاژانسەکانی حکومەت و سەرکردایەتیی سیاسی، ئەرکەکەی بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی بەرنامەی کۆکردنەوەی ئامار پەیوەستە بە سیاسەتەکانەوە. دووەم، پێک دێت لە پسپۆڕانی بوارەکە لە کارمەندانی حکومەت، هەندێک جار کەسانی ئەکادیمی، کۆمەڵگەی مەدەنی، و کەرتی تایبەت، ئەرکەکەی بریتییە لە جەختکردنەوە لە شایستەیی تەکنیکی و گونجاویتیی بەرنامەکە. بەشی ئامار لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم شێوازەی پەسند کردووە لە نمونەی یاسای ئامارەکەیدا (United Nations Statistics Division, 2003, Appendix1). حکومەتەکان ڕێوشوێنی تریش دەگرنە بەر بۆ چاودێریی کردن.

تەنانەت باشترین بەرنامەی ئامار لە چوارچێوەکەی دەردەچێت ئەگەر ئاژانسی ئامارەکە **توانای تەکنیکی** پێویستی نەبێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە. ئەم توانایە بریتییە لە کارمەندی باش ڕاهێنراو و فێرکراو، توانای گونجاوی شیکاری و هەڵگرتن (خەزنکردن)، و دارایی پێویست بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان.

لە هەر حکومەتێکدا، پەیوەندییەکان پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی **پەیوەندییە دەرەکییەکان (پەیوەندییەکانی دەرەوە)**. بەلایەنی کەمەوە ئەم ئەندامێتییە یەکێک لە مەرجەکانی بریتی دەبێت لە ڕاپۆرتکردنی زانیارییەکان، و توانای دابینکردنی ئەم داتایانە بریتییە لە توخمێکی بنەڕەتی بۆ ئەوەی ببێت بە بەشێک لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی. بۆ حکومەتێکی خوار حکومەتی ئاستی نیشتمانی یان حکومەتی هەرێمێک، پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بریتییە لە کۆڵەکەیەکی تری پەیوەندییەکانی دەرەوە. ڕەنگە لەم پەیوەندییەوە مەرجەکانی کۆکردنەوەی هەندێک جۆری زانیاری سەرچاوە بگرێت، بەڵام ئەم پەیوەندییە پێویستی بە هەماهەنگیی و هاوکاریی دووقۆڵییەوە هەیە بۆ ئەوەی یەکسان و هاوشان بێت و هەردوولا سوودی لێ ببینن. هەماهەنگی نێوان ئاستەکان بریتییە لە یەکتری تەواوکردن، پشت پێبەستن، دەستگەیشتن بە سەرچاوەکان، و دانانی پێوانە (یەکخستن) ی پۆلێنکردن (United Nations Statistics Division, 2003).

## نمونەکانی سیستمی ئامار و کاروباری ڕێکخراوەیی

سیستمەکانی کۆکردنەوەی ئامار بە گوێرەی چەند جۆرێک نمونە ڕێکخراون. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە پێداچوونەوەی سیستمەکانی ئاماری سێ جۆر ئابووریمان کرد: (1) ئەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، ئەمەش لەسەر داوای سپۆنسەرەکانی پرۆژەکە، (2) ئەو ئابوورییانەی کە بەشی تاکە کەس لە کۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی (کۆی داهاتی تاکەکەس) لە نێوان 3,000 - 5,000 دۆلارە، کە پێدەچێت هەرێمی کوردستان بکەوێتە ناو ئەم ڕێژەیەوە، و (3) ئەو وڵاتانەی ڕێکخراوی فیدراڵییان هەیە، ئەمەش بەسەر عێراقدا دەگونجێت لەبەرئەوەی سیستمی فیدراڵیی هەیە. ئەنجامە سەرەکییەکەش ئەوە بوو کە هیچ وڵاتێک نییە تەنها یەک ئاژانسی هەبێت بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئامارەکان.

#### سیستمی ئاماری نیشتمانی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا

ئێمە پێداچوونەوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی (الهيكل التنظيمي) ی دەزگاکانی ئامار و یاساکانی ئاماری 17 قەوارەی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیامان کرد: جەزائر، بەحرەین، دوبەی، میسر، ئوردن، کوێت، لوبنان، مەغریب، عومان، دەسەڵاتی فەلەستینی، قەتەر، سعودیە، سوریا، تونس، تورکیا، ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەب (ئیمارات)، و یەمەن (خشتەی 7.1). سیستمەکانی ئامار لە حەوت قەوارە لەم قەوارانە سەر بە ئاژانس یان وەزارەتێکە، ئەمەش ئەو دەزگایانەی کە بەشی پلاندانانیان هەیە، نۆ دانەیان ئاژانسی سەربەخۆ بوون کە لە بەرامبەر سەرۆکی حکومەت بەرپرسیاربوون. یەکێکیان، کە تورکیایە، سەر بە سەرۆک وەزیرانە بەڵام دەتوانرێت بە بڕیاری ئەم بخرێتە ژێر وەزارەتێک. ڕەوتە گشتییەکە زیاتر بەرەو سەربەخۆیی زۆرتری دەزگای ئامار بووە. بۆ نموونە، تا ئەم دواییەش لە ئیمارات ئاژانسی ئامار سەر بە وەزارەتی ئابووری بووە، بەڵام ئێستا ئاژانسێکی سەربەخۆیە.

10 لەو 17 نمونەیەدا، چاودێری و پلاندانان بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی ئامار لەلایەن دەستەیەکی سەربەخۆی متمانەداران (ڕازگران، امناء) یان ڕاوێژکارانە بووە، لە پێنج نمونەدا ئەو ئەرکە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە ئەنجام دراوە یان دەسەلاتەکە دراوە بەو وەزیرەی سەرپەرشتی ئەو فەرمانگەیە دەکات. لە یەک نمونەدا، کە لوبنانە، دیار نییە بەرپرسیارێتیی چاودێری لە ئەستۆی کێیە، ئەگەرچی ئاژانسەکە دەستەیەکی سەربەخۆیە. لە زۆربەی نمونەکاندا دەستەکان لە نوێنەرانی وەزارەت و ئاژانسە پەیوەندارەکان پێکهاتوون، وا باوە لە ئاستی جێگری وەزیر یان بەڕێوەبەری گشتییدا بن (ئەمانە فەرمانبەری پلە بەرزن). لە بارێک لە بارەکاندا، لە دەسەڵاتی فەلەستین، سیاسەتی چاودێری لە ئەستۆی سەرۆکە. بۆ ئەم مەبەستە، دەستەیەکی ڕاوێژکاریی هەیە کە پێکهاتەکەی زۆر وەک پێکهاتەی هەر دەستەیەکی تری چاودێرییە.

**خشتەی 7.1**
**ڕێکخراوە ئامارییەکان لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا**

| وڵات | ڕێکخراوی ئامار | سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی[a] | چاودێریی ئامارەکان |
|---|---|---|---|
| جەزائر | نووسینگەی نیشتمانیی بۆ ئامار | ئاژانسێکی سەربەخۆیە | ئەنجومەنیی نیشتمانیی ئامار کە ئەنجومەنی وەزیران دایدەمەزرێنێت |
| بەحرەین | ڕێکخراویی مەرکەزیی زانیاریی | فەرمانگەی ئامارەکان بەشێکە لە ڕێکخراوێکی یەکگرتووی بەرپرسیار لە ئامار، ناسنامە، GIS، و ئای تی حکومیی | بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە |
| دوبەی | بنکەی ئاماری دوبەی | ئاژانسێکی سەربەخۆیە لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران | دەستەی بەڕێوەبەران لەلایەن حاکمی دوبەی دادەمەزرێندرێت |
| میسر | دەزگای ناوەندی بۆ بەکاربردن و ئاماری گشتی | ئاژانسێکی سەربەخۆیە سەر بە سەرۆک کۆمار | لیژنەی ڕاوێژکاری بۆ هەماهەنگیی پلاندانان و ئامار، ئەندامەکان نوێنەرایەتی کەرتی جۆراوجۆری ئامار یان کەرتی تایبەت و پسپۆڕانی ئامار دەکەن |
| ئوردن | فەرمانگەی ئامار | سەر بە وەزارەتی پلاندااانە | وەزیری پلاندانان |
| کوێت | نووسینگەی ئاماری ناوەندی | سەر بە ئەنجومەنی باڵای پلاندانانە | سەرۆکی دەستەی پلاندانان بەرپرسیارە لە چاودێری |
| لوبنان | بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی بۆ ئامار | ئاژانسێکی سەربەخۆیە لە ئەنجومەنی وەزیرانە | نازانرێت |
| مەغریب | بەڕێوەبەرایەتیی ئامار | سەر بە کۆمیسیۆنی باڵای پلاندانانە | کۆمیسیۆنی باڵای پلاندانان |
| عومان | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئامار، وەزارەتی ئابووریی نیشتمانیی | سەر بە وەزارەتی ئابووریی نیشتمانی و جێگری وەزیری کاروباری گەشەسەندنە | لیژنەی ڕاوێژکاریی ئامار کە پێک دێت لە جێگری وەزیری وەزارەتە پەیوەندارەکان |
| دەسەلاتی فەلەستینی | نووسینگەی مەرکەزیی ئامار لە فەلەستین | نووسینگەی مەرکەزیی ئامار سەربەخۆیە | لیژنەی ڕاوێژکاران پێک دێت لە لایەنە بەشدارەکانی حکومی، ناحکومی، و کەسانی ئەکادیمی – تەنها ڕاوێژکارییە و هیچ ڕۆڵێکی چاودێریکاریی نییە |
| قەتەر | دەزگای ئامار | ئاژانسێکی سەربەخۆیە | ئەنجومەنی وەزیران یان ئەمیر |
| سعودیە | فەرمانگەی مەرکەزیی ئامار و زانیاری | سەر بە وەزارەتی ئابووریی و پلاندانانە | وەزیری ئابووریی و پلاندانان |
| سوریا | نووسینگەی مەرکەزیی ئامار | ئاژانسێکی سەربەخۆیە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆک وەزیرانە | ئەنجومەنی نیشتمانیی ئامار لە لایەن سەرۆک وەزیرانەوە دادەمەزرێت، لە وەکیل وەزیری وەزارەتە پەیوەندارەکان و کۆمیسیۆنێکی پسپۆڕانی تەکنیکی پێک دێت |
| تونس | دەزگای ئاماری نیشتمانی | سەر بە وەزارەتی گەشەسەندنە | دەستەی بەڕێوەبەران لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتە پەیوەندارەکان پێک دێت |
| تورکیا | دەزگای ئاماری تورک(TURKSTAT) | بە فەرمانی سەرۆک وەزیران پێک دێت، کە ڕەنگە بەڕێوەبردنەکەی بسپێرێت بە وەزیرێکی دەوڵەت | ئەنجومەنی ئامار پێک دێت لە جێگری وەزیرەکانی وەزارەتی جۆراوجۆر، و هەروەها نوێنەرانی دەزگاکانی ئەکادیمی، پیشە و کار و ڕێکخراوی ناحکومیی بواری ئامار |

**خشتەی 7.1**

| وڵات | ڕێکخراوی ئامار | سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی[a] | چاودێریی ئامارەکان |
|---|---|---|---|
| ئیمارات | نووسینگەی نیشتمانیی بۆ ئامار | ئاژانسێکی سەربەخۆیە لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران | دەستەی بەڕێوەبەران لە نوێنەرانی تاکەکەسی ئیماراتی پێکدێت |
| یەمەن | دەزگای ئاماری ناوەندی | سەر بە وەزارەتی پلاندانانە | وەزارەتی پلاندانان |

سەرچاوە: وێبسایتی ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی ئامار، تا 15 ی کانونی یەکەمی 2011.

جەزائر (http://www.ons.dz/index-en.php)، بەحرەین (http://www.cio.gov.bh/)، دوبەی (http://www.dsc.gov.ae/en/pages/home.aspx) میسر (http://www.capmas.gov.eg/)

ئوردن (http://www.dos.gov.jo/dos_home_e/main/index.htm)، کوێت (http://www.cso.gov.kw/)، لوبنان (http://www.cas.gov.lb/)، مەغریب (http://www.hcp.ma)، عومان(http://www.mone.gov.om/)، دەسەڵاتی فەلەستینی (http://www.pcbs.gov.ps/)، قەتەر (http://www.qsa.gov.qa/Eng/index.htm)، سعودیە (http://www.cdsi.gov.sa/english/index.php)، سوریا (http://www.cbssyr.org/index-EN.htm)، تونس (http://www.ins.nat.tn/indexen.php)، تورکیا (http://www.turkstat.gov.tr/Start.do)، ئیمارات (http://www.uaestatistics.gov.ae/)، و یەمەن (http://www.cso-yemen.org/).

[a] ئەو ڕێکخراوەی کە نووسینگەی ئامار بەشێکە لە ڕێکخراوەکە بریتییە لەو دەزگایەی کە کۆنترۆڵی کارگێڕی و کۆنترۆڵی سیاسەتی ڕۆژانەی هەیە بەسەر نووسینگەکەوە.

لە هەندێک وڵاتدا نوێنەرانی کۆمەڵگەی پیشەوانان، دەزگا ئەکادیمییەکان، و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەناو دەستەکە (ئەنجومەنەکە) دادەنێن (بۆ نموونە، عومان و تورکیا)، هەندێک وڵاتی تر دەستەی سەربەخۆی ڕاوێژکاریی تەکنیکییان هەیە کە پسپۆڕانی ئاماری ئاژانسە بەشدارەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە لەگەڵ ئەوانەی دەزگا ئەکادیمییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ئەوەی ڕاوێژ لەسەر دروستی ڕێکارەکانی سیاسەت و بۆچوونی پسپۆڕان پێشکەش بکەن لەسەر پلان و بەرنامە ئامارییەکانی دەستەکە. بە گشتیی، یاساکانی ئامار ئەوە دەستنیشان دەکەن کە ڕێکخراوی ئامار، بە بێ ڕەچاوکردنی جێگەی ڕێکخراوەکە، ئاژانسێکی سەرەکیی بەرپرسە لە هەموو کۆکردنەوە ئامارییەکان، لە دانانی بنەما و پێوەرەکان، و پلاندانان و داڕشتنی بەرنامەی ئامار. وا باوە هەندێک جۆری ئامار لەلایەن یەکەی ئاماری وەزارەتەکانی ترەوە کۆبکرێتەوە، بۆ نموونە، دارایی، گەشتوگوزار، یان ئاسایش (تەناهی). بەڵام، نووسینگەی مەرکەزیی ئامار وەک چەقێکی بەیەک گەیشتنی ئەم چالاکیانەیە چونکە پابەندە (مولزەمە) بە ڕاپۆرتنووسین بۆ دەستە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان. بۆیە وا باوە دەستەکانی ڕاوێژکاری و پلاندانان بۆ هەماهەنگی و ڕێکوپێک کردنی ئەم پێکەوە کارکردنە بەکاربهێنرێن لە سەرتاسەری سنوورە بیرۆکراتییەکان (ڕۆتینەکان) و ئامرازێکی بەسوود بن بۆ جەختکردنەوە لە یەکگرتوویی چالاکییەکانی سەرجەم حکومەت.

ئەگەرچی ئێمە زانیارییمان پێشکەش کردووە سەبارەت بە سیستمەکانی ئامار لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە زۆربەی ئەمانە وەنەبێت باشترین نمونە بن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەوەی سیستمێکی ئامار دابنرێت کە لە ئاستی سیستمە باشەکانی جیهان بێت، کە ئەمەش ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەدایە سەیری شوێنی تر بکات. بەم شێوەیە، ئەم دوو بەشەی داهاتوو جەخت دەخەنە سەر ئەو سیستمانەی ئامار کە ڕەنگە نمونەیەکی باشتر بن.

**ئەو ئابوورییانەی کە کۆی بەرهەمی ناوەخۆییان بۆ یەک کەسیان هاوشێوەیە: جەخت خستنە سەر بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا**

ئەو وڵاتانەی کە بەشی نەگۆڕی تاکەکەس لە کۆی بەرهەمی نیشتمانیی لە نێوان 3,000 و 5,000 دۆلارە ئاستی داهاتیان هاوشێوەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان. ئەم هاوشێوەیەی ئاستی داهات بۆ بەراورد سوودبەخشە چونکە ڕەنگدانەوەی بڕی ئەو سەرچاوانەیە کە حکومەت دەتوانێت بیخاتە نێو چالاکییەکانی ئامار و دواتریش ووردەکاری و ئاڵۆزیی سیستمی ئامارەکەی. ئەو وڵاتانەی کە ئاستی داهاتیان هاوشێوەیە بریتین لە چەند وڵاتێکی ناوچەکە: سوریا (2,892)، تونس (4,159)، و ئوردن (4,434).[2] لەبەرئەوەی ئێمە پێشتر تیشکمان خستە سەر سیستمەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، ئێمە بۆ بەراورد کردن بۆ ئەو وڵاتانە گەڕاین کە داهاتیان لەم ڕێژەیەدایە لە دەرەوەی ناوچەکە و لەم دواییەدا ناکۆکی و پێکدادان و ئابووری و ڕامیاری کاتیان بەخۆیانەوە بینیوە. یەکێک لە نموونە دیارەکان بریتییە لە بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا (BiH)، بەشی تاکەکەس لە (کۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، GDP) ان بریتییە لە 4,157 دۆلار. ئەم نموونەیە بە تایبەتی لەبەرئەوە سوودبەخشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان چونکە ڕێکخراو و چالاکییەکانی سیستمێکی ئاماری ناوچەیەکی سیاسی پیشان دەدات لە چوارچێوەی وڵاتێکی گەورەتردا. بۆیە هەندێک بە چڕوپڕی باسی ئەم نموونەیە دەکەین.

[2] داتای (GDP) لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەرگیراوە، 2010.

(BiH) بریتییە لە دەوڵەتێکی فیدراڵی کە لە دوو هەرێمی ئۆتۆنۆم پێک دێت، یان دوو قەوارە، فیدراسیۆنی کروات-موسڵمانەکانی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا (BiH)، و کۆماری سرپ (جمهورية الصرب، RepublikaSrpska). هەر یەکێکیان سیستمێکی ئاماری خۆی هەیە کە هەموو خزمەتگوزارییەکان ئەنجام دەدات، ئەوەی کۆماری سرپ، دوای جیابوونەوە لە نووسینگەی ئاماری هەرێمایەتییەوە پەرەی سەند. وڵاتەکە سیسمتێکی ئاماری هاوبەشی هەیە لە ئاستی نیشتمانییدا. لەبەرئەوەی هەردوو قەوارەکە هەوڵ دەدەن لە یەکێتی ئەوروپا ببن بە ئەندام، سیستمی ئامارەکانیان لە جۆری ئاست بەرزە و ئەمەش لەبەرئەوەی داواکارییان پێشکەش کردووە ببن بە ئەندام، و بەم شێوەیەش رێبەری باشن بۆ (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) سەبارەت بەوەی ئاخۆ بە شێوەیەکی گونجاو لە ئابووریەکی هاوشێوەدا دەکرێت چی بەدەست بهێنرێت.

لە ئێستادا، سێ دەزگای ئامار هەیە لە (بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا، BiH):

- دەستگای ئاستی نیشتمانی بریتییە لە (ئاژانسی ئامار لە بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا، BHAS). ئەمە دەزگایەکی سەربەخۆی پرۆفیشناڵە، راسەتوخۆ بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیرانی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا. ئەم دەزگایە (BHAS) نۆ یەکەی رێکخراوەیی هەیە و پێویستە بەلایەنی کەمەوە 74 کارمەندی هەبێت بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ئاسایی.
- دەزگای فیدراڵی بۆ ئاماری فیدراسیۆنی (BiH) خزمەتی (FBiH) دەکات. سەرەرای ئەمە، لە 1 ی کانونی دووەمی 2006 (نووسینگەی ئاماری قەزاری برکۆ) بوو بە نووسینگەی لقی (BHAS). (FBiH) ژێرخانی دەزگای ئاماری دەوڵەتیی پێش جەنگی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا کەوتە بەردەست، و بەکارهێنرا بۆ هاوکاری لەگەڵ دەزگای پێشووی فیدراڵیی لە یۆگۆسلاڤیا. تا 1997، ئەم دەزگایە وەک دەزگای ئامار کاری دەکرد، نزیکەی 180 کارمەندی هەبوو.
- (دەزگای کۆماری سرپ بۆ ئامار، The Republika SrpskaInstitute of Statistics) خزمەتی کۆماری سرپ (Republika Srpska) دەکات. دەزگاکە لە 1992 دامەزرا لە نووسینگەی هەرێمایەتیی بانیا لوکاوە کە دەستگایەکی دەوڵەتییە، لە سەرەتای 2011 دەزگاکە شەش فەرمانگە و نزیکەی 100 کارمەندی هەبوو.

سەرەرای ئەو سێ دەزگایەی ئامار، بانکی مەرکەزیی (BiH) ئاماری دراو و مووچە و دارایی سەرجەم بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا کۆدەکاتەوە.

(BHAS) لە 1998 بە بریارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی (BiH) دامەزرا. یاسای ئاماری (BiH) لە 2004 –ەوە کەوتە بواری جێبەجێکردن لە ئاستی دەوڵەتدا، و قەوارەکانی پابەند (مولزەم) دەکرد بە هەماهەنگکردنی یاساکانی ئامار یان لەگەڵ یاسای دەوڵەت. یاساکە (BHAS) ی راسپاردبوو بە دەستنیشانکردنی بنەما و پێوانەکانی ئامار و نوێنەرایەتییکردن لە ئاستی نێودەوڵەتی (ئەنجومەنی پەرلەمانیی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینیا، 2004). سەرەرای یاساکە، رێککەوتننامەیەکی 2005 ی نێوان وەزارەتی دارایی و خەزێنە، دەزگاکانی وەزارەتەکانی دارایی، و سێ دەزگاکەی ئامار هێڵکاری دادەنێت بۆ میکانیزمەکانی هەماهەنگی و دەسەڵات دەدات بە (BHAS) بۆ هەماهەنگکردن و دابەشکردنی زانیاری ئامار لە ئاستی دەوڵەتدا.

یاسای ئاماری قەوارەکان زۆربەی هەماهەنگن لەگەڵ یاسای ئاماری دەوڵەت. یاساکان بە روونی پابەندێتی دەزگای قەوارەکان دەردەبرن بە هەماهەنگکردنی شێوازەکانیان، بنەما و پێوانەکانیان، و کارکردن بە گوێرەی ئەو رێسایانەی (BHAS) دایناوە. دەزگاکانی ئاماری قەوارەکان بەرپرسیارن لە کۆکردنەوە، پرۆسەکردن، و دابەشکردنی زانیاری لەسەر ئاستی قەوارەکان. دابینکردنی زانیاری بۆ (BHAS) ئەرکێکە بە گوێرەی یاسا ناچارییە. دارایی کردنی دەزگاکانی ئاماری قەوارەکان لە رێی بودجەی قەوارەکانیانەوەیە.

سیستمی ئاماری کۆماری سرپ رەنگە زۆر پەیوەندار بێت بە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانەوە، چونکە کۆماری سرپ هەرێمێکە تا رادەیەکی زۆر ئۆتۆنۆمی هەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیی نیاندا. لەناو کۆماری سرپ لەلایەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئامار کۆدەکرێتەوە، پرۆسە دەکرێت، و دابەش دەکرێت:

- دەستگای کۆماری سرپ بۆ ئامار، دەسەڵاتی سەرەکیی خاوەن شایستەیە بۆ ڕێکخستن، بەرهەمهێنان، و دابەشکردنی ئامار لە قەوارەکە.
- ئاژانسی تری ڕێپێدراو بە کۆکردنەوەی ئامار لە بواری تایبەتی خۆیاندا، بەو شێوەیەی لە یاسای ئاماری کۆماری سرپ و بەرنامەی ئاماری کۆماری سرپدا هاتووە، وەک وەزارەتی دارایی، وەزارەتی کاروباری ناوخۆیی، وەزارەتی داد، وەزارەتی کار و کاروباری جەنگاوەری دێرین، سندوقی دڵنیایی تەندروستی، دەزگای خزمەتگوزاریی تەندروستیی کۆماری سرپ، ئاژانسی بانک، سندوقی خانەنشینی و کەمئەندامان، و دەزگای چاودێری کردنی ئاووی و ئاسمانی.

پەیوەندییەکانی نێوان (دەزگای ئاماری کۆماری سرپ) و دەستە و ڕێکخراوە ڕێگەپێدراوەکان پشت بە هاوکاری دوولایەنە دەبەستێت لەسەر بناغەی یاسای ئامار و ڕێککەوتننامەی هاوکاری نێوان دەزگاکانی حکومەت. بە گوێرەی ئەم بنەما بنەڕەتییانە، پێویستە ڕێوشوێنە ڕێگەپێدراوەکان ئەرک بۆ ئامارە فەرمییەکان دەستنیشان بکەن و بیسپێرن بە یەکە ڕێکخراوەکان، بە بێ ئەوەی ئەرکەکان ناکۆک بن لەگەڵ یەکتری.

یاسای قەوارەکانیش هەروەها (ئەنجومەنی ئاماری کۆماری سرپ) ی دامەزراندووە. ئەنجومەنەکە، وەک دەستەیەکی پسپۆڕ و ڕاوێژکار بۆ کاروباری ستراتیجی و گەشەسەندنی ڕێکخراوەکە و بەرهەمهێنانی ئامار، بۆچوون و سەرنج دەردەبڕێت لەسەر ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەی ئاماری کۆماری سرپ. ئەنجومەنەکە لە بەڕێوەبەری ئاماری کۆماری سرپ و چوار ئەندام پێک دێت کە حکومەتی سرپ بۆ ماوەی چوار ساڵ دایاندەمەزرێنێت بە گوێرەی شایستییە، و ناوبانگ، و شارەزایی پسپۆڕییان لە بواری ئاماردا. بەڕێوەبەری دەزگای ئاماری کۆماری سرپ سەرۆکی (ئەنجومەنی ئامار) ە. وردەکاریی ڕێکخراوی (دەزگای ئاماری کۆماری سرپ) لە شێوەی 7.1 پیشان دراوە.


**سیستمە فیدراڵییەکانی ئامار**

لەو وڵاتانەی کە سیستمی سیاسییان فیدراڵییە، ڕەنگە دەسەڵاتی ئامار لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێت، یان لە خوارەوە بۆ سەرەوە. ئێمە باسی سیستمی فیدراڵیمان کرد چونکە ئەم زانیارییە ڕەنگە ببێت بە بناغەیەک کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت پەیوەندییەکانی ئاماری خۆی لەگەڵ عێراق بە گشتیی، لەسەر بنیات بنێت.

لە حاڵەتی دەسەڵاتی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، چوارچێوەی یاسایی لە ئاستی فیدراڵییدا بریتییە لەو بناغەیەی کە لە سەری دەسەڵات دابەش دەکرێت و هاوکاریی بنیات دەنرێت لە نێوان ئاستە جۆراوجۆرەکانی حکومەتدا. دەسەڵاتی ئەم دابەشکردنە لە دەستورەوە سەرچاوە دەگرێت، و ئنجا وردەکارییەکەی لەناو یاسای ئاماردا دیاری دەکرێت، ئەمەش پرۆسەیەکە کە بە ڕوونی ڕۆڵەکانی هەر ئاژانسێک دەستنیشان دەکات و بوار بە دووبارە بوونەوە و تێکەڵاوێتی نادات.

شێوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە زیاتر لەو بارودۆخانەدا دەبینرێت کە لە بەراییدا دەزگاکانی خاوەن سەروەریی و دەزگا هەرێمییەکان لە ئارادان، و دواجار لە ئاستێکی بەرزدا ئاوێتە دەکرێن بە مەبەستی بەرفراوانکردن و پتەوکردنی کارایی، یەکگرتووی، و گونجاوێتی. بۆ نموونە، لە ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو، ئیمارەتەکان زانیاری خۆیان کۆدەکەنەوە و ئنجا هەوڵەکانیان ئاوێتەی یەکتری دەکەن بۆ ئەوەی زانیاری ژمێرەکانی ئاستی نیشتمانی ئامادە بکرێت یان بۆ ئەو شتانەی کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان داوای دەکەن، وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی. (دیزیۆبک و تاناسای، 2007). بە هەمان شێوە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لە ڕێی بەرنامەی هاوبەشی یرۆستاتەوە (Eurostat) کۆششەکانی ئاژانسە نیشتمانییەکانی ئامارەکانیان یەکدەخەن و هەماهەنگ دەکەن.

**شێوەی 7.1**
**رێکخستن و کارمەندانی دەستەی ئاماری کۆماری سرپ**




سەرچاوە: دەزگای ئاماری کۆماری سرپ، (Republika Srpska Institute of Statistics، بەرواری لەسەر نییە).
سەرنج: ژمارەی ناو کەوانەکان ئاماژەیە بە ژمارەی کارمەندان لە هەر بەشێک.
**RAND** *MG1184-7.1*

بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ شێوازی لە سەرەوە بۆ خوارەوە یان لە خوارەوە بۆ سەرەوە پیادە دەکرێت، لە سیستمی فیدراڵییدا کاتێک لە میانی یاساکانەوە رۆڵ و دەسەڵاتەکان دەستنیشان دەکرێت، ئاژانسەکانی ئامار لە ئاستە جیاجیاکانی حکومەتدا سەرقاڵی دانوستان دەبن لەناو خۆیاندا بۆ پێناسەکردنی پێکهاتەی پەیوەندییەکان. وا باوە ئەم دانوستاندانە ڕاستەوخۆ لە نێوان سەرۆکی ئامارەکانی ئاستی نیشتمانی و هەرێمەکان دەبێت و ڕەنگە ببێتە مایەی هەر یەکێک یان هەموو ئەم جۆرە رێککەوتننامانەی خوارەوە: (1) پەیماننامە (ڕێکەوتننامە) ێکی فەرمیی هەمەلایەن، (2) زنجیرەیەک ڕێککەوتننامەی خزمەتگوزاریی بۆ ئەو چالاکییانەی ئاستێک لە جیاتی ئاستێکی تر دەیکات، (3) چوارچێوەیەکی یەکخراو (ستاندارد)، کە پێناسەی فۆرم و شێوە و پێوانەکانی زانیاری بکات، یان (4) یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن (مذكرة تفاهم)، کە تایبەتە بە کاروبارە گشتییەکانی وەک تەرخانکردنی بەرپرسیارێتییەکان و ئاڵوگۆڕی کارمەندان. ئێمە هەندێک نموونە لە وڵاتانی وەک کەنەدا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا و شانشینی یەکگرتوو پێشکەش دەکەین بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازەکانی ڕێکخستنی سیستمی ئاماری فیدراڵی.

لە کەنەدا، دەزگای (ئامارەکانی کەنەدا) – کە بریتییە لە ئاژانسی هەماهەنگیی ئاماری نیشتمانیی- بە گوێرەی (یاسای ئامار) ڕێپێدراوە ڕێککەوتننامەی هاوبەش و ئاڵوگۆڕی زانیاری ساز بکات لەگەڵ ئاژانسی ئاماری پارێزگایەک کە یاسای هەیە بۆ پاراستن و ڕێزگرتن لە نهێنییەکانی بە شێوەیەک کە هاوشان بێت لەگەڵ یاسای نهێنیپارێزیی نیشتمانیی. سەرەڕای ئەمەش، لەو بوارانەدا کە پارێزگاکان دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەیە، وەک تەندروستی، پەروەردە، و دادوەریی، (سەرۆکی ئامارناسیی کەنەدی) کۆڕبەندێکی هەیە بۆ تاوتوێی کاروبارەکانی ئامار لەگەڵ بەرپرسانی پارێزگاکان. ئەم کۆڕبەندانە هەروەها بوار بۆ هەماهەنگکردنی تۆمارە کارگێڕییەکان خۆش دەکەن، بۆ ئەوەی ئامارەکانی ئاستی نیشتمانی و ئاستی هەرێمەکان لەگەڵ یەکتری یەکسان بن. هەروەها، هەر پارێزگایەک گەورە بەرپرسێک دادەمەزرێنێت بۆ کارلێک کردن لەگەڵ دەزگای (ئامارەکانی کەنەدا). (سەرۆکی ئامارناسی) و بەرپرسانی پارێزگاکان، کە پێیان دەگوترێت ڕێکخەر، ئەنجومەنێکی ئاستی فیدراڵی-پارێزگاکان پێکدەهێنن کە چاودێری زیاتر لە دە لیژنەی فیدراڵی-پارێزگاکان دەکەن لە بواری جۆراوجۆردا (Statistics Canada, 2010).

لە ئیسپانیا، هەر یەکێک لە 17 هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکە نووسینگەی ئاماری خۆی هەیە، بەڵام نووسینگەی ئاستی پارێزگاکان لە خوار ئاستی هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکانەوە ڕاستەوخۆ لەلایەن سیستمی مەرکەزییەوە بەڕێوە دەبرێن. سیستمی ئاماری ئیسپانیا لە رێی کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە سێ ئەنجومەنەوە چالاکییە هەماهەنگکراوەکانی ئەنجام دەدات. (ئەنجومەنی باڵای ئامار) کارمەندێکی هەیە لە کەسانی پسپۆڕ و لایەنە پەیوەندارەکان و هەماهەنگکردنی ئامارەکان و جەختکردنەوە لە تەبایی و یەکێتیی ستانداردەکان لە سەرتاسەری هەرێمەکان و کەمکردنەوەی ئەرکی سەر شانی وەڵامدەرەوەکان، وەک پیشەکان و خانەوادەکان بەرپرسیارە. (کۆمیسیۆنی ئاماری نێوان-وەزارەتەکان) بریتییە لە دەستەیەکی پێکهاتوو لە نوێنەرانی داڕێژەرانی سیاسەت (بڕیاربەدەستان) کە کار لەسەر پێناسەکردنی پێداویستییەکانی زانیاری و داڕشتنی ئەولەوییەتی وەبەرهێنان دەکات بۆ سەرجەم کاروبارەکان. (لیژنەی ئاماری نێوان-هەرێمەکان) وەک دەستەیەکی پسپۆڕ کار دەکات لەسەر یەکگرتووی و تەبایی پلانە ئامارییەکانی ئاستی هەرێمەکان و ئاستی نیشتمانی (Instituto Nacionalde Estadística, 2007).

بێجگە لەم هەماهەنگییە، توانای ئاماری دەزگا هەرێمییەکان لە ئیسپانیا زۆر لێکتر جیاوازن، ئەمەش زۆرجار بە گوێرەی ئاستی ئۆتۆنۆمیی هەرێمەکەیە. دەزگاکانی هەندێک هەرێم، وەک کاتالۆنیا، توانایەکی دامەزراوەیی گەورەی هەیە و برێکی بەرچاو زانیاری بەرهەم دەهێنێت لەسەر خۆیان، بەڵام دەزگاکانی هەندێک هەرێمی تر، وەک ئاراگۆن، زیاتر ئەو زانیاریانە بەکاردەهێنێت کە دەزگای نیشتمانیی بەرهەمی دەهێنێت کاتێک کار لەسەر بابەتە هەرێمییەکان دەکەن.

لە ئەڵمانیا، فیدراسیۆنەکە ئەرکی ئامار بە هاوبەشی لەگەڵ ویلایەتەکان دەکات. کۆکردنەوە و پرۆسەکردنی زانیاری هەرێمایەتی لە ئەستۆی ویلایەتەکانە، و ئنجا ئەمان زانیاریەکە دەنێرن بۆ ئاژانسی فیدراڵی بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان. ئاژانسە فیدراڵییەکە شێوازەکان و پێوانەی تەکنیکی دادەڕێژێت و بەرپرسیارە لە گەیاندنیان بە ئاستی نێودەوڵەتی. دەزگاکانی هەرێمەکان لەلایەن ویلایەتەکانەوە دارایی دەکرێن و رێک دەخرێن و ئازادن هەر کارێک بکەن بە جیا و بەدەر لەوانەی ئاژانسی فیدراڵی داوایان دەکات، و بەردەوام پابەندن بە یاسای فیدراڵییەوە. هەر پلانێکی ئاماری فیدراڵی پێویستی بە ڕێپێدانێکی یاسایی هەیە، کە دەبێتە مایەی میکانیزمی هەماهەنگیی فەرمی و نافەرمی بۆ هەماهەنگ کردن لە نێوان ویلایەتەکان و فیدراسیۆنەکە بۆ هاوسەنگکردنی ئەرکەکە لەسەر وەڵامدەرەوەکان و نوێنەرایەتیی گونجاوی بەرژەوەندیی هەرێمەکان. پرۆسەکە بە شێوە فەرمییەکەی لە رێی لیژنەیەکی کارکردن لە ژوورێکی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت کە نوێنەرایەتی ویلایەتەکان دەکات، و بە شێوە نافەرمییەکەی لە رێی لیژنەی ڕاوێژکاری ئامارەوە ئەنجام دەدرێت، کە هاوسەنگی دەپارێزێت لە نێوان رۆڵەکانی ئاماردا لە سەرجەم ئاستە جۆراوجۆرەکاندا (Kopsch, 2002).

ئەو کێشە و بابەتانەی دەستە ڕاوێژکارییەکە نەتوانێت یەکلای بکاتەوە دەدرێت بە چەند لیژنەیەکی پسپۆڕی تایبەتمەند، کە ئەمیش لەلای خۆیەوە ڕاپۆرت بۆ لیژنەی ڕاوێژکاری دەنووسێت، یان بۆ لیژنە پەرلەمانییەکە. لیژنەی ڕاوێژکاریی لە سەرۆکی نووسینگەکانی ئامار و نوێنەرانی وەزارەتی جۆراوجۆر پێک دێت. دەکرێت بە سێ شێوە کۆببێتەوە: لە دانیشتنی هاوبەش، وەک سەرۆکی نووسینگەکانی ئامار بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکانی هاوکاریی و هەماهەنگیی ستوونیی نێوان ئاستە جۆراوجۆرەکانی حکومەت، یان وەک لیژنەیەکی نێوان-وەزارەتەکان بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکانی هاوکاریی ئاسۆیی نێوان بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەرک و کارەکانی حکومەت.

شانشینی یەکگرتوو میکانیزمێکی هاوشێوەی هەماهەنگیی هەیە لە نێوان (نووسینگەی ئاماری نیشتمانیی، the National Statistics Office) و نووسینگە نیمچە سەربەخۆکان لە سکۆتلەندا، وێڵز، و باکووری ئێرلەندا. دوو توخمی تری سیستمی بەریتانی هەیە کە ڕەنگە تیشکی زیاتر بخاتە سەر هاوکاریی فیدراڵی-هەرێمایەتی. یەکەم، شانشینی یەکگرتوو یەک سیستمی ئاماری هەبوو بەر لە وازهێنان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ساڵی 1997. لە ژێر ڕێکەوتنی وازهێنانەکە، ئەرکی بەرهەمهێنانی ئاماری پەیوەست بە سکۆتلەندا و وێڵز گواسترایەوە بۆ کارگێڕییە دروستبووەکە- بەڵام تەنها بۆ ئەو بوارانەی کە لەلایەنی داڕشتنی ڕامیارییەوە لێیان بەرپرسیاربوون. ئامارەکانی بەشە زۆرەکەی وڵاتەکە، کە ئینگلتەرایە، هێشتا هەر لەژێر بەرپرسیارێتیی تەواوی (نووسینگەی ئاماری نیشتمانی) ماوەتەوە. دووەم، ڕێوشوێنەکانی جەختکردنەوە لە تەبایی و تۆکمەیی ئەو ئامارانەی حکومەتی شانشینی یەکگرتوو بەرهەمی دەهێنێت و ئەو ئامارانەی سێ کارگێڕییە (ئیدارە) هەرێمایەتییەکە بەرهەمی دەهێنن دانوستانی تێروتەسەل ئەنجام درا، نەوەک تەنها لە ڕێی چوارچێوەی چەند ڕێککەوتننامەیەکەوە. لە "پەیماننامەی ئامارەکان" ڕوونکراوەتەوە، کە حکومەتی شانشینی یەکگرتوو و ئیدارە هەرێمایەتییەکان لە 2001 لە سەری ڕێککەوتن. (نووسینگەی ئاماری نیشتمانیی شانشینی یەکگرتوو، بەرواری لەسەر نییە).

**پەیوەندیی نێوان ئامارەکان و زانیاریی جوگرافی**

یەکێک لە هەرە سەرنج ڕاکێشترین بەرەوپێشچوونەکانی بواری ئامار لە چەند قۆناغی ڕابردوودا بریتی بوو لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی (سیستمی زانیاریی جوگرافیی، GIS)، یان زانیاری جوگرافی. لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا ئاژانسی جیای هەیە بۆ ئامار و بۆ سیستمی زانیاری جوگرافی – دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانKRSO و فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازیDIM–ئێمە هەڵسەنگاندنی شێوازە نێودەوڵەتییەکانی ئەم دوو بوارەی ئامارمان کرد.

(سیستمی زانیاریی جوگرافی) بەهادارە بۆ قۆناغی جۆراوجۆری پرۆسەی ئامار لە ڕێی بە نمونەکردنی کۆکردنەوەی زانیاری و چاکترکردنی وردیی (دقة) و کاتبەندیی زانیاری ئامار. سیستمی زانیاریی جوگرافی هەروەها دابەشکردنی زانیاری باشتر دەکات لە ڕێگای کاریگەری بینین لەسەر نەخشەکان. بەکارهێنانی لە نووسینگەکانی ئاماری نیشتمانی تا ڕادەیەکی بەرفراوان زیادی کردووە، و بواری رەخساندووە بۆ ئاسانکردنی پلاندانان بۆ چالاکییەکانی ئامار، هەروەها دەرخستنی دەرەنجامەکان و دەرخستنێکی بەرجەستەی ئاکارەکانی ڕامیاری بۆ بڕیاربەدەستان. لە 2005 نەتەوە یەکگرتووەکان ڕووپێوی چەند نووسینگەیەکی ئاماری نیشتمانیی کرد لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان سەبارەت بە بەکارهێنان و سوودوەرگرتنی سیستمی زانیاری جوگرافی لە چالاکییە ئامارییەکان (United Nations Economic Commission for Africa—Economic and Social Policy Division, 2005).

لەم ڕووپێوەدا دەرکەوت کە زۆرینەی نووسینگەکانی ئامار و ئاژانسەکانی نەخشەسازیی نیشتمانیی سەربەخۆ و لێک جیا بوون. لەگەڵ ئەمەشدا، 82 لە سەت لەو نووسینگەی ئامارانەی ڕووپێو کرابوون توانای ناوخۆییان هەبوو بۆ دروستکردنی نەخشە و زانیاریی سیستمی زانیاریی جوگرافی. لە نووسینگەکانی تر، زانیاری و نەخشەسازیی سیستمەکانی زانیاری جوگرافی بە تایبەت لەلایەن دەزگایەکی نەخشەسازییەوە ئامادە دەکرا، یان لە لایەن دەزگایەکی تری ناوخۆیی یان بیانییەوە. تەنانەت لەو بارودۆخانەدا کە هەردووکیان بە گوێرەی یاسا بەشێکن لە یەک دەزگا، بۆ نموونە لە بەرازیل و مەکسیکۆ، یەکگرتووییان سنووردارە، و بەشەکانی جوگرافی گۆشەگیر و دوورەپەرێزن لە بەشەکانی تری ئامار. هۆیەکی سەرەکی ئەم لێک جیاوازییە بریتییە لەوەی کە ئاژانسەکانی ئامار دەکەونە ژێر یاسای فەرمیی چالاکییە نیشتمانییەکانی ئامار، بەڵام دەزگاکانی نەخشەسازی وا باوە دەسەڵاتی یاسایی فراوانتر و جیاوازیان هەبێت، ئەم جیاوازییانەش دەبنە کۆتوبەند لەسەر ئاڵوگۆڕی کارای زانیاری. نیگەرانیەکی سەرەکی هەیە کە ئەویش بریتییە لە بۆچوون و شێوازی جیاواز

لەسەر تایبەتمەندێتی لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەدا. ڕێکخراوەکانی ئاماری نیشتمانی مەرجی زۆر توندیان هەیە بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتی تاکەکەس، بەڵام دەزگایەکانی نەخشەکێشان بەم شێوەیە کۆتوبەندیان لەسەر نییە. هەروەها، هەردوو جۆری ڕێکخراوەکە کار لەسەر جۆری جیاوازی زانیاری دەکەن، زۆر تەکنیکی جیاوازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردەهێنن، و خشتەی کاتبەندی جیاوازیان هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، ئەمانەش پرۆسەی ئاوێتەکردنی کۆمەڵە زانیارییەکان ئاستەم دەکات.

لەگەڵ ئەمەشدا، بابەتی ئاوێتەکردنی ئەرکەکان یان جیاکردنەوەیان هێشتا بێ چارەسەرە، بە تایبەتی لەبەرئەوەی هێشتا سیستمی زانیاریی جوگرافیی نوێیە بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی ئامارە پێوانەیەکان. نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لە بایەخی ئاڵوگۆڕ و یەکخستنی زانیاریی جوگرافیایەکی ناوچەیی و ئامار کردۆتەوە و لەم دواییەدا دەستپێشخەرییەکی ڕاگەیاند بە ناوی (دەستپێشخەریی بەڕێوەبردنیی زانیاری جوگرافیی جیهانیی)، کە ئامانجەکەی بریتییە لە داڕشتنی بنەما و پێشنیار بۆ ئەم بابەتانە و هەروەها دامەزراندنی لیژنەیەکی فەرمیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی "لیژنەی بەڕێوەبردنی زانیاریی جوگرافیی جیهانیی) بۆ ئەوەی کار بکات لەسەر بابەتەکانی هاوکاری نێوان ئاژانسەکانی ئامار و جوگرافیایەکی ناوچەیی و بەرەوپێشبردنی کاروباری یەکخستنی زانیاری و هەندێک بابەتی تر (United Nations Statistics Division, 2011). لە دووەم کۆبوونەوەی ئامادەکارییدا، لە ئایاری 2010 لە نیویۆرک، ئاماژە بەوە کرا کە هیچ شتێک لە ئارادا نییە کە ڕێگر بێت لە هاوکاری و یەکخستنی زانیاری و ڕێکخراوەکانی ئامار و نەخشەسازیی (Taylor, 2010). ئەگەرچی هەر وڵاتێک دەتوانێت باشترین ڕێگەچارەی ڕێکخراوەیی بە گوێرەی پێویستییەکانی خۆی دابڕێژێت، بەڵام پێویستە هێندەی بکرێت هان بدرێت و پشتگیریی نووسینگەی و یاسایی لێ بکرێت چونکە ئاوێتەکردنەکە سوودی بەرچاوی هەیە.

### دەرەنجامەکان سەبارەت بە دەزگایەکانی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان

شیکردنەوەی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ئامار ئەوە دەردەخات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی بێ وێنەی لە پێشە بۆ پێناسەکردنی سیستمی ئامارەکەی بە ڕوونی لە ڕێگای یاسایەکی پتەوەوە کە بەردی بناغە دادەنێت بۆ گەشەسەندنێکی درێژخایەنی سیستمێکی بەهێزی کۆکردنەوەی ئامار و شیکردنەوە. ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە پەسندکردنی یاسای ئامار یەکێک بێت لە گەورەترین پێشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری دروستکردنی سیستمێکی زانیاری بۆ داڕێژەرانی سیاسەت.ئەگەرچی چەندین ڕێکار لە ئارادایە بۆ چۆنیەتی داڕشتنی پێکهاتەی سیستمی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیامەکە ئەوەیە کە سەرکەوتنەکەی پشت دەبەستێت بە داڕشتنی ڕێنمایی ڕوون و ورد کە بە گوێرەی نەریت و بنەما نێودەوڵەتییەکانی ئامار بێت. بە درێژایی ئەم پرۆسەیە، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان جەخت بکاتەوە لەوەی کەناڵەکانی پەیوەندی و گەیاندن لە ناو حکومەتیش و لە دەرەوەی حکومەتییش بە کراوەیی بمێنێتەوە و بە گیانی هاوکاری و ئاڵوگۆڕی زانیارییەوە کارەکە ئەنجام بدرێت. هەروەها، سیستمێکی ڕوون و ئاشکرا جەخت لەوە دەکاتەوە زانیاری سوودبەخش کۆبکرێتەوە و جەخت لە یەکگرتووی دەکاتەوە. لێرەدا، ئێمە ڕێنمایی دیاریکراو پێشکەش دەکەین لەسەر یاسای ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێوشوێن و کاروبارە دامەزراوەییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازی، و ڕێوشوێن و کاروباری ئامار لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق.

**یاسای ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان**

یاسای ئامار بریتییە لە دەسەڵات و ڕێپێدراوێتیی یاسایی کە پێکهێنەرە دامەزراوەییەکانی سیستمی ئامار پێکەوە گرێ دەدات و لە بەرامبەر یەکتری پابەند (مولزەم) یان دەکات، بۆیە یاسایەکی لەم جۆرە توخمێکی پڕبایەخە بۆ سیستمی ئامارەکانی هەرێم یان وڵاتێک. لەم بەشەدا، ئێمە تیشک دەخەینە سەر دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لە دوایین پرۆژەیاسای بەردەست، کە ئێمە لە تشرینی یەکەمی 2010 بە دەستمان گەیشت، بە تایبەتی لەژێر تیشکی بنکەی زانیاری شێوازی نموونەیی نووسینگەکانی ئاماری نیشتمانی بەو شێوەیەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایڕشتووە، هەروەها لەژێر تیشکی پرۆژەیسایەکی یاسای نوێنەرایەتیی ئامار کە دوابەدوای ئەو شێوازانە دێت، لەگەڵ (بنەما سەرەکییەکانی نووسینگەکانی ئامار) کە بەشی ئامار لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە.[3]

پرۆژەیاساکە هەنگاوی زۆری بەرەوپێشەوە ناوە بەرەو کۆکردنەوەی زانیاری گونجاو و دروست، جۆری زانیاریەکە، و دابەشکردنی زانیاریەکە. هەبوونی ئەم بنەمایانە لە یاساکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتی گەورە دەبێت و هەنگاوێکی تر دەبێت بەرەو گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان وەک ئابوورییەکی وەرچەرخاو. لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێک بوار هەیە کە پێویستە پتەوتر و چاکتر بکرێن.

**ئیدارەی نووسینگەی ئامار.** بە گشتیی، یاساکە بە باشی مافەکانی نووسینگەکە و سەرۆکەکەی دەستنیشان دەکات. بەڵام، پێویستە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان بە شێوەیەکی تێروتەسەلتر دابڕێژرێن، و سنووری دەسەڵاتەکانیان دەستنیشان بکرێت. بە شێوەیەکی تەریب، پلانەکانی کاری ساڵانە و ڕاپۆرتنووسینی ساڵانە متمانە و لێپرسینەوە بەرەوپێش دەبەن، جەخت لەوە دەکەنەوە کە نووسینگەکە وەک پێویست بیروبۆچوون و سەرنج و راوێژی پێبگات، و ڕێگە دەگرن لە هەر چالاکییەک کە هاندەریی سیاسیی لە پشتەوە بێت. دوابەدوای نمونە بەردەستەکانی سستمەکانی ئامار، ڕەنگە وا پەسەند بێت مەرج دابنرێت بۆ دامەزراندنی دوو دەزگای چاودێریی کە پێویستە ساڵانە چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەن: (1) دەستە (ئەنجومەن) ێک کە لە پسپۆڕانی ئامار و پسپۆڕی تری ئەکادیمی و دەزگای نائاکادیمی و سەرکردەکانی پیشە و کارەکان و فەرمانبەری باڵا پێک بێت، بۆ جەختکردنەوە لە بنەما و پێوەرەکان و باشترین شێوازەکان، و (2) دەستە (ئەنجومەن) ێک کە لە داڕێژەرانی سیاسەتەکان پێک بێت بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئەو ئامارانەی کۆدەکرێنەوە ڕێخۆشکەر دەبن بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان و پشتگیریی لە پیشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

**شوێنی نووسینگەکە لەناو وەزارەتی پلاندانان.** نووسینگەکە سەر بە وەزارەتی پلاندانانە بۆ کاروبارەکانی بودجە و چاودێری. لێرەدا ئەگەری هەندێک کێشە دێتە ئاراوە بۆ نمونە جێگەی نووسینگەکە، و ئەگەری نەبوونی سەربەخۆیی، پێگەیەکی لاواز، و دژوارێتی (زەحمەتێتی) ی دەستگەیشتن بە وەزارەتەکانی تر. هەروەها ڕەنگە لایەنی ئەرێنیشی هەبێت، وەک ئەوەی کە وەزارەتێکی گەورە لە ئارادایە کە دەتوانێت دەزگاکە بپارێزێت و جەخت لەوە بکاتەوە وەک پێویست دارایی بۆ دابین بکرێت. پێداچوونەوەی ئاژانسەکانی ئامار وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد ئەوە دەردەخات کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا کار بە هەردوو جۆرە شێوازەکە دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە پێشنیار دەکەین جارێکی تر ڕەچاوی جێگەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، چونکە شیکردنەوەیەکی لەم جۆرە تیشک دەخاتە سەر ئەو هۆیانەی ئێستا باس دەکرێن سەبارەت بەوەی لە شوێنێکی جیا (سەربەخۆ) بێت، یان ئەوەی ئاخۆ هەر لەناو وەزارەتی پلاندانان بمێنێتەوە.

**بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئامار.** ئەو پرۆژە یاسایەی ئێستا هەیە ئاماژە بە فرۆشتنی بڵاوکراوەکانی نووسینگەکە دەکات. زۆر ئاژانس و ڕێکخراوی ئامار و ئابووری، وەک بانکی جیهانیی، بوار بەوە دەدەن بە خۆڕایی زۆربەی زانیاری چڕوپڕەکانیان بە شێوەی ئەلیکترۆنی لە ئەنتەرنێتەوە دابەزێنرێت. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە باشی ڕەچاوی دابەشکردنی خۆڕایی بکات لە ڕێی ئینتەرنێتەوە، یان لە یاساکەدا یاخود لە سیاسەتەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستاندا. یەکەم، دابەشکردنی بە خۆڕایی ڕێگە بۆ بڵاوکردنەوەی چاپکراوەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان خۆش دەکات، کە ئەمەش سوودی هەیە بۆ گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. دووەم، پارەدان بە کەسێک یان دەزگایەک بۆ بەڕێوەبردنی فرۆشتنی بەرهەمەکان ڕەنگە زیاتر بێت لە داهاتی ئەو فرۆشیارییانە. هەبوونی نووسینگەیەکی فرۆشیاریی تەنها دەبێتە مایەی زیادبوونی ژمارەی کارمەندان و گەورەبوونی قەبارەی ڕێکخراوەکە. سێیەم، دابەشکردنی بە خۆڕایی دەبێتە مایەی پتەوبوونی ڕوون و ئاشکرای و متمانەی ئاژانسەکە، ئەمەش هانی پشتگیرییەکی زیاتری جەماوەریی دەدات.

[3] بنکەی زانیاری باشترین نموونە و شێوازەکان لە (United Nations Statistics Division, 2007a) هەیە. یاسای ئاماری نوێنەرەکان لە (United Nations Statistics Division, 2003) هەیە. لیستی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنەما سەرەکییەکانی بابەتەکانی ئاماری فەرمی بریتین لە (1) پەیوەندارێتی، بێلایەنیی، و هەمووان وەک یەکتری دەستیان پێبگات، (2) شارەزایی، (3) لێپرسینەوە، (٤) ڕێگرتن لە بەدبەکارهێنان، (5) خەرجیەکی ڕێکوپێک، (6) نهێنیپارێزیتی، (7) یاسادانان (8) هەماهەنگیی نیشتمانیی، (9) هەماهەنگیی نێودەوڵەتیی، (10) هاوکاریی ئاماری نێودەوڵەتی، و (11) ژێدەرەکان. داتابێیسەکە زانیاری نیشتمانیی وڵاتانی تێدایە لەسەر هەر یەکێک لەم بابەتانە. سەرنجەکان لەسەر هەماهەنگی بۆ ئەو دوو حاڵەتە لە بنکەی زانیاری نیشتمانیی وڵاتەوە وەرگیراوە.

**ڕێنمایی سەبارەت بە (نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و (فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازی)**

بابەتێکی دامەزراوەیی کە لە کاتی تاوتوێکانمان لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان هاتە ئاراوە بریتی بوو لەوەی ئاخۆ پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازیی ئاوێتەی یەکتری بکرێن. هەرە هەستیارترین بابەت لە ئاوێتەکردنی ئەم دوو ڕێکخراوە بریتی دەبێت لە پێناسەیەکی نوێی پێگە و دەسەلاتەکانی کارمەندانی ئاوێتەکراو و هێڵە نوێیەکانی کۆنترۆڵ و ڕاپۆرتنووسین لەناو ڕێکخراوەکە. پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە ئاخۆ فەرمانگەکە ئاوێتەی نێوان (فەرمانگەی زانیاریی نەخشەسازیی) و (سیستمی زانیاریی جوگرافیی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) دەبێت، یان بە گشتیی لەگەڵ (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان). چارەسەرکردنی ئەم بابەتە زۆر پێویستە بۆ بڕیاردان لەسەر کاروباری کارمەندان. بۆ نموونە، ئەگەر ئاوێتەکە لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بێت بە گشتیی، ئەو کات بە شێوەیەکی زۆر ئاسانتر کارمەندانی بالا و کارمەندانی خواروو لەناو ڕێکخراوە ئاوێتەکەدا جێگەیان بۆ دادەنرێت.

وەک لە تاوتوێی سەرەوە لە بەشی تایبەت بە ئاماری گشتی و ئاماری جوگرافیی دەرکەوت، ڕەوتی نێودەوڵەتی بەو ئاراستەیەیە کە هاوکارییەکی زیاتر و چڕوپڕی زیاتر هەبێت لە نێوان ئاژانسەکانی ئامار و نەخشەسازی، بەڵام پێویست ناکات ئەم ڕێکخراوانە لەژێر یەک بنمیچ دەوام بکەن. ڕاستییەکەی، هێشتا باشترین شێوازی نموونەیی لە جیهاندا نەهاتۆتە ئاراوە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئاخۆ لەناو یەک ڕێکخراو بن یان دوو، هەبوونی یاسای گونجاو و ڕوون یان یاداشتنامەی لەیەکترگەیشتن کە بە ڕوونی سیاسەتەکان و شێوازەکانی هاوکاریی دەستنیشان بکات، خاڵێکی ئێجگار پڕبایەخ و سوودبەخشە.

ئەگەرچی پێدەچێت ئاوێتەکردنی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی زانیاریی نەخشەسازیی بەها و خاڵی ئەرێنی هەبێت، بەلام پێویستە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاتر بکرێت لەسەر کارزانیی کارمەندەکان لە دوو نووسینگەکە، هەروەها لەسەر ئەگەری پێکەوە گونجان و کارکردنیان، و کاریگەری ئاوێتەکردنەکە لەسەر توانستی کارکردن، چوستی، وورەی کارمەندەکان پێش ئەوەی پێشنیاری توکمە پێشکەش بکرێت. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی ئێمە هەمانە، و لەبەرئەوەی هیچ بنەمایەک نییە کە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا پەسەند کرابێت، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستا ئەو ئاوێتەکردنە ئەنجام نەدات. لە جیاتی ئەمە، دەتوانێت میکانیزمی فەرمی دابڕێژێت بۆ هاوکاری نێوان هەردوو قەوارەکە.

پەیوەندیی نێوان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی زانیاریی جوگرافی لایەنێکە لە کاروباری پەیوەست بە ڕێوشوێنی ڕێکخراوەیی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان. لە ئێستادا ڕەچاوی پێکهاتەیەکی نوێ دەکرێت بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە ئۆرگانۆگرام (هێڵکاریی ڕێکخراوەیی) پیشان دراوە. ئێمە لە یاداشتنامەکە تاوتوێی ئەم ڕێکخستنەوەیە دەکەین، کە لە پاشگری F پێشکەش کراوە.

**هەندێک ڕاسپاردە لەسەر هاوکاریی نێوان حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان**

هەندێک هۆی بەهێز هەیە بۆ دامەزراندنی هاوکاریی و هەماهەنگی لە نێوان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و (دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاریی-عێراق)

- لەبەرئەوەی پێدەچێت دەسەڵاتدارانی عێراقی فیدراڵی زانیاری لەسەر هەرێمی کوردستان بڵاوبکەنەوە، وا باشترە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی بنەماکانی خۆی زانیاری کۆکراوەی پێبگەیەنێت.
- شیکەرەوەکانی دەرەوەش ڕەنگە بە گشتیی سەیری سەرجەم عێراق بکەن، بەم شێوەیەش ئەو زانیاریەی کە بتوانرێت بۆ بەراورد بەکاربهێنرێت و بە هەماهەنگی و بە هاوکاری هەردوولا کۆکرابێتەوە دەبێتە مایەی ئەوەی متمانە بکەن بە زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردتان.
- هەروەها، ڕەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خۆی بیەوێت بەراوردکاری بکات لە نێوان خەسڵەتەکانی هەرێمی کوردستان و خەسڵەتەکانی بەشەکانی تری عێراق، و زانیاری بەراوردکارییش متمانە دەبەخشێت بە بەراوردکارییەکانی. لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئێمە پێشنیاری ڕێچکەیەک دەکەین بۆ هاوکاری.

بەهایەکی گرنگی سیستمەکانی ئامار لەوەدایە کە ڕەوا و یاساییین، بەو مانایەی "باوەڕێکی کۆمەڵایەتی لە ئاردایە کە چالاکییەکانی سیستمی ئامار لە بەرژەوەندیی وڵاتدایە، و لە ڕاستییدا خزمەتی مەبەستێکی بنچینەیی دەکات" (Fellegi, 1995). سەرکەوتنی سیستمی ئامار تەنها پشت بە یاسای کارپێکراو و تەرخانکردنی بودجە نابەستێت، بەڵکو هەروەها پێویستی بە هاوکاریی هەزاران خێزان و پیشە و کارە.

ئاماژە بە پێویستبوونی ڕەوایی و یاسایی و پشتگیریی جەماوەر، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕێکخراوێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەناو هەرێمی کوردستان. بەڵام، هەروەرها گرنگە زانیاری هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک بێت کە بتوانرێت بەراوردە بکرێت لەگەڵ ئەو زانیارییەی لە بەشەکانی تری عێراق کۆدەکرێتەوە. ئەمەش متمانە بە زانیارییەی هەرێمی کوردستان دەبەخشێت و نادڵنیایی و گومان لەلای بەکارهێنەرەکان کەم دەکاتەوە، و ئاماژە دەدات بە جەماوەرە جیهانییەکە کە ژینگەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان جێی متمانەیە و سەقامگیرە.

سەرەڕای ئەمە، کاروباری هەماهەنگی لە نێوان سیستمەکانی ئاماری ئەو هەرێمانەی نامەرکەزین کارێکی سەخت و زەحمەتە. بۆیە ئێمە ڕێگەیەک پێشنیار دەکەین بۆ بەرەوپێشچوون، دیارە ڕێکاری تریش لە ئارادایە کە بتوانێت پێداویستییەکانی هەردوو یاساکە و ناوچەکە دابین بکات:

دەتوانرێت لە یاسای کوردستان و یاسای نیشتمانییدا دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە ئاژانسی سەرەکیی کۆکەرەوەی زانیاری دابنرێت لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش ڕەوایی زیاتر دەدات بە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و زیاترکردنی دەرفەتی سەرکەوتنی پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری. ئەمە هەروەها دەبێتە مایەی ئەوەی داتای هەرێمی کوردستان زیاتر جێی متمانە بێت بۆ داڕێژەرانی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرەشەوە پشتگیری لە داڕشتنی ئەو سیاسەتانە دەکات کە پشت بە زانیاری دەبەستن.

(دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاریی-عێراق) دەتوانێت هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمێکی وەک هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوکانی ئاماردا بکات، کە بە گوێرەی دەستور دانی پێدانراوە، ئەمەش لە ڕێی ئەنجومەنێکی فەرمییەوە. دەتوانرێت بە یاسایەک ئەنجومەنەکە دابڕێژرێت کە پێک بێت لە سەرۆکی (دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاریی-عێراق) و جێگرەکەی یان سەرۆک ئامارناس و سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی یان سەرۆک ئامارناس.

بە شێوازێکی هاوشێوەی ئەڵمانیا، ئەوسا ئەم ئەنجومەنە فەرمییە دەتوانرێت فەرمان بدات بە پێکهێنانی گروپی تایبەتمەندی تەکنیکی لە پسپۆڕان بۆ پێناسەکردنی چالاکیی کۆکردنەوەی زانیاری جۆری چالاکیی بەردەوام و جۆری چالاکیی کە تەنها یەکجارە ئەنجام دەدرێت.

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پابەند (مولزەم) دەبێت بە ئەنجامدانی هەمان چالاکیی کۆکردنەوەی زانیاری وەک ئەوانەی کە لە باقیی عێراق ئەنجام دەدرێن، بەڵام ڕێگەی لێ ناگیرێت چالاکیی تری کۆکردنەوەی زانیاری ئەنجام بدات. ئەمەش بوار بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت بگات بە ئامانجی "تێپەڕاندن لە بەغداد" و ڕەنگدانەوەی دیزاینی سیستمی ئاماری شانشینی یەکگرتوو دەبێت کە لە سەرەوە باسی کراوە.

هەروەها، بۆ بنیاتنانی متمانە و هاوکاریی دامەزراوەیی، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق دەتوانن یەکێک لەم دوو ڕێکارە بکەن بە یاسا: (1) بەرپرسانی (دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاریی-عێراق) دەتوانن لەگەڵ بەرپرسانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بن –بە پێچەوانەشەوە- لە نمونەیەکی هەرەمەکی لە ناوچەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، یان (2) بەرپرسانی (دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاریی-عێراق) چالاکییەکانی بەرپرسانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە هەندێک بەشی هەرێمی کوردستان دووبارە بکەنەوە، بەرپرسانی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) چالاکییەکانی بەرپرسانی (دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری) لە هەندێک بەشی ناوچەکانی تری عێراق دووبارە بکەنەوە، هەردوو ئاژانسەکە دەتوانن زانیاریەکە بەراورد بکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەگەڵ یەکتری دەگونجێن.

بە هەمان شێوە، دەتوانرێت بە شێوەیەک ڕێککەوتننامە یان چوارچێوەی ئاڵوگۆڕی زانیاری دابڕێژرێت کە هەردوو (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) و (دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری) زانیاری گونجاویان هەبێت لەسەر چالاکییەکانی یەکتری. ئەم ڕێککەوتننامانە پێناسەی مافی دەستگەیشتن بە زانیاری یەکتری دەستەبەر دەکات. سەرەڕای ئەمەش، ئەم ڕێککەوتننامانە کار لەسەر پرسیارەکانی شێوەی هاوبەش و پێشکەشکردنی زانیاری دەکەن. دیسانەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودێکی زۆر دەبینێت لە جەختکردنەوە لەوەی کە زانیاریەکانی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراق بە شێوەیەک بن کە بتوانرێت بەراورد بکرێن لەگەڵ یەکتری و تەواوکەری یەکتری بن.

# نەخشەڕێگای پێشنیارکراو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە سیاسەتەکان

## ئامانجەکان

ئامانجەکانی ئەم بەشە بریتین لە

- دابینکردنی لیستێک لە هەنگاوی پێشنیاریکراو بە گوێرەی ڕیزبەندی و بە گوێرەی پێشینە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتییش بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، وەک ئەو پێشنیارانەی لە بەشەکانی پێشتر پێشکەش کرابوون.

- یەکەمین پێڕست بێت بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەر هەنگاوێک دەتوانیت پەنا بۆ بەشەکەی ببەیت.

ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی نەخشەڕێگاکە:

- پەسەندکردن و کارپێکردنی یاسای ئامار.
- کۆبوونەوەی لایەنە بەشدارەکان.
- بڕیاردان لەسەر پێکهاتەی دەستە و ئەنجومەنەکانی سیاسەت و چاودێریی تەکنیکی.
- دەستنیشانکردنی ڕێکخەر (منسق) ێکی زانیاری لە هەر وەزارەتێک
- کۆکردنەوەی بابەتی پڕبایەخی زانیاری
- جێبەجێکردنی پێکهاتەی ڕێکخستنەکان
- چاکترکردنی سەرچاوە مرۆییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- بەرەوپێشبردن و دامەزراندنی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن
- بڕیاردان لەسەرئەوەی ئاخۆ نیشاندەرەکانی ئێستا باشتر بکرێن، یاخۆ نیشاندەری نوێ کۆبکرێتەوە
- کۆکردنەوەی بابەتی زانیاری ئاست بەرز
- ئەنجامدانی ئەو ڕووپێوانەی کە تەنها بۆ یەکجار ئەنجام دەدرێن
- ئەنجامدانی ڕووپێوی ئاسایی

## ڕێوشوێن و پێوەر بۆ ئامادەکردنی نەخشەڕێگا

بۆ ئەوەی نەخشەڕێگایەک کارا بێت، پێویستە هەنگاوی ئاست-بەرز لەخۆبگرێت بۆ هاوکاریی کردنی جێبەجێکردنی ستراتیجەکە، نەوەک تەنها چەند راسپاردەیەک بێت. ئێمە لە سەرەتادا تاوتوێی ئەو ڕێوشوێن و پێوەرانە دەکەین کە بەکارمان هێنا بۆ چۆنیەتی داڕشتنی نەخشەڕێگای جێبەجێکردنەکە.

**پێویستە نەخشەڕێگاکە ڕەنگدانەوەی پێشینەکان بێت و جێبەجێکردنی ئاسان بێت**

ئاماژە بە سەرچاوە سنووردارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وا پەسەندە ئەو ڕاسپاردانە دەستنیشان بکرێت کە پێویستە پێش ئەوانەی تر جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی ئەوانەیان چارەسەر بکرێت کە دەبنە مایەی قەتیسبوون و ئاسانکاری زیاتر دابین دەکەن بۆ گەشەپێدانی سیستمی کۆکردنەوەی زانیاری. بە هەمان شێوە ڕەنگە جێبەجێکردنی هەندێک پێشنیار و ڕاسپاردە ئاسانتر بێت، و جەختکردنەوە لێیان دەبێتە مایەی دروستکردنی تەوژمێک بۆ پرۆسەی بنیاتنانی سیسمی کۆکردنەوەی زانیاری و تواناکانی ناو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

بۆ نموونە، پێداویستییەکی بەپەلە لە ئارادایە بۆ یاسای ئامار لە هەرێمی کوردستان بۆ جەختکردنەوە لەوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەسەڵات و ڕێپێدراوێتیی پێویستی هەیە بۆ داواکردنی زانیاری لە ئاژانسە پەیوەندارەکان. بەم شێوەیە، پەسندکردنی یاسای ئامار لە سەرەوەی نەخشەڕێگەکە دانراوە. دەتوانرێت هەندێک بواری مەشق و تواناسازی ناو (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) بە خەرجیەکی هەرزان ئەنجام بدرێت بە بێ بەشداریی ئاژانسی تر، و ئێمە ئەمانەشمان لە سەرەوە داناوە.

**پێویستە نەخشەڕێگای لیستی ئەو پرۆسانە دابڕێژێت کە هاوکار دەبن لە جێبەجێکردنەکەدا**

هێندەی لایەنە تەکنیکییەکانی بنیاتنانی سیستمی کۆکردنەوەی زانیاری گرنگ و پڕبایەخن، ئەو پرۆسانەش گرنگ و پڕبایەخن کە لایەنە بەشدارەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەمانە ڕەنگە پێشینەکانیان لە پێشینەی یەکتری جیاواز و ناکۆک بێت. بە تایبەتی زۆر گرنگە رێککەوتننامەیەک دابڕێژیت بۆ دید (ڕۆیا) ی کۆکردنەوەی زانیاری، کەناڵی پەیوەندی و گەیاندنی پێویست بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری دابمەزرێنیت، ئەو دەستە و ئەنجومەنە پێشنیارکراوانە دابمەزرێنیت، و ئەو بریکارانە دەستنیشان بکەین کە بەرپرسیار دەبن لە جێبەجێکردنی پێشنیارەکان.

بۆ نموونە، پرۆسەی پێکهێنانی دەستەکانی تەکنیکی و چاودێری و تەواوکردنی پێکهاتەکانیان پێویستی بە تاوتوێ و کۆبوونەوەی بڕیاربەدەستانە لە ئاستی بەڕێوەبەری گشتی و بەرزتری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەش دەتوانرێت هاوکاریی نێوان لایەنە بەشدارەکان پتەو بکرێت.

**پێویستە نەخشەڕێگا ببێتە مایەی تواناسازی**

بۆ جێبەجێکردنی پێشنیار و ڕاسپاردەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە بدات بە توانای مرۆیی، ماددەی (بینا و نووسینگە)، و (تەکنەلۆجیای زانیاری) تەریب لەگەڵ یان تەنانەت پێش جێبەجێکردنی چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. بۆ نموونە، دروستکردنی بنکەیەکی زانیاری یەکگرتوو، سەرەکی کە هەموو کەسێک دەستی پێبگات و پشت بە زانیاریی پێشکەوتوو، تەکنەلۆجیای گەیاندن و زانیاری کۆمپیوتەر ببەستێت، وەک سێرڤەر، تۆڕ (نێتۆرک)، و پرۆگرامەکانی بنکەی زانیاری.

لە هەندێک بارودۆخدا، کاری کۆکردنەوەی زانیاری، تەنانەت ئەگەر تەبا نەبێت لەگەڵ باشترین شێوازەکان، رێخۆشکەر دەبێت بۆ گەشەپێدانی تواناکانی ناو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەتوانێت دەست بکات بە ئەنجامدانی ڕووپێوی تایبەت بۆ دابینکردنی ئەو زانیاریانەی بەپەلە پێویستن، ئەمەش سەرمایەی مرۆیی بنیات دەنێت و زانیارییەکی سوودبەخش دەخاتە بەردەم داڕێژەرانی سیاسەت.

## نەخشەڕێگاکە

ئێمە بە بەکارهێنانی سێ ڕوانگەی جیاواز نەخشەڕێگەکە پێشکەش دەکەین. یەکەمیان بریتییە لە لیستێک لەو هەنگاوانەی بە گوێرەی پێشینە و ئاسانیی جێبەجێکردنیان ڕیز کراون. ئەمەش ڕێچکەیەکی دیاریکراو دەخاتە بەردەم داڕێژەرانی سیاسەت بۆ ئەوەی وەک ڕێبەرێک بەکاری بهێنن لە جێبەجێکردنی نەخشەڕێگاکە.

ڕوانگەی دووەم هەمان ئەو هەنگاوانە پێشکەش دەکات بە شێوەی خشتە (جدول)، و بە گوێرەی دوو ڕەهەندی پێشینە و ئاسانیی جێبەجێکردن. ئەم شێوازە بە ڕوونی ئەوە پیشان دەدات کە ئاخۆ هەنگاوێک کە پێشینەی بەرزە لەناو نەخشەڕێگاکە ئایا بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێت یان بە ئاستەنگە، و ئاخۆ هەنگاوێک کە لە نەخشەڕێگاکەدا بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێت ئایا پێشینەی بەرزە یان نزمە. لەبەر کۆتوبەندی بواری کات و بودجە، داڕێژەرانی سیاسەت دەتوانن هەنگاوە ئاسانەکان جێبەجێ بکەن، تەنانەت ئەگەرچی پێشینەی بەرزیش نەبن، بۆ ئەوەی تەوژمێک بدەن بە چاکسازییەکە. هەروەها داڕێژەرانی سیاسەت دەتوانن هەنگاوێکی ئاست بەرز جێبەجێ بکەن، تەنانەت ئەگەر ئاستەنگیش بێت، بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر ئاستەنگێکی گەورەدا و ڕێچکەی ئایندەیی خۆش بکەن. ئەو خشتەیەی ئێمە دامانڕشتووە ئەم ڕوانگەیە ڕوون دەکاتەوە و ڕێگە خۆش دەکات بۆ دەرکردنی بڕیار لەو بارەیەوە.

ئێمە کاتێک بە هەنگاوێک دەڵێین جێبەجێکردنی ئاسانە کە ئەگەر ئاژانسی کەمتر بەشداری تێدا بکەن، ئەرکەکانی ئاسان بێت، و پرۆسە یان دەزگاکانی پێویست بۆ ئەو هەنگاوە ئێستا لە ئارادابن. بێگومان، ناوبردنی هەنگاوێک بە ئاست بەرز یان ئەوەی کە جێبەجێکردنی ئاسانە بریتییە لە بۆچوون و ئێمە پشتمان بە شێوازی حکومدانی خۆمان بەستووە، لەگەڵ ئەو ئەزموونەی بەدەستمان هێناوە لە میانی سەردانەکانمان بۆ هەرێمەکە.

هەروەها، هەمان ئەو هەنگاوانە دابەش دەکەین بەسەر چەند گروپێکدا و بە گوێرەی جۆری چالاکییەکە پۆلێنیان دەکەین. ئەمەش ئەوە دەردەخات ئاخۆ هەنگاوێک کار لەگەڵ بنیاتنانی دامەزراوەیی، کۆکردنەوەی زانیاری، یان تواناسازی دەکات. هەر سێکیان زۆر گرنگن، بەڵام ڕەنگە داڕێژەرانی سیاسەت پێشینەی بۆ یەکێکیان دابنێن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی تر، و ئەم ڕوانگەیەش بڕیار لەسەر ئەو هەنگاوانە دەدات کە بۆ هەر بوارێک پێویستە.

**هەنگاوی ڕیزکراو بە گوێرەی پێشینەی نێو نەخشەڕێگاکە**

ئێمە بە کورتی باسی هەر هەنگاوێکی نەخشەڕێگاکە دەکەین، بە گوێرەی ئاوێتەیەک لە پێشینە و ئاسانیی جێبەجێکردن ڕیز کراون.

- **پەسندکردن و کارپێکردنی یاسای ئامار.** یاسای ئامار پێکهاتەی ڕێکخراوەیی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە فەرمی دەناسێنێت، هەروەها کارلێک (تفاعل) ی لەگەڵ وەزارەت و ئاژانسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە بواری ئاڵوگۆڕی زانیاری. حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیاسایەکی هەیە بۆ یاسای ئامار، کە ئێمە هەندێک دەستکاریمان تیایدا پێشنیار کردووە بە گوێرەی یاسای هاوشێوەی وڵاتانی جۆراوجۆر. پێویستە پێداچوونەوەی یاساکە بکرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بیخاتە بواری کردارییەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پێویست بدات بە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی بەرپرسیارێتییەکانی. پێویستە ئەم پرۆسەیە ڕەچاوی یاسای ئاماری فیدراڵی بکات. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە بەشی حەوت.
- **کۆبوونەوەی لایەنە بەشدارەکان.** کۆبوونەوەی داڕێژەرانی سیاسەت کارێکی سوودبەخش دەبێت بە مەبەستی هاندانی هەماهەنگی و پلاندانانی کارا. بۆ نموونە، دەکرێت کۆبوونەوەکە تایبەت بێت بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پلاندانان لە وەزارەتەکان بۆ بوارە سەرەکییەکان، گەورە بەرپرسانی بارەگای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرەکانی نووسینگەکانی ئامار لە پارێزگاکان، و گەورە بەرپرسانی وەزارەتی پلاندانان (ئەگەر دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەر لەناو وەزارەتی پلاندانان بمێنێتەوە). دەتوانرێت ئەم کۆبوونەوەیە بەکاربهێنرێت بۆ گەیاندنی پلانە کورتخایەنەکان و مامناوەندییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی چۆن و بە چ شێوەیەک زانیاریە کۆکراوەکان دابەش دەکات و بڵاو دەکاتەوە، بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوون و سەرنجەکان، و چەسپاندنی هاوکاریی بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕووپێوانەی چەند وەزارەتێک دەگرێتەوە، و بە گشتیی بۆ بەدەستهێنانی "پشتگیریی" ی لایەنە بەشدارەکان لە پلانەکانی. هەروەها ئەم کۆبوونەوەیە دەرفەتێک دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی "پێشەنگەکانی زانیاری"، واتە ئەو بەرپرسانەی کە پاڵێوراو دەبن بۆ دەستەکانی چاودێری وەک لە خوارەوە تیشکی دەخەینە سەر.
- **بڕیاردان لەسەر پێکهاتەی دەستەکانی سیاسەت و چاودێریی تەکنیکی.** ئێمە (لە بەشی حەوتدا) پێشنیاری ئەوەمان کردبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستە (ئەنجومەن) یێکی چاودێریی تەکنیکی دابمەزرێنێت بۆ پێشنیارکردن و پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری بە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەسەر کاروباری تەکنیکی و شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، لەگەڵ دەستە (ئەنجومەن) یێکی چاودێریی سیاسەت بۆ جەختکردنەوە لەوەی چالاکییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە بواری کۆکردنەوەی زانیاریدا لە خزمەتی پێشینەکانی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن. پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (و وەزارەتی پلاندانان، ئەگەر دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەر لەناو وەزارەت بمێنێتەوە) بڕیار بدەن لەسەر پێکهاتەی ئەم دەستانە. ئەگەر دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سەربەخۆ ببێت، ئەوسا پێویستە ئەنجومەنی وەزیران بەشدار ببێت لە بڕیاردان لەسەر پێکهاتەی ئەم دەستانە. دەستەی چاودێریی تەکنیکی لەو ئەکادیمییانەی ئێستا و خانەنشینی ناو هەرێم پێک دەهێنرێن، لەگەڵ کوردەکانی هەندەران، و توێژەر و لێکۆڵەری تر، وەک لێکۆڵەری نێودەوڵەتیی شارەزا لە هەرێمی کوردستان و کۆکردنەوەی زانیاری، و خەڵکانێکی کەرتی تایبەت کە لە بواری تەکنیکییدا پسپۆڕ بن. پاڵێوراوانی دەستەی سیاسەت بریتی دەبن لە گەورە داڕێژەرانی سیاسەت (لە ئاستی بەڕێوەبەری گشتیی) لە وەزارەتەکانی دارایی و ئابووریی، کشتوکاڵ و سامانی ئاو، نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە، شارەوانی و گەشتوگوزار، تەندروستی، پەروەردە، و کارەبا، و گەورە فەرمانبەران یان داڕێژەرانی سیاسەت لە ئاستی پارێزگاکان، و نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران، پەرلەمان، و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری. لەبەرئەوەی پێدەچێت دروستکردنی ئەم دەستانە (ئەنجومەنانە) کات بخایەنێت، وا پەسەندە زوو دەست بە پرۆسەکە بکرێت. نابێت هیچ لیژنەیەک لە زیاتر لە 15 ئەندام پێک بێت، بۆ هاندانی بەشداریی کارای سەرجەم ئەندامان و بۆ ئەوەی خەرجی هەماهەنگیی کەم بێت.

- **دەستنیشانکردنی ڕێکخەری زانیاری لە هەر وەزارەتێک.** هەرە بابەتی بەپەلەی زانیاری کە پێویستە کۆبکرێتەوە و ئێمە لەناو خشتەکە دامانناوە بریتیە لەوانەی پێیان دەگوترێت "هەستیار". پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کار لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندار بکات بۆ هەر یەکێک داڕشتنی سیستەمێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی پەیوەست بە سیاسەتەکان بۆ هەرێمی کوردستان یەکێک لە بوارەکانی زانیاری پڕبایەخ و گواستنەوەیان بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ناوبەناو. ئێمە پێشنیار دەکەین ئەم نیشاندەرانە لە بەراییدا ساڵی دوو جار بگوازرێنەوە (تەنانەت ئەگەرچی هەندێک نیشاندەر تەنها ساڵانە کۆبکرێتەوە)، و کاتێک توانای پێویست هاتە ئاراوە، ئەوسا هەر سێ مانگ جارێک. ئەگەرچی پێویستە لە بەراییدا جەخت بخرێتە سەر نیشاندەرە هەستیارەکان، پێویستە دواتر ڕێکخەرەکان ئەرکی گواستنەوەی نیشاندەری تریش بخرێتە ئەستۆیان.
- **کۆکردنەوەی کەرەستەی زانیاری هەستیار.** کۆکردنەوەی کەرەستەی زانیاری هەستیار لە لایەن وەزارەتە پەیوەندارەکە خۆیەوە ئەنجام دەدرێت (ستوونی "سەرچاوە" لە خشتەکەمان ئاماژەیە بەو ئاژانسەی کە زانیاریەکەی هەیە یان زانیاریەکە کۆدەکاتەوە). بەڵام، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان چاودێریی ئەم پرۆسەیە بکات و هاوکاریی تەکنیکیی پێویست دابین بکات. بایەخی ئەمە بە تایبەتی لەوەدایە کە زۆر کەرەستەی زانیاری پڕبایەخ پشت بەو پێکهاتەی نیشاندەرانە دەبەستێت کە پێویستە پێش هەژمارکردنی نیشاندەرە هەستیارەکە کۆبکرێتەوە. بۆ نموونە، پوختەی تۆمارکردن قوتابیان لە خوێندنگەی ناوەندی (ئەمە بریتییە لە نیشاندەرێکی هەستیاری بواری پەروەردە) پێویستی بەوەیە ژمارەی ئەو منداڵانە بزانین کە گروپی تەمەنیان دەکەوێتە گروپی تەمەنی خوێندنی ناوەندی و هەروەها ژمارەی ئەو منداڵانەی نێو ئەم گروپە کە بە کردار دەچنە خوێندنگەی ناوەندی. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە بەشی پێنج.
- **جێبەجێکردنی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی.** دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هێڵکاریی ڕێکخراوەیی داڕشتووە (ئۆرگانۆگرام) بۆ ڕێکخستنەوەی نووسینگەکانی لە سێ پارێزگاکە. ئێمە هەندێک ڕاسپاردەمان لەسەر دەستکارییەکان پێشکەش کرد، بە تایبەتی بۆ جەختکردنەوە لە تەبایی سەرجەم نووسینگەکان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ پرۆژەیاسای ئامار. هێڵکاری ڕێکخراوەکان پێویستی بە پێداچوونەوەیە، و پێویستە پێکهاتەکەیان جێبەجێ بکرێت. بڕوانە بەشی حەوت بۆ وردەکاریی.
- **چاکترکردنی سەرچاوە مرۆییەکان لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.** ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند تەکنیک و ڕێوشوێنێکی ئێجگار پێشکەوتووی دەستنیشان کردووە کە پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پیادەیان بکات لەگەڵ چەند هەنگاوێکی کۆکردنەوەی زانیاری کە پێویستە چاودێری بکات. بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پێویستی بە کارمەندێک دەبێت کە لە بواری تەکنیکییەوە بتوانن کار لەسەر ئەم ئاستەنگانە بکەن. پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کارمەندەکانی کارزانی نوێ دابمەزرێنێت و ئاستی تواناکانی کارمەندی ئێستای لە ڕێی خولی مەشق و ڕاهێنانی کردارییەوە بەرز بکاتەوە. پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بۆ گرێبەست بدات لەگەڵ پسپۆڕانی دەرەوە بۆ دابینکردنی خولی مەشق و ڕاهێنانی کرداری بۆ کارمەندەکەی، ڕەنگە پێکەوە ڕاهێنانێکی کۆکردنەوەی زانیاری ئەنجام بدەن، وەک ڕووپێوێک. ڕێگەچارەی تریش هەیە وەک بەشداریپێکردنی زانکۆی ئاست-بەرزی بیانی بۆ داڕشتنی خولی مەشقی کورتخایەن لەناو هەرێمی کوردستان، یاخود ناردنی کارمەندەکان بۆ هەندەران بۆ خولی لەو جۆرە.
- **بەرەوپێشبردن و دامەزراندنی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاریو گەیاندن.** جێبەجێکردنی بنکەیەکی زانیاری سەرەکی و ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان وەزارەتەکان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پیویستی بە ژێرخانێکی پێشکەوتووی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندنە (ICT). پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کار لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری و ڕاوێژکارێکی تەکنەلۆجیای زانیاری دەرەکی بکات، وەک پێویست، بۆ دامەزراندنی ژێرخانێکی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن لە بارەگاکانی و لە نووسینگەکانی لە پارێزگاکان. ئەگەرچی ڕەنگە وا پێویست بکات دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەندێک چالاکیی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری تەرخان بکات، پێدەچێت فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بتوانێت زۆربەی ئەو پسپۆڕێتییانە دابین بکات کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پێویستی پێی دەبێت بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی سوودبەخشی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن. دەتوانرێت لە ڕێی کۆبوونەوەی ناوبەناوی کارمەندەکانەوە پەیوەندییەکی پتەوتر دابمەزرێندرێت یاخود دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری گرێبەستێک لەگەڵ یەکتری ئیمزا بکەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی. پێویستە هەروەها پێداویستییەکانی ژێرخانی ئاڵوگۆڕی زانیاری تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندنی وەزارەتەکانیش دابین بکات. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە پاشگری E.

- **بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ نیشاندەرەکانی ئێستا چاکتر بکرێن، یان نیشاندەری نوێ کۆبکرێنەوە.** چەند ئاژانسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا سەرقاڵی کۆکردنەوەی پێکهێنەرەکانی زانیارین، وەک هەندێک نیشاندەری زانیاری کە لە خشتەکە بە پێشینەی بەرز ناومان بردووە. بەڵام، لەم لێکۆڵینەوەیە سەرنجمانداوە هەوڵی لەم جۆرە جیا جیا و کەرت – کەرت بووە نەوەک بەشێک بوو بێت لە ستراتیجێکی تەبای یەکگرتوو. پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە ڕاوێژە لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندار بڕیار بدات لەسەر ئەوەی ئاخۆ کار بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی جۆری کۆکردنەوەی ئەو نیشاندەرە هەستیارانەی ئێستا کۆدەکرێنەوە یان سەرچاوەکان بەکاربهێنرێن بۆ کۆکردنەوەی ئەو نیشاندەرانەی ئێستا کۆناکرێنەوە، تەنانەت ئەگەر ئاستی پێشینەیان نزم بێت. لەبەرئەوەی پێویستە ئەم بڕیارە بەپێی بارودۆخەکان بدرێت (بە جیا بڕیار لەسەر هەر حاڵەتێک بدرێت)، پێشنیاری ئەوە دەکەین ئاڵوگۆڕکردنێک بکرێت، بەڵام ناتوانین لێرەدا ڕاسپاردەیەکی یەکخراو پێشکەش بکەین. بەڵام پێوەرەکان بریتین لە خەرجی کۆکردنەوەی نیشاندەرەکە، توانای وەزارەت بۆ کۆکردنەوەی ئەو نیشاندەرە، ڕادەی بەکارهێنانی ئەو نیشاندەرە بۆ هەژمارکردنی کەرەستەی تری زانیاری، و ئاستی بایەخی بواری سیاسەتەکەی ئەو نیشاندەرە.
- **کۆکردنەوەی کەرەستەی زانیاری ئاست بەرز.** ئێمە لە سەرەوە باسی دەستنیشانکردنی ڕێکخەری زانیاری-و کۆکردنەوەی کەرەستەی زانیاری هەستیارمان کرد لە هەر وەزارەتێک. پێدەچێت ئەم پرۆسەیە ببێتە مایەی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نێوان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان و تواناسازیی ناو دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ڕێی ناساندنی کارمەندانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەو چالاکییانەی وەزارەتەکان ئەنجامی دەدەن. ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ کۆکردنەوەی کەرەستەی زانیاریەکەی خوار نیشاندەری هەستیار لە بواری پێشینەدا. بە هەمان شێوەی نیشاندەرە هەستیارەکان، کۆکردنەوەی زانیاری بۆ کەرەستەی زانیاری پێشینەیی لەلایەن وەزارەتە پەیوەندارەکان خۆیانەوە ئەنجام دەدرێت. ستوونی "سەرچاوە" لە خشتەکە ئاماژەیە بەو ئاژانسەی زانیاریەکەی هەیە یان کۆی دەکاتەوە. بەڵام، پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان چاودێری ئەم پرۆسەیە بکات و وەک پێویست هاوکاریی تەکنیکیی دابین بکات. بایەخی ئەمە بە تایبەتی لەوەدایە کە زۆر کەرەستەی زانیاری پڕبایەخ پشت بەو پێکهاتەی نیشاندەرانە دەبەستێت کە پێویستە پێش هەژمارکردنی نیشاندەرە پڕبایەخەکە کۆبکرێنەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە بەشی پێنج.
- **ئەنجامدانی ئەو ڕووپێوانەی یەکجار ئەنجام دەدرێن.** لە چەندین وڵات ڕووپێوی ساڵانەی خێزان و پیشە و کار بڕبڕەی پشتی چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاریە (بە تایبەتی بۆ پەیداکردنی نیشاندەری ئابووری گشتیر). بەڵام بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوانە پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان توانای پێویست بنیات بنێت. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕێی ئەنجامدانی ڕووپێوی یەک جارەوە –ئەم جۆرە ڕووپێوە بە شێوەیەکی ئەوتۆ دادەڕێژرێت کە تەنها یەک جار ئەنجام بدرێت و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئەنجام بدرێت- بە تایبەتی لە هەندێک قەزا یان بۆ هەندێک بابەتی دیاریکراو کە پێویستیەکی بەپەلەیان هەیە. هاوکات، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر کارکردن لەسەر ڕووپێوی وەک (IHSES-2011) و (MICS-4) لەگەڵ ئاژانسی فرەلایەن. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕاوێژکاری بیانی دابمەزرێنێت (گرێبەستیان لەگەڵ بکات) وەک پێویست بۆ داڕشتنی ڕووپێوەکان و ڕاپرسیارەکان (استبیان). لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، دەتوانرێت ئەم ڕووپێوانە بگۆڕدرێن بۆ ڕووپێوی ناوبەناو نەوەک هەر تەنها بۆ یەک جار و بۆ حاڵەتێک ئەنجام بدرێن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە بەشی پێنج.
- **ئەنجامدانی ڕووپێوی هەمیشەیی.** ئەنجامدانی ڕووپێوی یەک جارە کە لە سەرەوە باسمان کرد دەبێتە مایەی ئەوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بگاتە پێگەیەکی باشی ئەوتۆ کە بتوانێت ڕووپێوی ساڵانەی خانەوادە و پیشە و کار بکات. ئەم ڕووپێوانە سەرەڕای ئەوەی زانیاریمان پێدەدەن لەسەر ئابووری گشتیر، زانیاری سوودبەخشی ئاستی ووردمان پێدەدەن. بەڵام، ڕووپێوی ئاسایی بەرفراوان پێویستی بە هاوکاریی چەندین وەزارەتە. بۆیە، ئەو پسپۆڕێتی و شارەزاییەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە بواری تەکنیکی و پرۆسەکەدا بەدەستی دەهێنێت لە هەنگاوەکانی پێشووەوە، لێرەدا زۆر سوودیان دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە بەشی پێنج.

**هەنگاوەکانی نەخشەڕێگاکە بە گوێرەی (پێشینە) و (ئاسانیی جێبەجێکردن)**

خشتەی 8.1 بریتییە لە هەنگاوەکانی نەخشەڕێگاکە بە شێوەی کلێشەیەک (ماتریکس، مصفوفة)، و بە گوێرەی (پێشینە) و (ئاسانیی جێبەجێکردن) ڕیز کراوە. ئەم سیستمی پۆلێنکردنە یارمەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی چ هەنگاوێک لە ماوەیەکی کورتخایەندا جێبەجێ بکات، بەو مەزەندەیەی کە سەرچاوەکان و کات دەگمەنن. لەگەڵ ئەوەشدا تا جێبەجێکردنی بابەتە پێشینە بەرزەکان ئاسنتر بێت ئەوا دەبێتە سەرنج ڕاکێشترینیان، بەڵام مەرج نییە ئەم پۆلێنە هۆیەک بێت بۆ فەرامۆشکردنی ئەو بابەتە پێشینە-نزمانەی بە ئاستەنگ جێبەجێ دەکرێن.

**خشتەی 8.1**
**هەنگاوەکانی نەخشەڕێگا بە گوێرەی گرنگی و ئاسانیی جێبەجێکردن**

| | هەنگاوی پێشینە-بەرز | هەنگاوی پێشینە کەم |
|---|---|---|
| **جێبەجێکردنی ئاسانە** | دەستنیشانکردنی ڕێکخەری زانیاری لەناو هەر وەزارەتێک<br>کۆبوونەوەی لایەنە بەشدارەکان<br>جێبەجێکردنی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی<br>کۆکردنەوەی کەرەستەی زانیاری پڕبایەخ | بڕیاردان لەسەرئەوەی ئاخۆ نیشاندەرەکانی ئێستا باشتر بکرێن، یان نیشاندەری نوێ کۆبکرێتەوە<br>ئەنجامدانی ڕووپێوی تەنها یەک جار |
| **جێبەجێکردنی سەختە** | پەسەندکردنی یاسای ئامار<br>پتەوکردن و دامەزراندنی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن<br>بڕیاردان لەسەر پێکهاتەکانی دەستەکان (ئەنجومەنەکان) ی سیاسەت و چاودێریی تەکنیکی | کۆکردنەوەی کەرەستەی زانیاری پێشینە-بەرز<br>ئەنجامدانی ڕووپێوی ئاسایی |

### هەنگاوەکانی نەخشەڕێگاکە بە گوێرەی جۆری چالاکییەکە

هەروەها، خشتەی 8.2 بریتییە لە ڕێکخستنی هەنگاوەکانی نەخشەڕێگاکە بە گوێرەی سێ جۆر چالاکیی: بنیاتنانی دامەزراوە، کۆکردنەوەی زانیاری، و تواناسازی. پێداویستییەکانی ئەرکەکانی هەر پۆلێنێک ئێجگار جیاوازە لە ئەرکەکانی پۆلێنێکی تر: بنیاتنانی دامەزراوە (دامەزراوەسازیی) پێویستی بەو چالاکییانەیە کە لایەنی بەشداری جۆراوجۆر پێکەوە کۆدەکاتەوە، کۆکردنەوەی زانیاری پێویستی بەو چالاکییانەیە کە سروشتێکی تەکنیکییان هەیە، و تواناسازییش پشت بە خولی ڕاهێنان دەبەستێت. دەتوانرێت ئەم ڕیزبەندییە بەکاربهێنرێت بۆ ڕێنمایی جێبەجێکردنەکە ئەگەر داڕێژەرانی سیاسەتەکان یەکێک لەم بوارانە بە گرنگتر بزانن وەک لەوانەی تر یان پێیان وا بێت توانای جۆراوجۆریان هەیە و دەتوانن لە هەر پۆلێنێک چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن.

**خشتەی 8.2**
**هەنگاوەکانی نەخشەڕێگا بە گوێرەی جۆری چالاکی**

| جۆری چالاکی | هەنگاوی نەخشەڕێگا |
|---|---|
| دامەزراوەسازیی (بیناکردنی دامەزراوە) | پەسەندکردنی یاسای ئامار<br>دەستنیشانکردنی ڕێکخەری زانیاری لە هەر وەزارەتێک<br>کۆبوونەوەی لایەنە بەشدارەکان<br>بڕیاردان لەسەر پێکهاتەی ئەنجومەنەکانی سیاسەتەکان و چاودێریی تەکنیکی<br>جێبەجێکردنی ئۆرگانۆگرامەکان |
| کۆکردنەوەی داتا (داتای کۆکراوە) | کۆکردنەوەی کەرەستەی داتای پڕبایەخ<br>بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئاخۆ نیشاندەرەکانی ئێستا چاکتر بکرێن، یان نیشاندەری نوێ کۆبکرێتەوە<br>کۆکردنەوەی کەرەستەی زانیاری ئاست بەرز<br>ئەنجامدانی ڕووپێوی ئاسایی |
| تواناسازی | بەرەوپێشبردنی سەرچاوە مرۆییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان<br>پتەوکردن و دامەزراندنی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن<br>ئەنجامدانی ڕووپێوی تەنها یەک جارە. |

## دەرەنجامەکان، و هەنگاوەکانی داهاتوو

ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە نامیلکەی چالاکییەکانی ئێمە بۆ داڕشتنی سیستمی کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە سیاسەتەکان بۆ هەرێمی کوردستان. یەکەم هەنگاومان بریتی بوو لە تێگەیشتن لەو دەزگایانەی لە ئارادان. ئنجا زانیاری و شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریمان هەڵسەنگاند. لەبەرئەوەی ئامانجەکە بریتییە لە کۆکردنەوەی ئەو زانیاریەی کار دەکاتە سەر داڕشتنی سیاسەتەکان، زانیارییمان لەسەر پیشینەکانی سیاسەتەکانی هەرێمەکە کۆکردەوە. پاشان نەخشەی ئەم پیشینەیەمان گۆڕی بۆ ئەو زانیاریەی پێویستە کۆبکرێتەوە بۆ ئاسانکاریی ئەو بڕیارانەی سەبارەت بەم پیشینەیە دەردەکرێن، تاوتوێی ئەو شێوازانەی کۆکردنەوەی زانیاریمان کرد کە پێویستە لە ئارادا بن بۆ کۆکردنەوەی ئەم زانیاریانە، و پێشنیاری پێکهاتەیەکی دامەزراوەییمان کرد کە بە باشترین شێوە پشتگیری لە چالاکییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دەکات. هەروەها، ڕاسپاردەکانی خۆمان بە شێوەی نەخشەڕێگەیەکی جێبەجێکردن داڕشت بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بتوانن پیادەی بکەن.

دەتوانرێت ئەم لێکۆڵینەوەیە وەک ڕێبەرێک بەکاربهێنرێت لەلایەن بەرپرسان و کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگا پێشنیارکراوەکە. هەروەها، (بنکەی زایناری سەرچاوەی زایناری، Data Source Data base) مان داڕشت کرد، کە تێیدا سەرچاوەکانی زانیاریمان داڕشتووە بە بەکارهێنانی سیستمی بەڕێوەبردنی زانیاری، بۆ ئەوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەر لەم پرۆژەیە وەک عەمبارێک بۆ زانیاری بەردەست بەکاریبهێنن. بە هەمان شێوە، دەتوانرێت ئەو خشتەی نیشاندەرانەی دامانڕشتووە بەرفراوان بکرێت یان دەستکاری بکرێت لەگەڵ گەشەسەندن و زیادبوونی پێداویستییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زانیاری. بۆ نموونە، ئەو نیشاندەرانەی ئێستا پێشنیار کراون پەیوەستن بە هەبوونی کەرەستەی سەرەکیی گشتیی و کەمتر پەیوەستن بە چوستیی وەبەرهێنان و چالاکییەکان. دەتوانرێت لە ئاییندەدا کاتێک کەرەستەی پێویستی گشتیی دابین کرا و چووستی گەشەی سەند ئەوسا دەتوانرێت خەرجی و نیشاندەری تریش زیاد بکرێت، ئەو نیشاندەرانەی کە بوار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنن داهاتەکانی وەبەرهێنان هەژمار بکات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورەیان ناوە بەرەو داڕشتن و گەشەسەندنی سیستمی کۆکردنەوەی زانیاری. لە پێگەیەکی باشدان بۆ سوودوەرگرتن لەو بەرەوپێشچوونەی تا ئەمڕۆ بەدیهاتووە و بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە پێشنیارکراوەکان سەبارەت بە بنیاتنانی دامەزراوە (تواناسازیی)، کۆکردنەوەی زانیاری، و تواناسازیی بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم سیستمە بەرەو قۆناغی داهاتوو لە پەسندکردنی باشترین شێوازەکانی جیهان. ئەنجامدانی ڕووپێوی بازاڕی کار و کۆمپانیاکان کە ئێستا زۆر پێویستن شێوازێکی باش دەبێت بۆ دەستکردن بە جێبەجێکردنی بەشێکی زۆر لەم پێشنیارانە. دابینکردنی ئەم زانیاریانە و زانیاری تری بەردەست بۆ داڕێژەرانی سیاسەتە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و لە کاتی خۆیدا بوار بۆ هەرێم دەڕەخسێنێت ئامانجەکانی بەدیبهێنێت.

# کۆبوونەوەکانی تیمی داتای ڕەند

## قەوارەی حکومی

دەستەی وەبەرهێنان

بانکی مەرکەزیی عێراق – لقی هەولێر

ئەنجومەنی وەزیران (بەرپرسی جۆراوجۆر)

فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری

نووسینگەی پارێزگاری پارێزگای دهۆک

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- بارەگای سەرەکی
- بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری و نەخشەسازی
- بەڕێوەبەرایەتی دهۆک
- بەڕێوەبەرایەتیی هەولێر
- دەستەی ئاماری سلێمانی

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
- نووسینگەی وەزیر
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان (کشتوکاڵ)
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان (سەرچاوەکانی ئاو)
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خزمەتگوزارییەکانی کشتوکاڵی
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕەزگەری و دارستان و پاوان
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەرچاوەکانی ئاو
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵ
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵ، سلێمانی

وەزارەتی پەروەردە
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان
- بەڕێوەبەرایەتیی ئامار

وەزارەتی کارەبا
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان و جێبەجێکردنی پرۆژەکان
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دابەشکردن

وەزارەتی دارایی و ئابووریی
- نووسینگەی وەزیر
- نووسینگەی جێگری وەزیر
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی داهات
- بەڕێوەبەرایەتیی گمرک

وەزارەتی تەندروستی
- نووسینگەی وەزیر
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەولێر

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
راوێژکاری وەزیر
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی زەماڵە و پەیوەندییە رۆشنبیرییەکان
جێگری سەرۆکایەتی بۆ کاروباری زانستی، دامەزراوەی پەروەردەی تەکنیکی
وەزارەتی نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان و کاروباری تەکنیکی
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان و تەکنیک
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
راوێژکاری یاسایی
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کار و بیمەی کۆمەڵایەتی
وەزارەتی شارەوانییەکان و گەشتوگوزار
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلانی شار
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ
بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ
وەزارەتی پلاندانان
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بودجەی وەبەرهێنان
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلانی ستراتیجی
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بازرگانیی
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەیوەندییەکانی بازرگانی
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی
بەڕێوەبەرایەتی بازرگانیی هەنارده و هاوردە
وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گواستنەوە
بەڕێوەبەرایەتیی پلانداندان و بەدواداچوون، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گواستنەوە
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەیاندن
نووسینگەی سەرۆک وەزیران
نووسینگەی قەزای قایمقامی شارباژێر
نووسینگەی پارێزگاری پارێزگای سلێمانی

**قەوارەی ناحکومی**

زانکۆی ئەمریکی لە عێراق – سلێمانی

ژووری بازرگانی و پیشەسازیی هەولێر

زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری

ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی

تەتویر، بەرنامەی پەرەپێدانی توانای نیشتمانی لە بواری بەرنامەی بەڕێوەبردنیی گشتیی

# پوختەی ماڵپەرەکانی ئەنتەرنێتی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**خشتەی B.1**
**پوختەی ماڵپەرەکانی ئەنتەرنێتی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

| وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ناونیشانی ماڵپەرەکە | زانیاری بەردەست لەسەر ئەنتەرنێت ڕاستەوخۆیە؟ | جۆری زانیاری بەردەست لە ئۆنلاین |
|---|---|---|---|
| نووسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان (لە ماڵپەرەکەدا نووسینگەی ئامار بنکەی زانیاری کوردستان نووسراوە) | http://www.krso.net/ | بەڵێ بە (html) | دیمۆگرافی، تەندروستی، پەروەردە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، بیناسازی، و ژینگە |
| وەزارەتی کشتکواڵ و سەرچاوەکانی ئاو (کابینەی شەشەم) | http://www.moawr-krg.org (ئینگلیزییەکە: http://www.moawr-krg.org/index.php?Itemid=199) | بەڵێ (لەسەر ئەنتەرنێت ڕاستەوخۆ هەندێک ڕاپۆرت بەردەستە) | زەوی کشتوکاڵیی، توانای بەرهەمهێنان، بەخێوکردنی هەنگ، بەرهەمی ئاژەڵ، لێکۆڵینەوە و مەشقی کشتوکاڵی، وەبەرهێنانی کشتوکاڵی، بەکاربردن و نرخی میوە و سەوزەی ناوخۆ و هاوردە |
| وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەنجان (کابینەی شەشەم) | وێبسایتی نییە | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی پەروەردە | http://www.kurdistan-moe.org/ (تەنێ بە کوردییە) | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی کارەبا | http://www.krgelectric.org/ | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی | وێبسایتی نییە | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی دارایی و ئابووریی | http://mof-krg.org/english/topics.php?topics=1 | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی تەندروستی | هیچ وێبسایتێک بەردەست نییە، ئەگەرچی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی دهۆک وێبسایتی هەیە http://www.duhokhealth.org/en | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | http://www.mhe-krg.org/?q=node/105 | نەخێر | بەردەست نییە |
| وەزارەتی نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە | هیچ وێبسایتێک بەردەست نییە | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی داد | http://www.mojkurdistan.com/English_Malper.aspx | نەخێر | بەردەست نییە |
| وەزارەتی ناوخۆ | هیچ وێبسایتێک بەردەست نیە | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | هیچ وێبسایتێک بەردەست نییە | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال | http://www.momakrg.org/en/ | بەردەست نییە | بەردەست نییە |

**خشتەی B.1 — درێژە**

| وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ناونیشانی ماڵپەرەکە | زانیاری بەردەست لەسەر ئەنتەرنێت ڕاستەوخۆیە؟ | جۆری زانیاری بەردەست لە ئۆنلاین |
|---|---|---|---|
| وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار | هیچ وێبسایتێک بەردەست نییە | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | هیچ وێبسایتێک بەردەست نییە | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە | هیچ وێبسایتێک بەردەست نییە | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی پلاندانان | http://www.mop-krg.org/ | بەڵێ بە html | دیمۆگرافی، تەندروستی، پەروەردە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، بیناسازی و ژینگە لە KRSO، بەشەکانی زانیاری لە KRSO و وەزارەتای پلاندانان بە نزیکەیی هەمان پێکهاتە و ناوەڕۆکیان هەیە |
| وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | هیچ وێبسایتێک بەردەست نییە | بەردەست نییە | بەردەست نییە |
| وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | http://www.moc-krg.com/English/ | نەخێر | ? |

سەرنج: خشتەکە بریتییە لە گەڕانی ئێمە بۆ وێبسایتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2 ی ئازاری 2011، و لەو ڕۆژەدا هەموو ئەو لینکانە ئاکتیف بوون

پاشگری C

# تۆماری بەڵگەنامەکان

خشتەیC.1 بریتییە لە لیستی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە بە فەرمی تۆمارکراون لەناو سیستمی ڕەند تا ئازاری 2011.

**خشتەی C.1**

**تۆماری بەڵگەنامەکانی بەردەست، تا ئازاری 2011**

| ناونیشان یان ناوەڕۆک | سەرچاوە | جۆری بەڵگەنامە |
|---|---|---|
| 2010 Erbil "CALfiles" | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر | زانیاری (هەندێک زانیاری لەسەر ڕێژەی مردن بۆ 25 لە سەتی دەزگا تەندروسییتەکان |
| 2010 ڕاپۆرتی ئاستی دەزگا لە ئامارەوە | یەکەی ئاماری وەزارەتی تەندروستی | بەردەست نییە |
| تەرخانکردنی بودجەی وەبەرهێنانی 2010 بە گوێرەی وەزارەتەکان و پاریزگاکان، تەموزی 2010 | وەزارەتی پلاندانان (دکتۆر علی سندی) | Powerpoint (PDF file) |
| سەبارەت بە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر 'Claimingthe Future, Embracingthe World,' لە 25 ی حوزەیرانی 2010 نوێ کراوەتەوە | فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی | Word file |
| بەرنامەی (Aid management in Iraq) نامیلکەی Achievements and the way forward ئایاری 2008 | بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان | پوختەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان |
| ڕاپۆرتی ساڵانە، چارەکی 1، 2010 | بانکی نێودەوڵەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدان | ڕاپۆرت |
| ئاماری بنەڕەتی لەسەر بەکاربردنی میوە و سەوزە لە هەرێمی کوردستان (نرخ، بڕی هاوردە، تاد) | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | ڕاپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ |
| ئاماری سەرەکیی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | ڕاپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ |
| ڕپۆرتی BrightFuture Foundation دارایی، 31 ی کانونی یەکەمی 2010 | دەزگای ئایندەی گەش | ڕاپۆرت |
| پشتگیریی جێبەجێکردنی بودجە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان | بەرنامەی نەتەوەیەگرتووەکان بۆ پەرەپێدان | ڕاپۆرت |
| شیکردنەوەیەکی گشتگیری ئاسایشی خۆراک و نەداری لە عێراق | بەرنامەی خۆراکی جیهانیی نەتەوە یەکگرتوەکان، وەزارەتی پلاندانان و فەرمانگی تەکنەلۆجیای زانیاری، و هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |
| دابینکردنی هاوچەرخکردن: چۆن پشتگیری لە گواستنەوەی سەرکەوتووانەی حکومەت دەکات، بابەتی 1، کانونی یەکەمی 2009 | حکومەتی هەرێمی کوردستان، و فەرمانگەی تەکنەلۆجیا PricewaterhouseCoopers | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |
| دابینکردنی هاوچەرخکردن: چۆن فەرمانگەی تەکنەلۆجیا و زانیاری پشتگیری لە کۆڕانە سەرکەوتووەکانی حکومەت دەکات، ژمارەی 2 حوزەیرانی 2010 | حکومەتی هەرێمی کوردستان، و فەرمانگەی تەکنەلۆجیا PricewaterhouseCoopers | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |

**خشتەی C.1 — درێژە**

| ناونیشان یان ناوەڕۆک | سەرچاوە | جۆری بەڵگەنامە |
|---|---|---|
| دابینکردنی هاوچەرخکردن: چۆن فەرمانگەی تەکنەلۆجیا و زانیاری پشتگیری لە کۆڕانە سەرکەوتووەکانی حکومەت دەکات، ژمارەی 3 تشرینی دووەم، 2010 | حکومەتی هەرێمی کوردستان، و فەرمانگەی تەکنەلۆجیا PricewaterhouseCoopers | ڕاپۆرت بە PDF |
| داڕشتنی سیاسەتی ئاو و ئاوەڕۆ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە | وەزارەتی شاروانی و گەشتگوزار (ئامادە کردنی Chemonics Egypt) | ڕاپۆرت بە PDF |
| ئەنجامدانی کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق | حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| کورتەیەک دەربارەی پارێزگای دهۆک | وەزارەتی پلاندانان | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |
| خشتەی زانیاری ئابووریی لەسەر عێراق | بانکی جیهانی | خشتەی زانیاری |
| کورتەیەک دەربارەی عێراق، 2008، یەکەی هەواڵگری ئابووری | یەکەی هەواڵگری ئابووری | ڕاپۆرتی یەکەی هەواڵگری ئابووری |
| یەکەی هەواڵگری ئابووری ڕاپۆرتی عێراق، 2010، | یەکەی هەواڵگری ئابووری | ڕاپۆرتی یەکەی هەواڵگری ئابووری |
| کرێی کارەبا | وەزارەتی کارەبا | وەزارەتی کارەبا (PDF) |
| کارمەندان لە بەڕێوەبەرایەتیی هەولێر | بەردەست نییە | Excel (خشتەی زانیاری) |
| زانیاری کارمەندان بە گوێرەی پیشە، تەموزی 2005 | وەزارەتی کارەبا | Excel (خشتەی زانیاری) |
| نامیلکەی گەشتیاریی لە هەولێر و هەرێمی کوردستان | وەزارەتی گەشتوگوزار، دیوان | نامیلکە |
| کورتەیەک دەربارەی پارێزگای هەولێر | وەزارەتی پلاندانان | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |
| کۆدەکانی دەزگای تەندروستی | ب. گشتیی تەندروستیی هەولێر | کۆدەکانی زانیاری |
| فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی | فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی | CD |
| ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی 8 (2007-2008) و 9 (2007-2008 و 2008-2009) لە تاقیکردنەوەی نیشتمانیی | حکومەتی هرەێمی کوردستان | ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| ئاماری تاقیکردنەوەی خوێندنی بنەڕەتی، پۆلی 8 (2008-2009) | حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| ڕوونکردنەوەی زانیاری هایدرۆلۆجی  کانونی یەکەمی 2010 | بەردەست نییە | خشتەی زانیاری (PDF) |
| نامیلکەی پێشەنگای کار لە سلێمانی، هەولێر، دهۆک | ڕیکلامی پێشانگەکە | نامیلکە |
| شیکردنەوەی ئاسایشی خۆراک | نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرنامەی خۆراکی جیهانی، دەستەی  ئامار، دەزگای ناوەندی ئامار، پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی خۆراک | زانیاری |
| شیکردنەوەی ئاسایشی خۆراک لە عێراق 2005 | بەرنامەی خۆراکی دەزگای ناوەندی پلاندانان و هاوکاری پەرەپێدان/عێراق | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |
| ستراتیجی بەڕێوەبردنی باش و شەفافییەت، پوختەی زانیاری، تەموزی 2009 | ئەنجومەنی وەزیران حکومەتی هەرێمی کوردستان | فایلی PDF |
| سنوری پارێزگا (قەزا و ناحییەکان) و زانیاری نیشتەجێبوون | فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازی | GIS نەخشەی |
| "زانیاری تەندروستی" ی هەولێر و بەتایبەتی دهۆک | فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازی | GIS نەخشەی |
| ئاماری تەندروستی 2008 | وەزارەتی تەندروستی هەرێم | زانیاری |

**خشتەی C.1 — بەردەوامی خشتەی پێشووە**

| ناونیشان یان ناوەڕۆک | سەرچاوە | جۆری بەڵگەنامە |
|---|---|---|
| نرخی سەرانگێزی مرۆیی لەکوردستان: نمونەی هەڵسەنگاندنێکی چالاکی بایزی | دەستەی ئامار | لێکۆلینەوەیەک لە لایەن جمال رسول امین |
| نرخی سەرانگێزی مرۆیی لەکوردستان: نمونەی هەڵسەنگاندنێکی چالاکی بایزی | دەستەی ئامار | PDF/Presentation لە لایەن جمال رسول امین |
| سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی کۆتایی بە دانیشتنی ئەنجومەنی جێبەجێکردن دێنێ 2009 - ماددەی چوارەم گفتوگۆکردن لەگەڵ عێراق | سندوقی دراوی نێودەوڵەتی | ڕاگەیەنداروی جەماوەری سندوقی دراوی جیهانی |
| هەلی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ | حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون | ڕاپۆرت |
| ڕووپێوی تەندروستیی خێزانی عێراق | ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، وەزارەتی تەندروستی عێراق، وەزارەتی تەندروستی / کوردستان، دەستەی ئامار دەزگای ناوەندی ئامار-عێراق | زانیاری |
| ڕووپێوی ڕاپرسی تەندروستیی خێزانی عێراق | دەستەی ئامری هەرێمی کوردستان | PDF |
| ڕاپۆرتی ڕووپێوی تەندروستیی خێزانیی عێراق 2007-2006 | ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی، وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پلاندانان و هاوکاری گەشەسەندنی عێراق | ڕاپۆرت و پوختەی داتا |
| ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووری خێزانی عێراق | دەستەی ئامار، دەزگای ئامار، بانکی جیهانی | زانیاری |
| ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووری خێزانی عێراق - ڕاپرسی | دەستەی ئامار | Excel File |
| ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووری خێزانی عێراق 2007 ڕاپۆرتی خشتە | دەستەی ئامار، دەزگای ئامار، بانکی جیهانی | ڕاپۆرت و پوختەی ئامار |
| ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووری خێزانی عێراق خشتەی ڕاپۆرت، 2007، بەرگی دووەم: خشتەی زانیاری | دەستەی ئامار، دەزگای ئامار، بانکی جیهانی | ڕاپۆرت و پوختەی ئامار |
| ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئابووری خێزانی عێراق خشتەی ڕاپۆرت، 2007، بەرگی سێیەم پاشگرەکان | دەستەی ئامار، دەزگای ئامار، بانکی جیهانی | ڕاپۆرت و پوختەی ئامار |
| عێراق: نامەی مەبەست، یاداشتی ڕامیاری ئابووری و دارایی، و یاداشتنی تەکنیکی لەیەکترگەیشتن، 9ی شوباتی 2010 | (سندوقی دراوی نێودەڵەتیی، IMF) | یاداشتنامەی لەیەکترگەیشتن سندوقی دراوی نێودەوڵەتی |
| ڕووپێوی ئاستی ژیان لە عێراق، 2004، بەرگی یەکەم: خشتەی ڕاپۆرت | وەزارەتی پلاندانان، بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |
| ڕووپێوی ئاستی ژیان لە عێراق، 2004، بەرگی دووەم: ڕاپۆرتی شیکاری | وەزارەتی پلاندانان، بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |
| ڕووپێوی ئاستی ژیان لە عێراق، 2004، بەرگی سێیەم: نەخشەی ئابووریی کۆمەڵایەتی | وەزارەتی پلاندانان، بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |
| عێراق: هەڵسەنگاندنی ماکرۆمیدیا، تشرینی یەکەمی 2003 | سندوقی دراوی نێودەوڵەتی | ڕاپۆرت |
| وەزارەتی تەندروستیی عێراق | وەزارەتی تەندروستی عێراق، دەزگای ئاماری عێراق، وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی گەشەسەندن/عێراق، وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستگان، وەزارەتی تەندروستی عێراق، دەستەی ئامار، وەزارەتی پلاندانان، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی | زانیاری |
| هەڵسەنگاندنی خێرای فرە نیشاندەر لە عێراق — ڕاپرسی خێزان | دەزگای ناوەندی ئامار و دەزگای فافو بۆ لێکۆڵینەوە جێبەجێ کراوە نێودەولەتیەکان | ڕووپێوی ڕاپرسی خێزان |

**خشتەی C.1 — بەردەوامی خشتەی پێشووە**

| ناونیشان یان ناوەڕۆک | سەرچاوە | جۆری بەڵگەنامە |
| --- | --- | --- |
| عێراق: ڕاپۆرتی نیشتمانی لەسەر ڕەوشی پەرەپێدانی مرۆیی، 2008 | بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، وەزارەتی پلاندانانی عێراق، و دەزگای ناوەندی ئامار، و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | پی دی ئێف |
| ڕووپێوی گەنجان و هەزەکارانی عێراق | دەزگای ناوەندی ئامار، دەستەی ئامار، وەزارەتی وەرزش و لاوان، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان، پرۆژەی پان عەرەب بۆ تەندروستی خێزان | زانیاری |
| ڕووپێوی ڕاپرسی گەنجان و هەزەکارانی عێراق، 2009 | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان | بەردەست نییە |
| ڕووپێوی ڕاپرسی گەنجان و هەزەکارانی عێراق، 2009 پوختەی ڕاپۆرت (بە کوردی) | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان | CD |
| پوختەی ڕاپۆرتی ڕووپێوی 2009 لاوان و هەرزەکارانی نیشتمانی عێراق | وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | پوختەی ڕاپۆرت |
| زانیاریەکانی بەکاربردن و ئامارەکانی دانیشتوانی عێراق (بەپێی پارێزگاکان) بۆ ساڵی 2006 | دەزگای ناوەندی ئامار | زانیاری |
| سەرنجنامەی بەرنامەی عێراق (دوایین جار لە 26 ی شوباتی 2010 نوێ کراوەتەوە) | سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی | سەرنجی بەرنامەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی |
| عێراق: ڕاپۆرتی ستافەکە لەسەر مادەی چواری 2009 ی ڕاوێژکاری و داواکاری بۆ ئامادەباشی ڕێکخستنەکان | سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی | ڕاپۆرتی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی10/72 |
| عێراق: پاشگری ئامار (ئابی 2007) | سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی | ڕاپۆرت لەگەڵ پوختەی زانیاری |
| مەزەندەکانی KBSNA لە 2008: پرۆژەی بەشی تاکەکەس لە داهاتی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری AUMMA و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان داڕێژراوە | وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | پوختەیەک لە لایەن جان ڤان تۆنگرین و جان بارتلێما |
| بودجەی 2010 ی حکومەتی هەرێمی کوردستان | وەزارەتی پلاندانان | پوختە |
| بودجەی 2008 و 2009 و پرۆژەبودجەی 2010 ی حکومەتی هەرێمی کوردستان | حکومەتی هەرێمی کوردستان | زانیاری |
| بودجەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی وەزارەت، پارێزگا، قەزا، و ناحیە (ڕاستەقینەوە و پێشنیارکراو) | حکومەتی هەرێمی کوردستان | زانیاری |
| کارمەندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی وەزارەت، 2009، و پێشنیارکراو بۆ 2010 | حکومەتی هەرێمی کوردستان | زانیاری |
| پلانی ستراتیجیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کشتوکاڵ 2009-2013 | وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| هەڵسەنگاندنی گەشەسەندنی ئابووریی هەرێمی کوردستان | ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی | ڕاپۆرتی ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی |
| هەرێمی کوردستان: وەبەرهێنان لە ئاییندەدا | حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کتێبی ساڵانەی نووسینگەی ئاماری وەزارەتی پلاندانان | وەزارەتی پلاندانان | ڕاپۆرتی ئاماریی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| بنکەی زانیاری دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، تشرینی یەکەمی 2010 | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان | لیستی زانیاری (PDF) |
| ڕووبار و جۆگەکانی کوردستان | فەرمانگەی زانیاریی و نەخشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان | نەخشەی سیستمی زانیاریی جوگرافی |
| ڕێژەی باجی کوردستان و یاسای ژ. 26 ی ساڵی 2007 | وەزارەتی دارایی و ئابووریی | وێنەیەکی چاپکراو |

**خشتەی C.1 — بەردەوامی خشتەی پێشووە**

| ناونیشان یان ناوەڕۆک | سەرچاوە | جۆری بەڵگەنامە |
|---|---|---|
| یاسای 25 خشتەیەک بۆ دهۆک (لیستی کۆمپانیاکان، ڕێژەی بەرهەمهێنان، سەرمایە، ژمارەی کارمەندان، تاد) | حکومەتی هەرێمی کوردستان | زانیاری |
| یاسای 25 خشتەیەک بۆ هەولێر (لیستی کۆمپانیاکان، ڕێژەی بەرهەمهێنان، سەرمایە، ژمارەی کارمەندان، تاد) | حکومەتی هەرێمی کوردستان | زانیاری |
| یاسای 25 خشتەیەک بۆ سلێمانی (لیستی کۆمپانیاکان، ڕێژەی بەرهەمهێنان، سەرمایە، ژمارەی کارمەندان، تاد) | حکومەتی هەرێمی کوردستان | زانیاری |
| ئەو پرۆژانەی مۆڵەتیان وەرگرتووە و خەریکی جێبەجێکردنن، 2008-2006 | دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | زانیاری |
| ماستەر پلان بۆ کەرتی کارەبا، دوایین ڕاپۆرت، بەرگی یەکەم، تشرینی دووەمی 2009 | پارسۆنس برینکرۆف بۆ وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرت (PDF) |
| ماستەر پلان بۆ کەرتی کارەبا، دوایین ڕاپۆرت، بەرگی دووەم، تشرینی دووەمی 2009 | پارسۆنس برینکرۆف بۆ وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرت (PDF) |
| ماستەر پلان بۆ کەرتی کارەبا، دوایین ڕاپۆرت، بەرگی سێیەم، تشرینی دووەمی 2009 | پارسۆنس برینکرۆف بۆ وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرت (PDF) |
| یاداشتنامەی لەیەکترگەیشتن بە ئیمزای دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری، یونسێف لەسەر هاوکاریی زانیاری بۆ MICS 4 | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان | یاداشتنامەی لەیەکترگەیشتن |
| کورتەیەک دەربارەی وەزارەتی کشتوکاڵ 2007 | ئەنجومەنی وەزیران/ وەزارەتی کشتوکاڵ/ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان/ بەڕێوەبەرایەتیی ئامار | ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009 | وەزارەتی تەندروستی | ڕاپۆرت و زانیاری |
| ڕاپۆرتی چالاکیی وەزارەتی پلاندانان لە کابینەی 5 ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەیلولی 2009 | وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرت |
| ڕووپێوەکانی نیشاندەری فرەهێشوو | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری، وەزاەتی تەندروستی، یونیسێف | زانیاری |
| پارسۆنس برینکەرۆف، پێداچوونەوەی کۆمپانیاکان | پارسۆن برینکەرۆف | ڕاپۆرت (PDF) |
| دانیشتوان، دەستی کار، و خێزان | حکومەتی هەرێمی کوردستان | بەڵگەنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانە حکومی و ئەهلییەکان (بە گوێرەی پارێزگا) | بەردەست نییە | زانیاری |
| گرفتیی کەمیی کارەبا و شێوازەکانی چاککردنی | وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرت، Word File |
| پلانی پێشنیارکراوی ساڵانە بۆ پرۆژە نوێیەکانی پیشەسازیی کەرتی تایبەت، وەزارەتی پیشەسازی، 2010 | وەزارەتی پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرتی وەزارەتی پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| ڕاپۆرت لەسەر کۆمەکی وڵاتانی کۆمەکبەخش بۆ هەرێمی کوردستان | وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرت |
| پێکهاتەی ڕێکخراوی RMEK، 2011 | وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان | پێکهاتەی ڕێکخراوەیی |
| شوێنی قوتابخانەکان، هەولێر، 2009 | فەرمانگەی زانیاری نەخشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان | نەخشەی سیستمی زانیاریی جوگرافی |
| تۆماری قوتابیان و ژمارەی فێرکاران لە کۆلێژەکانی مامۆستایان، خوێندنی بنەڕەتی | کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین | ڕاپۆرتی زانکۆی سەلاحەدین |
| کورتەیەک دەربارەی پارێزگای سلێمانی، 2009 (1) | وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |
| کورتەیەک دەربارەی پارێزگای سلێمانی، 2009، (2) | وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ڕاپۆرت و پوختەی زانیاری |

**خشتەی C.1 — بەردەوامی خشتەی پێشووە**

| ناونیشان یان ناوەڕۆک | سەرچاوە | جۆری بەڵگەنامە |
|---|---|---|
| پوختەی "چاکترکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە بنچینەییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق – دەستپێشخەریی پێکەوە کارکردن و هاوبەشی کردنی خەرجیەکان 16-14 ی نیسانی 2008، کۆنفرانسەکە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێکخرا بە هاوکاری یونیسێف، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی، و بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان | حکومەتی هەرێمی کوردستان، یونسێف، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندن | دانیشتنەکانی کۆنفرانسەکە |
| خشتەی ناوەڕۆکی زانیاریەکان دەربارەی پاریزگای سلێمانی | وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | خشتەی ناوەڕۆکی ڕاپۆرت |
| بەڵگەنامەی پێویستیەکان بۆ مەشق و هاوکاری | فەرمانگەی زانیاریی نەخشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان | بەردەست نییە |
| ڕووپێوی MICS ی یونسێف لە عێراق | یونسێف | زانیاری خانەوادە (خێزان) |
| نەخشەسازیی پیداویستییە سەرەکییە دابین نەکراوەکان و ئاستی ژیان لە عێراق، 3 بەرگ و پوختەی جێبەجێکراو | بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، و دەزگای ناوەندی ئاماری، لە نووسینگەی ئاماری سلێمانی وەرگیراوە | چەند بەرگێک |
| نەخشەسازیی پیداویستییە سەرەکییە دابین نەکراوەکان و ئاستی ژیان لە عێراق، پوختەی جێبەجێکراو | بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، و دەزگای ناوەندی ئاماری | PDF |
| ڕێکخستنەکانی کارکردن بۆ ئەنجومەنی گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان، 2006 | حکومەتی هەرێمی کوردستان | بەڵگەنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان |

# ئەو ژێدەرانەی بەکارهێنراون بۆ ڕاگەیاندنی خشتەی زانیاری بوارەکانی ئەو ڕامیاریانەی کە پێشینەن


**تەندروستی**

تۆماری نیشاندەر و پێوانەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان، 2011، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://apps.who.int/gho/indicatorregistry/App_Main/browse_indicators.aspx

بنکەی نیشاندەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ کۆنترۆڵی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، 2007، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://apps.nccd.cdc.gov/cdi/Default.aspx

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، چاودێریی باڵەخانەکانی سیستمی تەندروستی: نامیلکەی نیشاندەرەکان و ستراتیجەکانی پێوانەکردنیان، جنێڤ، سویسرا، 2010، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.who.int/healthinfo/systems/monitoring/en/index.html

ڕوتستین، شیا ئۆسکار، و گولیرمۆ ڕۆژاس، ڕێنمایی لەسەر ئاماری DHS، کالڤێرتۆن: ORC Macro، ئەیلولی 2006. لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.measuredhs.com/pubs/pdf/DHSG1/Guide_DHS_Statistics.pdf

**پەروەردە**

ناوەڕۆکی بنکەی زانیاری وەزارەتی پەروەردە (EMIS_database_documentation_AR-SA.doc)، نووسراوێکی پرۆژەی ڕەندە کە پرۆژەی پەروەردەی ڕەند دابینی کردووە

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەروەردە، زانست، و فەرهەنگیی (UNESCO): نیشاندەرەکانی پەروەردە: ڕێنمایی تەکنیکی، 2009. لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.uis.unesco.org/Library/Documents/eiguide09-en.pdf

**کارەبا**

بەشی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، هۆبەی وزە، 2008، کتێبی ساڵانەی ئاماری وزە و هاوسەنگی وزە و کارەبا. لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://unstats.un.org/unsd/energy/

بەشی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامارەکانی وزە – نامیلکەی وڵاتانی تازە-گەشەسەندوو، 1991 (ئەمە بریتییە لە ڕێنمایی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتانی تازەگەشەسەندوو لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی کۆکردنەوەی ئەم زانیاریانە، بە عەرەبییش هەیە)، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://unstats.un.org/unsd/pubs/gesgrid.asp?ID=51

**گواستنەوە و ڕێگەوبان**

نوسینگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئامارەکانی گواستنەوە، ڕێنمایی بۆ شێوازی باشی ئامار لە بواری گواستنەوەدا، ئاباری 2003، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.bts.gov/publications/guide_to_good_statistical_practice_in_the_transportation_field/

نووسینگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئامارەکانی گواستنەوە، ئاماری نیشتمانیی گواستنەوە، 2010، پاشگری B، فەرهەنگۆک، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.bts.gov/publications/national_transportation_statistics/html/appendix_b.html

دەستەی توێژینەوەکانی بواری گواستنەوە، نیشاندەرەکانی سەقامگیریی گواستنەوە: بەرنامەی لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکان بۆ پەرەپێدانی نیشاندەرەکان و زانیاری گواستنەوە، 2008 (دەستەی توێژینەوەکانی بواری گواستنەوە بریتییە لە هاوبەشیەکی توێژینەوەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان)، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://trid.trb.org/view.aspx?id=882256

Litman, Todd, and David Burwell, "Issues in Sustainable Transportation," International Journal of Global Environmental Issues, Vol. 6, No. 4, 2006, pp. 331–347.

کۆمیسیۆنی ئابووریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوروپا، نامیلکەی ئاماری گواستنەوە لە هەرێمی UNECE، 2006، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.unece.org/trans/main/wp6/pdfdocs/HTS2006.pdf

کۆمیسیۆنی ئابووریی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوروپا، فەرهەنگۆکی وێنەیی بۆ ئامارەکانی گواستنەوە، چاپی چوارەم، تەموزی 2009، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.unece.org/trans/main/wp6/publications/stats_glossary.html

بانکی جیهانی، نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی جیهان، 2010، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://data.worldbank.org/data-catalog/world-development-indicators/wdi-2010

**داتای ماکرۆمیدیا**

نووسینگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئابووری، شیکردنەوە، چەمکەکان و شێوازەکانی داهاتی نیشتمانیی، و ژمێرەکانی بەرهەمەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، 2009، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.bea.gov/national/pdf/NIPAhandbookch1-4.pdf

لاندفیڵد ستیڤن، ئیۆجین سێسکین و باربارا فراومینی "پێوانەکردنی ترپەی ئابووریی: پێوانەکردنی کۆی داهاتی نیشتمانی "گۆڤاری پێشبینی ئابووری، بەرگی 22، ژمارە 2 بەهاری 2008، لاپەڕەکانی 216-193 (بە ئینگلیزی) لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.bea.gov/about/pdf/jep_spring2008.pdf

نووسینگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ شیکردنەوەی ئابووریی، ڕێنمایی لەسەر داهاتی نیشتمانی و ژمێرەی بەرهەمەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، 2006، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.bea.gov/national/pdf/nipaguid.pdf

نووسینگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاماری کار، نووسینگەی ئاماری کار: نامیلکەی شێوازەکان، 2009، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011
http://www.bls.gov/opub/hom/homtoc.htm

**کشتوکاڵ**

ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵیی جیهانیی (فاو)، FAOSTAT، فەرهەنگۆک و شێوازەکان، 2010، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://faostat.fao.org/site/379/default.aspx

نەتەوە یەکگرتووەکان، ستراتیجی جیهانیی بۆ چاکترکردنی کشتوکاڵ و ئاماری ناوچە لادێیەکان: ڕاپۆرت لەسەر ئامارەکانی کشتوکاڵ، کۆمیسیۆنی ئەنجومەنی ئاماری ئابووری و کۆمەڵایەتی، دانیشتنی 41، 26-23 ی شوباتی 2010، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://unstats.un.org/unsd/statcom/doc10/BG-AgriStats.pdf

بانکی جیهان، ئەنجامەکانی چاودێریکردنی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ناوچە لادێیەکان لە بارودۆخی نانموونەییدا: ژێدەری نیشاندەرەکان بۆ چاودێری و هەڵسەنگاند، 2008

بانکی جیهانی، نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی جیهان، 2010. لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://data.worldbank.org/data-catalog/world-development-indicators/wdi-2010

**گەشتیاری**

ڕێکخراوی گەشتوگوزاریی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرنامەی ئامار، ڕاسپاردەی نێودەوڵەتیی بۆ ئاماری گەشتیاریی 2008، 2010. لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://statistics.unwto.org/en/content/international-recommendations-tourism-statistics-2008-irts-2008

ڕێکخراوی گەشتوگوزاریی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، پوختەی ئاماری گەشتوگوزار، زانیاری 2009-2005، 2011. لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://statistics.unwto.org/en/content/data-and-indicators

ڕێکخراوی گەشتوگوزاریی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، پەرتووکی ساڵانە دەربارەی ئاماری گەشتوگوزار، زانیاری 2009-2005، 2011، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://statistics.unwto.org/en/publication/yearbook-tourism-statistics-2011-edition

ڕێکخراوی گەشتوگوزاریی جیهانیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، پرۆژەی زانیاری دەربارەی زانیاری ئاماری گەشتیاری: هەندێک ڕێنمایی گشتیی بۆ بەڵگەنامەکردنی ئاماری گەشتوگوزار، 2005. لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.unwto.org/statistics/metadata/metadata.pdf

**بەڕێوەبەردنی باش**

ڕووپێوی دامەزراوەکان لە لایەن بانکی جیهانییەوە: ڕاپرسی سەرەکی، 2007، لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://www.enterprisesurveys.org

بانکی جیهانی، ئەنجامدانی ڕووپێوی پیشە و کارەکان. لە 15 ی کانوی یەکەمی 2011:
http://www.doingbusiness.org

شەفافییەتی مەکسیک، ڕووپێوی نیشتمانی بۆ گەندەڵی و ئیدارەی باش، 2001، 2003، 2005، و 2007. لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
Transparencia Mexicana (Transparency Mexico) ,Encuesta Nacionalde Corrupciony Buen Gobierno
http://www.transparenciamexicana.org.mx/

دەروازەی هەڵسەنگاندنی حکومەت، ئامرازی کتێبخانە: ئامرازێک بۆ هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەردن (چەندین نموونە لەخۆدەگرێت). لە 15 ی کانونی یەکەمی 2011:
http://gaportal.org/toolbox/tools_of_gov/all

# زانیاریی پەیوەست بە زانیاری خاو و تەکنەلۆجیای گەیاندن و ژێرخانی ماددیی بۆ داینکردنی پێداویستییەکانی سیاسەتەکان

ئامانجی ئەم پاشگرە بریتییە لە پێداچوونەوەی تەکنەلۆجیای زانیاریی و گەیاندنی ئێستا بۆ بەکارهێنانی بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردن و دابەشکردنی زانیاری خاو لە هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی شێوازەکانی چاکترکردنی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، لەگەڵ بەکارهێنانی بۆ داینکردنی پێداوییستییەکانی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم پاشگرە پشتی بە پێداچوونەوەیەکی توانای تەکنەلۆجیای زانیاری گەیاندنە کە ڕەند ئەنجامی داوە، لەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام، لە کاتی لێکۆڵینەوەکەمان ئێمە ئەو کارانەمان دەستنیشان کرد کە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری ئەنجامی داوە، کۆششێکی بەرفراوان بۆ هەڵسەنگاندن و چاکترکردنی تەکنەلۆجیای زانیاری- وەک تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن بۆ پشتگیری کردن لە کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی زانیاری خاو- بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. دواجار، ئێمە پێداچوونەوەیەکی تێروتەسەل پێشکەش دەکەین لەسەر تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن بۆ زانیاری و بۆ وردەکاریی زیاتر خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ چالاکییەکانی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری.

## شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری

شێوازی ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ستراتیجی ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی زانیاری خاو وەک لە بەشی دوو هاتووە. ئێمە لە چەند بۆنەیەکدا لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانیشتین بۆ جەختکردنەوە لەوەی چۆن خزمەتگوزاریی و شارەزایی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری پشتگیری لە کۆکردنەوەی زانیاری و داڕشتنی سیاسەتەکان بکات. ئامانجی ئێمە بریتی نەبوو لە دیاریکردنی ئەوەی ئاخۆ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە، سیستمێکی دیاریکراوی کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن، بەڵکو، ئامانجی ئێمە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی گشتیی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندنی پەیوەست بە زانیاری، و دەستنیشانکردنی شێوازەکانی پتەوترکردنی ژێرخان وسیستمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن بۆ ئەوەی پرۆسەی کۆکردنەوە و بەڕێوەبردن و دابەشکردنی زانیاری ئاسان بکرێت.

## ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن

لەم بەشەدا، بە پوختی باسی هەڵسەنگاندنی توانای ئێستای تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن دەکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. باسێکی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن دەکەین لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو پشتگیرییەی پێشکەشی دەکات بە چالاکییەکانی کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی داتا. ئێمە جەخت دەخەینە سەر ئامێرەکانی کۆمپیوتەر، تۆڕبەندی (Networking)، و سیستمەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری. پوختەکەی ئێمە پشت بە ئاخاوتنەکانمان دەبەستێت لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرپرسیارن لە جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی سیستمە سەرەکییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن و ئەو بەرپرسانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان پشت بە سیستمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن دەبەستن. ئێمە لێرەدا باسی هەندێک دەرەنجامی گشتیی دەکەین

**بە گشتیی**

- پێدەچێت ژێرخانی بنەڕەتیی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن پەسند بێت، بەڵام دەتوانرێت باشتر بکرێت، و جۆری ژێرخانەکە لە شوێنی جیاوازی هەرێمی کوردستاندا، جۆراوجۆرە. هەروەها، زانیارییەکانمان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە چاودێریی ناوچە شارستانیە گەورەکان و ئەو وەزارەتانە دەبەستێت کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردوون. ڕاپۆرتەکانی وەزارەتە جۆراوجۆرەکان، لێکتر جیاواز بوون.

- بەرپرسانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن بە گشتیی باسی هەبوونی گیروگرفتی گەورەیان نەکرد لە بواری هەبوونی کۆمپیتەر و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، ئیمێیڵ، و ئینتەرنێت. بەڵام، هەندێک نیگەرانی هەبوو لە خێرایی گواستنەوەی زانیاری و ئەوەی کە تۆڕەکان (Network) تا چەند باشن و پشتیان پێدەبەسترێت.
- سنووردارێتیی بەڕێوەبردنی زانیاری لەوەدایە کە بەردەوام سیستمی کاغەز بەکاردەهێنرێت بۆ تۆمارکردن و گواستنەوەی زانیاری. بەرپرسەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە تەنانەت کاتێک کۆمپیوتەریش لەبەردەست بێت هێشتا هەر شێوازی نائەلیکترۆنی بەکاردەهێنرێت بۆ گواستنەوەی زانیاری.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە ستراتیجێک پیادە دەکات بۆ هاوچەرخکردنی سیسستمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن. پێدەچێت ئەمە سەرچاوەیەکی بەهادار بێت بۆ دابینکردنی سیستمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن بۆ پشتگیری کردن لە زانیاری پەیوەست بە سیاسەتەکان.
- هەندێک سیستمی مۆبایل و ئینتەرنێتی کەرتی تایبەت هەیە کە تا ڕادەیەک ئاستیان بەرزە.

#### کۆمپیوتەرەکان

- لەو وەزارەتانەی ئێمە سەردانمان کردن، هیچ ڕاپۆرتێکمان نەبینیوە باسی ئەوە بکات کە ژمارەی کۆمپیوتەرەکان وەک پێویست نین. زۆربەی ئەو نووسینگانەی ئێمە سەردانمان کرد کۆمپیوتەری باش و چاکیان هەبوو. بەڵام، ئێمە تەنها سەردانی چەند نووسینگەیەکمان کردووە.
- هەندێک نیگەرانی لە ئارادایە لەسەر نەبوونی "ڕۆشنبیری" ی بواری کۆمپیوتەر و پێداویستبوونی ئەنجامدانی مەشق. بیستمان پلانی بەردەوام یان ئایندەیی هەیە بۆ چاکترکردنی ئاشنایەتی کارمەندانی حکومەت بە کۆمپیوتەر. ئێمە لە خوارەوە بە تێروتەسەلی باسی ئەمە دەکەین.

#### "دروستی" پێکهاتەکان و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری

- پێدەچێت خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت و ئینترانێتی حکومەتی هەرێمی کوردستان – وەک پێگەی ئەڵکترۆنی، ئیمێیڵ، و ئاڵوگۆڕی زانیاری- سنووردار بێت.
  - ژمارەیەکی کەمی کارمەندان لەوانەی ئێمە چاومان پێکەوتن ناونیشانی ئەلکترۆنیان (ئیمەیل)یان هەیە یان بەکاریدەهێنن. ڕەنگە هۆیەکەی بریتی بێت لەوەی کە سیستمی ئیمێیڵی حکومەت وەک پێویست نییە.
  - چەندین کارمەند باسی ئەوەیان دەکرد کە سیستمەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئینتەرنێت لە ئارادا نین، لە چەند حاڵەتێکدا بیستمان کە زانیاری لەسەر کاغەز ئاڵوگۆڕ دەکرێت ئەگەرچی بە شێوەی ئەلیکترۆنی زۆر کاراتر دەبوو.
- لە هەندێک حاڵەتدا، سیستمی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە ئارادایە بەڵام پێدەچێت وەک پێویست بەکارنەهێنرێت. بۆ نموونە، بانکی مەرکەزیی عێراق – لقی هەولێر تەکنەلۆجیای هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە بانکەکان و بۆ ناردنی زانیاری دارایی بۆ بانکی مەرکەزیی عێراق لە بەغداد بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، بەڵام هێشتا ئەم ڕاپۆرتانە بە پۆستە ڕەوانە دەکرێن.
- زۆربەی وەزارەتەکان باسی ئەوەیان کرد کە زانیاری بە شێوەی ئەلکترۆنی عەمبار دەکەن، ئەگەرچی پێدەچێت ئاستی توانای کۆکردنەوە و سیستمەکانی بنکەی زانیاری سنووردارن.
- هیچ میکانیزمێکی ڕوون لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی کارمەندانی وەزارەت ئەو زانیاریە وەربگرن کە بۆ داڕشتنی سیاسەتەکان سوودبەخشن. بۆ نموونە، ئێمە هێشتا بۆمان دەرنەکەوتووە ئەو پرۆسەیە چیە کە بەڕێوەبەرایەتییەک بەکاریدەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستن لە وەزارەتەکانی تر و ئنجا پەیوەندی بە کەسێکی تری وەزارەتێکەوە بکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانە.

### هەماهەنگیی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری

حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆششێکی گەورە دەکات بۆ پەرەپێدانی ستراتیجێکی تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ سەرجەم حکومەت، ئەم کۆششە ئەگەری هەیە پشتگیری بکات لە کۆکردنەوە و بەڕێوەبردن و دابەشکردنی زانیاری پەیوەست بە داڕشتنی سیاسەتەکان. ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیارییەکە لەلایەن فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە بەڕێوە دەبرێت، کە ئێستا سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و داڕشتنی نەخشەرێگایە بۆ پتەوکردنی ئەو ژێرخانە و پشتگیری کردن لە بەکارهێنانێکی کارای تەکنەلۆجیای زانیاری لە سەرتاسەری حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئێمە لێرەدا بە چڕوپڕی باسی دەستپێشخەرییەکەی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری ناکەین، بەڵام ئاماژە بەو شێوازە سەرەکییانە دەکەین کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان – و بەرپرسانی

بەڕێوەبردنی زانیاری لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان – دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن و هەماهەنگی بکەن لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری.[1]

- **یەکخستنی سیستمەکان و پرۆتۆکۆلەکان:** بەشێک لە ئەرکی ڕاسپێردراوی (فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری) بریتیە لە یەکخستنی سیستمەکانی ئامێر و پرۆگرامەکانی زانیاری بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی و گەیاندن لە نێوان بەشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پێویستە ئەوانەی زانیاری بەرهەم دەهێنن و ئەوانەی بەکاریدەهێنن، وەک دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لە نزیکەوە کار لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بکەن بۆ جەختکردنەوە لەوەی سیستمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری تەبان لەگەڵ پێوەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- **سوود وەرگرتن لە بنکەیەکی ناوەندیی زانیاری:** پلانەکەی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری داوا دەکات سیستمێکی ناوەندی سەرەکی هەبێت بۆ هەڵگرتنی زانیاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و لایەنی تری بەرهەمهێنەری زانیاری پێویستە باشترین شێوازی سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکان دەستنیشان بکەن بۆ هاندان و پتەوکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری و دابینکردنی بۆ هەمووان. لەو هەڵومەرجانەدا کە ڕەنگە بۆ دەستەی ئامار لەبار نەبێت هەڵگرتن (خەزنکردن) ی ناوەندی بەکاربهێنێت، پێویستە بنکەی خۆی هەبێت بۆ هەڵگرتنی زانیاری.
- **سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی پەرەپێدانی توانای مرۆیی:** فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری دەستپێشخەرییەکی هەیە بۆ کارکردن لەسەر توانای تەکنەلۆجیای زانیاری، بە تایبەتی بۆ حکومەت، و کارمەندی ئەوتۆی دەبێت کە وەزارەتەکان و ئاژانسەکانی حکومەت دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن. پێویستە (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بکات، و ئەگەر بتوانرێت، سوود لە کارمەندی ناوەندی وەربگیرێت بۆ پشتگیریی تواناسازی لەناوخۆی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستاندا.
- **هەماهەنگ کردنی لە کارمەندانی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری سەبارەت بە ڕامیارییەکانی زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان:** بەشێک لە دەستپێشخەرییەکەی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بریتییە لە پێشکەشکردنی ڕاسپاردە بۆ چاکترکردنی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دابینکردنی زانیاری بۆ هەمووان (بڵاوکردنەوەی بۆ جەماوەر). دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەک ڕێکخراوی سەرەکیی کۆکەرەوەی زانیاری لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە هەوڵ بدات هەماهەنگی بکات لەگەڵ چالاکییەکانی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ هەڵسەنگاندن و باشترکردنی یاساکانی بواری دابینکردنی زانیاری.

پێشنیاری ئێمە لێرەدا بریتییە لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری. دەستپێشخەرییەکەی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری هێشتا لە داڕشتن و پێشخشتنە، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە سەرچاوەیەکی پڕبایەخ بێت بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانی حکومەت لە هەوڵیاندا بۆ پتەوکردنی توانای تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن. ئەگەرچی ڕەنگە وا پێویست بێت دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هەندێک لە کۆششەکان بە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری ڕاسپێرێت، پێدەچێت فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بتوانێت شارەزاییە زۆرپێویستەکانی دەستەی ئامار لە بواری دروستکردنی پێکهاتەیەکی سوودبەخشی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، دابین بکات.دەتوانن لە ڕێی کۆبوونەوەی ئاسایی کارمەندەکانەوە یان بە گوێرەی گرێبەستێک پەیوەندییەکی تۆکمە دروست بکەن لە نێوان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، بە مەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاریی.

## پوختەیەک لەسەر بەردەستەبوونی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن

ژێرخانی بنەڕەتیی، وەک هێڵی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر، لە ئارادایە و هەیە، بەڵام ڕەنگە لە هەندێک باردا تواناکەی سنووردار بێت. تا ڕادەیەکی زۆر وەک پێویست سوود لە ئاڵوگۆڕی زانیاری بە شێوەی ئەلیکترۆنی وەرناگیرێت، و سیستمەکانی هەڵگرتن، ڕێکخستن و گواستنەوەی زانیاری لە نێوان وەزارەتەکاندا تەواو نەبووە. بڕی هەماهەنگی وەزارەتەکان بۆ چالاکییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، ڕوون نییە، بە تایبەتی لە بواری ئاڵوگۆڕی زانیاری، بنەماکانی ماڵپەڕی ئەلکترۆنی، و خزمەتگوزاریی بنچینەیی ئینتەرنێت (وەک ئیمێڵ و ماڵپەڕی ئەلکترۆنی)

بۆ نموونە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوودێکی زۆر وەربگرێت لە سیستمی ناوخۆیی و دەرەکی ئینتەرنێت. لەناوخۆدا، وەزارەتە پەیوەندارەکان پێویستیان بە سیستمێکی کارا و ئاست-بەرزی گواستنەوەی زانیاریە- ئینترانێت- بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و پێکەوە کارکردن لەسەر شیکردنەوەکان. بۆ دەرەوە،

[1] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، 2011

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوودێکی زۆر وەربگرێت لە ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنی کارا و نمونەیی، بەشێکی بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر بڵاو بکاتەوە بۆ خەڵک (یان وەزارەتی تری حکومی)

بە مانایەکی تر، پێویستیەکی گەورە لە ئارادایە بۆ شێوازێکی سیستماتیکی بۆ بەکارهێنانی ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن وەک سیستمێکی ڕێکوپێکی زانیاری کە سوودێکی زۆری هەبێت بۆ داڕێژەرانی سیاسەت و بڕیاربەدەستان، و بۆ دەستەی ئامارییش. دەستپێشخەرییەکەی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری هەنگاوێکە بەرەو زانیاری تەکنەلۆجیای زانیاریی یەکخراو و بۆ هەموو حکومەتی هەرێمی کوردستان، و پێویستە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە هەماهەنگی بکات لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ بەدەستهێنانی سوودمەندبوونی هەردوولا.

## چەند سەرنجێک دەربارەی هێڵکاریی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان)

تێبینی: ئەم پاشگرە بریتییە لە یاداشتنامەیەک کە لە بنەڕەتدا لە 14 ی کانوونی دووەمی 2011 داڕێژراوە بۆ بەڕێز سیروان محمد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بە کەمێک دەستکارییەوە، هاوکاری و هەروەها وێنەی دراوە بە جەنابی دکتۆر عەلی عوسمان سندی، وەزیری پلاندانان و بەڕێز زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری گشتیی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان. ئەو پێکهاتە ڕێکخراوەیە وەرگێڕدراوانەی لە شێوەی F.1 - F.4 پێشاندراون لە بنەڕەتەوە وەک پاشگرێکی یاداشتنامەکە بوون کاتێک درایە دەست ئەو بەڕێزانە. سەرەڕای ئەمەش، ئێمە هەندێک پێشنیارمان بۆ زیاد کردووە کە لە پوختەکارییەکدا لە 23 ی کانونی دووەمی 2011 پێشکەش کران، بەڵام لە یاداشتنامە بنەڕەتییەکەدا نەبوون. ئەم پێشنیارانە نوێن.

ئەم یاداشتنامەیە بریتییە لە تاوتوێی ڕێکخستنی پێشنیارکراوی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە گوێرەی دواترین گەڵاڵەی پرۆژەیاسای ئامار، هێڵکاری پێشنیارکراوی ڕێکخراوەکە، و ڕێکخراوی دەزگای ناوەندی ئامار وتەکنەلۆجیای زانیاریی. ئێمە جەخت دەخەینە سەر یەک بابەتی سەرەکی: تەبایی لە سەرتاسەری نووسینگەکان و هەروەها تەبایی لەگەڵ هێڵکاریی ڕێکخراوەکە و پرۆژەیاساکە. یاداشتنامەکە لە دوو بەش پێک دێت. یەکەمیان بریتییە لە تاوتوێی ئەو بوارە سەرەکییانەی پێویستە ئامارییان لەسەر کۆبکرێتەوە. دووەم بریتییە لە تاوتوێی ڕەهەندە کارگێڕییەکانی ڕێکخراوەکە. لەبەرئەوەی ئەم یاداشتنامەیە و ڕاسپاردەکان پشت بەو وەرگێڕانە دەبەستن کە ئێمە بەکارمان هێناوە، ئێمە وێنە وەرگێڕدراوەکەی ڕێکخراوە پێشنیارکراوەکەمان هاوپێچ کردووە لە کۆتایی پاشگرەکە لە شێوەکانی F.1 - F.4.
ئاماژە بەو زانیارییانەی ئێمە وەرمانگرتوون، ناتوانین تاوتوێی وردەکارییەکانی کارمەندی پێویستی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و نووسینگە سەرەکییەکەی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان بکەین. بەڵام، دەمانەوێت هەڵسەنگاندنێکی ئەو پێداویستییانە بکەین کاتێک زانیاری زیاترمان پێدەگات (بۆ نموونە، لەسەر ئاستی کارمەندانی ئێستا و شارەزایی کارمەندەکان).

### بوارە سەرەکییەکانی ئامار

خشتەی F.1 بریتییە لە بەراوردی ئەو بوارانەی ئامار کە لە پرۆژەیاسای ئامار و بارەگا سەرەکییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکان و دەزگای ئامار و تەکنەلۆجیای زانیارییدا هاتوون. لەبەرئەوەی ڕێکخراوی (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) دەتوانێت هاوکار یان ئاستەنگ بێت لە بەردەم جێبەجێکردنەکەی پرۆژەیاسای ئامار، زۆر گرنگە تاوتوێی ڕێکخستنی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بکرێت لە میانی یاساکەدا.
مادەی 3، بڕگەی 1 ئاماژە بەوە دەکات کە یاساکە بۆ ئەوە داڕێژراوە پرۆسەی ئامار و ڕووپێو جێبەجێ بکرێت لە بواری چالاکیی جۆراوجۆردا. هەروەها، لە مادەی 6 بڕگەی 4 هاتووە کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بانکێکی زانیاری دروست دەکات بۆ چالاکییەکان، لە مادەی 6 بڕگەی 6 هاتووە کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر چالاکییەکان ئەنجام دەدات.

**خشتەی F.1**
**بوارە بەراوردکارییەکانی ئامارەکان**

| 1. مادەی 1:7 پرۆژەیاساکە، "چالاکییەکان" | 2. مادەی 1:9پرۆژەیاساکە، "زانیاری ئامار" | 3. بەڕێوەبەرایەتیی سەرەکی | 4. فەرمانگەکانی هەولێر | 5. فەرمانگەکانی دهۆک | 6. فەرمانگەکانی سلێمانی | 7. بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستەی ئاماری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کشتوکاڵ | | کشتوکاڵ | کشتوکاڵ | کشتوکاڵ | کشتوکاڵ | کشتوکاڵ |
| پیشەسازی | | پیشەسازی | پیشەسازی | پیشەسازی | پیشەسازی | پیشەسازی |
| ئابووری | ئابووری | | | | | |
| کۆمەڵایەتی | کۆمەڵایەتی | کۆمەڵایەتی | | | | |
| دانیشتوان | دانیشتوان | دانیشتوان | | | | |
| ژینگە | ژینگە | ژینگە | ژینگە | ژینگە | ژینگە | ژینگە |
| دارایی | | | | | | |
| دراوی/پارەیی | | | | | | |
| رۆشنبیری | رۆشنبیری | | | | | |
| بیناسازی و بنیاتنان | | | | | | بیناسازی و بنیاتنان |
| گواستنەوە | | گواستنەوە | گواستنەوە | گواستنەوە | گواستنەوە | |
| گەیاندن | | | | | | |
| بازرگانی | | بازرگانی | بازرگانی | بازرگانی | بازرگانی | بازرگانی |
| | تەندروستی | | | | | |
| | خزمەتگوزاریی | | | | | |
| | چالاکیی پەیوەست بە کۆمەڵگە، وەک ڕێپێدان، مۆڵەت، بودجە، دوایین ژمێرە، و بەڵگەنامەی پەیوەست بە ژمێرە | | | | | |
| | | بیناسازی | بیناسازی | بیناسازی | بیناسازی | |
| | | نرخ و تۆمار | | | | |
| | | ئاستی ژیان | | | | هەلومەرجی ژیان |

خشتەی F.1 — درێژە

| 1. مادەی 1:7 پرۆژەیاساکە، "چالاکییەکان" | 2. مادەی 1:9پرۆژەیاساکە، "زانیاری ئامار" | 3. بەڕێوەبەرایەتیی سەرەکی | 4. فەرمانگەکانی هەولێر | 5. فەرمانگەکانی دهۆک | 6. فەرمانگەکانی سلێمانی | 7. بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستەی ئاماری هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | حساباتی نیشتمانی | | | | حساباتی نیشتمانی |
| | | | نیشتەجێکردن و ئاستی ژیان | نیشتەجێکردن و ئاستی ژیان | نیشتەجێکردن و ئاستی ژیان | |
| | | | کۆمەڵایەتی و پەروەردە | کۆمەڵایەتی و پەروەردە | کۆمەڵایەتی و پەروەردە | کۆمەڵایەتی و پەروەردە |
| | | | نرخ | نرخ | نرخ | |
| | | | | | | گواستنەوە و گەیاندن |
| | | | | | | دانیشتوان و دەستی کار |
| | | | | | | ژمارەی ژێدەر |
| | | | | | | گەشەی مرۆیی |

ئەو **چالاکییانە** لە مادەی 1 برگەی 6 بەم شێوەیە دیاری کراون "کشتوکاڵی، پیشەسازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دانیشتوان، ژینگەیی، دارایی، پارەیی، فەرهەنگیی، بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە، گواستنەوە، گەیاندن، و بازرگانی". ڕاڤەی ئێمە ئەوەیە کە ئەمانە بریتیین لەو بوارە سەرەکییانەی ئامار کە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان چاودێریی کۆکردنەوەی ئامارەکانیان دەکات.

یەکەم سەرنجمان لەسەر مادەی 1 برگەی 9 بریتییە لەوەی کە کاتێک پێناسەی **زانیاری خاوی ئامار** دەکات، تەنها ناوی پێنج دانەیان دەهێنێت (ئابووری، کۆمەڵایەتی، دانیشتوان، ژینگە، و فەرهەنگی)، دووانی تریش زیاد دەکات (تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان) بۆ سەر ئەوانەی تر لە دوو کۆمەڵە پۆلێنی فراوانی چالاکییەکاندا.

**ڕاسپاردە (پێشنیار):** پێشنیار دەکەین زانیاری ئامار بەشێوەیەکی تەبا و چوونیەک پێناسە بکرێت لەگەڵ چالاکییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی دروستی ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتییە جۆراوجۆرەکان (بارەگا سەرەکییەکان) و فەرمانگە (نووسینگەکان لە ئاستی پارێزگا) بەرپرسیارەکان لە هەر بوارێکی ئامار.

### بەڕێوەبەرایەتییەکان

بەڕێوەبەرایەتییە جۆراوجۆرەکانی ژێر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری تەکنیکی لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان هاوشێوەی یەکترن بەڵام تەریب نین لەگەڵ ئەو چالاکییانەی لە مادەی 1 برگەی 7 هاتووە (بڕوانە ستوونی 1 و 3 لە خشتەی F.1). لە هەندێک بارودۆخدا ئەمە تەنها زاراوەیەکە. بۆ نموونە، بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە بە ناوی بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری بیناسازی، بەڵام خۆیی لە خۆیدا "بیناسازی و بنیاتنان" وەک چالاکییەک دانراوە. هەڵومەرجی تریش هەیە، بەرامبەرەکەی دیار نییە، ئەگەرچی پێدەچێت بەڕێوەبەرایەتییەکانی "نرخ و تۆمار"، "پێوەری ژیان" و "ژمێرەی نیشتمانی" لە بەرامبەر ئەو چالاکییانە بن کە لە پۆلێنی "ئابووری"، "دارایی" و "دراویی/پارەیی" دا هاتوون. لە دوو باری تردا، ئەوانەی چالاکیی "گەیاندن" و "فەرهەنگی" ن، پێدەچێت بەڕێوەبەرایەتییان نەبێت بۆ ئەوەی بەرپرسیار بێت لێیان.

**ڕاسپاردە:** پێشنیار دەکەین بەڕێوەبەرایەتییەکان تەریب بن لەگەڵ چالاکییەکانی مادەی 1، برگەی 7، و لەگەڵ پێناسەی زانیاری خاوی ئامار لە مادەی 1، برگەی 9.

هاوشان لەگەڵ ڕاسپاردەکەی پێشوو، پێویستە چالاکییەکان و زانیاری خاوی ئامار و هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان تەبا بن لەگەڵ یەکتری.

### دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری

چەندین هۆ هەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یاسای ئامار و ڕێکخراوەکانی ئامارییدا لە حکومەتی ناوەندی عێراق دوور بکەوێتەوە. پێداویستیی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی هەیە، هیوا و ئاواتی خۆی هەیە. بەڵام، هەروەها هەندێک هۆ لە ئارادایە بۆ داڕشتنی ڕێکخراوێکی هاوشێوەی پێکهاتەی دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری. بە تایبەتی، پێکهاتەی هاوشێوە دەبێتە مایەی ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری و شیکردنەوەی هاوبەشی زانیاری، و دەبێتە مایەی دروستبوونی متمانە لای پسپۆڕان، ئاستەنگی بیرۆکراسییەت و کۆسپەکان کەم دەکاتەوە، و بەلایەنی کەمەوە دەبێتە مایەی پووچەڵکردنەوەی هەندێک ئەگەری ڕەتکردنەوەی کارکردنی دەزگای ناوەندی بۆ کارکردنی لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان. شەش بەڕێوەبەرایەتیی بە تەواوەتی بە هەمان شێوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیارین. بەڵام هەندێکی تریان جیاوازن، یان لە ئارادا نین.

**ڕاسپاردە:** ئەگەر بکرێت، پێشنیاری ئەوە دەکەین بەڕێوەبەرایەتییەکان هێندەی بکرێت نزیک بێت لە پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەزگای ناوەندی ئامار بە مەبەستی ئاسانکردنی هاوکاری. لەبەر بارودۆخی تایبەتی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستەی ئامار هەندێک بواری ئاماری کەمێک جیاوازیان هەبێت لەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەزگای ناوەندی، یان ڕەنگە دەستەی ئامار بەڕێوەبەرایەتی ئەوتۆی هەبێت کە دەزگای ناوەندی نەیبێت. بەڵام، سوودبەخش دەبێت ئەگەر هەموو ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی هەبێت کە ئێستا دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاریی هەیەتی.

### نووسینگەکانی پارێزگاکان

فەرمانگەکانی نووسینگەی هەر پارێزگایەک لە سێ پارێزگاکە بە تەواوەتی وەک یەکترین. ئەمەش سوودبەخشە چونکە دەبێتە مایەی ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان ئەو سێ نووسینگەیە.

بەڵام، فەرمانگەکان هەندێک جیاوازن لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستەکە. ئەمەش ڕەنگە ببێتە مایەی شپرزەبوونی هێڵی گەیاندن و ئاڵوگۆڕی زانیاری.

**ڕاسپاردە:** پێشنیاری ئەوە دەکەین فەرمانگەکانی ئامار لە نووسینگەی پارێزگاکان ئاوێنەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار بێت لە نووسینگەی سەرەکیی.

[ئەم دوو بڕگەیەی خوارەوە لە یاداشتنامە بنەڕەتییەکەدا نەبوو. بەڵام پێشنیارەکە لە پوختەکارییە بنەڕەتییەکەدا هەبوو.]

نووسینگەی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، شیکردنەوە و بەرنامەدانان، و مەشق و گەشەپێدان. بەڵام جێی سەرنجە نووسینگەکانی پارێزگاکان بەشی هەماهەنگییان نییە.

**ڕاسپاردە:** پێشنیاری ئەوە دەکەین هەر پارێزگایەک فەرمانگەیەکی ئاوێنەی هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە، شیکردنەوە، و مەشق. توانای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و هەبوونی ڕێکخەرێک بۆ ڕێکخستنی مەشق دەبێتە مایەی هاندانی کارمەندانی نووسینگەی پارێزگا و بنیاتنانی کارزانیی.

## پێکهاتەی کارگێڕیی

### کاروباری کارگێری و دارایی

پێکهاتەی کارگێڕیی نووسینگەی سەرەکی ئاڵۆزترە وەک لە پێکهاتەی کارگێڕیی نووسینگەی پارێزگاکان. ئەمە زۆر پەسەندە، چونکە سوودبەخشە بۆ جەختکردنەوەی هەندێک ئەرکی کارگێڕی بە مەبەستی چوستی و کەمکردنەوەی خەرجیەکان.

**ڕاسپاردە:** پێشنیار دەکەین هیچ گۆڕانکارییەک نەکرێت لە پێکهاتەی کارگێڕیی نووسینگەی سەرەکی.

بەڵام، سەرنجمان داوە پێکهاتەی کارگێڕیی نووسینگەکانی پارێزگاکان هەندێک جیاوازن. بە تایبەتی لە هەولێر و دهۆک، پێنج یەکە هەیە ڕاپۆرت بۆ ئەرکێکی کارگێڕی و دارایی ناوەندی دەنووسن، ئەمیش ڕاپۆرت دەکات بۆ بەڕێوەبەر. بەڵام لە سلێمانی تەنها چوار یەکە هەیە، و هەموو ئەمانەش ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەر دەنێرن.


**ڕاسپاردە:** پێشنیار دەکەین پێکهاتەی کارگێری لە نووسینگەی هەر سێ پارێزگەکە بە تەواوەتی وەک یەکتری بێت. سەرەڕای ساناکردنەوەی گەیاندن لە نێوان نووسینگەکانی پارێزگاکان و نووسینگەی سەرەکی، ئەمەش ئاماژەی هاوشێوەیی پێکهاتە دەدات بە پارێزگاکان. هاوشێوەیی لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی لە هاوشێوەیی کۆکردنەوەی ئاماردا ڕەنگ دەداتەوە.

### سیستمەکانی زانیاری

لە هێڵکاریی نووسینگەی سەرەکییەوە دەردەکەوێت نووسینگەی سەرەکی فەرمانگەی سیستمی زانیاری جوگرافی دەبێت بەڵام پارێزگاکان فەرمانگەی زانیاری و نەخشەسازییان دەبێت.


**ڕاسپاردە:** تەبا لەگەڵ ڕاسپاردەکانی سەرەوە لەسەر تەبایی و هاوشێوەیی، پێشنیار دەکەین هەمان زاراوە بۆ هەموو ئەم نووسینگانە بەکاربهێنرێت.

**شێوەی F.1**
**پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان**





**RAND** *MG1184-F.1*

**شێوەی F.2**
**پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر**





**RAND** *MG1184-F.2*

**شێوەی F.3**
**پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری دهۆک**




**RAND** *MG1184-F.3*

**شێوەی F.4**
**پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پێشنیارکراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی**




**RAND** *MG1184-F.4*

# بیبلۆگرافیا


Alcser, Kirsten, Christopher Antoun, Ashley Bowers, Judi Clemens, and Christina Lien, "Ethical Considerations in Surveys," in Lars Lyberg, Zeina Mneimhen, and Peter Mohler, eds., *Cross-Cultural Survey Guidelines*, 2010. As of December 7, 2011:
http://ccsg.isr.umich.edu/archive/pdf/eth060108.pdf

Berk, Richard A., and David A. Freedman, "Statistical Assumptions as Empirical Commitments," in Thomas G. Blomberg and Stanley Cohen, eds., *Law, Punishment, and Social Control: Essays in Honor of Sheldon Messinger*, 2nd ed., New York: Aldine de Gruyter, 1995, pp. 245–258.

Central Organization for Statistics and Information Technology (Iraq), Kurdistan Region Statistics Organization, and World Bank, *Iraq Household Socio-Economic Survey: IHSES—2007*, Baghdad, Iraq, 2008. As of November 29, 2011:
http://go.worldbank.org/GMS95L4VH0

Central Organization for Statistics and Information Technology (Iraq), Iraqi Ministry of Planning and Development Cooperation, Kurdistan Region Statistics Office, Nutrition Research Institute, Iraqi Ministry of Health, and United Nations World Food Programme Iraq Country Office, *Comprehensive Food Security and Vulnerability Analysis (CFSVA), Iraq*, November 2008. As of December 15, 2011:
http://www.wfp.org/content/iraq-comprehensive-food-security-and-vulnerability-analysis-2008

Central Organization for Statistics and Information Technology (Iraq), Kurdistan Regional Statistics Office, Ministry of Health, and United Nations Children's Fund, *Iraq: Multiple Indicator Cluster Survey 2006: Monitoring the Situation of Children and Women*, October 2007. As of December 15, 2011:
http://www.childinfo.org/files/MICS3_Iraq_FinalReport_2006_eng.pdf

Cochran, William G., *Sampling Techniques*, 3rd ed., New York: John Wiley & Sons, 1977.

Diamond, Shari S., "Reference Guide on Survey Research," in *Reference Manual on Scientific Evidence*, 2nd ed., Washington, D.C.: Federal Judicial Center, 2000, pp. 229–276.

*Doing Business*, homepage, 2011. As of December 15, 2011:
http://www.doingbusiness.org/

Dziobek, Claudia, and Florina Tanase, *IMF Backs UAE in Statistics Overhaul*, International Monetary Fund Statistics Department, 2007. As of December 7, 2011:
http://www.imf.org/external/pubs/ft/survey/so/2007/num1126a.htm

European Union, "Directive 95/46/EC of the European Parliament and the Council on the Protection of Individuals with Regard to the Processing of Personal Data and on the Free Movement of Such Data," *Official Journal of the European Communities*, Vol. 281, 1995, pp. 31–50, As of December 7, 2011:
http://eurlex.europa.eu/LexUriServ/LexUriServ.do?uri=CELEX:31995L0046:EN:HTML

Fellegi, Ivan P. (Chief Statistician of Canada), "Characteristics of an Effective Statistical System," Morris Hansen Lecture, Washington Statistical Society, October 25, 1995. As of December 30, 2011:
http://unstats.un.org/unsd/dnss/docViewer.aspx?docID=190#start

Freedman, David A., "Sampling," in Michael S. Lewis-Beck, Allen E. Bryman, and Tim F. Liao, eds., *Encyclopedia of Social Science Research Methods*, Vol. 3, Sage Publications, 2004, pp. 986–990.

Freedman, David A., and Kenneth W. Wachter, "On the Likelihood of Improving the Accuracy of the Census Through Statistical Adjustment," in Darlene R. Goldstein, ed., *Science and Statistics: A Festschrift for Terry Speed*, Institute of Mathematical Statistics Monograph 40, 2003, pp. 197–230.

Freedman, David, Robert Pisani, and Roger Purves, *Statistics*, 3rd ed., New York: W. W. Norton, Inc., 1998.

Gertler, Paul J., Sebastian Martinez, Patrick Premand, Laura B. Rawlings, and Christel M. J. Vermeersch, *Impact Evaluation in Practice*, Washington, D.C.: World Bank, 2011.

Glewwe, Paul, "Chapter III: An Overview of Questionnaire Design for Household Surveys in Developing Countries," in United Nations Statistics Division, ed., *Household Sample Surveys in Developing and Transition Countries*, New York, ST/ESA/STAT/SER.F/96/WWW, 2005a. As of December 16, 2011: http://unstats.un.org/unsd/hhsurveys/pdf/Household_surveys.pdf

———, "Chapter IV: Overview of the Implementation of Household Surveys in Developing Countries," in United Nations Statistics Division, ed., *Household Sample Surveys in Developing and Transition Countries*, New York, ST/ESA/STAT/SER.F/96/WWW, 2005b. As of December 16, 2011: http://unstats.un.org/unsd/hhsurveys/pdf/Household_surveys.pdf

Groves, Robert M., Floyd J. Fowler, Jr., Mick P. Couper, James M. Lepkowski, Eleanor Singer, and Roger Tourangeau, *Survey Methodology*, 2nd ed., Hoboken, N.J.: Wiley and Sons, 2009.

Hansen, Morris H., William N. Hurwitz, and William G. Madow, *Sample Survey Methods and Theory*, New York: John Wiley & Sons, 1953.

Imber, Jonathan B., ed., "Symposium: Population Politics," *Society*, Vol. 39, No. 1, 2001, pp. 3–53.

Instituto Nacional de Estadística, *Evolution of the National Statistical System of Spain*, presented at the 38th session of the United Nations Statistics Commission, New York, 2007. As of December 7, 2011: http://unstats.un.org/unsd/statcom/statcom_seminar/EvolucionSEN_EN_spain.pdf

International Monetary Fund, *World Economic Outlook Database*, October 2010. As of December 15, 2011: http://www.imf.org/external/pubs/ft/weo/2010/02/weodata/index.aspx

Iraqi Ministry of Health, Central Organization for Statistics and Information Technology (Iraq), Iraqi Ministry of Planning and Development Cooperation, Ministry of Health (Kurdistan Region in Iraq), Kurdistan Regional Statistics Office, and Ministry of Planning (Kurdistan Region in Iraq), in collaboration with World Health Organization, *Iraq Mental Health Survey 2006/7 Report,* 2009. As of December 15, 2011: http://www.emro.who.int/iraq/pdf/imhs_report_en.pdf

Iraqi Ministry of Youth and Sports and Central Organization for Statistics and Information Technology, Kurdistan Regional Government Ministry of Sports and Youth, and Kurdistan Regional Statistical Office, in cooperation with United Nations Population Fund Iraq Country Office and the Pan Arab Project for Family Health, *Iraq National Youth and Adolescents Survey 2009: Summary Report,* Republic of Iraq, 2009. As of December 15, 2011:
http://cosit.gov.iq/english/pdf/2010/youth_nys.pdf

Kasprzyk, Daniel, "Chapter IX: Measurement Error in Household Surveys: Sources and Measurement," in United Nations Statistics Division, ed., *Household Sample Surveys in Developing and Transition Countries*, New York, ST/ESA/STAT/SER.F/96/WWW, 2005. As of December 16, 2011: http://unstats.un.org/unsd/hhsurveys/pdf/Household_surveys.pdf

Kish, Leslie, *Statistical Design for Research*, New York: John Wiley & Sons, 1987.

Kopsch, Gunter, *The Role and Function of Regional and Local Statistical Offices*, Statistiches Bundesamt, presented at Workshop Yangon, Burma, December 11–13, 2002. As of December 7, 2011: http://unstats.un.org/unsd/methods/statorg/Workshops/Yangon/Session1_Local_Kopsch_Slides.pdf

Kurdistan Regional Government, *Kurdistan Region—Iraq Council of Ministers Ministry of Planning Statistical Office Yearbook 2008*, 2008.

Kurdistan Regional Government, Council of Ministers, *Good Governance & Transparency Strategy,* Summary Information, July 2009.

Kurdistan Regional Government, Department of Information Technology, homepage, 2011. As of December 15, 2011:
http://krgit.org/

Kurdistan Regional Government, Ministry of Agriculture and Water Resources, *The Strategic Plan for Agriculture Sector for the Kurdistan Regional Government, 2009–2013*, no date.

———, *Ministry of Agriculture Profiles 2007*, 2007.

Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, "Objectives and Functions," Erbil, Kurdistan Region of Iraq, 2011. As of December 12, 2011:
http://www.mop-krg.org/index.jsp?sid=1&id=119&pid=84

Kurdistan Regional Statistics Office, homepage, no date-a. As of December 15, 2011:
http://www.krso.net/

———, "KRSO Structure," no date-b. As of December 15, 2011:
http://www.krso.net/default1.aspx?page=sitecontents&c=Structure&l=1

Lehtinen, Rick, Deborah Russell, and G. T. Gangemi, *Computer Security Basics, Second Edition*, O'Reilly Media, June 2006.

OECD Programme for International Student Assessment, homepage, no date. As of December 15, 2011:
http://www.pisa.oecd.org

Parliamentary Assembly of Bosnia and Herzegovina, *Law on Statistics of Bosnia and Herzegovina*, Official Gazette of Bosnia and Herzegovina, No. 26, Sarajevo, 2004.

Pettersson, Hans, "Chapter V: Design of Master Sampling Frames and Master Samples for Household Surveys in Developing Countries," in United Nations Statistics Division, ed., *Household Sample Surveys in Developing and Transition Countries*, New York, ST/ESA/STAT/SER.F/96/WWW, 2005. As of December 16, 2011:
http://unstats.un.org/unsd/hhsurveys/pdf/Household_surveys.pdf

PISA—*See* OECD Programme for International Student Assessment.

RAND Corporation, "RAND Family Life Surveys (FLS)," 2010. As of December 15, 2011:
http://www.rand.org/labor/FLS.html

Republic of Iraq, Council of Ministers, Planning Commission, Central Statistical Organization; and United Nations Children's Fund (UNICEF), *Multiple Indicator Cluster Survey for the Year 2000*, Baghdad, December 2001. As of December 15, 2011:
http://www.childinfo.org/mics2_iraq.html

Republika Srpska Institute of Statistics, *Organisational Chart of Republika Srpska Institute of Statistics*, no date. As of December 7, 2011:
http://www.rzs.rs.ba/Dokumenti/OrganizacioneSheme/OrganizacionaShemaRZS_ENG.pdf

Sieber, Joan E., *Summary of Human Subjects Protection Issues Related to Large Sample Surveys*, U.S. Department of Justice Bureau of Justice Statistics, NCJ 187692, 2001. As of December 12, 2011:
http://bjs.ojp.usdoj.gov/content/pub/pdf/shspirls.pdf

Singer, Eleanor, "Ethical Issues in Surveys," in Edith D. de Leeuw, Joop J. Hox, and Don A. Dillman, eds., *International Handbook of Survey Methodology*, New York/London: Lawrence Erlbaum Associates/Taylor & Francis Group, 2008, pp. 78–96.

Sudman, Seymour, *Applied Sampling*, Burlington, Mass.: Academic Press, 1976.

Statistics Canada, "About Us," 2010. As of December 7, 2011:
http://www.statcan.gc.ca/about-apercu/about-apropos-eng.htm

Taylor, Fraser, *Global Geographic Information Management: Some Institutional and Data Sharing Issues in Integrating Geospatial and Statistical Data*, presentation to the Second Preparatory Meeting of the Proposed United Nations Committee on Global Geographic Information Management, New York, May 10–11, 2010. As of December 7, 2011:
http://ggim.un.org/2nd%20Prep%20Meeting/UN-May-10-Global%20Geographic%20Information%20
Management-FINAL-1.pdf

UK Statistics Office, *UK Statistical System*, UK Statistics Authority, London, no date. As of December 7, 2011:
http://www.statisticsauthority.gov.uk/about-the-authority/uk-statistical-system/index.html

United Nations, Millennium Development Goals web page, 2010. As of December 15, 2011:
http://www.un.org/millenniumgoals/

United Nations Country Team Iraq, *United Nations Development Assistance Framework for Iraq 2011–2014*, 2010. As of December 15, 2011:
http://iq.one.un.org/cca-undaf.asp

United Nations Development Group, United Nations Development Assistance Framework, no date. As of December 15, 2011:
http://www.undg.org/?P=232

United Nations Development Programme—Iraq Recovery and Crisis Prevention Program, *Improving Basic Social Services in the Kurdistan Region of Iraq*, Collaborative and Cost-Sharing Initiative, April 14–16 2008, in partnership with UNICEF, World Health Organization, and United Nations Development Programme.

United Nations Economic Commission for Africa—Economic and Social Policy Division, Statistics Team, *The Use of Geographic Information Systems in National Statistical Offices for Data Collection and Poverty Mapping*, United Nations Economic Commission for Africa, 2005. As of December 7, 2011:
http://www.uneca.org/statistics/docs/gis/GISinNSOs.pdf

United Nations Statistics Division, *Fundamental Principles of Official Statistics*, New York, 1994.

———, *Handbook of Statistical Organization, Third Edition: The Operation and Organization of a Statistical Agency*, Studies in Methods: Series F, No. 88, Department of Economic and Social Affairs, New York, 2003. As of December 7, 2011:
http://unstats.un.org/unsd/publication/SeriesF/SeriesF_88E.pdf

———, ed., *Household Sample Surveys in Developing and Transition Countries*, New York, ST/ESA/STAT/SER.F/96/WWW, 2005. As of December 16, 2011:
http://unstats.un.org/unsd/hhsurveys/pdf/Household_surveys.pdf

———, "Country Practices on National Official Statistics: Fundamental Principles of Official Statistics," Department of Economic and Social Affairs, New York, 2007a. As of December 15, 2011:
http://unstats.un.org/unsd/dnss/gp/fundprinciples.aspx

———, *Integrated List of Data Items for Use in Basic Economic Statistics*, Department of Economic and Social Affairs, New York, 2007b. As of December 15, 2011:
http://unstats.un.org/unsd/industry/docs/stat_2008_7.pdf

———, *Principles and Recommendations for Population and Housing Censuses*, Statistical Papers: Series M, No. 67/Rev.2, Department of Economic and Social Affairs, New York, 2008. As of December 7, 2011:
http://unstats.un.org/unsd/demographic/sources/census/docs/P&R_%20Rev2.pdf

———, *International Recommendations for Industrial Statistics 2008*, Department of Economic and Social Affairs, New York, 2009. As of December 7, 2011:
http://unstats.un.org/unsd/publication/seriesM/seriesm_90e.pdf

———, *International Recommendations for Water Statistics*, Department of Economic and Social Affairs, New York, 2010. As of December 15, 2011:
http://unstats.un.org/unsd/envaccounting/irws/irwswebversion.pdf

———, *United Nations Initiative on Global Geographic Information Management (GGIM)*, Department of Economic and Social Affairs, New York, 2011. As of December 7, 2011:
http://ggim.un.org/

United Nations World Food Programme, Iraq Country Office, Central Organization for Statistics and Information Technology (Iraq), and Iraqi Ministry of Planning and Development Cooperation, *Food Security and Vulnerability Analysis in Iraq 2005*, 2006. As of December 15, 2011:
http://home.wfp.org/stellent/groups/public/documents/ena/wfp193132.pdf

U.S. Department of Health and Human Services, *US Office for Human Research Protections Compilation of Laws, Regulations, and Guidelines*, 2010. As of December 7, 2011:
http://www.hhs.gov/ohrp/international/index.html#NatlPol

Van Tongeren, Jan W., and Jan Bartlema, "(Kurdistan Bayesian) KBSNA 2008 Estimates," Kurdistan GDP Project, developed in cooperation between AUMMA and KRSO, briefing, February 6, 2010.

World Bank, *Guidelines for Preparing a Statcap Statistical Master Plan*, no date. As of December 7, 2011:
http://go.worldbank.org/RG3DER8ZT0

World Bank, “Enterprise Surveys: Methodology,” 2011a. As of December 16, 2011:
http://www.enterprisesurveys.org/methodology/

———, “Living Standards Measurement Study,” 2011b. As of December 15, 2011:
http://go.worldbank.org/IFS9WG7EO0

———, “Living Standards Measurement Study: Integrated Surveys on Agriculture,” 2011c. As of December 16, 2011:
http://go.worldbank.org/2446YU5330

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

RAND CORPORATION

OBJECTIVE ANALYSIS.
EFFECTIVE SOLUTIONS.

ئەم بەرهەمە بەشێکە لە زنجیرە ڕاپۆرتەکانی دەزگای RAND. راپۆرتەکانی RAND دەرەنجامە سەرەکیەکانی ئەو توێژینەوانە پێشکەش دەکەن کە ئەو ململانێیانە دەنوێنن رووبەرووی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت دەبنەوە.
سەرجەم راپۆرتەکانی RAND پێداچوونەوەیەکی هاوشێوەیی ووردی بۆ دەکرێت لەپێناوی زامنکردنی پێوانەکانی بەرزی چۆنایەتی و بابەتیانەی توێژینەوەکان.

ئاماری گشتگیر و پشت پێ بەستراو زۆر گرنگە بۆ دارشتنی سیاسەت لە هەر هەرێم و ولاتێکدا. نەبوونی ئامارێک بە ئامانجی باشترکردنی ژێرخانی ئابوری، هاندانی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت، راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و هێنانەکایەی ئابوریەکی دامەزراو، رێگر بووە لەبەردەم هەرێمی کوردستان - عێراق دا (KRI). ئامادەکارانی ئەم توێژینەوەیە، کە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەرپرسانی چەندین وەزارەتدا ئەنجامداوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ زانیاری بەردەست لەنێو هەرێمی کوردستان - عێراقدا کردووە و پێوانەکاریان لەسەرانسەری وڵاتدا ئەنجامداوە و لێکۆڵینەوەی باشترین پەیڕەویان بۆ شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کردووە. لەم بەرگەدا، ئامادەکاران باسی دامەزراوە ئاماریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن؛ دە بواری پێشینەی سەرەکی بۆ هەرێمی کوردستان - عێراق و جۆری ئەو زانیاریانەی کە پێویستە کۆبکرێتەوە بۆ پشتگیری کردن لە داڕشتنی سیاسەتەکان لەم بوارانەدا دیاری دەکەن؛ ئەمە و هەڵدەستن بە داڕشتنی سیستمێک بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم زانیاریانە لەسەر بنەمایەکی بەردەوام. ئامادەکاران بەم هەوڵەیان دەگەنە زنجیرە پێشنیارێک سەبارەت بەو بابەتانەی کە پێویستە لەرێگەی دەسەڵاتی ئامار و پێکهاتە و چاودێری دامەزراوەکانی زانیاری و جێبەجێکردن و بەکارهێنانی رووپێو و ئامارەکان و بەکارهێنانی زانیاری کارگێڕی بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەم پێشنیارانە بەیەکەوە نەخشە رێگایەک دەستەبەر دەکەن کە یارمەتیدەری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت رەگەزە بنەڕەتیەکانی سیستمێکی زانیاری جۆرایەتی گەلاڵە بکات بە جۆرێک کە ببێتە مایەی زیادکردنی زانیاری بۆ ئەوەی یارمەتی سەرکردەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات ئامانجە هەرە گرنگەکانی سیاسەتەکانیان بەدەست بهێنن.

$31.50

ISBN-10 0-8330-8612-X
ISBN-13 978-0-8330-8612-9

53150

9 780833 086129

MG-1184/2-1-KRG